حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن - تەلەفزیۆن

# گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان

(گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر(٨) ی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (K24) و (NRT) بە نموونە)

نامەیەکە لەلایەن خوێندکار
شنە أحمد أمین حسین

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆندا

بە سەرپەرشتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر. یوهان عوسمان حەمە حسین

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٣زاینی ١٤٤٤هیجری

## بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي (٢٤) وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي (٢٥)
وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي (٢٦) يَفْقَهُوا قَوْلِي (٢٧)

**(صدق اللَّهُ العظيم)**
سورة طه

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (شنە أحمد أمین حسین) بە ناونیشانی (گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان | زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن)دا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو:
سەرپەرشتیار: د. یوهان عوسمان حەمە حسین
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ڕێکەوت: ١٣ | ١١ | ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژوو:
ناو: پ.د. سلام نصرالدین محمد
سەرۆکی بەش
ڕێکەوت: ١٢ | ١١ | ٢٠٢٢

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (شنه أحمد أمین حسین)مان بە ناونیشانی (گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن) دا پێبدرێت.

واژوو:

ناو: د. نەزاکەت حسێن حمە سعید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢ | ٣ | ٢٠٢٣

واژوو:

ناو: د. مجید خدر أحمد سوبان

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ١٤ | ٢ | ٢٠٢٣

واژوو:

ناو: د. سامان جلال مولود

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ١٤ | ٢ | ٢٠٢٣

واژوو:

ناو: د. یوهان عوسمان حەمە حسین

پلەی زانستی: پرۆفیسوری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ١٤ | ٢ | ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان | زانکۆی سلێمانی – پەسەندکرا

واژوو:

ناو : پ.ی.د. پاڤێ جمیل أحمد

ڕاگری کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان بە وەکالەت

٢٠٢٣ / ٣ / ١٣

# پێشکەشە بە

- دایک و باوک و خوشک و برا و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم.
- خوازیارانی بواری زانست بە گشتی و میدیای بینراو و بیستراو بە تایبەت.
- بەشی ڕاگەیاندن و کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.
- هەموو ئەو کەسانەی کە هاوخەم و پاڵپشت بوون بەدرێژایی تەواوکردنی نامەکە.

**شنە**

# سوپاس و پێزانین

دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زانستی توێژەر بە باشی زانی سوپاسی خۆی ئاڕاستەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بکات کە هاوکار و یارمەتیدەری بوون لەکاتی نووسینی نامەکە، لەوانە:

- یەزدانی مەزن و میهرەبان بۆ بەخششەکانی، توانای تەواوکردنی توێژینەوەکەی پێبەخشیم.
- سەرپەرشتی بەڕێز و خۆشەویست (پ.ی.د. یوهان عوسمان حەمە حسین) کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لێبووردە هاوکار و پاڵپشت و یارمەتیدەرم بووە لە یەکەم هەنگاو تا کۆتا خاڵی نووسینی توێژینەوەکە.
- مامۆستایانی زێدە بەڕێزم (پ.د. ئیبراهیم سعید فتح الله ، پ.ی.م. کاوە عزالدین عبدالرحمن) وەک ڕێنیشاندەرێک وابوون لەکاتی دانانی فۆڕمی شیکاری، هەروەها بە پێدانی سەرچاوەی زانستی توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.
- هەردوو مامۆستا و هاوڕێی زۆر بەڕێزم (د. بەرهەم خالید و م. کۆڤان حسێن سەعدۆ) دەکەم بۆ ڕێنمایی و تێبینییەکانیان و کاری وەرگێڕان.
- هاوڕێ و برایانی بەڕێزم (فازل رفعت و فەلاح حسن) و (م. کاروان عەبدوڵڵا) و (ئاڤێستا عمر) دەکەم هاوکارم بوون بەکاری وەرگێڕانی بابەتە زانستییەکان.
- هەموو پسپۆڕان و هەڵسەنگێنەرانی فۆمی شیکاری و چاوپێکەوتن دەکەم (پ.د. صابر بکر، پ.د. هێمن مەجید، پ. د. سلام نصرالدین، پ.ی.د. شێرکۆ جبار، پ.ی.د. دڵشاد مصطفی، پ.ی.د. کاروان محمد) کاتی خۆیان پێبەخشیم و بە تێبینییەکانیان توێژینەوەکەیان جوانتر کرد.
- (د. ئەکرەم فەرەیدوون لە زانکۆی سەلاحەدین، م. هەرمن شێرکۆ، م. نەبەز ئەحمەد و م. چۆلی ئەسعەد لە زانکۆی پۆلیتەکنیک) لەگەڵ هاوڕێ و خوشک و برا دڵسۆزەکان (کوێستان قادر، کەژاڵ محمد، ژیان هادی و سامان حمە کریم و ئەنجومەن حسین) بە پێدانی سەرچاوە و ڕێنماییەکانیان منیان گەیاندە ئەم ئاستە.
- سەرۆک و سەرجەم ئەندامانی لیژنەی تاووتوێکردنی توێژینەوەکەم دەکەم لە ڕێگەی تەرخانکردنی کاتی خۆیان لە پێناو خزمەتکردنی بواری زانست و لە پێناو دەوڵەمەندکردنی ژێرخانی زانستی لە بواری میدیادا.
- هەموو ناوەندە زانستی و ئەکادیمی و ئەو کتێبخانانەی هاوکارم بوون لە دەستخستنی زانیاری وەک: کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کتێبخانەی کۆلێژی زمان، کتێبخانەی گشتی سلێمانی، کتێبخانەی زانکۆی پۆلیتەکنیک، نووسراوادنی وشە،...هتد چەندین ناوەندی دیکەی زانستی.
- هەردوو کەناڵی (K24 وNRT) بە تایبەت (نامۆ ئەحمەد) و (شوان عادل) وەک دووبرا هاوکارم بوون.
- هەموو ئەو کەسانەی گەر بەتەنها وشەیەک بێت هاوکاریان کردووم لە نامەکەدا.

**توێژەر**

# کورتکراوەکان

| ژمارە | کورتکراوەکان | ناساندن |
|---|---|---|
| ١ | K24 | Kurdistan24 |
| ٢ | NRT | Nalia Radio Television |
| ٣ | GK | Gali Kurdistan |
| ٤ | KNN | Kurdish News Network |
| ٥ | GST | Green Satoshi Token |
| ٦ | BBC | British Broadcasting Corporation |
| ٧ | CBS | Columbia Broadcasting System |
| ٨ | CAM | Camera |
| ٩ | LVO | Live Voice Over |
| ١٠ | SOT | Sound on Tape |
| ١١ | CAP | Caption |
| ١٢ | SS | Still Stored |
| ١٣ | Intro | Introduction |
| ١٤ | SNG | Satellite News Gathering |
| ١٥ | NLP | Neuro-linguistic programming |
| ١٦ | NGO | Non-governmental organization |

# پێڕست

## ١. پێڕستی بابەتەکان:


| ژمارە | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئایەتی قورئان | أ |
| ٢ | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| ٣ | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| ٤ | پێشکەشە بە | ث |
| ٥ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٦ | کورتکراوەکان | ح |
| ٧ | پێڕستی بابەتەکان | خ |
| ٨ | پێڕستی خشتەکان | ر |
| ٩ | پێڕستی پاشکۆکان | ز |
| ١٠ | پوختە | س |
| ١١ | پێشەکی | ١ |
| ١٢ | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوەکە** | ٣-١٦ |
| ١٣ | ١.١ کێشەی ئەم توێژینەوەیە | ٤ |
| ١٤ | ٢.١ گرنگی ئەم توێژینەوەیە | ٤ |
| ١٥ | ٣.١ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە | ٥ |
| ١٦ | ٤.١ توێژینەوەکانی پێشوو | ٥ |
| ١٧ | ٥.١ سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو | ١٤ |
| ١٨ | ٦.١ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ١٤ |
| ١٩ | ٧.١ دیاریکردنی چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە | ١٥ |
| ٢٠ | **بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە (زانیاریناممە تێکست و هەواڵی تەلەڤزیۆنی** | ١٧-٤٦ |
| ٢١ | ١.٢ چەمک و پێناسەی تێکست | ١٨ |
| ٢٢ | ٢.٢ پێکهاتەی تێکست | ٢٠ |
| ٢٣ | ٣.٢ خەسڵەت و پێوەرەکانی تێکست | ٢١ |
| ٢٤ | ٤.٢ جۆرەکانی تێکست | ٢٢ |
| ٢٥ | ٥.٢ تێکستی میدیا و هەواڵ و هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٢٣-٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | ٢.٥ .١ تێکستی میدیا | ٢٣ |
| ٢٧ | ٢.٥ .٢ کاریگەری و ڕۆڵی تێکست لە تەلەڤزیۆن | ٢٥ |
| ٢٨ | ٢.٥ .٣ چەمک و پێناسەی هەواڵ و هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٢٨-٣٠ |
| ٢٩ | ٢.٥ .٣ . ١ چەمک و پێناسەی هەواڵ | ٢٨ |
| ٣٠ | ٢.٥ .٣ . ٢ پێناسەی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٢٩ |
| ٣١ | ٢.٦ تایبەتمەندی و بەهاکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣١-٣٣ |
| ٣٢ | ٢.٦ .١ تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣١ |
| ٣٣ | ٢.٦ .٢ بەهاکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣٢ |
| ٣٤ | ٢.٧ ڕەگەزەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣٤ |
| ٣٥ | ٢.٨ خەسڵەتەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣٥ |
| ٣٦ | ٢.٩ ئەرکەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣٦ |
| ٣٧ | ٢.١٠ جۆرەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣٦ |
| ٣٨ | ٢.١١ سەرچاوەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٣٩ |
| ٣٩ | ٢.١٢ پێکهاتەی هەواڵی تەلەڤزیۆن | ٤٢ |
| ٤٠ | **بەشی سێیەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە (زانیارینامە)<br>گونجانی تێکست و وێنە لە بەرهەمهێنانی پرۆگرامە هەواڵییەکان** | ٤٧-٨٥ |
| ٤١ | ٣.١ بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی | ٤٨ |
| ٤٢ | ٣.٢ هەنگاوەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان (بەرنامەی تەلەڤزیۆن – گەشتی هەواڵ) | ٥٠ |
| ٤٣ | ٣.٣ چەمک و پێناسەی وێنە و وێنەی تەلەڤزیۆن | ٥٣ |
| ٤٤ | ٣.٤ تایبەتمەندی وێنەی تەلەڤزیۆن (وێنەی هەواڵ) | ٥٦ |
| ٤٥ | ٣.٥ بەها و گرنگی و ئەرکی وێنەی تەلەڤزیۆن (وێنەی هەواڵ) | ٥٩-٦١ |
| ٤٦ | ٣.٥ .١ بەهاکانی وێنەی تەلەڤزیۆن | ٥٩ |
| ٤٧ | ٣.٥ .٢ گرنگی وێنەی تەلەڤزیۆن | ٦٠ |
| ٤٨ | ٣.٥ .٣ ئەرکی وێنەی تەلەڤزیۆن | ٦١ |
| ٤٩ | ٣.٦ جۆرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆن | ٦١ |
| ٥٠ | ٣.٧ جۆرەکانی گرتە و قەبارە، گۆشە و جوڵەی کامێرا | ٦٥-٧١ |
| ٥١ | ٣.٧ .١ جۆرەکانی گرتە | ٦٥ |
| ٥٢ | ٣.٧ .٢ قەبارە و ماوەی وێنە | ٦٧ |
| ٥٣ | ٣.٧ .٣ گۆشەی کامێرا | ٦٧ |
| ٥٤ | ٣.٧ .٤جوڵەی کامێرا | ٦٩ |
| ٥٥ | ٣.٨ چەمک و پێناسەی مۆنتاژ (Montage) | ٧٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٦ | ٩.٣ بايەخ و ئەركی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا | ٧٤ |
| ٥٧ | ١٠.٣ بنەماكانی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا | ٧٥ |
| ٥٨ | ١١.٣ سودی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا | ٧٦ |
| ٥٩ | ١٢.٣ سیستەمی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا | ٧٦ |
| ٦٠ | ١٣.٣ هونەر و شێوازی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا | ٧٨ |
| ٦١ | ١٤.٣ چەمك و پێناسەی هاوسەنگی (گونجان) | ٨٠ |
| ٦٢ | ١٥.٣ گونجانی نێوان تێكست و وێنە | ٨٣ |
| ٦٣ | **بەشی چوارەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەكە** | ١٦٢-٨٦ |
| ٦٤ | ١.٤ میتۆد و شێوازی ئەم توێژینەوەیە | ٨٧ |
| ٦٥ | ١.٤ .١میتۆدی ئەم توێژینەوەیە | ٨٧ |
| ٦٦ | ١.٤ .٢شێوازی ئەم توێژینەوەیە | ٨٧ |
| ٦٧ | ٢.٤ ئامرازەكانی ئەم توێژینەوەیە | ٨٧ |
| ٦٨ | ٣.٤ بوار و سنووری ئەم توێژینەوەیە | ٨٩ |
| ٦٩ | ٤.٤ كۆمەڵگە و سامپڵی ئەم توێژینەوەیە | ٨٩ |
| ٧٠ | ٥.٤ پێوەری ڕاستی ئەم توێژینەوەیە | ٩٣ |
| ٧١ | ٦.٤ ڕادەی جێگیری ئەم توێژینەوەیە | ٩٤ |
| ٧٢ | ٧.٤ ئامرازی ئاماری ئەم توێژینەوەیە | ٩٤ |
| ٧٣ | ٨.٤ هەنگاوەكانی لایەنی شیكاری ناوەڕۆك | ٩٧-٩٥ |
| ٧٤ | ٨.٤ .١ چەمكی شیكاری ناوەڕۆك | ٩٥ |
| ٧٥ | ٨.٤ .٢ دروستكردنی فۆڕمی شیكاری | ٩٥ |
| ٧٦ | ٨.٤ .٣ دیاریكردنی دەستەی شیكاری | ٩٦ |
| ٧٧ | ٨.٤ .٤ دیاریكردنی یەكەكانی شیكاری | ٩٦ |
| ٧٨ | ٩.٤ خستنەڕووی ئەنجامی گونجانی تێكست و وێنەی تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی كەناڵە ئاسمانیە كوردییەكان | ١٣٧-٩٨ |
| ٧٩ | **دەرئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردە** | ١٤٦-١٤٠ |
| ٨٠ | دەرئەنجامەكان | ١٤١ |
| ٨١ | پێشنیازەكان | ١٤٥ |
| ٨٢ | ڕاسپاردەكان | ١٤٦ |
| ٨٣ | لیستی سەرچاوەكان | ١٦٥-١٤٧ |
| ٨٤ | پاشكۆكان | A-FF |
| ٨٥ | ناونیشانی عەرەبی | GG |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٦ | پوختەی عەرەبی | HH |
| ٨٧ | پوختەی ئینگلیزی | II |
| ٨٨ | ناونیشانی ئینگلیزی | |


## ٢. پێرستی خشتەکان:


| ژمارە | خشتەکانی لایەنی مەیدانی (فۆڕمی شیکاری) | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | جۆری گرتەی بەکارهاتوو لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ٩٨ |
| ٢ | جۆری گۆشەی بەکارهاتوو لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٠ |
| ٣ | جۆری جوڵەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٢ |
| ٤ | قەبارە و ماوەی گرتەی بەکارهاتوو لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٣ |
| ٥ | شێوازی ئەنجامدانی مۆنتاژ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٥ |
| ٦ | جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٦ |
| ٧ | ڕادەی بوونی وێنە لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٠٨ |
| ٨ | بەکارهێنانی وێنە لەڕووی پەخش لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١٠ |
| ٩ | جۆری فلتەری بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١١ |
| ١٠ | جۆری وێنە بە پێی سەرچاوە لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١٢ |
| ١١ | جۆری وێنە بەپێی شێواز لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١٤ |
| ١٢ | جۆری ژانری بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١٥ |
| ١٣ | جۆری هەواڵ بەپێی ناوەڕۆک لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١١٧ |
| ١٤ | جۆری هەواڵ بەپێی کەسایەتی لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٢٠ |
| ١٥ | جۆری هەواڵ بەپێی ناوچەی جوگرافی لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٢٣ |
| ١٦ | جۆری هەواڵ بەپێی کات لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٢٥ |
| ١٧ | بەهای هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٢٧ |
| ١٨ | جۆری هەواڵ بەپێی پەخش لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٢٨ |
| ١٩ | هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە سەرەتای هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٠ |
| ٢٠ | هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە ناوەڕاستی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣١ |
| ٢١ | هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە کۆتایی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٢ |
| ٢٢ | جۆری تێکستی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە سەرەتا لەگەڵ ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ | ١٣٥ |
| ٢٤ | هاوسەنگی (گونجانی) تێکست و وێنە بەپێی جۆری هەواڵ لەڕووی ناوەڕۆک لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە | ١٣٧ |


## ٣. پێڕستی پاشکۆکان:


| ژمارە | پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆڕمی چاوپێکەوتن | B |
| ٢ | فۆڕمی شیکاری | D |
| ٣ | لیستی ئەو کەسایەتی و شوێن و کەرەستانەی لە توێژینەوەکەدا ناویان هاتووە | S |
| ٤ | شێوازی ئەنجامدانی مۆنتاژ (ڕاستەهێڵ – ناڕاستەهێڵ) | BB-CC |
| ٥ | گرتەکانی کامێرا | DD |
| ٦ | گۆشەکانی کامێرا | EE |
| ٧ | جوڵەکانی کامێرا | FF |

# پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان). بابەتی توێژینەوەکە پەیوەستە بە هاوسەنگی و گونجانی تێکست و وێنە لە پرۆسەی مۆنتاژی هەواڵی تەلەفزیۆنیدا، کە دوو بنەما و رەگەزی گرنگی ژانری هەواڵن لەکاتی بڵاوکردنەوە و ئاراستەکردنی پەیامەکان بە شێوەی بینراو یاخود بینراو و بیستراو. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نارۆشنی و نەزانراوی یان نەبوونی و لاوازی گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، لەم پرسیارانەدا خراوەتەڕوو؛ کەناڵەکان چۆن ژانرەهەواڵییەکان بەکاردێنن بۆ دروستکردنی گونجاندن لە نێوان تێکست و وێنە؟ کام جۆری تێکست زیاتر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێت؟ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چۆن دەتوانن ئەم گونجاندن و هاوسەنگییە دروست بکەن لە پرۆسەی مۆنتاژ؟.

لەڕووی گرنگی؛ توێژینەوەکە بایەخی دەبێت بۆ بواری زانست و پسپۆڕی ڕاگەیاندن و دەبێتە سەرچاوەیەک بە مەبەستی بەهێزبوون و دەرخستن و پیشاندانی گرنگی بوونی گونجان لە نێوان تێکست و وێنە لە بەرنامەی هەواڵی لە توێژینەوە زانستییە میدیاییەکاندا، لەگەڵ فراوانکردن و زیاد بوونی باوەڕ و متمانەی وەرگر و ئاسانی گەیشتن و تێگەیشتن لە هەواڵ و زانیارییەکان.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بە وەڵامی پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە، لەڕووی: دەرخستنی شێوازی دروستکردنی گونجاندن لەنێوان تێکست و وێنە لە ژانرە هەواڵییەکاندا، زانینی جۆری ئەو تێکستانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەکاریدەهێنن، زانینی چۆنێتی بەکارهێنانی کردەهونەرییەکان و ڕۆڵیان لە دروستبوونی گونجاندن لە پرۆسەی مۆنتاژ، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە و چەندین ئامانجی دیکەی زانستی توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە و شێوازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە کە گونجاوە لەگەڵ جۆری ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هەریەک لە ئامرازەکانی (چاوپێکەوتنی زانستی و فۆرمی شیکاری) تیابەکارهێناوە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتاکان و زانیاری چەندین ڕێگە و یاسای ئاماری تێدا بەکارهاتووە لە پێناو گەیشتن بەسەرجەم ئەو ئامانجانەی کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەیە، بەجۆرێک فۆرمی شیکارییەکە لە (٢٠) دەستە و (٩٧) برگە پێکهاتووە.

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە: هەردوو کەناڵی (K24 و NRT) بە ڕێژەیەکی زۆر گرنگییان بە بوونی هاوسەنگی (گونجانی) نێوان تێکست و وێنە داوە لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ، هەروەها زۆربەی ئەو تێکستانەی لەکاتی ئاراستەکردنی ناوەڕۆکی پەیامە هەواڵییەکان بەکاریانهێناوە بەشێوازی ئاشکرا بوون، هەردوو کەناڵی (K24 و NRT) بە پلەی یەکەم پابەند بوون بە بەکارهێنانی کارتێکەری (بڕین - Cut)، ئەمە بە شێواز و بنەمایەکی گونجاو و سەرەکی دادەنرێت لە پرۆسەی مۆنتاژ لە ژانری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان.

**کلیلە ووشە**: هاوسەنگی (گونجان)، تێکست، وێنەی تەلەفزیۆن و مۆنتاژ، هەواڵی تەلەفزیۆنی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان.

# پێشەکی

تێکست و وێنە ڕۆڵ و دەوری کارا و کاریگەریان دەبێت لەسەر لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژیای بینەر، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی تەلەفزیۆن دروستکردنی کاریگەرییە لە ڕێگەی پەخشکردنی وێنە بۆ ئەو تێکستە هەواڵییانەی کە ڕووداوەکان دروستیان دەکەن، لەگەڵ هاوسەنگکردن و گونجاندنیان لەڕێگەی پرۆسەی مۆنتاژ کەبە یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان دادەنرێت، لەبەرئەوەی بابەتی توێژینەوەکە پەیوەستە بە گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی هەواڵی تەلەفزیۆنیدا، دوو بنەما و ڕەگەزی گرنگی ژانری هەواڵن لەکاتی بڵاوکردنەوە و ئاراستەکردنی پەیامەکان بە شێوەی بینراو یاخود بینراو و بیستراو. توێژینەوەکە لە ڕادەی بوون و نەبوونی گونجان و هاوسەنگی دەکۆڵێتەوە، لەنێوان ئەم دوو پێکهاتەدا.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی: (گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان) نووسراوە و ئامادەکراوە، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە؛ بریتییە لە ناڕۆشنی و نەزانراوی یان نەبوونی و لاوازی گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، لەم پرسیارانەدا خراوەتەڕوو؛ کەناڵەکان چۆن ژانرەهەواڵییەکان بەکاردێنن بۆ دروستکردنی گونجاندن لە نێوان تێکست و وێنە؟ کام جۆری تێکست زیاتر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێت؟ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چۆن دەتوانن ئەم گونجاندن و هاوسەنگییە دروست بکەن لە پرۆسەی مۆنتاژ؟.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە: دەرخستنی شێوازی دروستکردنی گونجاندن لەنێوان تێکست و وێنە لە ژانرە هەواڵییەکاندا، زانینی جۆری ئەو تێکستانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەکاریدەهێنن، زانینی چۆنێتی بەکارهێنانی کردەهونەرییەکان و ڕۆڵیان لە دروستبوونی گونجاندن لە پرۆسەی مۆنتاژ.

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە و گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە؛ بایەخی دەبێت بۆ بواری پسپۆڕی و دەبێتە سەرچاوەیەک بە مەبەستی بەهێزبوون و دەرخستن و پیشاندانی گرنگی بوونی گونجان لە نێوان تێکست و وێنە لە بەرنامەی هەواڵی لە توێژینەوە زانستییە میدیاییەکاندا، لەگەڵ فراوانکردن و زیاد بوونی باوەڕ و متمانەی وەرگر و ئاسانی گەیشتن و تێگەیشتن لە هەواڵ و زانیارییەکان. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی نووسراوە و شێوازی شیکاری ناوەڕۆکی تێدا بەکارهاتووە کە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکەدا لەپێناو گەیشتن بە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروستی زانستی.

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە: هەردوو کەناڵی (K24 و NRT) بە ڕێژەیەکی زۆر گرنگییان بە بوونی هاوسەنگی (گونجانی) تێکست و وێنە داوە لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ، هەروەها زۆربەی ئەو تێکستانەی لەکاتی ئاراستەکردنی ناوەڕۆکی پەیامە هەواڵییەکان بەکاریانهێناوە بەشێوازی ئاشکرا بوون، هەردوو کەناڵی (K24 و NRT) بە پلەی یەکەم پابەند بوون بە

بەکارهێنانی کارتێکەری (بڕین - Cut)، ئەمە بە شێواز و بنەمایەکی گونجاو و سەرەکی دادەنرێت لە پڕۆسەی مۆنتاژ لە ژانری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ میتۆدنامەی توێژینەوەکە و خۆی دەبینێتەوە لە: کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو و چۆنێتی سودوەرگرتن لێیان و پاشان گفتوگۆکردن و دواتر بەراووردکردنیان بە توێژینەوە تازەکە، لەکۆتایی ئەم بەشەدا توێژەر چەمکەکانی ناساندووە لە ڕوانگە و تێڕوانی خود بۆ سەرجەم دەستەواژە بەکارهاتووەکانی ناو ناونیشانی توێژینەوەکە لە بەگۆڕە سەربەخۆ و پاشان پاشکۆ و وابەستەکان. بەشەکانی دووەم و سێیەم تایبەتن بە زانیارینامە و لایەنی تیۆری پێکدەهێنێت، لە بەشی دووەمدا باس لە بەگۆڕەکانی (تێکست، تێکستی تەلەفزیۆن و هەواڵ) کراوە لەڕووی: چەمک و پێناسە، تایبەتمەندی و خەسڵەت، جۆر، بەها، ڕەگەز و ئەرک و بنەما، سەرچاوە و پێکهاتە. لە بەشی سێیەمدا باسی هەریەک لە بەگۆڕەکانی (بەرهەمهێنان، وێنە، مۆنتاژ و هاوسەنگی - گونجان) کراوە لەڕووی: هەنگاوەکانی بەردەم پڕۆسەی بەرهەمهێنان، ناساندن و چەمکی وێنە لەگەڵ تایبەتمەندی و بەها و ئەرک و گرنگی وێنە پاشان خستنەڕووی جۆرەکانی وێنە لەڕووی گۆشە و گرتە و قەبارە و جوڵە، هەرلەم بەشەدا باس لە پڕۆسەی مۆنتاژ کراوە لە ڕووی چەک و پێناسە، بایەخ و ئەرک و بنەما و سودی ئەم پڕۆسەیە لەبواری بەرهەمهێنان دواتر خستنەڕووی شێوازەکانی لەگەڵ ئاماژەدان بە چەمک و پێناسەی هاوسەنگی - گونجان. بەشی چوارەم کۆتا بەشی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و خۆی لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا دەبینێتەوە و تێیدا باس لە هەموو ئەو ڕێکار و هەنگاوانە کراوە کەلە لایەن توێژەر گیراوەتەبەر بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لەگەڵ خستنەڕووی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، لەم ڕێگەیەوە توێژەر چەندین ڕاسپاردە و پێشنیازی ئاراستەی هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە و توێژەران و شارەزایانی بواری ڕۆژنامەوانی کردووە بە ئامانج و بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە بواری توێژراو، لەگەڵ ئاماژەدان بە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدنامەی ئەم توێژینەوەیە

١.١ کێشەی ئەم توێژینەوەیە
٢.١ گرنگی ئەم توێژینەوەیە
٣.١ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە
٤.١ توێژینەوەکانی پێشوو
٥.١ سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو
٦.١ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو
٧.١ دیاریکردنی چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە

## ١.١ کێشەی ئەم توێژینەوەیە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە؛ نارۆشنی و نەزانراوی گونجانی تێکست و وێنەی تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان. تێکست و وێنە دوو کەرەستەی سەرەکین لە پرۆسەی مۆنتاژ و بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا و بە یەکێک لە ژانرە سەرەکی و گرنگەکانی بواری رۆژنامەوانی دادەنرێت، راگرتنی هاوسەنگی و گونجاندن لەنێوان تێکست و وێنەدا رۆڵی هەیە لەچۆنێتی بەرهەمهێنان و گەیاندنی پەیام و دانانی کاریگەری لەسەر وەرگر، ئەم کارە لە رێگەی کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت پێیدەوترێت مۆنتێر ، پێویستی بە شارەزایی و سەلیقەی هونەری و ئەزموونی کەسی دەبێت. لەبەرئەوەی مۆنتاژ یەکێکە لە گرنگترین هەنگاوەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن و لە قۆناغی پرۆسەسازیدا جێبەجێ دەکرێت، لەکاتی ئەنجامدانی پێویستە رەچاوی هاوسەنگی و گونجاندنی تێکست و وێنە بکرێت، بەجۆرێك وێنە تەواوکاری ئەو تێکستە بێت کەلە پێناویدا نووسراوە، چونکە هەمیشە تێکست بە تەواوکار و مانادار ی وێنە دادەنرێت.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە توێژەرهەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە وەربگرێتەوە:-

١. کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان گرنگیان بە چ جۆرە هەواڵێک داوە؟ لە رووی ناوەرۆک و شوێنی جوگرافی؟
٢. کەناڵەکان چۆن ژانرەهەواڵییەکان بەکاردێنن بۆ دروستکردنی گونجاندن لە نێوان تێکست و وێنە؟
٣. تا چ ئاستێک کەناڵە هەواڵییەکان توانیویانە پشت بە جۆرە جیاوازەکانی وێنە و لایەنە هونەرییەکان ببەستن لە بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا؟
٤. کام جۆری تێکست زیاتر بەکاردەهێنرێت لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؟
٥. ئایا وێنە تێکست دەوڵەمەند دەکات یان بە پێچەوانەوە؟
٦. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چۆن دەتوانن ئەم گونجاندن و هاوسەنگییە دروست بکەن لە پرۆسەی مۆنتاژ؟

## ٢.١ گرنگی ئەم توێژینەوەیە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاخۆ ئەو باسە تاچەند کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە و پەیامە میدیاییەکان دەبێت، بێگومان گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

١. گرنگی توێژینەوە بۆ کۆمەڵگە: دەبێتە رێنیشاندەرێک و سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیاربکاتەوە بەرامبەر بە هەموو ئەو تێکست و وێنانەی لە مۆنتاژی هەواڵەکاندا بەکاردەهێنرێت.
٢. گرنگی توێژینەوە بۆ بواری زانست: دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی و خزمەت بە خوێنەران و شارەزایانی بواری میدیا دەکات بە گشتی و ئەو کەسانەی کەلە بواری هونەری و هەواڵدا کاردەکەن بە تایبەت.

٣. گرنگی توێژینەوە بۆ بواری پسپۆڕی: دەبێتە سەرچاوەیەک بە مەبەستی بەهێزبوون و دەرخستن و پێشاندانی گرنگی بوونی گونجان لە نێوان تێکست و وێنە لە بەرنامەی هەواڵی لە توێژینەوە زانستییە میدیاییەکاندا، لەگەڵ فراوانکردن و زیاد بوونی باوەڕ و متمانەی وەرگر و ئاسانی گەیشتن و تێگەیشتن لە هەواڵ و زانیارییەکان.

## ٣.١ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:

وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەیە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:-

١. ڕادەی گرنگی پێدانی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بە جۆرەکانی هەواڵ لە ڕووی ناوەڕۆک و شوێنی جوگرافی.
٢. دەرخستنی شێوازی دروستکردنی گونجاندن لەنێوان تێکست و وێنە لە ژانرە هەواڵییەکاندا.
٣. بەئاگابوون لە ئاستی پشت بەستنی کەناڵە هەواڵییەکان بە جۆرە جیاوازەکانی وێنەی تەلەفزیۆنی لە ڕووی گۆشە و گرتە و جوڵە و سەرچاوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا.
٤. زانینی جۆری ئەو تێکستانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەکاریدەهێنن.
٥. ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە دەبێت وێنە تێکست تەواو بکات یان بە پێچەوانەوە.
٦. زانینی چۆنێتی بەکارهێنانی کردەهونەرییەکان و ڕۆڵیان لە دروستبوونی گونجاندن لە پرۆسەی مۆنتاژ.

## ٤.١ توێژینەوەکانی پێشوو:

لە ئەنجامی گەڕان و کێومالّکردنێکی ووردی توێژەر بە ئامانجی فەراهەمکردنی هەندێک توێژینەوەی پێشوو بۆ توێژینەوەکەی، توێژەر نەیتوانی بگات بە هیچ توێژینەوەیەکی پێش وەخت لەسەر هەمان بابەت و لە چوارچێوەی توێژینەوە تازەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی لەم شێوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و تەنانەت جیهانی لەلایەن توێژەرانی پێشتر ئەنجام نەدراوە، هەربۆیە توێژەری تازە بەباشی زانی پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی ئەو توێژینەوانەی کەبە جۆرێک لە جۆرەکان نزیکن لە ناونیشانی توێژینەوەی تازە یان پەیوەندییان بە یەکێک لە بەگۆڕەکانی توێژینەوەکەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەباشی زانی توێژینەوەکانی پێشوو بەپێی نوێترین توێژینەوە و ناوچەی جوگرافی ڕیزبەندیان بکات و بیخاتەڕوو:-

## یەکەم| توێژینەوە کوردییەکان

**١. نەبەز ئەحمەد حەسەن (٢٠١٧)، بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا.** [١]

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا)یە، توێژینەوەکە وەسفییە و ڕێباز و میتۆدی ڕووپێوی بەهەردوو لایەنی: وەسفی و شیکاری تیابەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکدێت لە تەواوی ڕاپۆرتە تەلەڤزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان و هەردوو کەناڵی (GK) و (KNN) وەک نموونە (سامپڵ) وەرگرتووە، توێژەر پشتی بە ئامرازەکانی (تێبینیکردن، چاوپێکەوتن و فۆڕمی شیکاری) بەستووە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- زانینی شێوازی بەکارهێنانی ئەو کارتێکەرانەی لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا بەرجەستەکراوە.

ب- دەرخستنی شێوازی مامەڵەکردنی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ جۆری وێنە و ماوەی وێنەی بەکارهاتوو.

پ- زانینی ئاستی بەکارهێنانی گرتە و جوڵە و گۆشەکانی کامێرا لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.

ت- بەئاگابوون لە ئاستی هەماهەنگی وێنە و تێکست لە مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- هەردوو کەناڵ سەبارەت بە بەکارهێنانی گونجاندنی وێنە لەگەڵ تێکستدا توانیویانە لە زۆرترین ڕاپۆرتدا، ڕەچاوی ئەوەبکەن وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ ئەو تێکستەی کە پەیامنێر ئامادەی دەکات بۆ دروستکردنی ڕاپۆرت بیگونجێنێت، یەکێکە لە گرنگترین پرێنسیپەکان کە پێویستە لە پرۆسەی مۆنتاژدا ڕەچاوبکرێت هەروەک چۆن بەپێی تاقیکردنەوەی مانوتنی دەرکەوتووە جیاوازی ئاماری هەیە و جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی بەکارهێنانی وێنەی گونجاودایە.

ب- هەردوو کەناڵ بە پلەی یەکەم بەبەکارهێنانی کارتێکەری (Cut) پابەندبوون، شێوازێکی گونجاوە و بە بنەمای سەرەکی شێوازی بەکارهێنانی کارتێکەر لە مۆنتاژی ڕاپۆرتدا دادەنرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە لەهەردوو کەناڵدا گرتەی (Insert)، وەک گرتەی چارەسەر لەپاڵ کارتێکەری (Mix)دا فەرامۆشکراوە، وەک کەلێنێک لە شێوازی مۆنتاژدا ڕەچاودەکرێت.

پ- پرۆسەی مۆنتاژ مامەڵە لەگەڵ وێنەی جوڵاو وەک ڕەگەزێکی سەرەکی نێو ڕاپۆرتدا دەکات، لەنێوان هەردوو کەناڵی (GK) و(KNN)دا، بەشێوەیەکی ڕوون و بەبێ جیاوازی کاری لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە لە ڕەگەزی تردا بە تایبەت وێنەی گرافیکی گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە بە تایبەت لە

---

[١] نەبەز ئەحمەد حەسەن، بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، (زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن – تەلەڤزیۆن، )٢٠١٧.

کەناڵی (GK)دا فەرامۆشکراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم شێوازە لە وێنە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری دەبێت لە ڕاپۆرتدا، بەجۆرێک کەناڵی (GK) هیچ جۆرە وێنەیەکی گرافیکی لەم ژانرەدا بەکارنەهێناوە کە بەکۆڵەکەی سەرەکی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن دادەنرێت.
ت- هەردوو کەناڵ لەڕووی ماوە و زەمەنی وێنە ماوەی وێنەی مامناوەندیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە، کەبە پرەنسیپی سەرەکی ماوەی زەمەنی وێنە دادەنرێت، بەڵام ئەوەی لای توێژەر تێبینیکراوە کەناڵی (KNN) بەبەراوورد بە کەناڵی (GK)، زیاتر ماوەی زەمەنی وێنەی درێژخایەن بەکارهاتووە و بوەتە هۆی بێزاری لای بینەر.
ج- هەردوو کەناڵ هەوڵیانداوە، لەکاتی مۆنتاژکردنی ڕاپۆرتەکاندا پەنابەنە بەر تەواوی گرتەکانی کامێرا، بەڵام ئەوەی لای توێژەر تێبینیکراوە کەناڵی (KNN) توانیویەتی لەڕووی گرتەکانەوە جۆراوجۆری بکات، وەک ئاڵوگۆڕکردن لە گرتەی گشتییەوە بۆ گرتەی ناوەند و پاشان گرێدانەوەی بە گرتەی نزیک، بەمە توانیویەتی زیاتر خۆی لەهەڵەی بازدان بپارێزێت و هەر لەڕێگەی جۆراوجۆری گرتەکانەوە پەیامەکان زۆرتر بگەیەنێت.
چ- ئەگەرچی پێویستە لە پرۆسەی مۆنتاژدا پەناببرێتەبەر بەکارهێنانی گۆشەی بینین لە کامێرادا سەبارەت بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی، بەڵام هەردوو کەناڵ وەک یەک مامەڵەیان نەکردووە، لەبەرامبەردا کەناڵی (KNN)، زیاتر پابەندی ئەو پرێنسیپە بووە، هەرچەندە کەناڵی (GK) گرنگی بەبەکارهێنانی گۆشەی بەرز و نزم داوە کە ئەمە هەندێکجار لە پیشاندانی وێنەی ڕووداوەکان وەک خۆی لادەدات، ئەمە تەنها کێشەیەکە ڕووبەڕووی مۆنتێرەکان دەبێتەوە، بەڵکو پێویستە ڕەچاوی ئەو حاڵەتە بکرێت تا لەکاتی مۆنتاژکردندا هیچ گرفتێک بۆ مۆنتێر دروست نەبێت، کە ناتوانرێت چارەسەربکرێت.
ح- هەردوو کەناڵ سەبارەت بە جوڵەی کامێرا لە مۆنتاژی ڕاپۆرتی هەواڵدا شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوەی تێبینیکراوە لای توێژەر جوڵەی (Zoom) و (Tilt)، زیاتر لە کەناڵی (GK) بەکارهاتووە و لە جوڵەی (Pan)دا وەک یەکن، ئەوەشی جێگەی قسە لەسەرکردنە بەکارهێنانی جوڵەی (Zoom)، لە ئێستادا بەکارهێنانی بە دروست نازانرێت لەبەرامبەر ئەوەدا پەنا دەبرێتەبەر گرتەی نزیک.

## دووەم| توێژینەوە عەرەبییەکان

**٢. خليل سعيدي، مرزوق بن مهدي (٢٠٢١)، واقع الخطاب اللغوي في المضمون الخبري المصور في الفضائيات الوطنية.[١]**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (واقعی گوتاری زمانەوانیی لە ناوەڕۆکی هەواڵی وێنەگیراو لە کەناڵە ئاسمانییە نیشتیمانییەکاندا)یە، توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە و ڕێباز و میتۆدی ڕووپێوی تیابەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە کەناڵە ئاسمانییە جەزائیرییەکان، لە نموونەی توێژینەوەکەدا توێژەر کەناڵی (النهار)ی وەرگرتووە، توێژەر پشتی بە ئامرازی (فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک) بەستووە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- زانینی گرفتەکانی گوتاری زمانەوانی لە ناوەڕۆکی هەواڵی بینراو لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە نیشتمانییەکاندا، ئەمە لەڕێگەی هەوڵی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری پەیوەندیدار بە بنەڕەتی گوتاری زمانەوانیی لە ناوەڕۆکی هەواڵی بینراودا دەبێت.

ب- زانینی ڕادەی تێکەڵبوونی زمان لە گوتاری میدیایی بینراو لە کەناڵە ئاسمانییە نیشتمانییەکاندا.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- زۆرینەی زمانی بەکارهێنراو لە گەشتەکانی هەواڵدا لاوازە و فراوان نییە، بەهۆی لاوازی پەیوەندی دەرەکی و وەرگێڕانی هەندێك چەمك و دەستەواژە، کە دەکرێت لەڕێگەیانەوە قەبارەی زمانی میدیایی زیاتر و فراوانتر بکرێت.

ب- زمان گەشە دەکات، تەنانەت ئامرازیش لە گەشەی بەردەوامدایە، هەروەك جەماوەر چیتر ئەو وەرگرە نەرێنییە نییە، بەڵکو بووە بە هاوبەش لە دروستکردنی پەیامی میدیاییدا.

پ- تێکەڵاوبوونی زمانی عەرەبی لەگەڵ زمانی ڕۆژانە، زمانی ڕۆژانە زۆر جیاواز نییە لەگەڵ ڕێزماندا، بەڵام زمانی ڕۆژانە لەڕووی ڕێزمانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

ت- پشتبەستنی ڕۆژنامەنووسان بە وشەی دروستکراوی ڕۆژانە لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان، ئەم وشانە لەلایەن گەنجانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەکرێن.

**٣. مالك رحاب محمود العزة (٢٠١٧)، استخدام التقنيات التلفزيونية الحديثة وتأثيرها علي زيادة متابعة مشاهد البرنامج الإخبارية في التلفزيون الأردني.[٢]**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تەلەڤزیۆنی هاوچەرخ و کاریگەری لەسەر زیادبوونی ژمارەی بینەری بەرنامەی هەواڵ لە تەلەڤزیۆنی ئوردونیدا )یە، توێژینەوەکە وەسفییە و ڕێباز و میتۆدی ڕووپێوی تیابەکارهاتووە، کە تێیدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکدێت لە (بەرپرسی هەواڵ،

---

[١] خليل سعيدي، مرزوق بن مهدي، واقع الخطاب اللغوي في المضمون الخبري المصور في الفضائيات الوطنية – دراسة تحليلية علي عينة من المضامين الإخبارية بقناة النهار الجزائرية، مجلة: الرسالة للدراسات الإعلامية، المجلد: ٥٠، العدد: ٠٣، أكتوبر ٢٠٢١.

[٢] مالك رحاب محمود العزة، استخدام التقنيات التلفزيونية وتأثيرها علي زيادة متابعة مشاهد البرنامج الإخبارية في التلفزيون الأردني، رسالة_الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الشرق الأوسط، كلية: الاعلام، قسم: الاعلام)، ٢٠١٧.

هەواڵساز، دەرهێنەر، ڕۆژنامەنووسانی هونەری - تیمی هونەری)، نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری مەبەستدارە و لە (١١٠) ڕۆژنامەنووس پێکهاتووە لە کۆی (١٤٥)، توێژەر پشتی بە ئامرازی (فۆڕمی ڕاپرسی) بەستووە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- زانینی کاریگەری بەکارهێنانی کاریگەرییە بینراوەکان لە بەرنامە و گەشتەکانی هەواڵدا، لەسەر زیادبوونی ژمارەی بینەران، لە تەلەڤزیۆنی ئوردندا.

ب- زانینی کاریگەری بەکارهێنانی کاریگەرییە دەنگییەکان، لەسەر بەرنامە و گەشتەکانی هەواڵ، لەسەر زیادبوونی ژمارەی بینەران لە تەلەڤزیۆنی ئوردندا.

پ- زانینی ئاستی بەشداری تەکنەلۆژیای تەلەڤزیۆنی، لەسەر زیادبوونی کوالێتی بەرنامە و گەشتە هەواڵییەکان، لە تەلەڤزیۆنی ئوردن.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- کاریگەرییە بینراوەکان کاریگەری زۆری هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵ و ڕۆڵی دەبێت لەزیادکردنی ژمارەی بینەر لە کەناڵە ئاسمانییەکان و پێویستی بە لایەنی ماددی و هێزی مرۆیی هەیە، بەجۆرێک بەکارهێنانی کارتێکەرەکان لە تەلەڤزیۆنی هاوچەرخدا لە گەشتی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا بە پلەی یەکەم دێت، بەبەراوورد بە جۆرەکانی دیکەی بەرنامەی تەلەڤزیۆن. بێگومان ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ دروست بوونی کێبڕکێ لە نێوان کەناڵەکان لە شێوازی بەرهەمهێنان و خێرایی لە ئاڕاستەکردنی پەیامە میدیاییەکان.

ب- بەکارهێنانی کارتێکەری دەنگی لە گەشتی هەواڵەکاندا بە پلەی یەکەم دێت و کاریگەری هەیە لە ڕاکێشانی سەرنجی بینەر، ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لەدەرخستنی ڕاستی و دروستی هەواڵ کە یاوەری وێنە دەکات وەک دەنگی ( سروشتی، مرۆیی،...هتد) کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژیای بینەر بەجێدەهێڵێت.

پ- بەکارهێنانی کارتێکەری وێنەیی کاریگەری هەیە لەسەر هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا و بە پلەی یەکەم دێت بە بەراوورد بە وێنەی گرافیکی بە پلەی کۆتا دێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییەی کە تەلەڤزیۆن هەیەتی بە جۆرێک پشت بە بینین دەبەستێت بە پلەی یەکەم.

**٤. مبارك حمد الدسمه (٢٠١٣)، التأثير الدلالي للكلمة والصورة في الخبر الإعلامي.**[١]

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (کاریگەری دەلالەتی وشە و وێنە لە هەواڵی ڕاگەیاندندا)یە، جۆری توێژینەوەکە چۆنێتی (نوعی)یە و شێوازی گێڕاندنەوە (السردی) و لۆژیکی تیابەکارهاتووە، توێژەر پشتی بە ئامرازی (تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ) بەستووە و بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- ناساندنی ڕۆڵی وشە و وێنە لە پرۆسەی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ.
ب- زانینی ئاستی گرنگی و توانای وشە و وێنە لە خستنەڕو و ووردەکاری ڕووداوەکان.
پ- دەرخستنی توانای گۆڕینی وشە بۆ درووشم.
ت- هاوسەنگکردن و تێکەڵکردنی وشە و وێنە لە پەیامە میدیاییەکاندا.
ج- دیاریکردنی ئەو ڕەگەزانەی کە دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دەربڕینی وشە و وێنەکان.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- وێنە و وشە بەشدارن لە پرۆسەی ناردن و بەرهەمهێنانی هەواڵدا.
ب- وێنە توانای گوزارشتکردنی هەیە لە کاتێکدا کە وشە نەتوانێ بەو کارە هەڵبسێت.
پ- هەواڵ دەتوانێت لە ڕێگەی وێنە و وشە گوزارشت لە ڕاو و بیروبۆچوونی جەماوەر بکات.
ت- هەندێکجار وشە و گوتار توانای گۆڕانیان هەیە بۆ درووشم.
ج- وێنە توانای وەسفکردنی ڕووداوەکانی هەیە بە هەموو ووردەکارییەکانییەوە.
چ- کاتێک وێنە و وشە هاوسەنگ و هاوئاهەنگ دەبن ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکەن.

**٥. کاوه عزالدين عبدالرحمن (٢٠١٢)، استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الإخبارية للفضائيات الكوردية و تأثيرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون.**[٢]

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (بەکارهێنانی کارتێکەرە وێنەییەکان لە ڕووماڵکردنی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)ە، توێژینەوەکە وەسفییە و ڕێباز و میتۆدی ڕووپێوی تیابەکارهاتووە، کە تێیدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکدێت لە تەواوی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵیە کوردییەکان، گەشتی سەرەکی هەریەک لە کەناڵەکانی (GK) و (NRT) و (KNN) وەک نموونە (سامپڵ) وەرگیراوە، توێژەر پشتی بە ئامرازەکانی (چاوپێکەوتن و فۆڕمی شیکاری و فۆڕمی ڕاپرسی) بەستووە بە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

---

[١] مبارك حمد الدسمه، التأثير الدلالي للكلمة والصورة في الخبر الإعلامي - دراسة نظرية في الاعلام الكويتي، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الشرق الأوسط، كلية: الاعلام، قسم: الاعلام)، ٢٠١٣.

[٢] كاوه عزالدين عبدالرحمن، استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الإخبارية للفضائيات الكوردية وتأثيرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الجنان، كلية: الاعلام، قسم: الإذاعة والتلفزيون)، ٢٠١٢.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- زانینی ئەو کارتێکەرە وێنەییانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەکاریانهێناوە لە ڕووماڵکردنی هەواڵ.

ب- دەرخستنی ڕادەی لێکچوون و جیاوازی بەکارهێنانی کارتێکەرەکان لە ڕووماڵکردنی هەواڵ لەلایەن هەریەک لە کەناڵەکانی (GK) و (NRT) و (KNN).

پ- زانینی مەودای پەیوەندی زارەکی لەگەڵ کارتێکەرە وێنەییەکان لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە کەناڵە کوردییەکان و کاریگەری لەسەر سروشتی هەواڵ لە کەناڵەکان و ئاسانی و شێوازی پێشکەشکردن.

ت- زانینی چۆنێتی بەکارهێنانی کارتێکەرە وێنەییەکان لەلایەن تیمی ڕۆژنامەوانی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لەکاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ وەک (سازێنەرانی تێکست و وێنە (مۆنتێر)، هونەری، دەرهێنەران).

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- پێویستە لەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بنەما و یاسای توندی تایبەت بە نووسینیان هەبێت بۆ وێنە، لەکاتی ئاراستەکردنی هەواڵدا تەکنەلۆژیا بە باشترین و گرنگترین یاسای نووسین دادەنرێت، ئەمە وادەکات کە هاوسەنگی لەنێوان دەنگ و وێنە هونەرێکە کە هەرگیز ناتوانرێت هیچ کامیان بۆ ئەوی تر فەرامۆش بکرێت.

ب- کەناڵە کوردییەکان زیاتر لەسەرچاوەیەک بەکاردەهێنن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەی هەواڵ، بەشدارییان لەگەڵ چەندین ئاژانسی هەواڵی جیهانیدا کردووە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی وێنە، یاخود نووسینگەی تایبەت بە خۆیان هەیە.

پ- کارتێکەر و شێوازی بڕین (Cut) لەلایەن کەناڵە کوردییەکانەوە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی گۆڕینی گرتەکان و خێرایی ئەنجامدانی پرۆسەی مۆنتاژکردن.

### ٦. إيمان عبدالرحمن حميد (٢٠٠٥)، استخدام الصورة في الاخبار التلفزيونية.[1]

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (بەکارهێنانی وێنەیە لە هەواڵی تەلەڤزیۆنی)دا، توێژینەوەکە وەسفییە و ڕێباز و میتۆدی ڕووپێوی تیابەکارهاتووە، کە تێیدا کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە وێنەی هەواڵ لە تەلەڤزیۆنە عێراقییەکان لە ماوەی نێوان (١-١٠-٢٠٠٢ بۆ ١-٤-٢٠٠٣)، توێژەر پشتی بە ئامرازی (فۆرمی شیکاری) بەستووە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- زانینی ئاستی بایەخپێدانی کەناڵە تەلەڤزیۆنە عێراقییەکان بە وێنەی هەواڵ، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی لەگەڵ چۆنێتی گەیشتن بەسەرچاوە وێنەییەکان.

---

[1] ايمان عبدالرحمن حميد، استخدام الصورة في الاخبار التلفزيونية - دراسة مسحية لانماط توظيف الصورة الإخبارية في تلفزيون العراق للمدة١-١٠-٢٠٠٢ الي ١-٤-٢٠٠٣، أطروحة الدكتوره، غير المنشورة، (جامعة: بغداد، قسم: الاعلام - فلسفة الاعلام)، ٢٠٠٥.

ب- دەستنیشانکردنی میتۆد و شێوازی گونجاو لەلایەن کەناڵە عێراقییەکان لە کاتی پەخشکردنی هەواڵ، بەجۆرێک دەبێت لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژی و ڕووداوە سیاسی و پێشهاتەکاندا بگونجێت.
پ- دیاریکردنی جۆری ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن کەناڵە عێراقییەکان تەرکیزی خراوەتە سەر لەڕووی چەندێتی و چۆنێتی.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- تەلەڤزیۆنە عێراقییەکان لە گەشتە هەواڵییەکاندا بە پلەی یەکەم گرنگیان بە هەواڵی وێنەدار داوە و ڕاپۆرت لە پلەی دووەدا دێت.
ب- لەڕووی جوگرافی ئەم کەناڵە زیاتر کاری لەسەر ئەو هەواڵ و ڕووداوانە کردووە کە جیهانین و دواتر هەواڵی ناوخۆیی و وولاتانی عەرەبی لە پلەی سێی گرنگییەکەدان.
پ- هاوسەنگی (گونجانی) وێنە و تێکست یاخود دەنگ گرنگییەکی زۆری پێدراوە لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکاندا جگەلەوەی لە هەندێک حاڵەتتدا ڕەنگە ڕەچاوی ئەم ڕەگەزە گرنگەیان نەکردبێت بەتایبەتی لەو کاتەی کە هەواڵەکە تایبەت بووە بە ناوخۆ یان کەسایەتییە باڵاکان و بەرپرسە سیاسییەکان.
ت- نەبوونی وێنەی تەواو لە هەواڵەکاندا بەجۆرێکە هەندێکجار تێکستەکە لە وێنەکە زیاترە بێگومان ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر وەرگر و بێژەر بەجێدەهێڵێت.
ج- کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان زیاتر لە شێوازێکی وێنەیان بەکارهێناوە لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا، وێنەی جوڵاو زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە بەبەراوورد بە جۆرەکانی دیکەی وێنە لەڕووی گۆشە و جوڵە و گرتە، ئەمە بۆ ئەو تایبەتمەندیە دەگەڕێتەوە کە تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی میدیایی هەیەتی لە ڕابردوو و ئێستادا.
چ- بەکارهێنانی ماوەی زەمەنی وێنە لە کەناڵە عێراقییەکاندا لەنێوان (٣٠ چرکە بۆ ٣خولەک)دا بووە.

## سێهەم| توێژینەوە ئینگلیزییەکان

### 7. Souvic Chakraborty – Pawan Goyal – Animesh Mukherjee (2021), (Im)balance in the Representation of News.[1]

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی (هاوسەنگی و ناهاوسەنگی لە نواندن (خستنەڕووی) هەواڵدا)یە، توێژەران کۆمەڵە داتایەکی گەورەیان وەرگرتووە کە خۆیدەبینێتەوە لە زیاتر لە چوار ملیۆن گوتاری سیاسی بۆ ماوەی (٩) ساڵ لە هیندستان، شیکاری ناوەڕۆک و کوالێتی ڕووماڵکردن بەهەند وەرگیراوە لەگەڵ پارتە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ڕووداوە کاریگەرە هاوچەرخەکاندا لە نێوان سێ ڕۆژنامەی پێشەنگ، لەم توێژینەوەیەدا چەندین ئامرازی پێشکەوتووی NLP بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر لە

[1]Souvic Chakraborty, Pawan Goyal, Animesh Mukherjee, (Im)balance in the Representation of News?- An Extensive Study on a Decade Long Dataset from India,October 2021, License CC BY4.0, Indian Institute of Technology Kharagpur, Cornell university, submitted to IEEE, https:\\doi.org\10.48550\2110.14183.

جەمسەرگیری سیاسی تێبگەن (ئەگەر هەبێت)، بە ئامانجی گەیشتن بە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکەی بۆ نووسراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ا- هاوسەنگی لە هەواڵەکاندا هەمیشە بابەتێکی مشتومڕ بووە لە بازنە سیاسییەکاندا. زۆرجار چەمکی هاوسەنگی لە چوارچێوەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و چاپەمەنییەکان لە ئەمریکا باسکراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

ب- لە کاتێکدا کە پێوەرە جۆراوجۆرە چۆنایەتی و چەندایەتییەکانی هاوسەنگی، لە ئەدەبیاتدا پێشنیازکراون. ئەم چەمکە لە هاوسەنگی بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردن و تێگەیشتن لە پەرەسەندنی ناهاوسەنگی لە میدیای هیندستان لەسەر پێوەرە ڕۆژنامەوانییە جیاوازەکان لەسەر بنەمای مانگ بە مانگ.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

ا- تێبینی ئەوە دەکرێت کە تەنها چەند شوێنێک بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری هەموو دەزگاکانی هەواڵدا ڕووماڵ دەکرێن لەڕێگەی میدیای بینراو.

ب- (cloze) نیشانی دەدەن کە گۆڕانی دیمەن (ژینگەی) ڕووداوەکان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆی دەزگا هەواڵییەکان لەگەڵ پرسی سنوور و تیرۆر لە ساڵی (٢٠١٠)دا هەژموونی زاڵ بووە بەسەر بابەتەکانی دیکە، لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٤- ٢٠١٨) پرسی ئابوری و بێکاری، GST، داماڵینی پارە ،...هتد بوونەتە بابەتی گرنگ و لە ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا کاری لەسەرکراوە، جگەلەمانە توێژینەوەکەی (cloze) بە ڕوونی و ئاشکرا ئاستی گۆڕانی پرۆفایلی جەماوەریی سیاسی بە تێپەڕبوونی کات نیشان دەدات.

8. **Tim J. Smith (2005), An Attentional Theory of Continuity Editing**.[(1)]

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ( تیۆری سەرنج ڕاکێشانی مۆنتاژی بەردەوام)ە، گرنگترین ئەو ئامانجانەی کە توێژینەوەکەی لە پێناودا نووسراوە بریتییە لە:

ا- هێنانەکایەی دید و بۆچونی جوڵەیەکی بەردەوام لەڕێی خستنەڕووی زانیارییەکی بینراوی نابەردەوام.

ب- ئەو تەکنیکانەی بەکاردەهێنرێن بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بەباشی بنیاتنراون و بەردەستن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ تێگەیشتنێك نیە بۆ بوونی مەعریفیەی ئەو تەکنیکانە.

پ- مۆنتاژ هەوڵێکە بۆ ڕاستکردنەوە و سەرپەرشتیکردن لەڕێی خستنەڕووی ئەوەی کە "بەردەوامێتی" لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە ئیدراکی هەستی و هەروەها دەروونناسەکان ئاماژەیان پێکردووە وەك جێگیربوون و بەردەوامیی بوون (وجود)، ئەزمونی مانەوەی شتەکان بەگوێرەی کات و شوێن سەرەڕای ڕاستی هەبوونیان لەڕووی بینینەوە ڕەنگە بەردەوام نەبێت.

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە:**

---

[1]Tim J. Smit, An Attentional Theory of Continuity Editing, Doctor of Philosophy, Institute for Communicating and Collaborative Systems, School of Informatic, University of Edinburg, 2005

ا- تێکچوونی بینراو بەهۆی بڕین (cut)ەوە دروست دەبێت، نابێتە هۆی سەرنجڕاکێشان.
ب- بەردەوامیی هەبوون پێشبینیکراوە.
پ- پێشبینییەکان هاوڕان لەگەڵ بەردەوامی هەبوون لەدوای بڕین (cut) بەهەند وەردەگیرێن.
ت- یاساکانی ڕێکخستنی بەردەوام خراونەتەڕوو لەپێناو دەستنیشانکردنی ماوە سروشتییەکان.
ج- توێژینەوەکە دەریدەخات کەلە کاتێکی وەهادا جوڵەی ساکاری چاو ڕوودەدات کە شتێك بەهۆی قەراخی سڕینەوە ڕێی لێ دەگیرێت. ئەم ڕێگرییە پێشبینیکراوە بۆ خولْقاندنی بەردەوامی هەبوون بەدرێژایی بڕینەکە (cut).
ح- دوای بڕین (cut) ئامانجەکە بە تەنها دەردەکەوێت لەو کات و شوێنەی کە پێشبینی دەکرێت دەربکەوێت وەك ئەوەی بەردەوامی هەبێ لە هەبوون. ئەم زانیارییە کاتی و شوێنییە لە نێو (visual index) خەزن کراوە.
خ- (Continuity editing rules) بەڵگەی هێنانەکایەی ئەم تەشویشانە پیشاندەدەن لە هێنانەکایەی بەردەوامی لە نابەردەوامی زانیارییە بینراوەکان، دەرئەنجامی ئەم گریمانەیە بریتییە لە تێگەیشتنێکی زانستییانە بۆ بەردەوامی فیلم. هۆشدارییەکی گەورەتر دەدات بە دروستکەرانی فیلم سەبارەت بە دەرئەنجامی ئیدراکی هەستی لە بڕیارەکانیان سەبارەت بە مۆنتاژ.

## ٥.١ سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکان، توێژەر توانی بە چەندین شێوازی جیاواز سودیان لێوەربگرێت و ئاماژەی پێدەکات:-

١. سود وەرگرتن و پێدانی بەرچاوڕوونی بە توێژەر لە داڕشتن و دیاریکردنی میتۆدنامە و لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و چۆنێتی ئەنجامدانی هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی.
٢. سود لێوەرگرتنی وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا.
٣. توێژەر بەرچاوڕوون بووە لە دۆزینەوەی سەرچاوەی ڕەسەنی زانستی و پاشان گەڕان بۆ سەرچاوەی گرنگی بەکارهاتووی ناو توێژینەوەکان.
٤. زانینی گرنگترین دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانیان و سود لێوەرگرتنیان لەم توێژینەوە تازەیەدا.
٥. توانراوە ئەو توێژینەوانە سودیان لێوەربگیردرێت لە دروستکردنی دەستەکان لە فۆڕمی شیکاریدا.

## ٦.١ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:

ئەم توێژینەوەیە تازەیە دەربارەی (گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان)ە، توێژەر هەوڵی داوە ئەو بابەتە هەڵبژێرێت کە توێژینەوەکانی پێش خۆی گرنگییان پێنەداوە و خۆیدەبینێتەوە لە پرۆسەی گونجان و هاوسەنگی نێوان تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە ڕێگەی مۆنتاژ لە هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، سەرەڕای نەبوونی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەڵام توێژەر چەندین توێژینەوەی دەستەبەرکردووە کە نزیکن لە یەکێک لەو

بەگۆڕانەی ناونیشانی توێژینەوە تازەکەی پێکهێناوە، دەکرێت خاڵی لێکچوون و جیاوازی بوونی هەبێت لە نێوانیاندا بە جۆرێک:-

١. ئەم توێژینەوەیە تەواو جیاوازە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لەڕووی کۆمەڵگە، سامپڵ و کاتی ئەنجامدان.
٢. ئەم توێژینەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو، بەهۆی ئەوەی میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە، بەیەکێک لە گرنگترین ئەو میتۆدانە دادەنرێت کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە توێژینەوە میدیایی و مرۆییەکان جگە لە توێژینەوەکەی (مبارك حمد الدسمه).
٣. ئەم توێژینەوەیە یەکانگیرە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی کە کاریان بە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک کردووە وەک (خليل سعيدي – مرزوق بن مهدي، Souvic Chakraborty – Pawan Goyal – Animesh Mukherjee)، جیاوازە لەگەڵ توێژینەوەکانی (ايمان عبدالرحمن حميد، کاوە عزالدين عبدالرحمن، مالك رحاب محمود العزة، خليل سعيدي – مرزوق بن مهدي، نەبەز ئەحمەد حەسەن،) میتۆد و شێوازی ڕووپێوییان بەکارهێناوە.
٤. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی هاوسەنگی و گونجانە لە نێوان دوو ڕەگەزی گرنگ و سەرەکی هەواڵ ( تێکست – وێنە)، لە توێژینەوەکانی (نەبەز ئەحمەد حەسەن، مبارك حمد الدسمه، ايمان عبد الرحمن حميد، Souvic Chakraborty – Pawan Goyal – Animesh Mukherjee) ئاماژەی پێدراوە و یەکدەگرێتەوە، بەڵام دەکرێت لە ڕووی ئامانجەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی دیکەدا جیاوازی هەبێت.
٥. ئەم توێژینەوەیە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی (کاوە عزالدين عبدالرحمن، ايمان عبدالرحمن حميد، مبارك حمد الدسمه، مالك رحاب محمود العزة، خليل سعيدي – مرزوق بن مهدي) لەبەرئەوەی باس لە ژانری هەواڵ و پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم ژانرە کراوە.
٦. ئەم توێژینەوەیە هاوسەنگ دەبێت لەگەڵ سەرجەم ئەو توێژینەوانەی کە کاریان لەسەر وێنە و وێنەی ڕۆژنامەوانی کردووە لەوانە (ايمان عبدالرحمن حميد، کاوە عزالدين عبدالرحمن، مبارك حمد الدسمه).
٧. توێژەر توێژینەوەکەی یەکانگیر دەکات لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی (نەبەز ئەحمەد حەسەن، کاوە عزالدين عبدالرحمن،Tim J. Smith) بەهۆی ئەوەی لەهەریەکەیاندا کار لەسەر شێواز و پرۆسەی مۆنتاژ کراوە.

### ٧.١ دیاریکردنی چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە:

توێژەر بە پێویستی دەزانێت دوای خستنەڕووی توێژینەوەکان و لە تێڕوانینی زانستی و لە گۆشەنیگای بۆ ئەو بەگۆڕانەی کەلە ناونیشانی توێژینەوەکەیدا بەکاریهێناون و لەگەڵ پشت بەستن بە ئەزموونی خۆی بەم جۆرە ڕوونکردنەوەیان بۆ دەکات:-

١. **هاوسەنگی (گونجان):** دروستکردن و دانانی پەیوەندییە لە نێوان تێکست و وێنە بەشێوەیەکی گونجاو، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێکی تەواو و بێکەموکوڕی میدیایی بە وەرگر.

٢. **تێکست:** لە ژمارەیەک ڕستەی پێکەوەگرێدراو پێکهاتووە کە پەیوەندییەکی گونجاو و هاڕمۆنی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، سەرجەم ئەو گوتار و بابەتانە دەگرێتەوە کەلە چوارچێوەی ژانرەڕۆژنامەوانییەکاندا زانیاری دەدرێتە جەماوەر لەڕێگەی ئامرازە میدیاییە بینراوەکان لەکات و ساتی جیاواز لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.
٣. **وێنەی تەلەڤزیۆن:** گواستنەوەی سەرجەم ئەو دیمەنانەن کە چاوی وەرگر دەیبینێ بە شێوەی وەستا و یاخود جوڵاو یان گرافیک، بە یارمەتی شاشەیەک بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ یان ڕەش و سپی، دیمەنی ڕووداوە جۆراوجۆر و هەنووکەییەکان لە ڕووی گرتە و گۆشە و جوڵە ئاڕاستەی بینەر دەکرێت.
٤. **مۆنتاژ (Montage):** بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستن و گواستنەوە و هەڵبژاردنی دیمەن و گرتەکانی ڕووداوێک لە ڕێگەی بەرنامەیەکی تایبەت بە پرۆسەکە و لەلایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت بە پشت بەستن بە ئەزموونی کەسی و بە بەکارهێنانی کارتێکەرە وێنەیی و دەنگییەکان و بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاڕاستەی بینەر دەکرێت و پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت.
٥. **هەواڵ:** خستنەڕوو و گواستنەوەی ڕووداو و زانیارییە هەمەجۆرەکانە بەهۆی ئامرازەکان بە شێوەی بینرا و بیسترا و خوێندراو بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و دروستکردنی کاریگەری و ڕایگشتی، سەرجەم ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کەبە شێوەی مەیدانی یاخود لەناو ژووری هەواڵ لەلایەن هەواڵسازان و پەیامنێران ئامادەکرێت و یاوەری دەکرێت لەگەڵ وێنە و پاشان ئاڕاستەی بینەر دەکرێت. ئەوەی هەواڵی تەلەڤزیۆن لە هەواڵی ئامرازەکانی دیکە جیادەکاتەوە زیندوویەکەیەتی بەهۆی وێنەی جوڵاو.
٦. **کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان:** سەرجەم ئەو کەناڵانە دەگرێتەوە کە بەرنامە و پرۆگرامەکانیان لە ڕێگەی مانگە دەستکرد و ئامێرە ناوخۆییەکان بە زمانی کوردی و بەهەردوو شێوە زاری (کرمانجی سەروو و خواروو) لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی پەخش و بڵاودەکەنەوە و ئاڕاستەی وەرگری پەیامەکانی میدیا دەکرێت.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە (زانیاریناماە)
## تێکست و هەواڵی تەلەڤزیۆن


١.٢ چەمک و پێناسەی تێکست
٢.٢ پێکهاتەی تێکست
٣.٢ خەسڵەت و پێوەرەکانی تێکست
٤.٢ جۆرەکانی تێکست
٥.٢ تێکستی میدیا و هەواڵ و هەواڵی تەلەڤزیۆن
٥.٢ .١ تێکستی میدیا
٥.٢ .٢ کاریگەری و ڕۆڵی تێکست لە تەلەڤزیۆن
٥.٢. ٣ چەمک و پێناسەی هەواڵ و هەواڵی تەلەڤزیۆن
٥.٢. ٣.١ چەمک و پێناسەی هەواڵ
٥.٢. ٣.٢ پێناسەی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٦.٢ تایبەتمەندی و بەهاکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٦.٢. ١ تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٦.٢. ٢ بەهاکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٧.٢ ڕەگەزەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٨.٢ خەسڵەتەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٩.٢ ئەرکەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
١٠.٢ جۆرەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
٢. ١١ سەرچاوەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن
١٢.٢ پێکهاتەی هەواڵی تەلەڤزیۆن

## ١.٢ چەمک و پێناسەی تێکست:

دەستەواژەیەکی سیمانتیکییە و پەیوەندی بە واتاوە هەیە نەک فۆرم و بریتییە لە: زنجیرە ڕۆنانێکی زمان کە یەکەیەکی گشتی تەواو پێک دێنێ، ڕستەکان یەکتر تەواو دەکەن[١]، زۆرجار ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە و دەکرێت، ئایا هەموو نووسینێک تێکستە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە تاڕادەیەک ئاسانە و دژوارنییە، چونکە هەموو قسەکەرێک یاخود گوێگرێک دەتوانێت بەئاسانی تێکست لە ناتێکست جیابکاتەوە، لە ڕێگەی ئەو پەیامانەی، کە وەرگر گوێبیستی دەبێ یان دەیانخوێنێتەوە، چونکە تێکست بە کۆڵەکەیەکی گرنگ و پڕبایەخی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت، پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی تاک بە تاکەوە هەیە. پەندێکی فەڕەنسی هەیە دەڵێت: ئەوەی بتوانێت تێکست بەدەست بهێنێت، دەتوانێت دەسەڵات بەدەست بهێنێت. [٢]

تێکست لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە لە (Textus)ەوە وەرگیراوە بەمانای چنین[٣] و لە دەرهاویشتەی زمانی لاتینیدا (Textere) بە واتای هەڵچنین[٤] دێت، ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر (TEXT)ی ئینگلیزی[٥] و (النص)ی عەرەبی[٦] بەکارهاتوە. نووسین بە بناغە و پێکهێنەری تێکست دادەنرێت بەسەرجەم جۆرەکانی، لایەنێکی گەورەی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی تێکست گوزارشت و گێڕانەوەی ژیانی مرۆڤ بووە لەسەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا، بەجۆرێک کە ئێستای مرۆڤ ببەستێتەوە بە ڕابردووی و پاشان لەڕێگەی پلانەوە داهاتوو دیاری دەکات[٧]. کەواتە؛ دەق = گوتار – دەورووبەر. [٨]

تێکست چەندین پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆری لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانی بواری زمانەوانی و زانستەسروشتی و مرۆییەکان لە کاتە جیاوازەکاندا بۆ کراوە، لێرەدا بۆچوون و تێڕوانینی هەندێک لە ئەورووپییەکان دەربارەی خودی تێکست دەخەینەڕوو وەک:-

**(برینکەر- Brinker) لە پێناسەی تێکستدا دەڵێت:** زنجیرەیەکی یەکانگیرە لەناو ڕستەیەکی تێکئاڵاودا، لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، ڕستە بەتەنیا خۆی هیچ نییە جگە لە بەشێکی بچوك کە گوزارشت لە تێکست

---

[١] عەبدولواحید موشیر دزەیی، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا - لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراکتیکییە، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٣.

[٢] بابا ڕەسول نوری ڕەسول، شیکردنەوەی دەق - نوکتە بە نموونە، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، (زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، زمانی کوردی،٢٠١٣)، ل٩.

[٣] سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی (١٩٧٥-١٩٩٥)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٠.

[٤] ولات محمد، دلالات النص الاخر في عالم جبرا إبراهيم جبرا الروائي، منشورات الهيئة العام السوريه للكتاب، دمشق،٢٠٠٧، ص١٧.

[٥] فاضل ثامر، اللغة الثانية، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤، ص٧١.

[٦] محمد باديس، مفهوم النص و قراءته في الفكر العربي المعاصر، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة وهران١ احمد بن بلة، كلية: الاداب و اللغات ، قسم: اللغة العربية و ادبها، ٢٠١٧)، ص٣.

[٧] چۆلی ئەسعەد، تەلەڤزیۆن (هونەری نووسین و پێشکەشکردن)، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٦٢.

[٨] عبدولواحید موشیر دزەیی، نیشانە و دەق و واتا، هەولێر، ٢٠٢١، ل٩٣.

دەکات، ڕستە بەشێکە لە تێکست و بونیادێکی پڕە لە گرێوگۆڵە، بۆیە دەبێت پەیوەندی نێوان بەش و پێکهێنەرەکانی تێکست ڕوون بێت.(١)

**(شلایرماخر- Schleiermacher) بەم جۆرە پێناسەی تێکست دەکات و دەڵێت:** ناوەندێکی زمانییە و فکر و هزری نووسەر دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، زمان ئەو چوارچێوە و زەمینەیە، کە نووسەر کاری تێدادەکات تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە پەیامەکانی بگوازێتەوە(٢). نووسەر هەوڵدەدات لەڕێگەی تێکستەوە هەموو ئەو وێنایانەی کەلە بیروهزریدایە بەرجەستە و گەڵاڵەی بکات، کەواتە تێکست بەرهەمهێنراوی نووسەرە. دەکرێت بە جەستەی زمان پێناسە بکرێت بەوەی، کە وشەیەک یاخود ڕستەیەک بێت، بە شێوەیەکی گشتی بەشێکی سەرەکی نووسراوێک، چاپکراوی کتێبێک یان گوتار و پەیامێک پێکدەهێنێت.(٣)

**(ڕۆمان جاکبسون – Roman Jacobson) ئاماژە بەوە دەکات کە:** تێکست گوتارێکی سەربەخۆی نووسەرە دوای بوون بە نووسەر پەیڤەکە دێنێتە سازاندن.(٤)

جگە لە شارەزایان و پسپۆڕانی ئەوروپی، دەکرێت ئاماژە بە هەندێک پێناسەی دیکە بۆ چەمک و خودی تێکست لە ڕوانگە و تێڕوانینی عەرەبەکان بکەین وەک:-

**(محمد مفتاح) دەربارەی پەیڤی تێکست بۆچوونی وایە:** تۆمارکردنێکی ئاخاوتنە یان ڕووداوێکە بە جۆرێک لە هەر کات و سەردەمێکدا ڕووبدات خوی دووبارە ناکاتەوە.(٥)

**(احمد ناهم) پێیوایە:** تێکست ڕوپۆشێکە پێویستە بەدوای ڕاستی و ناوەڕۆکی پەیامە ڕاستەقینەکاندا بگەڕێیت.(٦)

**(نصر حامد ابو زید) دەڵێت:** تێکست زنجیرەیەک نیشانەی ڕێکوپێکە و لە قاڵبێکی پەیوەندیدایە و مانایەکی تەواو بەرهەم دەهێنێت، هەڵگری پەیامێکی میدیایی یان ئەدەبی یان هونەری،...هتد.(٧)

**توێژەر هەوڵیداوە ناساندنێک بۆ تێکست بکات بەپێی تێگەیشتنی بۆ هەمان چەمک دەڵێت:** بەرهەمێکی خورسک یاخود ناخۆرسکی توێژەر و ئەو کۆمەڵگەیە کە تێکستەکە بەرهەم دەهێنێت و تێیدا دەردەکەوێت، بە ئامانجی گەیاندنی زانیاری و زانست بە وەرگر، بە پشت بەستن بە بنەما زمانەوانییەکان و هەموو ئەو پێکهاتانەی کە تێکست پێویستی پێیەتی.

---

(١) بن الدين بخولة، الاسهامات النصية في التراث العربي، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة وهران١ احمد بن بلة، كلية: الاداب و اللغات، قسم: اللغة العربية و ادبها، ٢٠١٦)، ص١٢.

(٢) عطا رشيد حسن، بنياتی دەق لە درامای کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩١(ڕاپەڕین)، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، (زانکۆی سلێمانی: فاکەڵتی پەروەردە - کەلار، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی زمانی کوردی، ٢٠٢١)، ل١٠.

(3) Siti Masitha Isnaini, AN ANALYSIS ON TEXT TYPES OF READING TEXT IN NATIONAL EXAMINATION, 2012, P:11

(٤) محمد خليل الرفاعي و الاخرون، أساليب تحليل النصوص، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٧.

(٥) ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، ئارام یوسف ئیبراهیم، رولێ دەقێ درامایی دهندەک حیکایەتێن مەلا مەحمودێ بایزیدیدا، گۆڤاری: زانکۆی کۆیە (گۆڤارێکی ئەکادیمییە) هەمان زانکۆ دەریدەکات، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ژمارە٣٢ حوزەیرانی ٢٠١٤، ل٢١.

(٦) احمد ناهم، التناص في الشعر الرواد، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٤، ص١٤.

(٧) حشاشي زهور، ثنائية الاتساق والانسجام في قصيدة "قدر حبة" لمحمد جربوعة، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة محمد بوضياف – المسيلة، كلية: الاداب واللغات الأجنبية، قسم: اللغة العربية وادابها، ٢٠١٧)، ص٩.

## ٢.٢ پێکهاتەی تێکست:

تێکست کردەیەکی گەیاندنە یان ئەو گۆڕەپانەیە، کە نووسەر (نێرەر) لە ڕێگەیەوە پەیوەندی بە خوێنەر (وەرگر) دەکات، ناوەندێکی فرەمانایە، بە جۆرێک تێکستە بەرهەمهێنراوەکە ئەولەویەتی هەڵبژاردنی لە نێوان کۆمەڵێک بنەمای زمانەوانی و وێنە و میتافۆرەکان دەبێت، ئەمە وا دەکات تێکستەکە بەپێی بژاردەی دەروونی و هونەری خۆی دووبارە بکاتەوە یان خۆی بگۆڕێت، وەرگر دەتوانێت لە گۆشەیەکی تایبەتەوە خوێندنەوە، لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاوازی لە چوارچێوەی تێکستە (مێژوویی، کات، شوێن، کۆمەڵایەتی و دەروونی) هەبێت.[١]

(هالیدای - Halliday) پێکهاتەیەکی وورد بۆ تێکست دیاریدەکات، هەروەک لە خوارەوە خراوەتەڕوو:- [٢]

١. پێکهاتەی بیر Ideational: پۆلێندەکرێت بەپێی:-
   - پێکهاتەی لۆژیکیLogical.
   - پێکهاتەی هەوڵدانExperiential.
٢. پێکهاتەی پەیوەندیInter – Personal .
٣. پێکهاتەی تێکستی زمانیTextual .

هەموو تێکستێک لە ڕستەیەک یاخود چەند ڕستەیەک پێکدێت، هەریەکێک لەو ڕستانە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک وشە پێکدێت، پێکهاتەیەکی پتەوی هەیە و دەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا دابەشبکرێت لەوانە:- [٣]

١. ناونیشان (سەردێڕ): یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی نووسین و تێکستی پێدەناسرێتەوە، دەکرێت بکرێتە شوناس و ناسنامەی تێکست، چونکە ناونیشان هێمایەکی گرنگ و پرواتای تێکستە، خاڵی بەیەکگەیشتن و بەرکەوتنی تێکست و خوێنەرە. هۆکارێکە بۆ ڕاکێشان و وروژاندنی بیرو هەستی وەرگر بۆ پەیامە بەرهەمهێنراوەکە، لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت مەبەستی نووسەر بزاندرێت.
٢. پێشەکی (لید): خاڵی دەستپێک و چونەژوورەوەی هەموو بابەتێکە، کە تێیدا نووسەر کورتەیەکی گرنگ و پربایەخی بابەتەکە لەچەند دێڕێکدا دەخاتەڕوو، لە زمانی ڕۆژنامەنووسیدا دەکرێت پێشەکی لەبڕگەیەک یان زیاتر پێکبێت.[٤]
٣. ناوەڕۆک: لەم بەشەی تێکستدا زانیاریەکان بەشێوەیەکی وورد و فراوان و چڕ باسدەکرێن، بە تەواوکاری زانیارییەکانی پێشەکی و بەشی کۆتایی دادەنرێت، لێرەدا نێرەر لەقوڵایی بابەتەکەدایە بۆ

---

[١] محمد خليل الرفاعي و الاخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.
[٢] عبدالعزيز بن ردة الطلحي، مصطلح السياق النشاة والمفهوم والتطور و قراءة في الفكر اللغوي المعاصر، جامعة مؤتة المملكة الأردنية الهاشمية، ٢٠٠٨، ص١٧.
[٣] بابا ڕەسول نوری ڕەسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.
[٤] جەمیلە ئەحمەد حسەین، شێوازی ووتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، (زانکۆی کۆیە، کولێژی زمان، ٢٠٠٨) ، ل٨٥.

خستنەڕووی زانیاری ناو ڕووداوەکان و زانیارییە دۆکیۆمێنتەکان بەشی زۆری تێکستەکە پێکدەهێنن وەک: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.[١]

٤. کۆتایی (ئەنجام): لێرەدا نووسەر لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەکان و پاشان شرۆڤەکردنیان دەگاتە چەند ئەنجامێک و لەکۆتایدا ئاماژەی پێدەدات، ڕەنگە ئەنجامەکە چارەسەری گرفتێک یاخود هۆشیارکردنەوەی وەرگربێت لەمەڕ بوونی بابەتێکی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕامیاری،...هتد).[٢]

## ٣.٢ خەسڵەت و پێوەرەکانی تێکست:

هەموو تێکستێک پێویستە کۆمەڵێک خەسڵەت و پێوەری تێیدا هەبێت و لەلایەن نووسەرانەوە لەکاتی بەرهەمهێنانداا ڕەچاوبکرێن، هەریەک لە (دیبۆگراند، جولیا کرستیڤا و ولفا نجدر ،...هتد) ئاماژەیان بە بوونی هەندێک پێوەر کردووە وەک:- [٣]

١. ڕێکخستن یان ڕێکەوتن (Cohesion): بە پێوەرێکی گرنگی تێکست دادەنرێت و بریتییە لە: چۆنێتی مامەڵەکردن و بەکارهێنانی لەگەڵ کەرەستە زمانەوانییەکان، لەم بارەیەوە (محمد اخضر) پێیوایە: دەبێت تێکست بە جۆرێک بێت کە پلەبەندی تێدا بەدیبکرێت لە ڕووی پیشاندان و گێڕانەوە، لە پێناو ئەوەی کەوا لە خوێنەر بکات لەگەڵ تێکستەکەدا دەژی و پاشان بتوانێت پێشبینی ئەوە بکات دوای ئەو قۆناغە چی ڕوودەدات.[٤]

٢. پەیوەستکردن یان لکاندن و گونجان (Coherence): ئەم پێوەرە پەیوەندی بە چەمکەکانی ناو تێکستەکەوە هەیە لە ڕووی واتا و بیرۆکە، وەک وشە و ڕستە، پێویستە پەیوەندییەکی تەواو پێکیانەوە ببەستێتەوە، لە چوارچێوەی بنەمایەکی لۆژیکی.[٥]

٣. مەبەست یان ئامانجی تێکست (Intentionally): بەبنەمای سەرەکی تێکست دادەنرێت، یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکان بە ئامانجی نیشاندانی مەبەستی نێرەر لە کاتی ناردنی پەیامەکاندا، بە هۆی ئەوەی، کە هەموو تێکستێک ئامانج و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە و لە پێناویدا تێکستەکە ئامادە و بڵاودەکرێتەوە.

٤. قبوڵکردن یان پەسەندکردن (Acceptability): ئەم پێوەرە تایبەتە بەخودی وەرگری تێکست، چا وەرگر بیسەربێت یاخود خوێنەر و بینەر، لەکاتی وەرگرتنی پەیامەکە هەڵوێست و کاردانەوەی چۆن دەبێت (فیدباک).[٦]

٥. ڕەچاوی بارودۆخ یان هەڵوێستگەرایی (Situational): بە گرنگترین بنەمای تێکست هەژماردەکرێت دەبێت نێرەر (نووسەر) تێکستەکەی تەواو وابەستەبێت بە هەڵوێست و دەورووبەری.[١]

---

[1] https://www.encyclo.co.uk/meaning-of-body_text , (22|12|2021, 11:30PM)

[٢] جەمیلە ئەحمەد حسەین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

[٣] ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، ئارام یوسف ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[٤] محمد الأخضر، مدخل الي علم اللغة ومجالات تطبيقية، الدار العربية، الجزائر، ٢٠١٥، ص٨٣.

[٥] عبدولواحید موشیر دزەیی، کاریگەری دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا - لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراکتیکییە ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦-٩٧.

[٦] خليل بن ياسر، الترابط النص في الضوء التحليل اللساني للخطاب، دار جرجير للنشر والتوزيع، عمان ، الأردن ، ٢٠٠٩، ص٨٩.

٦. ڕاگەیاندن یان پەیامدار (Informativity): ئەم پێوەرە بە میدیا ناودەبرێت، پێویستە تێکستەکە لە شێوەی هەواڵدا زانیارییەکان پێشکەشی وەرگر بکات، یان شتێکی فێربکات، (ڕۆبرت دی بوگراند – Robert De Beaugrande) میدیا و هەواڵ بەوە پێناسە دەکات کە: فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ دڵنیابوون لە حوکمی ڕاستی تێکستەکان چونکە میدیا کۆمەڵێک ئەڵتەرناتیڤە و هەواڵەکان پەیوەستە بە تێکست و ڕاستییەکانی تێکستەکەوە بە کاری سەرەکی و پیشەیی ڕاگەیاندن دادەنرێت.[٢]

## ٤.٢ جۆرەکانی تێکست:

تێکست بە پارچەیەک لە نووسین دەخوێندرێتەوە یان دەبیسترێت یاخود دروستدەکرێت و تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە دەربارەی جۆرەکانی تێکست چەندین پۆلێنکاری جیاوازکراوە بە پێی ئامانج و پێکهاتەی زمان. یەکێک لە هەرە بەکارهاتووترین کەرەستەکانی پۆلێنکردنی تێکست لەسەر بنەمای مەبەست و واتا، بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشکراون وەک:- [٣]

١. تێکستە ئاشکراکان Expository Text : ئەو تێکستانەن، کە وەرگر دەتوانێت بە ئاسانی هەستی پێبکات، هەریەک لە (ئەزموون، ڕاستی، بارودۆخەکان،...هتد) دەگرێتەوە.
٢. تێکستە گێردراوەکان Narrative Texts : لەم جۆرەدا نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوە ڕێنمایی و ئاگاداری دەداتە وەرگر لەکاتی بەرکەوتنیان بە پەیامە بڵاوکراوەکان.
٣. تێکستە ئارگیومێنتەکان Argumentativ: ئامانج لەم جۆرەی تێکست گۆڕینی باوەڕی خوێنەرە، زۆرجار سیفەتی نەرێنی یان خەسڵەتی شتێک – کەسێک لەخۆدەگرێت، نووسەر هەوڵدەدات خوێنەرەکانی قایلبکات بەوەی بەرهەمیهێناوە.

لە ڕوانگەی عەرەبە کۆنەکان تێکست بەوە ناسراوە، کە زمان لە چەندین تێکست پێکهاتووە دەکرێت مانایەک یاخود زیاتر هەڵبگرێت، بەڵام لەلایەن نوێگەرانی بوارەکە تێکست بە واتای سزادان، دەستنیشانکردن، ناسینەوە و باسکردن دێت، هەر بۆیە جۆرە پۆلێنێکی دیکە لە زمانی عەرەبیدا بۆ تێکست کراوە و خۆی دەبینێتەوە لە:-

١. تێکستی ڕوونکردنەوەیی (النص التفسيري): تێکستێکە تێیدا نووسەر بیرۆکەیەک پێشکەشی وەرگر دەکات، یان دیاردەیەکی بۆ ڕوون دەکاتەوە بە پشت بەستن بە بەڵگەی تایبەت بە بیرۆکەکە.
٢. تێکستی وەسفی (النص الوصفي): زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، بە تایبەت لە بابەتەکانی تایبەت بە خوێندن و بابەتە مرۆییەکان چونکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆر هەیە بە شێوازی وەسفی.[٤]

---

[١]سعد صهيب خضر، تحليل الخطاب القراني في الضوء الاتجاه النص، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة صلاح الدين – أربيل، كلية: اللغات، ٢٠١٠)، ص١٩.
[٢]دي بوجراند، النص والخطاب والاجراء، ترجمة| تمام حسان، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٨، ص١٠٥.
[3]http://explainwell.org/index.php/table-of-contents-synthesize-text/types-of-texts/ (22|12|2021, 2:00PM)
[4]https://www.noor-book.com/tag/ (7|7|2021, 3:30PM)

٣. تێکستی هەواڵی (النص الاخباري): ئەم جۆرە تێکستە لە بوارەکانی (سروشتی کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی و هونەری)دا بەکاردێت، تێیدا نووسەر زانیاری پێشکەش دەکات بە لەبەرچاوگرتنی بێلایەنی و بەبەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو، هەموو کەس لێی تێبگات، پێویستە ڕستەکان کورت و سادەبن.[١]
٤. تێکستی دیالۆک (النص الحواري): ئەم جۆرە تێکستە بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانە لە نێوان جێگرەوەکان سەبارەت بە کەیسێک (دۆسێیەک)، بەجۆرێک هەر لایەنێک هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەڵگەوە پارێزگاری لە تێڕوانینەکانی بکات.
٥. تێکستی زانیاری (النص المعلوماتي): لەم جۆرە تێکستەدا نووسەر زانیاری تەواو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کۆدەکاتەوە بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای تایبەت بە بابەتەکە، سەرەتا دەبێت ڕستەکە بەگشتگیر دەست پێبکات و پاشان بە شێوەی ئامار و لێکۆڵینەوە بە ووردی زانیارییەکان پێشکەش دەکرێت.[٢]

## ٢.٥ تێکستی میدیا و هەواڵ و هەواڵی تەلەڤزیۆن:

### ٢.٥. ١ تێکستی میدیا:

ئەو واقعە دەگەیەنێت کە جیهان پێیدا گوزەر دەکات هەوڵی ڕازیکردن و قایلکردنی وەرگر دەدات لە ڕێگەی تێڕوانینی بیرۆکەیەکی دیاریکراو، پەیوەندی بەهێزی بەو شێوازەوە هەیە کە میدیا بەکاریدەهێنێت، لە پێناو زانینی کاردانەوە (فیدباک)ی وەرگر بۆ ڕووداوەکە، لەلایەکی دیکەوە ئامانجی میدیا لەڕێگەی تێکست و پەیامی میدیاییەوە ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنیان لە تێکستەکە و درککردن بە گرنگی وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن.[٣]

تێکستی میدیا؛ داواکارییەکی ڕوونە بۆ وروژاندنی بایەخی نێرەر، بەجۆرێک شتێک بوونی هەیە کە جێگەی بایەخ و گرنگی وەرگرە، دەکرێت لە کۆتاییدا کاریگەری هەبێت لەسەر گۆڕینی ژینگەی زانینی وەرگر و دەرکەوتنی لێکەوتی زانینی ئەرێنی[٤]، کەواتە هەر شتێک بەرهەم بهێنرێت بۆ ئەوەی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، بەرنامە ئێزگەیی و تەلەڤزیۆنییەکان بڵاوبکرێتەوە، پێی دەوترێت " تێکستی میدیا " جا تێکستەکە لەچوارچێوەی وەسف یاخود ڕەخنە و لێکدانەوە بێت لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاراستەی وەرگر (جەماوەر) دەکرێت[٥]، ئەم چەمکە درێژ دەبێتەوە بۆ میدیای ئەلیکترۆنی.

---

[١] ڕێبوار کەریم وەلی، بنەماکانی نووسینی هەواڵ، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٦٦.
[٢] جعفر خوخه حليمه، أحمية حسينة، أنواع النصوص في مناهج اللغة العربية (السنة اولي متوسط – أنموذجا)، لحصول علي شهادة الليسانس، (جامعة اكلي محند اوحاج – البويرة، كلية: الاداب واللغات، قسم: اللغة والادب العربي ،٢٠٢٠)، ص١٢.
[٣] سمية عكاشة حمزة المتولي، التشكيل النحوي في النص الإعلامي واثره في اللغة العربية والهوية الوطنية والقضايا الثقافية، مجلة: كلية الدراسات الإسلامية والعربية للبنات بالإسكندرية، المجلد: ٦، العدد: ٣٥، بدون السنة، ص٨٧
[4] Karina Saraiva Schroder, Cristina Becker Lopes Perna, Reading and Processing a Journalistic Text through Relevance Theory: the Larry Rohter case, Revista Virtual de Estudos da Linguagem – Revel, 2006, 4(6), P:19-20.
[٥] محمد خليل الرفاعي و الاخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

چەندین پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆر لەلایەن ئەکادمیستان و شارەزایان و پسپۆڕان و ڕۆژنامەنووسانی بواری ڕۆژنامەوانی بۆ تێکستی میدیا کراوە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو لەوانە:-

**(فرناندا ستين - Fernanda Stein) لە پێناسەی تێکستی میدیادا دەڵێت:** گومان لەوەدا نییە کە پاراوبوون، شەفافیەت و ساکار نووسین بنەمای گرنگی پەیامە میدیاییەکانن.[1]

زمان بە کۆڵەکەی سەرەکی تێکست و تێکستی میدیایی دادەنرێت، لەوبارەیەوە **(اوتو جروت - Ottogrott) زانایەکی ئەڵمانییە دەربارەی ئەم چەمکە دەڵێت:** دەربڕینێکی بابەتیانەی عەقڵ و مەیل و ڕوحی جەماوەرە لە هەمان کاتدا.[2]

هەر دەربارەی ئەو زمانەی کە تێکستی میدیایی پێدەنووسرێت، **(د.محمد سيد محمد)** دەپرسێت ئایا زمانی (ئێزگە و تەلەڤزیۆن) زمانی ڕۆژنامەگەرییە؟ لەبەرامبەر وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئاماژە بە ووردی و دروستی وەڵامەکە دەکات و دەڵێت: ئەو زمانەی تێکستی پێدەنووسرێت بەپێی ئامرازەکان جیاوازن، زمانی ڕادیۆ (ئێزگە) زمانی قسەکردنە بەڵام زمانی ڕۆژنامەگەری سەربە زمانی نووسراوە، زمانی تێکستی تەلەڤزیۆن تێکەڵەی هەردوو شێوازە بە ڕەچاوکردنی سادەیی و ساکاری لە ناوەڕۆکی تێکستە بەرهەمهێنراوەکە.[3]

**هەندێکی دیکە تێکستی میدیایی بە گوتاری میدیایی پێناسە دەکەن و پێیانوایە:** هونەرێکی زمانەوانی یان وەسفی یان ڕوونکردنەوە یاخود ڕەخنەییە و خاڵی گەیشتنە بەوانی تر، چونکە گوتاری میدیایی لەسەر بنەمای وەسف و ڕاستی ڕووداوەکان بنیاد دەنرێت، پشت بە هۆکارەکانی وەک وێنە و دەنگ دەبەستێت، بەرپرسیاری سەرەکی پێکهێنانی تێکستە لەڕووی فۆڕم و لۆژیک.[4]

**تێکستی میدیا دەکرێت:** بریتی بێت لە گۆڕینی بیرۆکە بۆ کۆمەڵێک سیمبول لە نێوان نێرەر و وەرگر واتای هاوبەشیان هەیە وەک (وشە، جوڵە، دەنگ، پیتەکان، ژمارەکان، وێنە و بەریەککەوتن، تەوقەکردن و هاوارکردن،...هتد).[5]

**توێژەر پێیوایە تێکستی میدیا (تەلەڤزیۆن):** ئاڕاستەکردنی پەیامێکە لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر، بەمەرجێ وەرگر کاردانەوەی خێرای هەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەگەڵ بەردەوامی پەیام و کاردانەوەکان.

---

[1] ئومێد مەسعودی، بنەماکانی نووسین لە ڕاگەیاندندا، وەرگێڕان| جوامێر مارابی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٥، ل٥١.
[2] محمد عبدالمطلب البكاء، الاعلام واللغة (مستويات اللغة والتطبيق)، دار نينوي (للدراسات والنشر والتوزيع)، دمشق ، سورية ، ٢٠١٠، ص١٠.
[3] محمود خليل، محمد منصور هيبة، انتاج اللغة الإعلامية في النصوص الإعلامية، بدون مكان الطباعة،٢٠٠٢، ص٣٣.
[4] خليل سعيدي، مرزوق بن مهدي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.
[5] صباح حسن عثمان، إدارة المؤسسات الإعلامية وانعكاساتها علي انتاج الرسالة التلفزيونية - بالتطبيق علي تلفزيون السودان في العام٢٠١٧ حتي ٢٠١٩، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية: الدراسات العليا، قسم: علوم الاتصال - راديو والتلفزيون، ٢٠١٩)، ص٥١.

### ٢.٥.٢ کاریگەری و ڕۆڵی تێکست لە تەلەڤزیۆن:

تێکست یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دروستکردنی پەیامەکانی میدیا و توخمەکانی تر تەواوکاری دەبن لەڕووی مانا و شێوازی بەکارهێنان و دەربڕین، بەڵام پێویستە ئاگاداری شێواز و شوێنی تێکست بکرێت لەکاتی بەکارهێنان و تێکەڵکردنی لەگەڵ گرافیک و دەنگ و ئەنیمەیشن و وێنەی جوڵاو.[١]

پەیامە میدیاییەکان لە تەلەڤزیۆندا پێویستی بە کاری ووردتر و شارەزایی زیاتری ڕۆژنامەنووسی دەبێت بەجۆرێک، (دونالد دیلون - Donald Dillon) یەکێکە لە نووسەرەکانی ڕادیۆی (بی بی سی - BBC) پێشنیازی ئەوە دەکات و پێیوایە: پێویستە لەسەر نووسەری ڕادیۆ(ئێزگە) لەکاتی ئامادەکردنی تێکستە بیستراوەکاندا ئەرێنی بن و هەوڵ بدەن لەم ڕێگەیەوە پێوانەی ڕەزامەندی و گەشبینی وەرگربکەن، (میس جینی - Miss Jenny) بەڕێوەبەری بەرنامە پەروەردەییەکان لەهەمان دەزگا پێیوایە: خەیاڵ و ئەندێشە بنەمای سەرکەوتنی بەرنامە پەروەردەییەکانن، بەڵام لە تێکستی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا دەبێتە هۆی ئازار چونکە لە هەواڵدا پێویستە گرنگی بە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان بدرێت لەکاتی ئامادەکردن و پاشان ئاڕاستەکردنی تێکستەکەدا، هەربۆیە پێویستە لەسەر نووسەری تەلەڤزیۆن جگەلەوانە ئاگاداری سروشتی کامێرا، هەموو ئەو لایەنە هونەریانەبێت کە پەیامە تەلەڤزیۆنییەکانی لەسەر مەبنادەنرێت، لەم ڕوانگەیەوە هەندێک لە شارەزایان وایدەبینن نووسەری تێکستی تەلەڤزیۆن واباشە فیلمنووس یان خوێندکار یان هەڵگری بڕوانامەی سینەما بێت ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە هەندێک ئەم بۆچوونە بەڕاست نازانن بۆ پەیامە تەلەڤزیۆنیەکان پێیان وایە سەرکەوتن و کاریگەری تێکست پەیوەستە بە ناوەڕۆک و توانای نووسەر پاشان ئەو جەماوەرەی پەیامەکە وەردەگرێت لە پرۆسەی پەیوەندییەکەدا[٢]. هەروەها (لویس هیرمان Lewis Herman-) ئاماژە بەوە دەکات کە تێکستی تەلەڤزیۆن پلانێکی وەسفی و ووردی زنجیرەیی تێکەڵکردنی دەنگ و وێنەیە، لەڕێگەی تێکستی نووسراو پێشکەش و ئاڕاستەی دەرهێنەر دەکرێت بەمەبەستی گۆڕینی ئەم پێکهاتەیە بۆ واقعێکی بینراو و دەنگی.[٣]

ئاژانسی (یونایتد پرێس United Press International- )ی ئەمریکی هەندێک زانیاری دەخاتە بەردەم ڕۆژنامەنووسان، سەبارەت بە درێژی ڕستە و ئاسانی بۆ خوێندنەوە لەکاتی بەرهەمهێنانی تێکستی میدیایی وەک:-[٤]

١. ڕستەی زۆر ئاسان بۆ خوێندنەوە ٨ وشەیە.
٢. ڕستەی ئاسان بۆ خوێندنەوە ١١ وشەیە.
٣. ڕستەی تاڕادەیەک ئاسان بۆ خوێندنەوە ١٤ وشەیە.

---

[١] لؤي الزعبي، الوسائط المتعدد، من المنشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠ ، ص٢٨.

[٢] حسن علي محمد، لغة الاعلام العربي المعاصر (الصحافة – الالكترونية – الراديو والتلفزيون – الموبايل والانترنت)، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، ٢٠١٦، ص٨٨.

[٣] عبدالرحمن إبراهيم الشاعر، مهارات الاتصال، ط٢، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥، ص١٤٩.

[٤] ئازاد ڕەمەزان عەلی، بنەما زمانەوانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٠، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥٨.

٤. ڕستەی ئاسایی ١٧ وشەیە.
٥. ڕستەی تاڕادەیەک گران ٢١ وشەیە.
٦. ڕستەی گران ٢٥ وشەیە.
٧. ڕستەی زۆر گران ٢٩ وشەیە.

لەم بارەیەوە نووسەری ئەمریکی (سۆل بیلۆ - Saul Bellow) دەڵێت "ڕستەی باش نابێ کۆی وشەکان لە ١١ – ١٢ وشە زیاتربێت". لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان لەسەرجەم بوارەکاندا ڕەچاوی ئامراز و لایەنی دەروونی وەرگربن لەکاتی نووسینی تێکستە میدیاییەکان، بۆیە لەلایەن شارەزایانی میدیاییەوە کۆمەڵێک پرێنسیپ دانراوە کە تایبەتە بە نووسین لە تەلەڤزیۆندا و گرنگترینیان بریتین لە:- [1]

١. پێویستە نووسین لە تەلەڤزیۆندا ستایشی وێنەکان بکات و لە خزمەت وێنەکاندابێت و پەسەندییان بکات، نابێت نووسین لەگەڵ وێنەکان پێشبڕکێ یان بەربەرەکانی بکات، پێویستە وشەکان، وێنەکان، ڤیدیۆکان، دەنگەکان، لەگەڵ چیرۆکەکەدا هاودەم و لەگەڵ یەکتردابن.
٢. داڕشتن و دروستکردن و دامەزاندنی وشە و ڕستە و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگەکان، پێویستە لەسەر بنەمای ووردی و ڕوونی بێت، بەجۆرێک ووردی لە زانیاری و ڕوونی لە ئاستی وەرگر.
٣. بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی قۆناغێکی زیندووە، بۆ ئەم مەبەستە پسپۆڕانی بوارەکە چەندین هەنگاویان دیاریکردووە و ڕۆڵی گرنگ و کارایان دەبێت لەسەرکەوتنی پەیامدا وەک (دیاریکردنی ئامانج، ڕوونی بۆچوون، گوزارشتکردن لە گرنگی و بایەخی بابەت، پاراستنی یەکێتی بابەت و پلەبەندی نێوان ڕووداوەکان). [2]
٤. تەرکیز بکرێتە سەر هەواڵ و بابەتی نوێ، بەڕوونی مامەڵە لەگەڵ ڕاستییە گرنگەکان بکرێت، چونکە هەواڵە بەسود و بە نرخەکان بریتین لە هەواڵی (ڕەسمی و خەڵک) وە باشترین هەواڵ ئەوەیە کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەبێت و گرنگ بێت لایان.
٥. بە درێژایی نووسینەکە، لە داڕشتنی ڕستەکاندا هەمیشە کورتبڕی بپارێزە، تا دەکرێت ڕستەی کورت و بێ پاشکۆ بەکاربهێنە، بەڵام ناکرێت کورتبێژییەکە کاریگەری لەسەر زانیارییەکان هەبێت، واتە تێکستە هەواڵییەکە نابێت لە ٣٠٠ تا ٥٠٠ وشە تێپەڕێت. [3]
٦. دوورکەوتنەوە لە ووشەی ئەکادیمی و فەرهەنگی و فرە مانا، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە خوێنەری تایبەتی هەیە و دوورە لە تێگەیشتنی گشتی زمانی میدیا (زمانی خەڵک).
٧. دوورکەوتنەوە لە وشەی (بێ تام و خراپ، نەناسراو و گەورە، خوازە و ئاوەڵناو)، پێویستە گرنگی تەواو بە یاسا ڕێزمانییەکان بدرێت.

[1] سامان جەلال، هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی (تەلەڤزیۆن... ڕادیۆ... ڕۆژنامە... میدیای ئەلیکترۆنی)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل٢٢-٢٥.
[2] صباح حسن عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤-٥٥
[3] کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، وەرگێران| مەجید ساڵح عەزیز، بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ، ل٢٧-٢٨.

٨. پێویستە نووسین لە تەلەڤزیۆندا بەجۆرێک بێت کە بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆ و تێگەیشتن ئاسان و ئاسانتربن، دەبێت واتای پەیامەکان ڕوون و ڕەوان و ئاشکرابێت بەجۆرێک هیچ کەلێن و درزێک نەهێڵێتەوە کە ببێتە هۆی تێنەگەیشتنی وەرگر لێی بێگومان ئەمە پێویستی بە پشکنین و وردبوونەوە لە هەموو وشە و ڕستە و بڕگەکانی تێکستەکە هەیە تا وەرگر بە ڕەوانی لێی تێبگات.[١]

٩. پاش تەواوکردنی تێکستەکە، پێویستە پێداچوونەوەی بۆبکرێت، بۆ دڵنیابونەوە لە نەبوونی هەڵەی ڕێزمانی و زمانەوانی و یاسایی و کەلتوری...هتد، پاشان پێویستە تێکستە میدیاییەکە بە دەنگێکی بەرز بخوێندرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا ئامادەیە بۆ پەخش یاخود نا؟.

(ڕوبرت جننج - Robert Juning) کۆمەڵێک بنەمای داناوە کە پێیوایە پێویستە لە نووسینی تێکستێکی ڕوون و سەرکەوتووی تەلەڤزیۆنیدا هەبێت وەک:- [٢]

١. پێویستە ڕستەکان کورت بن و مانای تەواو بە تێکستەکە بدەن.
٢. بەکارهێنان و پەسەندکردنی ئەو وشانەی باون و زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە.
٣. بەکارهێنانی کردار.
٤. بەستنەوەی ماددە میدیاییەکان بە ئەزموونی نێرەر و وەرگر.
٥. بەکارهێنان و پیادەکردنی شێوازێکی سادە لە نووسینی تێکستدا.
٦. پێویستە چۆن قسەدەکەیت بەهەمان شێوە بنووسیت (زمانی ئاخاوتن).

لەبەر بنەمای ئەو دەربڕینانەی سەرەوەدا دەکرێت ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگی و ئامانجی سەرەکی تێکستی میدیا بکرێت بۆ گواستنەوەی زانیاری دەربارەی ڕووداوێک یان بابەتێکی دیاریکراو بۆ وەرگر چونکە تێکست تاکە بنەمایە کە هاوشانی ئەوانی دیکە بەپێی گرنگی ئامرازەکە کاریگەری دروست دەکات، لەکاتی وەرگرتن یان وەرگێڕانی تێکستە میدیاییەکاندا پێویستە دووبارە و سێ بارە داڕشتن بۆ زانیارییەکان بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی وردی و بێلایەنی، سادەیی، ڕاستی و دروستی.[٣]

[١] حەبیب کەرکوکی، پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، وەرگێڕان| ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٢٥.
[٢] نهلة أبو رشيد، كتابة وتحرير الاخبار، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٢٠٩.
[3] Shuttleworth, Mark et Cowie, Dictionary of Translation Studies. Manchester: Jerome , Moira (1997), P: 78-79.

## ٢.٥. ٣ چەمک و پێناسەی هەواڵ و هەواڵی تەلەفزیۆن:

## ٢.٥. ٣. ١ چەمک و پێناسەی هەواڵ:

هەواڵ؛ یەکێکە لە ژانرە کۆنە ڕۆژنامەنووسییەکان و شێوەی گەیاندنی ڕووداوەکان لە ئەستۆ دەگرێت، کە لەناوەوە یان دەرەوەی وڵات ئەمڕۆ یان دوێنێ ڕوویدابێ یان ئاشکرا بووبێ. لەبەر ئەوەی هەواڵ هەر تەنها ئەو ڕووداوە نییە کەلە کاتی دارشتنیدا وەڵامی پرێنسیپەکانی چۆنێتی دارشتنی هەواڵ بداتەوە، بەڵکو هەندێکجار ئاساییە هەواڵ لەشێوەی گوتار یاخود سەرنجی نووسەری تێدا بەدیبکرێت و بنووسرێت.[١]

گرنگترین مەبەست لە هەواڵ، گەیاندنی ڕووداوێکی ڕاستە (بەجۆێک ڕووی دابێت یاخود لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبدات)، بەزمانێکی سادەی ڕوون و ئاسان بەیارمەتی ئامرازە جیاوازەکانی (بینرا و بیسترا و خوێندراو و ئینتەرنێت) پەخش و بڵاودەکرێتەوە[٢]، چونکە ئەم ژانرە بڕبڕەی کاری ڕۆژنامەگەرییە و شادەمار و بناغەی ژانرەکانی دیکەیە، کەواتە هەواڵ گەیاندنی ڕووداوێکە بە خوێنەران، بیسەران، بینەران و گۆهداران کە بێ وویستی ڕۆژنامەنووس خۆبەخۆ ڕوودەدات[٣].هەموو نەزانراواکان دەکاتە زانراو.[٤]

ڕۆژانە و بەبەردەوامی ئێمە بەرکەوتنمان بۆ هەواڵەکان دەبێت و زۆر بەسادەییەوە پێشوازیان لێدەکەین و بە بێ بەهایانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، پاشان بە بێبایەخانە لەقەڵەمی دەدەین، بێئاگا لەوەی کە هەواڵ بەسەرجەم جۆرەکانیەوە بەشێکی سەرەکی و گرنگی ژیان پێکدەهێنن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نەبڕاوەی بە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خەڵکەوە هەیە، چونکە ئەم ژانرە ڕۆژنامەوانییە وەک پێویستیەکی بەردەوامبوونی ژیان سەریهەڵداوە و کاریگەری ژینگەی مرۆڤایەتی بە ناوەڕۆکی پەیامە هەواڵییەکانەوە زۆر بەسانایی دیارە و هەستی پێدەکرێت.

چەمکی هەواڵ؛ لە بەرامبەر (الخبر) عەرەبی [٥]، (NEWS)* ئینگلیزی وەرگیراوە[٦] بە ئامانجی نیشاندان و پەخشکردن و خستنەڕووی بابەتە نوێیەکان، بەواتای زانیاری دێت لە زاری کرمانجی خواروو جگە لە واتای هەواڵ مانای دەنگوباس دەگەیەنێت بەڵام لە زاری کرمانجی ژوورووو بە نوچە ناودەبرێت[٧].

---

[١] نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا ١٩٤٩ – ١٩٩١، چاپخانەی تیشک، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی،٢٠٠٨، ل٤٩.

[٢] سەپان، ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٨٧.

[٣] مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ – ١٥٠٠، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل١٧.

[٤] محمود منضور هيبه، محاضرات في مدخل الي الإذاعة (راديو – تلفزيون)، القاهرة،٢٠٠٣، ص١٢٠.

[٥] جوان بەهادین، هەواڵی تەلەفزیۆنی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١.

[٦] فریبا سەیاد، عەلی ئەگبەر فەرهەنگی، نەریتی ڕۆژنامەوانی، وەرگێڕان| کارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٥.

[٧] چۆلی ئەسعەد، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٩٦-٩٧.

*NEWS: مەبەست لەم دەستەواژە میدیایە ئەوەیە کە هەر پیتێک نوێنەرایەتی یەکێک لە ئاڕاستەکان دەکات لەکاتی گواستنەوە و ڕوومالکردنی ڕووداوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی لەوانە ( باکور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشور).

لە ڕوانگەی زانایانی بواری ماس کۆمیونیکەیشن و شارەزایان و پسپۆڕان و دامەزراوەکانی بواری میدیا چەندین پێناسە و تێڕوانینی جیاوازیان بۆ خودی هەواڵ کردووە هەریەکەیان بەشێوازێک باسی لێوەدەکەن، وەک:-

**لیژنەی ڕاوێژکاری تایبەت لە ڕادیۆی بەریتانیا (BBC) لە پێناسەی هەواڵدا دەڵێت:** بریتییە لە زانیاری نوێ، کە بە ووردی و ئەمانەتەوە ڕووداوە هەنووکەییەکان دەگوازێتەوە، جا ئەو ڕووداوانە هەر جۆرێک و لەهەر شوێنێکی جیهاندا بن[1].

**(فەرهەنگی پەیوەندی - Dictionnaire de la communication):** هەواڵ بە ماددەی سەرەتایی ڕۆژنامەگەری پێناسە دەکات.[2]

بەپێی بیروڕای **(پرۆفیسۆر چارلس گۆتیس - Prof. Charles Coates)** هەواڵ شتێکە کە جێی سەرنجی خوێنەر و بینەر و ڕیپۆرتەر و هەواڵساز و پرۆدیوسەر و هاوسێکانە. دەکرێت بووترێت هەواڵ ئەو شتەیە کە کاریگەری دەکاتە سەر بژێوی و ژیانی وەرگر.[3]

**(محسن حسین) یەکێکە لە شارەزایانی ڕاگەیاندن و عێراق، پێناسەی هەواڵ دەکات بە:** خاڵی دەسپێکی ڕۆژنامەنووس و هونەری ڕۆژنامەوانییە و سەرەتایەکە بۆ تامکردنی هونەری پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی پراکتیکی لە چوارچێوەی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی وەک (لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، گوتار).[4]

**(عبدالستار جواد) لە پێناسەیەکی تایبەتدا بۆ هەواڵ دەڵێت:** ئەو ڕووداو و بابەتانەن کە هیچ زانیارییەکی پێشوەختی لەسەر نییە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی و گشتی.[5]

## ٢.٥.٣.٢ پێناسەی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

تێڕوانی هەندێک لە شارەزانی بواری میدیا بۆ هەواڵی تەلەڤزیۆن بەم شێوەیە:-

**(ولیام سمول - William Small) جێگری سەرۆکی ئێزگەی"CBS" دەربارەی نووسین بۆ تەلەڤزیۆن یاخود دەربارەی ناساندنی هەواڵ دەڵێت:** پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسی تەلەڤزیۆن لەکاتی نووسیندا هەوڵبدات زۆر بە ووردی بابەتەکە ئامادەبکات، پێویستە وشەکان یاوەری وێنەکان بن بە شێوەیەکی هاڕمۆنی ئەم گونجاندنە لەلای وەرگر هەستی پێبکرێت، بەهۆی ئەوەی لە تەلەڤزیۆندا تێکست بۆ وێنە دەنووسرێت.[6]

**دەربارەی هەواڵ (فانک -Funk) ئامۆژگارییەک ئاڕاستەی هەواڵنووسانی ڕادیۆ (ئێزگە) و تەلەڤزیۆن دەکات و دەڵێت:** لەکاتی نووسین و ئامادەکردنی هەواڵدا گەر پێویست بە وشەیەک نەبوو ئەوا پێویستە لاببرێت، گەر ڕستەیەک لەبەیەکەوە گرێدانی زانیارییەکان نەبووە هۆی زیادکردنی زانیاری وادەخوازرێت

---

[1] ئازاد ڕەمەزان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[2] Jean Paul Truxillo , Philip Corso: Dictionnaire de la communication, paris: Ed. Armand Colin, 1991, P:320.

[3] Christine I. Ofulue, Josef Bel-Molokwu, Chidinma H.Onwubere, NEWS WRITING AND REPORTING, Published By: Ntional Open University of Nigeria, 2012, P:3

[4] فاضل محمد حسني البدراني، أسس التحرير الصحفي والتلفزيوني والالكتروني، دار البداية ناشرون وموزعون، عمان، الأردن، ٢٠١٤، ص١٧.

[5] عبدالستار جواد، صناعة الاخبار، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٠، ص٦٢.

[6] عامر إبراهيم العمرو، تقيم الصحفيين الأردنيين لمهنة الاخبار في التلفزيون الأردني، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة البترا - الاردن، كلية: الاعلام، ٢٠١٥) ، ص٥٤.

لابیرێت، ڕێسای بنەڕەتی نووسین لە هەواڵ لای فانک بریتی دەبێت لە ( کورتبڕی و هەڵبژاردە و ڕەچاوکردنی حەز و پێخۆشبوونی جەماوەر و سروشتەکەیان ڕوون دەکاتەوە)[١]، واتە لەسەردەمی بێ سنوری ئینتەرنێتدا پێویستە پەیام و هەواڵەکان بەو جۆرە بن کە وەرگر دەیخوازێت و داوای دەکات.[٢]

دەکرێت هەواڵ بە ڕەگەزی یەکەم پێناسە بکرێت لە گەشتی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنیدا، چونکە هەواڵ تۆمارکراوە یان لە شوێنی ڕووداوەکەدا تۆماردەکرێت و پشت بە وێنەی جوڵاو و دەنگ دەبەستێت بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەمە وادەکات پشت بە زیاتر لە هەستەوەرێک ببەستێت و توانای سەرنج ڕاکێشان و کاریگەری زیاتر دەکات لای وەرگر، واله بینەر دەکات بگات بەو سەردەمەی ئێستای کە تێیدا دەژی و پێی دەووترێ (سەردەمی وێنە).[٣]

لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی سەرەوە توێژەر ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە هەواڵ بەردەوام لە گۆڕاندایە و ناکرێت لە چوارچێوەیەکدا لە قاڵب بدرێت و بکرێتە ناسنامەیەک بۆ هەواڵ، هەروەک چۆن (جۆن هۆنبرگ – John Honberg) دەڵێت: ناکرێت هەواڵ لە پێناسەیەکی دیاریکراودا سنووردار بکرێت، بۆیە دەشێت بڵێین هێندەی ژمارەی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا میدیاییەکان پێناسە بۆ هەواڵ هەیە بگرە زیاتر.[٤]

لێرەوە توێژەر لە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشدا و لەبەر مەبنای ئەو پێناسانەی ئاماژەی پێکردووە گەشتوتە ئەوەی:-

- وێنە: زیاتر پشت بە هەستی بینین دەبەستێ و کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە لەلای بینەر و زیندوویەتی بە هەواڵ دەبەخشێت بەهۆی ئەو جوڵە و ڕەنگانەی لە وێنەکەدا بوونیان هەیە، ئەمە وادەکات سەرنجی زۆرترین بینەر ڕابکێشێت و درک بە ڕاستی و دروستی ڕووداوەکانی هەواڵەکە بکەن.
- ڕاستەوخۆیی هەواڵ: کاتێک تەلەڤزیۆن لە مەیدانی ڕوودانی ڕووداوەکە هەواڵەکە بە ڕاستەوخۆیی دەگوازێتەوە ڕاستی ڕووداوەکان بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات، کار لە گەرمی و کاریگەری هەواڵەکە دەکات.
- جەماوەر: جەماوەری تەلەڤزیۆن جەماوەرێکی هەمەچەشن و بەربڵاون چونکە پەیامە هەواڵییەکان لەیەک کاتدا زانیارییەکان بە هەموو جیهاندا پەخش دەکات بەبێ جیاوازی و بوونی سانسۆر ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە بوون و پشت بەستی تەلەڤزیۆن بە وێنە و دەنگ و ڕەنگ هۆکارێکی تری کاریگەری ئەم ئامرازەیە کە توانیویەتی جەماوەرێکی فراوان لە خۆی کۆبکاتەوە سەرەڕای بوونی میدیای نوێ.

---

[١] عەبدولقادر صاڵح، هەواڵی ڕۆژنامەنووسیی، چاپخانەی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٧٩.
[٢] بیڵ کۆڤاچ، تۆم ڕۆزێنستیڵ، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی (ئەو شتەی دەبێ هەواڵگران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات)، وەرگێڕان| لەیلا حەمید، واتە (کۆوارێکی ڕۆشنبیری گشتییە، دەزگای شەفەق – کەرکوک و دەزگای ئاراس – هەولێر دەریدەکات)، ژمارە٢٤ ئەیلوول ٢٠١٢، ل٣٤٣.
[٣] فارس حسن شكر المهداوي، اخبار العراق في الفضائيات العربية، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (كلية: الاداب والتربية الاكاديمية المفتوحة في الدانيمارك، قسم: الاعلام والاتصال، ٢٠٠٩)، ص٣٧.
[٤] هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان (لە ژیان و ژین)دا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦١.

## ٦.٢ تایبەتمەندی و بەهاکانی هەواڵی تەلەڤزتۆن:

### ٦.٢ .١ تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەواڵی تەلەڤزیۆن هەیەتی، بینەران ناچار دەکەن ڕووداوەکان ببینن، لێرەدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییەک دەکەین لەوانە:- [١]

١. کورتبێژی: بریتییە لە نووسین بەکورتی، مەبەست لە لابردنی زانیاری ناو هەواڵەکە نییە، چونکە هەواڵ لە تەلەڤزیۆن بەکورتی و سادەیی دەناسرێت، لەم بارەیەوە (یونس شوکرخاە) پێیوایە: پێویستە هەواڵ بەکورتی بنووسرێت، تەنانەت ئەگەر پێویستیان بە هەواڵی درێژ بێ [٢]، لەبەر ئەوەی لە تەلەڤزیۆندا وێنە هەیە و ئەمە وادەکات کە تێکستی هەواڵ کورت بێت و هاوشانی یەکتربن.

٢. هاوئاهەنگی (گونجانی) وێنە و دەنگ: یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆنی پشت بەستنیەتی بە هەردوو ڕەگەزی وێنە و دەنگ، مەبەست لە وێنە: سەرجەم ئەو وێنانە دەگرێتەوە کەلە ڕێگەی شاشەیەکەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت وەک (وێنەی جوڵاو، وێنەی وەستاو، وێنەی گرافیک). دەنگ وەک (دەنگی سروشتی، دەنگی موزیک یان دەنگی بێژەر و پەیامنێر)، کاریگەریی تایبەتی لەسەر کەسەکان هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر هەواڵنێران و سازێنەرانی هەواڵ کاتێک بۆ تەلەڤزیۆن دەنووسن، وادەخوازێت پێش نووسین وێنەی هەواڵەکە ببینن، بۆ ئەوەی دڵنیای ئەوەبن، کە تێکستەکە هاوئاهەنگی وێنەکەیە.

٣. سادەیی و ڕوونی: بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن دادەنرێت، لەبنەڕەتدا بۆ قسەکردن دەنووسرێت، هونەرێکە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە سادەیی دەبەستێت[٣]، زمانی نووسینی هەواڵ، تا دەکرێت دەبێ سادەبێت چونکە بۆ هەموو تەمەن و ئاستە جیاوازەکان دەنووسرێت.

٤. بەکارهێنانی میتافۆر: پێویستە نووسەرانی تەلەڤزیۆن هەوڵ بدەن بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەیامە هەواڵییەکان ئامادە بکەن بەمەرجێک لە چواچێوەی ئیتیک و یاسا ڕۆژنامەوانییەکان دەرنەچن، بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری و بەبەکارهێنانی میتافۆر (خوازە)، دەربارەی چەمکی ئەم دەستەواژەیە (بەکر عومەر عەلی) دەڵێت: ئەو وشە و دەربڕینانەن، بەواتای فەرهەنگییان بەکارناهێنرێن و دەبنە ئاماژە بۆ واتا و مەبەستی خوازراو، بە یاریکردن و سڕینەوە و بەر ڕووناکی دانی سیما واتاکانیان.[٤]

٥. بەدوایەکدا هاتنی چیرۆکە هەواڵ: کات ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەگێرێت لە گەیاندن و ئاڕاستەکردنی پەیامە هەواڵییەکان چونکە وەرگر بەردەوام لە گەڕانە و وێڵە بەدوای زانیاری نوێ و تازە، پێویستە لە نووسنی هەواڵدا بەش و پێکهاتەکانی هەواڵ بەدوای یەکدابێن و یەکتری تەواو بکەن، ئەو کات توانای قەناعەتپێکردنی بینەر زیاتر دەبێت.

---

[١] فارس حسن شكر المهداوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.
[٢] یونس شكر خاە، هەواڵنووسیی مۆدێرن، وەرگێڕان| ڕەحیم سورخی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٩.
[٣] عبدالستار جواد، اللغة الإعلامية، دار الهلال للترجمة، اربد، الاردن، ٢٠٠١، ص٢٢٢.
[٤] شیلان عمر حسین، ئیدیۆم – چەشن و پێکهاتەکانی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧٠.

### ٢.٦.٢ بەهاکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

زۆرێک لەو کتێبانەی کەلە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەخوێندرێن ئاماژە بەوە دەکەن کە بنەما و بەهاکانی هەواڵ جیاوازن چونکە بەهای هەواڵ: بریتییەلە کۆمەڵە پێوەرێک کە هەواڵەکان لەژێر سایەیدا بۆ هەواڵی گرنگ و کەمتر گرنگ پۆلێن دەکرێن بە جۆرێک کاتێک کە هەواڵێک شایەنی باسکردن بێ لە ناونیشان و گەشتی هەواڵەکان ئاماژەی پێدەکرێت.[١]

لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو بەهایانە دەکرێت کە پێویستە لە هەواڵی تەلەڤزیۆندا هەبێت لەوانە:-

١. ناوبانگ: یەکێکە لە بەهاکانی هەواڵ، هەر (شوێنێک، کەسێک،...هتد) کە دیار و ناوبانگی هەبێت دەبێتە بنەما و دەکرێتە بناغەیەک بۆ بوون بە هەواڵ. بۆ نموونە: کاتێک کە باسی بورجی ئیڤڵ دەکرێت لەبەر ناسراوی و گرنگی شوێنەکە ئاساییترین بابەت دەربارەی ئەم شوێنە دەبێتە هەواڵ[٢]، ووتەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت " ناو و ناوبانگ هەواڵ دروست دەکات".[٣]
٢. نوێیی: مەبەست و بە واتای گەرما و گەرمی و تازەیی هەواڵ دێت، لەبەر ئەوەی هەواڵ لە کاڵایەک دەچێت زوو بەسەر دەچێت و باوی نامێنێت[٤]، بەهۆی ئەوەی هیچ وەرگرێک ئامادە نییە گوێ لە هەواڵێکی کۆن یاخود دووبارە بگرێت، لەم بارەیەوە ووتەیەکی باوهەیە دەڵێت" هەواڵی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ هەواڵ نییە"[٥]. کەواتە پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووس و دەزگا میدیاییە جۆراو جۆرەکان ئاگاداری هەواڵ بن لەڕووی ئەم بنەمایە لەکاتی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییە هەواڵییەکان.
٣. نزیکی: لێرەدا نزیکی شوێنی جوگرافی و سۆزداری و دەروونی دەگرێتەوە، کاتێک ڕووداوەکە نزیکە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو جەماوەرەوە هەیە کە هەواڵ و زانیارییەکانی بۆ ئاڕاستە دەکرێت، بۆ نموونە: کاتێک کە ڕووداوێک ڕوودەدات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کەناڵە میدیاییە کوردییەکان زیاتر گرنگە بە بەراوورد بە ڕووداوێک کەلە ئەمریکا ڕوودەدات.
٤. قەبارە – پانتایی: ڕووداو کاتێک بایەخی هەیە کەلەسەر ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵ کاردانەوەی هەبێت و هەڵگری بەرژەوەندی یان زیانی ماددی و مەعنەوی دەستەیەک لە تاکەکانی کۆمەڵ بێت. بۆ نموونە: کاتێک دەوترێت گۆمی ئاوی خواردنەوە لە هەولێر تەنها بەشی دوو مانگی دیکە دەکات ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم زانیارییانە لەڕووی قەبارە و ژمارەی دانیشتوان پەیوەندی بە دانیشتوانی هەولێر هەیە و ڕۆڵی لە دروست بوونی هەواڵدا دەبێت.[٦]
٥. سەرنج ڕاکێشی: لەکاتی گەڕان بەدوای هەواڵدا جگە لە نوێ بوون پێویستە مەسەلەی سەرنج ڕاکێشی لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆژانە سەدەها هەواڵ بگرە زیاتر دەتوانن بەردەست بخەن لە ڕێگەی سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بێگومان ئەم کارە بە کردەوە ئاسان نییە،

---

[١] عمر جواد عبدالجبار العلي، القيم الإخبارية في اخبار فضائية الشرقية العراقية – دراسة تحليلية لنشرة (حصاد الاخبار) للمدة من ١ كانون الأول| ديسمبر ٢٠١٠- ٢٨ كانون الثاني| يناير ٢٠١١، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة الشرق الأوسط، كلية: الاعلام، ٢٠١١)، ص١٠.

[٢] صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران، هەواڵنووسین، وەرگێڕان| بەهادین محەمەد (مەلا بەهادین)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٨.

[٣] احمد ضياءالدين محمد، التخطية الإخبارية للشؤن العراقية في قناة دبي الفضائية، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة بغداد، كلية: الاعلام، قسم: الصحافة الاذاعية والتلفزيونية، ٢٠٠٧)، ص٤٨.

[٤] إسماعيل إبراهيم، فن التحرير الصحفي، دار الفجر للنشر والتوزيع، مصر، ١٩٩٨، ص١٤.

[٥] عبدالستار جواد، فن الكتابة الاخبار، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠١، ص٤٧.

[٦] ---------، هەواڵ – ڕاپۆرت و وتووێژ، وەرگێڕان| مەنسور سدقی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٣٢–٣٣.

هەربۆیە ژمارەیەکی کەم هەواڵ لەرێکەی کەناڵەکان بڵاودەکرێتەوە بەجۆرێک دەبێت لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژی کەناڵ و ئەو ژینگەیەدا بگونجێت کە هەواڵەکەی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، چونکە مەرج نییە هەموو هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان لەلای وەرگران و خوێنەرانی پەیامە میدیاییەکان جێگەی بایەخ بێت، دەتوانین بڵێین هەواڵی سەرنج ڕاکێش: ئەو هەواڵەیە کەلەپاڵ نوێبوونیدا دەبێت سەرنجی خەڵک بۆلای خۆی ڕابکێشێت، بە مەرجێک لەگەڵ داب و نەریت و ئایندا بگونجێت.

٦. ململانێ: هەر ململانێیەکی نێوان جەماوەر یان گرووپێکی دیاریکراو یان لەنێوان وولاتاندا یان جەنگ و پێکدادانەکان و ناکۆکییە گەرمەکان، بەشێوەیەکی ئاسایی جێی بایەخی جەماوەرن. هەر لەبەر ئەمەیە ڕۆژانە ئامرازە جیاوازەکان بەسەرجەم جۆرەکانی (بینراو بیسترا و خوێندراو پاشان مەڵتی میدیا) هەواڵی جۆراوجۆری لەم شێوازە بڵاودەکرێتەوە.(١)

٧. گرنگی: کاتێک هەواڵێک دەبێتە جێی سەرنج و بایەخی جەماوەر گرنگییەکەی زیاد دەکات، گرنگی هەواڵ بەشێوەیەکی ئەرێنی دەبێت کاتێک چارەسەرێک بۆ کێشەکانی خەڵک دەدۆزێتەوە وەک (ڕووبەڕووبونەوەی هەژاری، دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەندێک نەخۆشی)، نەرێنی دەبێت کاتێک هەواڵەکە باس لە ڕووداو و کارەساتێکی سروشتی دەکات وەک (ئەو زەمینلەرزەی دووچاری ئێران و جەزائیر بوو یان گەردەلوولی تسونامی لە باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا).(٢)

٨. بایەخپێدانی مرۆیی: ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە ڕەهەندێکی خۆشئامێزی هەیە و خەڵکی حەز بە زانینی دەکەن، چونکە ئەم جۆرە هەواڵانە دەبنە زاخاو بۆ مێشک. بۆ نموونە: کەسێکی تەمەن شەست ساڵ کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ کۆلێژ یان کاتێک نابینایەک بەسەر شاخی ئەڤرێستدا سەردەکەوێت، لە ڕاستیدا ئەم شتانە گرنگ نین کە خەڵکی لێ ئاگاداربکرێتەوە بەڵکو تەنها بۆ سوککردنی ئەو قورساییەیە کە وەرگر لە ڕێگەی هەواڵە سیاسییەکانەوە دەکەوێتە سەری(٣). هەر بۆیە پێویستە لەسەر پەیامنێران و ڕۆژنامەنووسە لاوەکان دەبێت فێری چۆنێتی جیاکردنەوەی تواناکانی بایەخی مرۆیی بن لە چیرۆکە هەواڵییەکاندا.(٤)

٩. کات: هەندێک هەواڵ هەیە تەنها لەکاتێکی دیاریکراودا بایەخی هەیە پاش تێپەڕبوونی کات ئەو بەهایەی نامێنێت(٥)، وەک: هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە بەکارهێنانی دەمامک بە مەبەستی خۆپارێزی دژی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڵام لەگەڵ تەواو بوون و نەمانی ئەم نەخۆشییە هیچ بایەخێکی نامێنێت.

١٠. سێکس: ژیانی سێکسی و هەموو ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن پێوەی، بە ڕەگەز و بەهایەکی تازەی هەواڵی دادەنرێت، ئەمە پاش ئەوەدێت کە ڕۆژنامەنووسان درکیان بە گرنگی پێدانی وەرگر کرد بۆ

---

[١] کاروان عەلی، هونەری ڕۆژنامەنووسی (هەواڵ – ڕیپۆرتاژ – گفتوگۆ – ووتار)، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٨.

[٢] نهلة أبو رشيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

[٣] فرمان عەبدولڕەحمان، ستۆری و بنەمانێودەوڵەتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٢٣.

[٤] پ.کورتیس ماکدۆگاڵ، بنەماکانی هەواڵنووسین، وەرگێڕان| هەندرێن شێرزاد سلێمان، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ نەوا، بێ ساڵی چاپ ، ل١٥٩.

[٥] حەبیب کەرکوکی، هونەری ڕۆژنامەنووسی، وەرگێڕان| سەمیرە ئەحمەد، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل١٢.

بابەتەکە، بەجۆرێک ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە هەواڵی سێکسیان بڵاودەکردەوە فرۆشیان زیادی دەکرد و تا وای لێهات ئەم بنەمایە لە ئامرازەکانی دیکەی وەک تەلەڤزیۆن گرنگی پێدرا.[١]

## ٧.٢ ڕەگەزەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

بریتییە لە چەند خەسڵەتێک کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە هەواڵی پێبناسرێتەوە، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی هەر پێنج پرسیارەکە (5W,S) یاخود هەندێکیان، بەڵام لە ئێستادا جگە لەم پرسیارانە داوای وەڵامدانەوە پرسیارێکی دیکە دەکرێت لە ڕۆژنامەنووسان لەکاتی نووسین و ئامادەکردنی هەواڵ، وەک وەڵامدانەوەی پرسیاری (HOW) واتە چۆن؟ ئەم بنەمایە ناو دەبرێت بە (H+5W,S)[٢] و ئێسکە پەیکەری هەواڵ دەسازێنن.

دەبێت زانیارییەکان وەڵامدەری هەموو پرسیارەکان یان هەندێکیان بن، پرسیارەکان وەک:-

١. کێ (Who): ئەو کەسانە کێن کە بەشدارن لە هەواڵەکەدا؟ ئەم ڕەگەزە پەیوەندی بە خودی بکەر یان بەشداربووی زانیارییە هەواڵییەکانەوە هەیە.
٢. چی (What): ڕۆژنامەنووس بەدوای وەڵامی ئەوەدا دەگەڕێت کە چی ڕوویداوە؟.[٣]
٣. لەکوێ (Where): ڕووداوەکە لەکوێ ڕوویداوە؟ لێرەدا مەبەست و ئاماژەدانە بەو شوێنەی کە ڕووداوەکە لێی ڕوویداوە یاخود پەیوەندی پێوەی هەیە.[٤]
٤. کەی (When): کەی ڕوویداوە؟ لەچ کاتێک ڕووداوەکە ڕوویداوە لە ڕووی ڕۆژ و مانگ و ساڵ؟.[٥]
٥. بۆچی (Why): لە باسکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکە وەڵامی هەریەک لە پرسیارەکانی، ئەمە بۆچی ڕوویدا؟ ئایا کێشەکە تەنیا پرسێکە یان بەشێکە لە پرسێکی گشتی؟ بۆچی خەڵک بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن؟ چی پاڵیان پێوەدەنێت؟ بۆچی ئەم چیرۆکە هەواڵە گرنگە؟ دەدرێتەوە، بە ئاڵۆزترین پرسیار دادەنرێت کە پێویستە لە هەواڵدا وەڵام بدرێتەوە.[٦]
٦. چۆن (How): ئەم ڕووداوە چۆن ڕوویدا؟ چۆن دۆخەکە بەهۆی ڕووداوەکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ هەواڵەکە چۆن یارمەتی وەرگر و کۆمەڵ دەدات؟ چۆن ئەم زانیارییانەم دەست کەوت؟.[٧]

---

[١] عەبدولقادر صالح، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١.
[٢] محەمەد ئەلدروبی، ڕۆژنامەگەری ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، وەرگێڕان| سۆزان جەمال، لوقمان غەفور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ ، ل١٤١.
[3] Mohmad Altarabin, On Translating Arabic and English Media Texts Acosebook for undergraduates: Cambridge Scholars Publishing, 2020, Lady Sephenson Liberary, Newcastle upontyne, NE62PA, UK, And P: 11.
[٤] شێرکۆ حەمەئەمین قادر، شیکارکردنێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٤.
[٥] ضحي حسن، الصحافة والكتابة الإبداعية (دليل المواطن الصحفي في مناطق النزاعات)، مؤسسة فريدريش إيبرت، بيروت، لبنان، ٢٠١٦، ص٢٠.
[٦] جوان بەهادین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.
[٧] دیبۆرا پۆتەر، ڕێنوێنی ڕۆژنامەوانی بێلایەن، وەرگێڕان| عەبدولڕەزاق عەلی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٧-٢٨.

## ٨.٢ خەسڵەتەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

دیاریکردنی خەسڵەتە سەرەکییەکانی هەواڵ، دەکرێت پێوەر یا مەرجەکانی ئیتیک و پیشەیی بوون بن، و پێویستە لەسەر کەناڵ و میدیاکار پێوەی پابەندبن و بکرێتە ئەجێندای کاری میدیایی، چونکە هەواڵ: بەسەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دەژمێردرێت و کار لە هەڵوێستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هزری و ڕۆشنبیری، دەسەڵات و سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە و هۆشیاری بە هەموو چەشنەکانییەوە دەکات و ئەم ژانرە فراوانتر و قوڵتر دەبێت. بەهۆی ئەوەی هەواڵ گوزارشتێکە لە ڕاستییەکان و مەرج نییە هەموو ئەو ڕاستییانە هەواڵ بن[١]. بۆیە دەکرێت ئاماژە بە هەندێک لەو خەسڵەتانە بکرێت کە پێویست دەکات لە هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا گرنگی پێبدرێت و خۆیدەبینێتەوە لە:- [٢]

١. ووردیی: واتە گواستنەوەی زانیارییەکانە بە ئەمانەتەوە و ئاشکراکردنی هەموو ووردەکارییەکان، بەبێ لابردن و زیادکردنی زانیارییەکان، بەجۆرێک لە هەردووباردا نابێت کار لەسەر زانیاری و ناوەڕۆکی هەواڵەکە بکات.
٢. ڕاستی و دروستی: پێویستە لەکاتی داڕشتن کارلەسەر ڕاستییەکی دروست، دروست نەکراو، یاخود هەڵبەستراو بکرێت.
٣. بابەتیبوون: یەکێکی دیکەیە لە خەسڵەتە گرنگەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن، واتە دیارنەبوونی هەستی تایبەتی هەواڵساز، یان دەزگاکە لەکاتی داڕشتندا یاخود هەڵبژاردن و دیاریکردنی وێنە و ڤیدیۆ لەکاتی پەخش و بڵاوکردنەوەی بابەتەکە، یان دەکرێت جۆری کەسایەتییەکان پێداگری لەسەر ووردەکاری و جیاکردنەوە و بابەتیبوونی هەواڵەکە بکەن.
٤. هاوسەنگی: ئەم دەستەواژەیە بە واتای گەڕان بەشوێن دیدوبۆچوونە جیاوازەکان، بێ لایەنی بۆچوونێک و بەلادانی لایەنێکی دیکە یان شاردنەوەی هەڵوێستی لایەنێکی سیاسی و کاریگەر لەسەر ڕووداوەکە دەگەیەنێت. بەڵام هێنانەدی ئەم خەسڵەتە تاڕادەیەکی زۆر کارێکی ئەستەمە چونکە سەرجەم دەزگا میدیاییەکان خاوەنی سیاسەت و ستراتیژی تایبەت بە خۆیانن، لەبەر ئەم هۆکارە بەرجەستەکردنی ئەم خەسڵەتە کارێکی قورس و گرانە.

---

[١] ئاریانا ئیبراهیم محەمەد، کاریگەری شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر– توێژینەوەیەکی ڕووپێوی شیکارییە: هەواڵەکانی ڕووداونێت بە نموونە، گۆڤاری توێژەران، بەرگی٣، ژمارە٢، بەهاری٢٠٢٠، ل٦١.
[٢] چۆلی ئەسعەد، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥–١٠٦.

## ٩.٢ ئەركەكانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

ئەركی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا هەمان ئەركی ئامرازەكانی دیكەی دەبێت، بەڵام ئەوەی هەواڵی تەلەڤزیۆن لەوانی دیكەی جیادەكاتەوە بوونی وێنەی زیندووی ڕووداوەكانە و هاوشانی دەنگ و تێكستە هەواڵییەكەیە، هەر ئەمە وایكردووە كە هەواڵی تەلەڤزیۆن گرنگی و كاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر وەرگر. گرنگتیری ئەو ئەركانە كە هەواڵی تەلەڤزیۆن پێی هەڵدەستێ بریتی دەبن لە:- [١]

١. تەلەڤزیۆن زمان حاڵ و ڕۆڵی ووتەبێژی حكومی و ئەو لایەن و حزب و دەستە و گرووپانە دەبینێت كە خاوەنداری دەكەن لەڕووی مادی و مەعنەوی.
٢. ئەركی تەلەڤزیۆن گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە بەشێوەی لایەندار و بێ لایەنی، خەڵك لە ڕووداوە گرنگ و بایەخەكان ئاگادار دەكاتەوە.
٣. تەلەڤزیۆن ڕەخنە و لێدوانی سەربەخۆ لەسەر ڕووداوەكان بڵاودەكاتەوە، بەشدار دەبێت لە بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك.
٤. لە ڕێگەی پەخشكردنی هەواڵ و زانیارییە جیاوازەكان تەلەڤزیۆن دەبێتە خاڵی بەیەكگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسی و گەلانی جیهان لەمەڕ بوونی ئەو هەواڵانەی كەلە ناوخۆ و جیهاندا ڕوودەدەن.

## ٢.١٠ جۆرەكانی هەواڵی تەلەڤزیۆن:

بەرلەوەی ڕۆژنامەنووس دەست بكات بە نووسینی هەواڵ پێویستە شارەزایی هەبێت لە دیاریكردنی جۆر و شێوازی دارشتنی هەواڵەكە. بۆنموونە (ئایا هەواڵێكی سیاسییە یان كۆمەڵایەتی؟ زانستی یاخود هونەرییە؟...هتد پاش دڵنیابوون لە جۆری هەواڵەكە پێویستە دەست بكات بە ئامادەكاری بە مەبەستی كۆكردنەوەی داتا و وەرگرتنی زانیارییە گرنگ و پێویستەكان و لەگەڵ شێوازی پەخشكردنی هەواڵەكان لە تەلەڤزیۆن.

دەربارەی جۆرەكانی هەواڵ چەندین پۆلێنی جیاوازیان بۆ كراوە لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانی بواری كۆمیونیكەیشن و ماس میدیا لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێكیان دەكەین و خۆی دەبینێتەوە لە:-

### یەكەم - جۆرەكانی هەواڵ بەپێی پێوەر (شوێنی) جوگرافی:

قوتابخانە نەریتییەكانی هەواڵ، لەم ڕوانگەیەوە هەواڵ بەپێی شوێنی ڕووداو بۆ دوو جۆر پۆلێندەكەن لەوانە:- [٢]

١. هەواڵی ناوخۆ| هەرێمی: سەرجەم ئەو بابەت و ڕووداوانە دەگرێتەوە كە بەهای هەواڵییان تێدایە و لە چوارچێوای ئەو سنورەدا ڕوودەدات كە ئامرازە میدیایەكە بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەكانی تێدا پەخش دەكات، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی.

---

[١] محمد معوض، بركات عبد العزيز، الخبر الاذاعي والتليفزيوني، ط٢، دار الكتاب الحديث، ٢٠٠٠، ص٢١٠.
[٢] نهلة أبو رشيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٢.

٢. هەواڵی دەرەوە| جیهانی: بریتیین لەو هەواڵانەی کەلە دەرەوەی کۆمەڵگە ڕوودەدەن، بەڵام بەهۆی گرنگی لەسەر ئاستی جیهانی دەکرێنە هەواڵ.

**دووەم - جۆرەکانی هەواڵ بەپێی جۆری بابەت (ناوەڕۆک):**

لێرەدا مەبەست لە سروشت و جۆری ئەو بابەتانەن یان ئەو ڕووداوانەن کە ڕوویانداوە، خۆی دەبینێتەوە لە:- [١]

١. هەواڵی سیاسی.
٢. هەواڵی ئابوری.
٣. هەواڵی کۆمەڵایەتی.
٤. هەواڵی ئەکادیمی و پەروەردەیی.
٥. هەواڵی ژینگەیی.
٦. هەواڵی تەندروستی.
٧. هەواڵی وەرزشی.
٨. هەواڵی کەش و هەوا.

**سێیەم - جۆرەکانی هەواڵ بە پێی کات:**

هەریەک لەم جۆرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:- [٢]

١. هەواڵی پێشبینی کراو: بریتییە لەو جۆرە هەواڵانەی کە پێشبینی ڕوودانیان دەکرێت و ڕۆژنامەنووس لە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوەکە بەئاگایە و ئامادەکاری پێشوەختی بۆ کردووە.
٢. هەواڵی پێشبینی نەکراو: ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە پێشتر پێشبینی ڕوودانی ناکرێت بە هۆی نەبوونی زانیاری و بێئاگایی لە ڕوودانی ڕووداوەکە.

**چوارەم - جۆرەکانی هەواڵ لەسەر بنەمای سەختی ناوەڕۆک:**

ئەو هەواڵانەن کە کاریگەری بەهێز لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێت و دووجۆرن وەک:-[٣]

١. هەواڵی سەخت| جدی - گەرم: کاتێک باس لە هەواڵە سەخت و جدییەکان دەکرێت یەکسەر مرۆڤ بیرلە چیرۆکێک دەکاتەوە کەلە ژیان و لە چواردەوریدا هەستی پێدەکات سەبارەت بە: ئەنجامەکانی ئەم دواییانەی هەڵبژاردن یان مایەپووچبوونی کۆمپانیا نەتەوەییەکان یاخود کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری. لێرەدا هەواڵەکان پەیوەندی بەهێز و توندیان بە لایەنی مرۆییەوە هەیە.
٢. هەواڵی نەرم: ئەو هەواڵ و بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە لایەنی سایکۆلۆژی وەرگر دەبێت و ئامانج لەم جۆرە خۆشی و کاتبەسەربردنە یان پەیوەندی بە کەسایەتییە بەناوبانگەکانەوە هەیە.

---

[١] ساقی بەرزانی، جۆرنالیزم (دەروازەیەک بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانە و ئەکادیمی)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٠٨-١٠٩.
[٢] ئاریانا ئیبراهیم، شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٢٦-٢٢٧.
[3] Isabella Glogger, M.A, Hard and Soft News – A Tofold Approximation to Key Concept in Journalism Reseaech, Unpulished Master Dissertation, University of Koblenz, Landau, School of Psychology, 2018 , P.P:1-10.

### پێنجەم - جۆرەکانی هەواڵ بە پێی شێوازی پێشکەشکردن:

چوار ڕێگای سەرەکی هەیە بۆ پێشکەش کردنی هەواڵی تەلەڤزیۆن، لەوانە:- [١]

١. شێوازی خوێندنەوە (The Reader): بە سادەترین شێوازی هەواڵی تەلەڤزیۆن دادەنرێت. لێرەدا درێژی ماوەکەی لە نێوان (١٠ بۆ ٣٠) چرکە دایە، پێشکەشکار لەبەردەم کامێرا هەواڵەکە دەخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ وێنەیەک بڕوات، ڕەنگە ئەم شێوازە بۆ هەواڵە بەپەلەکان بەکاربهێنرێت کەلەکاتی دەرنگوەختدا دەگەن و وێنەکانیان ئامادە نین، هەروەک ناوبڕێک لە نێوان دوو هەواڵی وێنەدا دادەنرێت بەمەبەستی دروست بوونی هەمەڕەنگی لە گەشتەکەدا. بەڵام هەندێکجار دەگونجێت وێنەی گرافیک یاخود وێنەی وەستاو (فۆتۆ) بەکاربهێنرێت.

٢. شێوازی پاکێجی ستۆدتۆ (Studio Package): لێرەدا ڕەگەزێکی تر بۆ هەواڵ زیاد دەکرێت، خوێندنەوەیە لەسەر تۆماری وێنە بۆ ئەوەی هەواڵ بە گوێرەی پاکێجی ستۆدیۆ دروست ببێ، دەنگێکی تۆمارکراوە لەسەر کاسێتەکە و بە دەنگێکی بەزر و بیستراو پێشکەش دەکرێت، بەجۆرێک لەسەرەتای هەواڵەکەدا بێژەر دەردەکەوێت و پێشەکییەک دەخوێنێتەوە و بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوە لە کاتێکدا کاسێتی وێنە دەڕوات تا ئەو کاتەی لاینی یەکەمی دەنگ دەردەکەوێت. هەندێکجار بێژەر لە کۆتایی هەواڵەکەدا دەردەکەوێتەوە.

٣. شێوازی هەواڵدەر – پەیامنێر (The Report Backage): بە درێژترین شێواز دادەنرێت، ڕەنگە گرێوگۆڵترین شێوازی هەواڵی تەلەڤزیۆن بێت، زۆرجار بێژەری هەواڵدەر لەسەرەتای هەواڵەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام هەواڵدەرەکە لە کۆتایی هەواڵەکەدا خۆی دەناسێنێت، کاتێک لە ڕێگەی خیتامی لەبەردەم کامێرا ڕادەوەستێت و بە چەند ڕستەیەکی گرنگ و کاریگەر لەسەر بابەتەکە کۆتایی بە ژانری ڕاپۆرتەکە دەهێنێت، پێی دەوترێت " Standu" بەڵام ئەگەر دەرکەوتنی هەواڵدەرەکە لەسەرەتای هەواڵەکەدا بوو پێی دەوترێت "Stand Open" ، ئەگەر لەکاتی ڕاپۆرتەکەدا دەربکەوێت پێی دەوترێت "Standup Bridge"، لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە پێی دەوترێت دەرکەوتنی کۆتایی " Close Standup". ئامانج لە ڕاوەستانی هەواڵدەر لەبەردەم کامێرا بۆ ئەوەیە تا وەرگر دڵنیا بێ لە گرنگی و ڕاستی زانیارییەکان بەهۆی ئامادەبوونی لە شوێنی ڕووداوەکە و بوونی زانیاری زیاتری بابەتی بە بەراوورد بە کارمەندانی دیکەی ژووری هەواڵ.

٤. شێوازی دەنگ لەسەر کاسێتی وێنەیی (Voice Over): لەم شێوازەدا دەبێت تێکست وابکات کە وێنە ڕوون بێت بەبێ ئەوەی شیکردنەوە بۆ هیچ دیمەنێکی دیاریکراو بکرێت، چونکە قسەکردن لەسەر ڤیدیۆ واتا بێژەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆدا ڕاپۆرت دەخوێنێتەوە و هاوکات بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڤیدیۆ دەڕوات، لەم کاتەدا دەکرێت دەنگی سروشتی ڤیدیۆکە نەبێت یاخود نزمتربێت لە دەنگی بێژەر، لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەکرێت هەندێکجار بێژەر لە ڕێگەی کامێرایەکی دیکەی ناو ستۆدیۆ دەربکەوێت لە ڕێگەی دوو ویندۆ کە دەرهێنەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کارەکە.

---

[١] محمد العمر، البرنامج الإخبارية في الإذاعة والتلفزيون، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص٧٨-٨٠.

## ٢.١١ سەرچاوەکانی هەواڵی تەلەفزیۆن:

لە ڕێگەی کەناڵی جۆراوجۆر زانیارییەکان دەگەنە ژووری هەواڵ (News room) و لەوێ لەلایەن دەرگاوان پرۆسەکانی ووردبینی، هەڵبژاردن و داڕشتنەوەی بۆ دەکرێت بەرلە پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، چونکە ڕۆژنامەنووسان کۆکن لەسەر ئەوەی تا ڕووداوەکان گەورە و گرنگ بن گومانی زیاتر لەسەر ڕاستی و دروستی هەواڵەکان زیاد دەکات و بەردەوام هەوڵی زیاتر دەدەن بە مەبەست و بە ئامانجی گەیشتن بە گرنگترین سەرچاوەی ڕاست و دروست، تەلەفزیۆن بەهۆی بوونی وێنەی جوڵاو خاڵی جەوهەری سەلماندنی ڕاستی و دروستی هەواڵەکانە[١]، مەبەست لە سەرچاوە: ئەو چاوگەیە کە هەواڵەکەی لێوە وەردەگیردرێت، ئاشکراکردنی لەلایەن پەیامنێران زۆرگرنگە و بنەمایەکی زێرینە بۆ پاراستنی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی و دووركەوتنەوە لە کێشە یاساییەکان. هەروەها لە مەرجە بنەڕەتییەکانی متمانەدانە بە ڕاستگۆیی و بەهێزبوونی ڕووداوەکە[٢]، پێویستە لەسەر سازێنەرانی هەواڵ و ڕۆژنامەنووسان ئاگاداری ئەوەبن کە ناکرێت و نابێت هیچ هەواڵێک بێ سەرچاوە بێ و سەرچاوەی هەواڵ وەلابنرێت.[٣]

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ گەشتێکی هەواڵ پشت دەبەستن بە دوو سەرچاوەی گرنگ و بریتین لە:-

### یەکەم - سەرچاوە خودییەکان:

سەرجەم ئەو سەرچاوانە دەگرێتەوە کە خودی کەناڵەکان خاوەن و خاوانداریێتی دەکەن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن گرنگییەکی زۆر بەم سەرچاوانە دەدەن بۆ ئەوەی هەواڵی نوێ و گرنگ پێش کەناڵەکانی دیکە بەدەستبهێنن و پەخشی بکەن، کەمی سەرچاوەی خودیی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن جا چ تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ(ئێزگە) یان ڕۆژنامە بێت لە مەترسیدارترین ئەو هۆکارانەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر پێگەی دامەزراوە میدیایی و تایبەتمەندییەکانیان، دەبێتە هۆی شکستهێنان لە گواستنەوە و خێرایی هەواڵ لەچاو دەزگاکانی دیکەدا.[٤]

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە سەرچاوە خودییەکان دەکەین کە بە بڕبڕەی سەرکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن:-

١. نێردراوی ڕۆژنامەنووسی: سەرجەم ئەو پەیامنێرانە دەگرێتەوە کەلە ناو کەناڵەکاندا وەک فەرمانبەری ئەو دەزگایە کاردەکەن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراونین هاوکاری هیچ دامەزراوەیەک یان کەناڵێکی دیکەی ڕاگەیاندن بکەن.[٥]

---

[١] عاصف حميدي، كاركردن لە تەلەفزیۆندا (کلیلی سەرکەوتن... نهێنییەکانی داهێنان)، وەرگێڕان| حەکیم عوسمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٠-٣١.

[٢] ئازاد ڕەمەزان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

[٣] صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

[٤] حسام علي الحسين العبيدي، المصادر الإخبارية للجمهور في العراق، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: بغداد، كلية: الاعلام، ٢٠٠٥)، ص٣٠.

[٥] كرم شلبي، الخبر الصحفي، دار المكتب الهلال، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص٧١-٧٢.

٢. پەیامنێری ناوخۆ: ئەوانەن کە لەناو وولاتی خاوەن کەناڵەکەدا کاردەکەن[١]، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکییان ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی پارێزگا و هەرێمەکانە و نووسینگەی سەرەکییان لە پایتەختەکاندا هەیە و لە ناوەوەی نیشتیمان کاردەکەن[٢]. هەندێکجار لەناو خودی دەزگاکەدا کارەکانیان دەبەن بەڕێوە.

٣. پەیامنێری دەرەوە: ئەو پەیامنێرانەن کە شوێنی کارکردنیان لە یەکێک لە پایتەختەکانی جیهاندا دەبێت کە بارەگای کەناڵەکەی لێیە، دەشێت جێگیربێت لەو وولاتەدا یان گەڕۆک بێت یاخود لەلایەن کەناڵەکەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەنێرێت بۆ وولاتان و هەواڵی پایتەختە گەورەکانی جیهان بۆ کەناڵەکە دابین دەکەن[٣]. دوو جۆرن:- [٤]

ا- پەیامنێری هەمیشەیی.

ب-پەیامنێری گەڕۆک.

٤. پەیامنێر(ڕۆژنامەوانی) تایبەتمەند: ئەو کەسەیە کە پەیامی ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند ئامادە دەکات بەشێوازێکی گونجاو دایدەڕێژێت و وەک پاروویەکی حازر لەڕێگەی کەناڵێکی گشتی یاخود تایبەتمەند دەیداتە وەرگر، لە بوارەکانی وەک (وەرزشی، تەندروستی، ئابوری، کەلتوری...هتد).[٥] بە پربەهاترین و دڵنیاترین سەرچاوەی هەواڵ دادەنرێت چونکە بەلەبەرچاوگرتنی بابەتەکە و پێداویستی و داخوازییەکانی وەرگر و وردەکاری زۆر، بەدوای ڕووداوەکاندا دەگەڕێت و باشترین و سەرنجڕاکێشترین هەواڵ ئامادە دەکات.[٦]

٥. سەرچاوەی تایبەت: ئەو سەرچاوانەن کە ڕۆژنامەنووس یان ئامرازە میدیاییەکان لە پەیوەندییەکی باش و پتەودان لەگەڵ ئەو سەرچاوە و کەسانەی کە زانیارییان لایە دەربارەی ڕووداوەکان، ئەمانە لە شێوەی نوێنەری ڕۆژنامەوانی، پەیامنێری ناوخۆ، پەیامنێری دەرەوەدان[٧]، لێرەدا پەیامنێر بە ئامانجی دەست کەوتنی زانیاری هەوڵی دروست کردنی ئەم پەیوەندییە بەهێزە دەدات.[٨]

٦. شایەتحاڵەکان: خەڵکانی ئاساییین بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاگاداری ڕووداوەکانن یاخود بەشدار و بینەری ڕووداوەکانن، بێگومان ئەمانە دەبنە سەرچاوە بۆ هەواڵەکان و لەلایەن پەیامنێران زانیارییان دەربارەی بابەت و ڕووداوەکان لێوەردەگیردرێت و دەبنە سەرچاوەی یەکەم و تایبەتی کەناڵ چونکە لەشوێنی ڕووداوەکان بوونیان هەبووە و نزیک بوون لێوەی.[٩]

---

[١] لوقمان محەمەد ڕەشید، هەواڵ و سەرچاوەکانی هەواڵ لە تەلەڤزیۆندا، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١٣، ل٧٢.

[٢] إسماعيل إبراهيم، فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، دار الفجر للنشر والتوزيع، مصر، ١٩٩٨، ص٣٦.

[٣] فاروق أبوزيد، فن الخبر الصحفي، ط٢، الناشر عالم الكتب، القاهرة، بدون السنة، ص ٢١٦.

[٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

[٥] کاروان عەلی قادر، ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٧ ، ل٣٠.

[٦] لوقمان محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

[٧] نهلة أبو رشيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

[٨] چۆلی ئەسعەد، تەلەڤزیۆن (هەواڵ و پڕۆگرامی هەواڵی)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

[٩] فرمان عەبدولڕەحمان، ستۆری بنەما نێودەوڵەتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

## دووەم - سەرچاوە دەرەکییەکان:

ئەو سەرچاوانەن کە سەرجەم ئامرازە میدیاییەکانی وەک (ڕۆژنامە، ڕادیۆ- ئێزگە، تەلەڤزیۆن) پشتی پێدەبەستن بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ناتوانن لە ڕێگەی سەرچاوە خودی و ناوخۆییەکان بەرجەستەی بکەن[١]، ئەم سەرچاوانە هیچ پەیوەندییەکی بە ئامرازەکانەوە نییە تەنها لە ڕێگەی ڕێکەوتنێکەوە زانیارییەکانیان پێدەدرێت بەشێوەی تێکست و وێنە.[٢] وەک :-

١. ئاژانسەکانی هەواڵ: بریتین لەو ئاژانسانەی کە هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان لە وڵاتە جیاجیاکان، لە ڕێگەی تۆڕێکی بەرفراوانی نێردراو – پەیامنێر کاردەکەن کەبە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و بڕێکی زۆر هەواڵیان دەست دەکەوێت کە دەزگاکان ناتوانن بەردەستی بخەن[٣]. وەک (ئاژانسی ڕۆیتەرز، ئەسۆشیەیتد پرێس، یونایتد پرێس، ئەنتەر ناسیۆناڵ، فرانس پرێسی ،...هتد)، دووجۆرن: - [٤]

ا- ئاژانسی نەتەوەیی: ئەو ئاژانس و دامەزراوانە لەخۆدەگرێت کە چالاکییەکانیان سنوردارە و زانیارییەکان لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا بڵاودەکەنەوە، واتە ڕووبەری چالاکییان بەزۆری سنوردارە بۆ یەک وڵات.

ب- ئاژانسی جیهانی: ئەو ئاژانسانەن کە زۆر چالاکن و سنوری کارکردنیان فراوانە و بۆ هەموو بابەتە هەواڵی و ڕۆژنامەوانییەکان پەیامنێری تایبەتیان هەیە و بابەتەکانیان لەڕێگەی ئاژانسە نیشتیمانییەکانەوە بڵاودەکەنەوە.

٢. کەناڵە ناوخۆیی و بیانییەکان: ڕادیۆ (ئێزگە) و تەلەڤزیۆنەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ هەواڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکان[٥]. بەهۆی گرنگی ئێزگە بیانییەکان وەک سەرچاوەیەکی هەواڵ هەندێک لە ئاژانسەکان و ڕۆژنامە گەورەکان بەشێکیان کردۆتەوە بە ناوی بەشی ڕادیۆیی کە پێکهاتووە لە ئامێرێکی وەرگرتنی ڕادیۆیی و ڕیکۆردێکی وورد، هەموو ئەو بابەتانەی کە ئێزگەکان لە جیهاندا پەخشی دەکەن وەردەگرن و تۆماری دەکەن.[٦]

٣. ڕۆژنامە و گۆڤار و خولە ناوخۆیی و بیانییەکان: زۆرجار تێبینی ئەوە کراوە ئامرازە ڕاگەیاندنە هەواڵییەکان ئەو هەواڵانە بڵاودەکەنەوە کە لەلای ژمارەیەکی زۆری وەرگر گرنگی پێدەدرێت، دەبێتە سەرچاوە بۆ هەندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کاتێک هەواڵەکانیان لێوە وەردەگرن، لەگەڵ زیادکردنی هەندێک زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە لە سەرچاوە تایبەتەکانەوە، وەک سەرکردە و سەرکردەی حزب و سیاسەتمەدارانی نێودەوڵەتی و کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگە،...هتد.[٧]

---

[١] محمد العمر، كتابة وتحرير الاخبار، من منشور الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠ ، ص ٨٦.
[٢] فاروق أبو زيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.
[٣] عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان، کارامەییەکانی نووسین لە ڕۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٠، ل٣٣.
[٤] ب. دینوابیه، الصحافة في العالم، ترجمة| عبد العاطي جلال ، وكالة الصحافة العربية (دار الكتب المصرية)، مصر، ٢٠١٩، ص٥٠.
[٥] كرم شلبي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.
[٦] عبدالرزاق محمد الدليمي، التحرير الصحفي (editorial)، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٢، ص ٥٥.
[٧] فاضل محمد حسني البدراني، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

٤. ئاهەنگ و سیمینار و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان: بەسەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ دادەنرێن کاتێک دەست دەبات بۆ کێشەیەکی دیاریکراو و لەلایەن دەزگا و وەزارەت یان هەرلایەنێکەوە ئەنجام دەدرێت و ژمارەیەکی دیار لە کەسایەتییەکان تێیدا بەشدارن کە خاوەن بڕیارن، لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و دیالۆکەوە ئەنجامدەدرێت و سەرچاوەی نوێ بۆ تەرازووی زانیاری ڕۆژنامەنووس زیاددەکات، هەندێکجار لە ڕێگەی پرسیاری ئامادەبوانەوە کە بەشداری لە کۆبوونەوە و ئاهەنگ و سیمینارەکاندا دەکەن دێتە ئاراوە و ڕۆژنامەنووس دەتوانێت هەڵەکە بقۆزێتەوە بۆ خۆی و ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکات[1] بەجۆرێک کە ڕەنگە بێتە هەواڵی سەرەکی دەزگا و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان.

٥. ئینتەرنێت - پێگەهەواڵییەکان: تۆڕێکی جیهانییە بە هەزاران تۆڕ و ملیۆنەها ئامێری کۆمپیوتەر بە چەندین سایز و جۆری جیاواز لە جیهاندا پێکەوە گرێدراون، بە تۆڕ ناودەبرێت[2] و دەستەبەری بەیەکگەیاندنەکان دەکەن لە نێوان تاکەکەسەکان لە دامودەزگاکان بەهەردوو دیوی نێوخویی و جیهانی، لەسەرچاوە سەرەکییەکانی هەواڵن، کەلەم دواییەدا دەرکەوتووە لە٩٣%ی پەیامنێران و ڕۆژنامەوانان لە دامەزراوە هەواڵییەکاندا پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن بۆ ئامادەکردن و گەڕان بەدوای هەواڵ و ڕاپۆرت، لە٧%ی ئەوەشی ماوە پشت بە سەرچاوەکانی دیکەی وەک ئاژانسەکان و پەیامنێران و چەندین سەرچاوەی دیکە دەبەستن.[3]

بەناوبانگترین ئەو پێگانەی کەبەکاردەهێنرێن بەمەبەستی گەڕان بەدوای هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆر وەک: " Lycos, Excite, MSN Infoseek, Netscape, Yahoo هەروەها Google" کە توانای گەڕانیان هەیە بە زمانی عەرەبی و دەیان زمانی تر.

## ٢.١٢ پێکهاتەی هەواڵی تەلەفزیۆن:

به شێوەیەکی گشتی هەواڵ لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت:-[4]

١. سەرەتا - پێشەکی - بەرهەواڵ ( استهلال، Lead).
٢. ناوەڕۆک (جسم، Body ).
٣. کۆتایی (خاتمە، Conclusion) .

## یەکەم - پێشەکی (Lead):

ئەم بەشە بە (ناواخنی سەرەکی) هەواڵ دادەنرێت یاخود پەرەگرافی یەکەمی هەواڵە و نووسینی هەواڵەکەی لێوە دەست پێدەکات، گرنگییەکی تایبەتی هەیە و هەندێک لە ڕۆژنامەنووسە پرۆفێشناڵەکانی جیهان پێی دەڵێن قولاپ، واتە ئەو قولاپەی کە پێویستە ماسی وەرگری پێبخرێتە داو. نابێت بەکەم

---

[1] مرعي مدكور، الصحافة الإخبارية، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٢، ص٨٧-٨٨.
[2] عەبدولڕەحمان عزیز، دەستەواژە نوێیەکانی میدیا و پەیوەندیکردن، وەرگێران| بەهزاد حەوێزی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٣.
[3] كارل دويتش، كتابة الاخبار والتقارير الإخبارية، ترجمة| عبدالستار جواد، دار الكتاب الجامعي، بغداد، ٢٠٠٣، ص٦٠٣.
[4] عەلی عەبدولڕەحمان، هونەری کارامەیی کارکردن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا، وەرگێران| کاروان محەمەد، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٢٦.

بخەملێندرێت لەکاتی هەواڵ دارشتندا[١]، پێویستە هەواڵنووس لەم بەشەی هەواڵدا وەڵامی پرسیارەکانی (چی، کێ، لەکوێ، کەی) بداتەوە و هەندێکجار دەکرێت پرسیار لە چۆنتی ڕوودانی ڕووداوەکە بکرێت. دەبێت هەموو ئەو زانییارییانەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە گرنگە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەست وەرگر بکەوێت، وەک دەرگایەک وەهایە دەتوانرێت لێوەی سەرنجی وەرگر بۆ پەیامەکە ڕابکێشرێت چونکە گرنگترین زانیارییەکان لەخۆ دەگرێت[٢]. لەوانە ناسنامەی کەسەکان، شوێنە پەیوەندیدارەکان بە هەواڵەکە[٣] و ڕۆژنامەنووس لێرەدا هانی وەرگر دەدات تا کۆتایی بابەتەکە بەردەوام بێت.[٤]

(سامی شریف - ایمن منصور) لە کتێبی (اللغة الاعلام)دا ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن پێوستە لەکاتی نووسینی پێشەکی هەواڵدا ڕەچاوی (فۆکەس، کورتی و زیندوویی) بکرێت:- [٥]

- فۆکەس: واتە پێویستە پێشەکی کورت و پوخت بێ و وەڵامی یەکێک لە دوو پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە.
- کورتی: واتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەمترین وشە گرنگترین ڕووداو و زانیارییەکان بە بینەران و بیسەران دەگوترێت.
- زیندوویی: لەبەر ئەوەی پێشەکی بە کلیل و خاڵی دەستپێک و سەرەتایی هەواڵ دادەنرێت و یەکەم هۆکاری سەرنجڕاکێشی ووریاکردنەوەی بینەرە، گرنگە بە شێوازێکی جوان زیندوو دابڕێژرێت.

### دووەم - ناوەڕۆک (Body):

بەشێکی گرنگ و سەرەکی هەواڵە و "جەستەی هەواڵ"ی پێدەگووترێت، بە گرنگترین زانیارییەکان دەست پێدەکات پاشان بۆ کەمترین گرنگ.[٦] پێویستە لەسەر نووسەری هەواڵ (هەواڵساز یاخود سازێنەری هەواڵ) جەخت بخاتەسەر بیرۆکەکە و خاڵە سەرەکییەکان دەستنیشان بکات. ئەم بەشەی هەواڵ لە چەند ڕستەیەک پێکدێت بەپێی درێژی و کورتی هەواڵەکە دەگۆڕێت، مەرجە هەر ڕستەیەک بیرۆکەیەکی تازە و سەرەکی لەخۆبگرێت چونکە لێرەدا هیچ بۆشاییەک نییە بۆ زانیاری زیاد یان شیکردنەوەیەک کە پێویست نەبێت[٧]. ئەو زانیارییانەی کەلە پێشەکی هەواڵدا ئاماژەی پێدەدرێت نابێت دەقاودەق لە جەستەی هەواڵدا دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر پێشەکی هەواڵ وەڵامی پرسیاری چی دایەوە دەبێت جەستە وەڵامی پرسیارەکانی دیکە لەخۆبگرێت.

---

[١] یونس شوکر خوا و ئەوانی تر، هەواڵ و هەواڵنووسینی ڕۆژنامەوانی، وەرگێران| کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ ، ل٤٢.

[٢] خالید بەکر ئەیوب، هەواڵ و هەواڵنووس لە کورتە باسێکدا، ڕۆژنامەڤانی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) دەریدەکات، ژمارە (١٠) پایز، زستانی ٢٠٠٣، ل١٤٤.

[٣] عەبدولخالق ئیبراهیم، ئەرسەلان رەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[٤] احمد العبد أبو السعيد، الكتابة لوسائل الاعلام (صحافة – إذاعة – تلفزيون – ترجمة إعلامية)، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٤، ص٩٣.

[٥] سامي الشريف، ايمن منصور ندا، اللغة الإعلامية (المفاهم – الأسس – التطبيقات)، بدون مكان الطباعة، ٢٠٠٤، ص ٩٢-٩٣.

[٦] صالح شاكر وتوت، الخبر الصحفي عنصر أساسي من عناصر العملية الإعلامية، مجلة اهل البيت: مجلة فصلية محكمة تصدر عن جامعة اهل البيت عليهم السلام، السنة الاولي، العدد١، ٢٠٠٥، ص٣٤٧.

[٧] سعيد السيد، سامي الشريف، الاخبار الاذاعية والتلفزيون، بدون مكان الطباعة ، ٢٠٠٥، ص٢٦٧.

کەواتە سەرەتا و جەستەی هەواڵ بە دووبەشی تەواوکاری یەکتری دادەنرێن و دەبێت زانیارییەکان تەواوکاری یەکتربن و نابێت دژ بە یەک بن. ئەم دوو بەشە لە هەواڵدا لەڕووی ڕیزکردنی زانیاری و داڕشتن و دەربڕینەوە بەیەکەوە بەستراون و بەدوای یەکدادێن، بەڵام لە فۆڕمی نووسیندا وەک دوو بەش دەردەکەون. کرۆک و ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکان لەخۆ دەگرێت و دوابەدوای (CAM) دێت یان دەکرێت (LVO) یان (RAPORT) یاخود (SOT) بێت، وێنە یاوەرییان دەکات و لەگەڵ تێکستدا هاوسەنگ دەکرێت.

**سێیەم - کۆتایی (Conclusion):**

بریتییە لە کۆتا بەشی هەواڵ، زانیاری گرنگ لە خۆدەگرێت و نزیکەی لە ١٠%ی کۆی قەبارەی هەواڵ پێکدەهێنێت[١]، پێویستە ئەم شتانە لەخۆ بگرێ:- [٢]

- هەڵسەنگاندنی بابەتەکە.
- پیشاندان و نمایشکردنی ئەو ئەنجامانەی کە هەواڵساز پێی گەیشتووە لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوون لەسەر بابەتەکە.
- گشتاندنی هەندێک زانیاری و ڕاستی، بۆچوونی تایبەت یان هەندێک لەو ئەنجامانەی کە هەواڵساز پێیگەیشتووە.

پێویستە لەسەر سازێنەری هەواڵ (سەرنووسەر) زیاتر جەخت بکاتەسەر هێڵی خوارەوە (ختام) چونکە لێرەدا دەوری قوفڵێک دەبینێت بۆ هەواڵەکە، لە کۆتاییدا دادەنرێت و زیاتر لە لایەنێک دەگرێتەوە.

کەواتە دەکرێت ئاماژە بەو کەرەستانە بکەین کەبە شێوەیەکی سەرەکی لە ئامادەکردن و پەخشکردنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بەکاردەهێنرێن و بوونیان هەیە وەک:-

١. وێنە: بە یەکێک لە بەشە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانیەکان دادەنرێت لە بەرنامەی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە وەک ڕاستگۆیی، ووردبینی، بابەتی و بەڵگەیی ڕووداوەکان بەرجەستە دەکات، وێنە تەنیا بۆ ڕازاندنەوە نیە یان تەنها نرخێکی جوانی هەبێت، بەڵکو بە ئەرکێکی گرنگ هەڵدەستێت و فەرمانێکی دیاریکراو بەجێدەهێنێ ئەگەر وانەبێت ئەوا پێویستی بە بڵاوکردنەوە نییە، لە زۆربەی کاتەکاندا وێنە توانای زیاترە بۆ ڕوونکردنەوە و دەربڕین و باوەڕپێکردن و کاریگەری و ڕاستگۆیی، لەبەرئەوە پێویستە لە هەواڵدا یان هەر ژانرێکی دیکەدا ئەو وێنانە بەکاربهێنرێن کە مەبەستێکی گشتی هەیە لە چوارچێوەی ڕووداوەکان.[٣]

هەربۆیە وێنەی تەلەڤزیۆن ئەو ئەرکە تێدەپەڕێنێت کە هەیەتی لەڕووی جوانکاری شاشە، ئەرکی دینامیکی و جووڵە دەبەخشێتە هەواڵ کە هیچ ئامرازێکی تر ناتوانێ بیبەخشێت، بەمە کرداری درکپێکردنی ووردەکاری ڕووداوەکان و هەڵگرتنەوەی ماناکان زۆر ئاسانتر و خێراتر دەبێت لەلای بینەری

---

[١] محمد خليل الرفاعي، كتابة واعداد التقارير الإخبارية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٤٣.
[٢] عدالت عبدالله، التقرير الاخباري التلفزيوني (مفهومه – نشأته – محدداته – بنائه)، دار العلوم العربية، بيروت، لبنان، ٢٠٢١، ص١٠٥.
[٣] اديب خضور، مدخل الي الصحافة نظرية و ممارسة، ط٣، المكتبة الإعلامية (٢١)، دمشق، ٢٠٠٨، ص١٣٣.

تەلەڤزیۆن[١]. کەواتە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وێنە بۆتە ڕووبەری دەسەڵات و کاریگەری لەسەر بینەر دروست دەکات، بوونی وێنە وایکردووە کە بووەتە بەرهەمێکی گرنگ و شوێن پێی خۆی گرتووە و بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی درکپێکردن و بینینی ڕاستی ڕووداوەکان.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وێنە لە تەلەڤزیۆندا ڕۆشنبیرییەکی هەیە بەتایبەت ئەوانەی جوڵەیان تێدایە کە هەموو ئەو بیرۆکە و زانیارییانەی لە بوونی ڕووداوی هەواڵەکەدا هەن دەیانگۆڕێت بۆ وێنەیەک کە درکیان پێبکرێت، خۆ ئەگەر ئەو وێنەیە وێنەیەکی ڕاستەوخۆبێت و لە شوێنی ڕووداوەکە و لەساتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا پەخش بکرێ، بینەر بە هۆیەوە خۆی لەناو مەیدانی ڕووداوەکە دەبینێتەوە.[٢]

٢. دەنگ: بە یەکێکی دیکە لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانە دادەنرێن کە ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخی هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بە گشتی و بەرنامەی هەواڵ بەتایبەت، چونکە لە ڕێگەی دەنگەوە زانیارییەکان بە ووردی ناگوازرێنەوە بەڵکو دەبێتە هۆی پێکهێنانی دۆخێک بۆ کارێکی باش.[٣]

دەنگ بە کاراکتەری دووەم دادەنرێت لەکاری تەلەڤزیۆنیدا و کاراکتەری یەکەمە لە ڕادیۆ (ئێزگە)، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ هێشتنەوەی بەردەوام بوونی بینەر لەکاتی پەخشکردنی گەشتی هەواڵەکاندا، لەرەی دەنگ بە گوێرەی جۆری هەواڵەکان دەگۆڕێت و دەکەوێتە سەر توانا و لێهاتوویی بێژەری هەواڵ.

کارێکی ناوازە نییە کە دەستەواژەی ئامرازی بینین و بیستن بەکاردێت بۆ وەسفکردنی تەلەڤزیۆن، هەروەها دەستەواژەی بیستن لەپێش دەستەواژەی بینین دێت و زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین ڕەگەزی دەنگ گرنگی وێنەی تەلەڤزیۆن زیاد دەکات، دەتوانرێ درک بەو ڕاستییە بکرێ کاتێک بەرنامەیەک پێشکەش دەکرێت ئەگەر دەنگی کزبێت ئەوەی نمایشدەکرێت مانایەکی نابێت.[٤] کەواتە دەنگ یەکێکە لە کەرەستەکانی دیکەی بەکارهێنانی هەواڵی تەلەڤزیۆنی و شانبەشانی وێنەیەکی بینراو دادەنرێت، بەڵام مەرج نییە لەهەمان شوێن و کاتدا وەرگیرابێت کە وێنەکەی تێدا گیراوە، بەڵکو خراوەتەسەری و پێی دەگوترێت (دەنگ خستنەسەر).[٥]

٣. تێکست: یەکێکی دیکەیە لە کەرەستە گرنگەکانی هەواڵ و تەواوکار و وابەستەی کەرەستەکانی پێش خۆیەتی، خاڵی سەرەتا بۆ دەستپێکردنی تێکست بریتییە لە وشە، چونکە هەموو شتەکانی چواردەورمان لێرەوە سەرچاوەی گرتووە، نووسینی باش لە تەلەڤزیۆندا، بریتییە لەو: نووسینەی کە دەبێ کورت و ڕوون و ئاسان بێ و لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بکۆڵێتەوە، دەبێتە هۆی گواستنەوەی زانیاری و بیرو هەست و سۆزەکان بۆ ئەوانەی ڕووبەڕووی کەناڵەکان دەبنەوە، ئاگاداری توانست و ئابوری دەبێت و کەمترین

---

[١] کورتیس ماکدوغال، مبادیء تحریر الاخبار، ترجمة| ادیب خضور، دمشق، ٢٠٠٠، ص١٧.
[٢] عبدالله الغذامي، الثقافة التلفزيونية سقوط النخبة وبروز الشعبي، ط٢، المركز الثقافي العربي الدار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٥، ص٢٧-٢٨.
[٣] هاربيرت زيتل، المرجع في الانتاج التلفزيوني، ترجمة| سعدون الجنابي، خالد الصفار، دار الكتاب الجامعي، العين، ٢٠٠٤، ص١٢.
[٤] سعيد محمد السيد، انتاج الاخبار في الراديو والتلفزيون، عالم الكتب -٣٨ عبدالخالق ثروت، القاهرة، ١٩٨٨، ص٨٣.
[٥] جوناثان بجنيل، جيرمي أورليبار، المرجع الشامل في التلفزيون، ترجمة| عبد الحكم احمد الخزامي، دار الفجر، القاهرة ، ٢٠٠٧، ص٥٠٣.

ژماره و وشه بەكاریدێنێ بۆ ڕوونكردنەوەی خاڵێک یان ڕاستییەک و نابێتە هۆی لەدەستدانی كاتی ئەوانەی تەماشای دەكەن.(١)

نووسینی تێكستی هەواڵی لە ڕادیۆ (ئێزگە) و تەلەڤزیۆن، بۆ گوێی گوێگر دەنووسرێت نەک چاوی بینەر، بۆیە پێویستە لەسەر نووسەران كاتێک هەواڵێک دەنووسن دەبێت بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە بۆئەوی ئەو هەڵانەی كە تێیدایە لەڕووی زاراوەیی و زمانەوانی چاكی بكەن لە پێناو ئامادەكردنی بابەتێكی گرنگ و ڕوون بۆ وەرگر تا بتوانێ بە ئاسانی لێی تێبگات، ئەمە پێچەوانەی نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤارە، چونكە لە ڕادیۆ (ئێزگە) و تەلەڤزیۆن دەرفەتی دووبارە گوێگرتن و خوێندنەوە بۆ پەیام و بابەتە میدیاییەكە نییە وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەدا بوونی هەیە، لەم بارەیەوە (ئادپلیس) داڕێژەری هەواڵ لە كەناڵی (BBC) دەڵێ: كاتێک وشەكان لەزار دێنە دەرەوە ئیتر ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە.(٢)

---

[١] فائق فهيم، الكتابة للإذاعة والتلفزيون، مجلة الفن الإذاعي، العدد:٢٠٠، القاهرة، ٢٠١٠، ص٥-٦.
[٢] دیبۆرا پۆتەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨

## بەشی سێیەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە (زانیارینامە)
## گونجانی تێکست و وێنە لە بەرهەمهێنانی پڕۆگرامە هەواڵییەکان


١.٣ بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی
٢.٣ هەنگاوەکانی پڕۆسەی بەرهەمهێنان (بەرنامەی تەلەڤزیۆن – گەشتی هەواڵ)
٣.٣ چەمک و پێناسەی وێنە و وێنەی تەلەڤزیۆن
٤.٣ تایبەتمەندی وێنەی تەلەڤزیۆن (وێنەی هەواڵ)
٥.٣ بەها و گرنگی و ئەرکی وێنەی تەلەڤزیۆن (وێنەی هەواڵ)
٣.٥. ١بەهاکانی وێنەی تەلەڤزیۆن
٣.٥. ٢گرنگی وێنەی تەلەڤزیۆن
٣.٥. ٣ئەرکی وێنەی تەلەڤزیۆن
٦.٣ جۆرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆن
٧.٣ جۆرەکانی گرتە و قەبارە، گۆشە و جوڵەی کامێرا
٣.٧.١ جۆرەکانی گرتە
٣.٧.٢ قەبارە و ماوەی وێنە
٣.٧.٣ گۆشەی کامێرا
٣.٧.٤ جوڵەی کامێرا
٨.٣ چەمک و پێناسەی مۆنتاژ (Montage)
٩.٣ بایەخ و ئەرکی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا
١٠.٣ بنەماکانی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا
١١.٣ سودی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا
١٢.٣ سیستەمی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا
١٣.٣ هونەر و شێوازی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا
١٤.٣ چەمک و پێناسەی هاوسەنگی (گونجان)
١٥.٣ گونجانی نێوان تێکست و وێنە

## ١.٣ بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی:

پرۆسەی دارشتن و دروستکردنی هونەرێکی تایبەتە بە ئامانجی ئەنجامدانی کارێکی تەلەڤزیۆنی و بەرهەمهێنان، کەواتە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی تەکنیکییە Technique و لایەنێکی هونەری جوانکاری و داهێنەرانە لەخۆ دەگرێت Artistic، یان لایەنی وشە و تەکنیکی Mechanic لەگەڵ پەیوەست بوونە بە ئەدا و توانای کەرەستە و ڕەگەز و هێزەمرۆییەکان.[١]

لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنان لە تەلەڤزیۆندا؛ پرۆسەیەکی هزری و هونەریی وورد و پرچالاکیە و کارلێککەری واقعی بابەتەکەیە، پرۆسەیەکی ئاوێتە و تەواوکارییە، هەموو کارێکی تەلەڤزیۆن، بەمەبەستی بەرهەمهێنان، پشت بە سیناریۆی پێشوەخت و نووسراو دەبەستێت، لەسەر بنەمای بیرۆکە دادەڕێژرێت و بۆتە هۆی دروستکردنی بابەتەکە، بابەت بۆ ئەوەی ببێتە بەرهەمێکی تەلەڤزیۆن دەبێت لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دابڕێژرێت و گەڵاڵە بکرێت. چونکە هونەری بەرهەمهێنان لە ڕادیۆ (ئێزگە) و تەلەڤزیۆن پشت دەبەستێت بە بوونی ئارەزوو و ئامادەیی و بەهرە و خەیاڵی فراوان.[٢]

کەواتە بەرهەمهێنانی هەر فیلمێک یاخود بابەتێکی تەلەڤزیۆنی؛ تێکەڵەیەکی دەگمەن و پڕ بایەخە لە بەهرە و تایبەتمەندێتی، ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکە بەرپرسیارێتی ڕوانین لە بەرهەمێکدا پرۆسەیەکی بەشکراوە لە نێوان چەندین ئاست و جیاوازیی تر کەلەلایەن دەرهێنەر، دیزاینەری بەرهەم، مۆنتێر،...هتد ئەنجام دەدرێت[٣]. لەم بارەیەوە دەرهێنەری بەناوبانگی تەلەڤزیۆنی (عمر أبو سمري) لەبارەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی دەڵێت: نهێنی سەرکەوتنی هەر کارێکی درامی، سینەمایی و تەلەڤزیۆنی یان ڕیکلام و پڕوپاگەندە، پەیوەست نییە تەنها بە لایەنی تەکنیکی کامێرا و لێنز، بەڵکو بە شێکی زۆری پەیوەستە بە گونجاندن و هەماهەنگی نێوان لێنزی کامێرا و دەرهێنەری کارەکە، لە کاتی گرتن و تۆمارکردنی وێنە ڤیدیۆییەکان، لە ڕووی بینین و گۆشە و گرتە، لەگەڵ بەکارهێنانی تێکست بەشێوەیەکی گونجاو. ئەم دەرهێنەرە بەناوبانگە ئاماژە بەوە دەکات کە دەرهێنەر لە توانایدایە کارێکی ئاسایی بکات بە کارێک کە جێگەی سەرنج و بایەخی بینەر بێت، پێیوایە؛ پرۆسەی بەرهەمهێنان پرۆسەیەکی تەواو هاوشێوەی ئۆرکێسترایە، چونکە پێویستی بە گونجاندن هەیە لەگەڵ تەواوی ستاف و ئەندامانی پرۆسەکە[٤].

---

[١] اشرف فالح الزعبي، الدور الاتصالي للمخرج في العمل الدرامي التلفزيوني، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الشرق الأوسط، كلية: الاعلام، ٢٠١٠)، ص٥-٦.

[٢] طالب احمد فرحان، صناعة الاعلام الإذاعي والتلفزيوني (مقومات الفنية والمهنية لرجل الاعلام الإسلامي)، دار النفاس للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٠، ص١٤٣.

[٣] ستیڤن د. کاتز، دەرهێنانی فیلم... گرتە لە دوای گرتە، وەرگێڕان| کاسترۆ مەجید، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨، ل٥٠.

[٤] أبو سمري، الإخراج التلفزيوني يشبه قيادة الاوكسترا، ١|٨|٢٠١٩، https://alrai.com/article/10496117/-ثقافة-وفنون/أبو-سمري-الإخراج-التلفزيوني-يشبه-قيادة-الأوركسترا?fbclid=IwAR1x9rvtU2ca5mV43Nd2hNHEOLKpfPNm31JO-_-aRD2kSDm9lAuZypbVHfA (4|3|2022, 6:00PM)

لەبەرئەم مەبنایە وەک داهێنانێکی هونەری بەرهەمهێنان بریتیە لە: شێوە و ناوەڕۆک و توانای ئەو هونەرمەندەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان هونەرێک پێشکەش بە جەماوەری هونەرەکەی دەکات.[1]

دەربارەی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە تەلەڤزیۆن چەندین پێناسە و ڕای جیاوازی شارەزایانی بواری بەرهەمهێنان هەیە بەجۆرێک لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:-

**بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن بریتییە لە:** کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەکی پلان بۆ داڕێژراو و جێبەجێکاری جیاوازە، لە پێناو گواستنەوە و کردنی بیرۆکەیەک بە بەرنامەیەکی تەواو ئامادەکرا و بۆ پەخش، لەسەر ئەم بنەمایە زامنی هەموو ئەو هەنگاو و فاکتەرانە دەکات کە پێویستە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆن (گەشتی هەواڵ)، هێنانەدی ئامانجی بەرنامەکە، تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستی و خواستی جەماوەر، دیاریکردنی شێواز و قاڵبێکی گونجاو پاشان لە کۆتایدا جێبەجێ کردنی پڕۆسەی بەرهەمهێنان و هەڵسەنگاندنی.[2] لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆندا، هەردوو ڕەگەزی دەنگ و وێنە دوو ڕەگەز و ماددەی سەرەکین، هەموو ڕەگەز و کەرەستەکانی دیکە کار بۆ ئەمان دەکەن.[3]

**لە پێناسەیەکی دیکەدا بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن:** گۆڕینی بیرۆکەیە بۆ بەرهەمێکی کۆتایی a finished product وەکو کتێب یان شانۆگەری یان فیلمی سینەمایی یاخود بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی (گەشتی هەواڵ)، ئەم ناوە لە هەموو ئەو کارانەی دیکە دەنرێت کە پێویستن بۆ بەرهەمێنانی پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی، لە بیرۆکەوە تاوەکو نووسینی تێکست و دابەشکردنی ڕۆڵەکان و تەنانەت تۆمارکردن، لەبواری میدیایدا دەستەواژەی "بەرهەمهێنەر" ئاماژەیە بۆ کەسی بەرپرس کە بەرپرسیارێتی تەواوەتی کاری بەرهەمهێنانی میدیایی دەکەوێتە ئەستۆ[4]. ئەم پرۆسەیە بە کۆمەڵێک هەنگاو و قۆناغی یەک لە دوای یەکی جیاوازدا دەڕوات تادەگاتە بینەر، بە جۆرێک هەر یەکێک لەو قۆناغانە تەواوکاری قۆناغی پێش خۆیی و دەست پێکی قۆناغی دوای خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە لە پێش دەستپێکی هەر قۆناغێک سەیری قۆناغی پێش خۆی بکرێتەوە[5]، بە ئامانجی بەرهەمهێنانی پەیامێکی تەلەڤزیۆنی کاریگەر و بێ کەموکوڕی.

**بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن بریتییە لە:** لایەنی جێبەجێکاری پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆن، لەگەڵ بەکارهێنان و دەستەبەرکردنی هەندێک لە کەرەستە ماددی و مرۆیی و تەکنیکیەکان، هەموو ئەم کەرەستانە بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی داڕشتنی فۆڕمێکی تەکنیکی دیاریکراو پاشان تێکستی نووسراو یان بیرۆکە یان بابەت یاخود ڕووداوێک کە هەموو ئەمانە دەبێتە فۆڕمێکی بینراو و ڕێکخراو.[6]

---

[1] کاوە عزالدین عبدالرحمن، استخدام تکنولوجیا الاتصال في انتاج برنامج قنات کوردسات الفضائیة، مجلة اداب الفراهیدي، جامعة تکریت، العدد: ٢١، ٢٠١٥، ص٦.

[2] خالد بن فالح الحارثي، إمكانيات الإنتاج التلفزيوني في المؤسسات بالمملكة العربية السعودية بين الواقع والطموح، ورقة عمل مقدمة للمنتدي الإعلامي الأول" الاعلام السعودي... سمات الواقع واتجاهات المستقبل"، الجمعية السعودية للاتصال والاعلام، الرياض، ١٤٢٤ه - ٢٠٠٣ ز، ص٣.

[3] حديد الطيب السراج، انتاج البرنامج بالاذاعة والتلفزيون (الاعداد – التنفيذ – التقويم)، مجلة جامعة: القران الكريم والعلوم الإنسانية، العدد: ١١، ١٤٢٦ه – ٢٠٠٥م، ص٢٦٠.

[4] محمد كحط عبيد الربيعي، الدور الثقافي للقنوات الفضائية العربية المضامين والاشكال والتلقي - دراسة تحليلية وميدانية لنماذج من القنوات الفضائية، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك، كلية: الاداب والتربية، قسم: الاعلام والاتصال، ٢٠٠٧)، ص٣٧.

[5] صباح حسن عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[6] محمد عبدالبديع السيد، مبادئ الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، مكتب رشيد للنشر والتوزيع، الزقازيق، ٢٠٠٢ ، ص٥٠.

ئەم پرۆسەیە پێویستی بە گۆڕینی کۆمەڵێک بیرۆکە هەیە بۆ کۆمەڵێک وێنە و دەنگ، بەمەبەستی گەیاندنی بە بینەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی قاڵبێکی سەرنج ڕاکێش و کاریگەر.[١]

**توێژەر پێیوایە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ لە تەلەفزیۆندا بریتییە لە:** گۆڕینی بیرۆکەیەکی داهێنەرانەی هونەریی نووسراو لەسەر کاغەز بۆ تۆمارێک لەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆ، کە بەگوێری پێوەرە دیاریکراوەکان لەڕووی ڕۆشنبیری و هونەری و فیکری گونجاو بێت بۆ بڵاوکردنەوە.

## ٢.٣ هەنگاوەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان ( بەرنامەی تەلەڤزیۆن ـ گەشتی هەواڵ):

پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرنامە و ژانرەکانی تەلەڤزیۆن، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تاقەتپڕوکێنە و پێویستی بە کارکردن و ئامادەکاری هەیە[٢] و ڕەنگدانەوەیەکی بابەتییە بۆ ڕەگەز و توخمەکانی ژیان لەڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری، هەروەها پرۆسەی بەستنەوە دەبێت لە نێوان ڕەگەزە هونەرییەکان بە ئامانجی بوونی بە واقع و فەزایەکی کاریگەر[٣]، چونکە لەم هەنگاوانەدا مادده نووسراوەکان دەکرێت بە ماددەی خوێندراو یان بینراو و ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت "صلاح قبضایا" پێیوایە[٤]. بەرهەمهێنان بە کۆمەڵێک هەنگاو و پرۆسەدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە چاو و گوێی بینەر، هەر هەنگاوێک کۆمەڵێک یاسا و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە لێکتێگەیشتنی تەواو لەنێوان دەرهێنەر و بەرهەمهێن و نووسەردا هەبێت بە ئامانجی گەیشتن بەو ئامانجەی کە بەرنامە و پرۆسەکەی لە پێناودا ئەنجامدەدرێت[٥]، بەشێوەیەکی گشتی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێت و خۆی دەبینێتەوە لە:- [٦]

١. قۆناغی پێش بەرهەمهێنان (Pre Production Phase).
٢. قۆناغی بەرهەمهێنان (Production Phase).
٣. قۆناغی دوای بەرهەمهێنان (Post Production Phase).

### یەکەم ـ قۆناغی پێش بەرهەمهێنان (ئامادەکاری – Pre Production):

ئەم قۆناغە بە قورسترین قۆناغی بەرهەمهێنان دادەنرێت، پلانی گشتی کارەکە و بیرۆکەی بابەتەکە دیاریدەکرێت، هەروەها سکرێپت بۆ بابەتەکە دەنووسرێت کە تێیدا سەرجەم هەنگاو و وردەکارییەکانی قۆناغەکەی تێدا تۆماردەکرێت، لەگەڵ گەڕان بەدوای زانیاری گرنگ و دروست لەسەر بابەتەکە، پێویستە ئامادەکار هەوڵی ئامادەکردنی سیناریۆیەکی گرنگ و گونجاو بدات لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە، پاشان دیاریکردن و تەرخانکردنی بودجە.

---

[١] نوال بومشطة، معاير انتاج الاخبار في قناة الشروق نيوز الجزائرية – دراسة تحليلية لعينة من النشرات الإخبارية ـ جوان – ديسمبر – ٢٠١٧، مجلة العلوم الإنسانية ام البواقي، المجلد: ٦، العدد: ٢، ديسمبر٢٠١٩، ص ٢٣٠.

[٢] فرمان عەبدولڕەحمان، ڕۆژنامەگەریی تەلەڤیزیۆنی (بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکیۆمێنتاری)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٦٣.

[٣] يعقيل كمال، دراما الاتصال في الخطاب السياسي الفيلمي ـ مقارنة سيميائية تداولية لنماذج الخطاب السياسي الفيلمي، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: وهران، كلية: العلوم الإنسانية والحضارة الإسلامية، قسم: علوم الاعلام والاتصال، ٢٠١٢) ، ص٦٧-٦٨.

[٤] عبدالملك بن عبدالعزيز بن شهلوب، التحقيق الصحفي (اسسه – اساليبه – اتجاهاته الحديثة)، المملكة العربية السعودية، الرياض، ٢٠٠٤، ص٢١٠.

[٥] حسين أبو شنب، حسين سعد، انتاج المواد الإعلامية، بدون مكان الطباعة، ٢٠١٦، ص٦.

[٦] قاسمي اميرة و زغدودي صليحة و حزام شافية، المهارات الاتصالية لمقدمي البرنامج التلفزيونية وتأثيرها علي فاعلية الرسالة الإعلامية ـ دراسة ميدانية عينة علي طلبة جامعة قالمة، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: ٨ماي ١٩٤٥ قالمة، كلية: العلوم الإنسانية والاجتماعية، قسم: الاعلام والاتصال وعلم المكتبات، شعبة: علوم الاعلام والاتصال، تخصص: تكنلوجيا الاعلام والاتصال والمجتمع، ٢٠١٦) ، ص٢١٨.

پێویستە لەسەر ئامادەکاری بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەوڵبدات لە نێو ژینگە و کۆمەڵگەی ئەو شوێنەدا بژی کە دەیەوێت کاری لەسەر بکات، بە ئامانجی شارەزابوون لە داب و نەریتی ئەو شوێنەی کە وەک بابەت دیاریکراوە بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆن، لەگەڵ ئامادەکردن و بەرجەستەکردنی هەموو ئەو لایەنە تەکنیکییانەی کە پێویستن وەک: کامێرا، دەنگهەڵگر، ڕووناکی، کاراکتەر و شوێن و کاتی وێنەگرتن،... هتد، جگە لەمانە هەندێک کەرەستەی دیکە هەیە کە پەیوەندییان بە لایەنی ئیداری - کارگێڕی هەیە، لەوانە: لیژنەی ڕاوێژکار، شوێنی حەوانەوە، نانخواردن و هۆکاری گواستنەوە.[1]

بێگومان لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە بە قۆناغی ئامادەکاریی و ئامادەکردنی لۆکەیشنەکان دادەنرێت، کۆمەڵێک ڕەگەز لەخۆدەگرێت کە ئەمانەن:-[2]

ا- هەڵبژاردنی بیرۆکە و دیاریکردنی: گرنگترین ڕەگەزەکانی بریتییە لەوەی (نوێ، داهێنەرانە، سەرنجڕاکێش، ساکار و بێ گرێوگۆڵ) بێت، نزیك بێت لە واقیعەوە، بەهاکانی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگرێت، خزمەتی ئەو ئامانجە بکات کە بەرنامەکەی لە پێناودا بەرهەمدەهێنرێت.

ب- ئامادەکردن: بریتییە لە پرۆسەی سێرچ (گەڕان) بەدوای زانیاری بەشێوەی (On Line) یاخود مەیدانی، پاشان کۆکردنەوەی هەموو پێداویستییەکانی بابەتەکە، کارکردن بۆ دروستکردنی ئەوەی کە نوێیە.

پ- ئامادەکردنی پلانی کار: بیرۆکەی سەرەکی (ناوی بەرنامە، جۆرەکەی، قاڵبی هونەریی، پێشکەشکارەکان، میوانەکان، بابەتەکان، بڕگەکان، ماوە، ژمارەی زنجیرەکان، جەماوەری بەئامانجگیراو، خشتەی زەمەنی بەرهەمهێنان، بودجەی گشتی و وردەکاری) لە خۆدەگرێت.

ت- نوسینی سیناریۆ: تێیدا خەیاڵی تەواوەتی بۆ شێوەی بەرنامەکە بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە دەکرێت، بە نوسراو لەسەر کاغەز بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وەکو ئەوەی لەسەر شاشە دەیبینیت؛ تێکست، دەنگ، وێنە و کاریگەریی و گواستنەوە و دیمەکان لەخۆدەگرێت.

## دووەم - قۆناغی بەرهەمهێنان ( پرۆسەسازی - Production ):

ئەم قۆناغە بە دووەم هەنگاو دادەنرێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاری تەلەڤزیۆنیدا و تەواوکاری قۆناغی پێش خۆی و دەستپێکی قۆناغی دوای خۆیەتی، واتە دەکرێت بە پردی پەیوەندی نێوان قۆناغەکان دابنرێت، لەم قۆناغەدا تیشک دەخرێتە سەر دیاریکردنی ئامانج و مەبەستی بەرنامە، ناوەڕۆک و ئاستی زانیاری، لایەنی دەروونی و هەست و سۆزی وەرگر لەگەڵ قاڵب و فۆڕمی بەرنامەکە.[3]

لەهەمان کاتدا؛ ئەم قۆناغە قۆناغی وێنەگرتنە، وێنەگرتن کرۆک و بونیادی سەرەکی و گرنگی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنییە، بەشێکی ئەرکەکە لە ڕووی تیۆرییەوە ئامادەکاری و پلانی پێشوەختی بۆ

---

[1] صلاح احمد رشید (سەلاحە ڕەش)، ڕۆڵی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری تەلەڤزیۆنی (کارەساتی کیمیایی بارانی هەڵەبجە بە نموونە)، چاپی دووەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٣٥.

[2] كاروان محمد حسن، اثر الإخراج التلفزيوني في جذب اهتمام المشاهدين للنشرات الإخبارية في الفضائيات الكوردية – دراسة تحليلية - ميدانية، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة: صلاح الدين - أربيل، كلية: الاداب ، قسم: الاعلام، ٢٠١٨) ، ص٧٢-٧٣.

[3] سامی الشريف، عصام نصر سليم، الإخراج الإذاعي و التلفزيوني، بدون مكان الطباعة ، ٢٠٠٧، ص٢٦٥.

دانراوە، لەم قۆناغەدا دەرهێنەر لەگەڵ ستاف و تیمی هونەری و نووسیندا، بە شێوەی پراکتیکی کارلەسەر وێنەگرتنی ئەو دیمەنانە دەکرێت کە پێشتر بەپێی ستۆری بۆرد، ئامادەکراوە و نووسراوە[١].

کەواتە لێرەدا سیناریۆکە دەگۆڕێت بۆ گرتەی جوڵاو و تۆمارکراو، لەگەڵ هەڵسەنگاندن بۆ ئەوکارانەی لەم قۆناغەدا ئەنجامدەدرێت.[٢] دەکرێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی جێبەجێ کردنی کردەیی دابنرێت و ئەمانە دەگرێتەوە:- [٣]

١. ئامادەکردنی شوێن و دیکۆر و دیاریکردنی تیمی وێنەگرتن.
٢. پلاندانان و دیزاین و دانانی ئەو ڕووناکییەی کە پشکداردەبێت لە دروستبوونی دیمەنێکی بینراو، دەوڵەمەندکردنی زمانی بەرنامە و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.
٣. جێبەجێکردنی پرۆسەی وێنەگرتن؛ کە زمانی تەلەڤزیۆنە بۆ گوزارشتکردن لە پەیامی میدیایی یان هونەری، ئەو هونەرەیە کە هەڵدەسێت بە ڕاکێشانی سەرنجی بینەر و کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی، چونکە وێنەگرتنی سەرکەوتوو و جیاواز ئامانجی دروستکردنی ڕوانگەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشە بۆ ئەو بابەتەی کە وێنەی دەگیردرێت، نەک تەنیا ناساندن و گواستنەوەی وێنەکەی، چونکە هێزی بەرنامە و کاریگەرییەکەی لەوەدا نییە وێنەی بگیردرێت بەڵکو لەوەدایە چۆن وێنەی دەگیردرێت .
٤. لە جێبەجێکردنی پرۆسەی وێنەگرتندا پیشەی دەرهێنەر و دەست و پەنجە جادوییەکەی لە بەکارهێنانی زمانی بینراودا دەردەکەوێت بۆ گوزارشتکردن لە پەیامی بەرنامە و ئامانجەکانی.

ئەم قۆناغە بە دانانی پلان بۆ وێنەگرتن دەستپێدەکات کە بە (FLOORPLAN) ناسراوە، ئەمە پلانێکی تەواوەتییە بۆ ئەو شتانەی کە لەناو ستۆدیۆ یاخود لە دەرەوەی ستۆدیۆ لەکاتی وێنەگرتندا ڕوودەدات، شوێنەکانی دانانی کامێراکان و دیکۆر و مایکرۆفۆن و بوارەکانی جموجوڵی هەر کامێرایەك لەکاتی وێنەگرتندا دیاریدەکرێت ئەمە لەپاڵ سەرچاوەکانی تری وێنەی جێگیر و شتەکانی تر، دەرهێنەر هەڵدەسێت بە خستنەڕووی پلانەکە بۆ بەڕێوەبەری ستۆدیۆ، ئەم قۆناغە بازنەی بەیەکگەیاندنی دەرهێنەر و کارمەندانی ستۆدیۆیە، ئەم پلانە کاری هەریەکە لە (وێنەگر، ئەندازیاری ڕووناکی، ئەندازیاری دەنگ) ئاسان دەکات، بەڕێوەبەری ستۆدیۆ یان بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان هەڵدەستن بە چاودێرکردنی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ستۆدیۆ و زانینی ڕۆڵی هەر کەسێك و ئامادەکردنی ستۆدیۆ پاشان دەستکردن بە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەرنامەکە ( وێنەگرتنی بەرنامە).[٤]

---
[١] فرمان عەبدولڕەحمان، ڕۆژنامەگەری تەلەفیزیۆنی (بەرهەمهێنانی ڤی تی و دۆکیۆمێنتاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠-١٧١.
[٢] ريم عبود، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.
[٣] قاسمي اميرة و زغدودي صليحة و حزام شافية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.
[٤] كاروان محمد حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

### سێیەم ـ قۆناغی دوای بەرهەمهێنان (دەرهاویشتە – Post Production):

ئەمە بە دوا قۆناغی پرۆسەی بەرهەمهێنان دادەنرێت، لەم قۆناغەدا هەموو ئەو دیمەن و گرتانەی کە ئامادە و تۆمارکراون بەپێی سکریپتی بەرنامەکە دەچێتە قۆناغ و هەنگاوی مۆنتاژ، لەلایەن مۆنتێر و بەسەرپەرشتی دەرهێنەر یان ئامادەکار جێبەجێدەکرێت، لێرەدا کاری جوانکاری و کاریگەرییەکان بۆ وێنەکان زیاد دەکرێت وەک (باڵانس کردنی وێنە، چاککردنی دەنگ، لێکدان و تێکەڵکردنی وێنەکان، دانانی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان، تایتڵی سەرەتا و کۆتا، سی جی، ...هتد)[1] ، کەواتە ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغی کاری هونەرییە و گرنگترین ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە بۆ دەنگ و وێنەی ڤیدیۆیی دەکرێت لە نێوان کۆتایی فیلم و بەرهەمهێنان. پاشان دەستدەکرێت بە ئامادەکاری و دیاریکردنی کات بەمەبەستی پەخشکردن، گەر لایەنی بەرهەمهێن دەزگا و دامەزراوەیەکی میدیایی بێت ئەوا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پاکێجی خۆی و بە ڕەچاوکردنی کات و شوێنی گونجاو بەرنامەکە پێشکەش بکات بەڵام ئەگەر دامەزراوەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنان بێت هەوڵ دەدات ئەو بەرهەمەی بەرهەمی دەهێنێت بەرهەمێکی تەواو تایبەت بێت بۆ فرۆشتن.[2]

لە پۆلێنێکی دیکەدا شارەزایانی بواری تەلەڤزیۆن قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بۆ چوار قۆناغ دابەش دەکەن و لێرەدا تەنها ئاماژە بە قۆناغەکان دەکەین و خۆی دەبینێتەوە لە:ـ [3]

١. قۆناغی ئامادەکاری پێش بەرهەمهێنان.
٢. قۆناغی تەنسیق.
٣. قۆناغی بەرهەمهێنان (ئەنجامدانی کاری هونەری).
٤. قۆناغی دوای بەرهەمهێنان (ئامادەکردن و ئامادەکاری بەرهەمهێنان).

## ٣.٣ چەمک و پێناسەی وێنە و وێنەی تەلەڤزیۆن:

(وێنە هونەرە و جوانی خۆی تێدایە، جوانترین هەست لە هونەر لە نهێنییەکەیدایە).[4]
لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا وێنە وەک فاکتەرێکی بەهێزی تێگەیشتن ڕۆڵی پربایەخی خۆی بینیوە، مرۆڤ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا نەیتوانیوە لە ڕێگەی زمانی کۆکردنەوە گوزارشت لە خواست و ویستەکانی خود بکات، بەڵکو لە ڕێگەی (ئیشارەتدان، دەنگ، دووکەڵ و ئاگر،...هتد) توانیویەتی وێنەیەک لە هزری بەرامبەرەکەیدا دروست بکات و کرداری کۆمیونیکەیشن بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنێت و لەو ڕێگەیەوە خواست و پێداویستییەکانی بەدەست بهێنێت.

---

[1] صلاح احمد رشید (سەلاحە ڕەش)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦.
[2] خنفري عماد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.
[3] يوهان عثمان حمه حسين، الاشكال الفنية لبرنامج الأطفال وانتاجها في قناة كوردسات – دراسة مسحية تحليلية، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: السليمانية، سكول: العلوم الإنسانية، قسم: الاعلام ـ التلفزيون، ٢٠١٢)، ص٦٥.
[4] نەژاد عەزیز سورمێ، ساوی شتان لە فۆتۆگرافدا، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل١٠.

وێنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێک جار دەتوانرێت لەگەڵ وشەدا بە شێوەیەکی هارمۆنی بەرجەستە بکرێت، بە تایبەت لە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا ڕۆڵی دیارە، چونکە وێنە لە کۆنەوە تا بە ئێستا دەگات زمانێکی جیهانییە و لە هەموو دونیادا خەڵک لێی تێدەگات[١]. ڕێگەیەکی ئاسانە کە یارمەتی وەرگر دەدات بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن و خوێندنەوەی تێکستە میدیاییەکان، مانایەک دەداتە تێکست تا لە ڕێگەیەوە کەس و شوێنەکان بناسرێنەوە[٢]. وێنە دەبێتە کلیلی هەندێک لە نووسین و پەیامە ڕۆژنامەوانییەکان.

چەمکی وێنە؛ لە بەرامبەر (الصورە) ی عەرەبی و (Image) ئینگلیزی بەکارهاتوو، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە (Imago) وەرگیراوە[٣]، ئەم دەستەواژەیە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Icon) و لە یۆنانی کۆندا بە مانا و واتای لێکچوون بەکارهاتووە، پاشان ئەم وشەیە گۆڕدراوە بۆ (Image)ی ئینگلیزی و ڕۆڵ و گرنگی لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا گێڕاوە، دامەزرێنەری چەندین سیستەم و بیرۆکە و چالاکی ڕۆژئاواییە[٤]. وشەی وێنە لە زمانی عەرەبیدا پێکهاتووە لە فرمانی (صور) و هەڵگری کۆمەڵێک مانای جۆراوجۆرە وەک وێناکردنی شتێک، وەسفکردن یان دەلالەتکردن لە ڕاستییەک.[٥]

دەربارەی پێناسەی وێنە چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕان باسکراوە، لێرەدا چەندین پێناسە دەخەینەڕوو لە ڕوانگەی ئەورووپییەکان:-

**لە پێناسە و ناساندنی وێنەدا (ئەرستۆ - Aristotle لە سەدەی ٤ی پ.ز)دا پێیوایە:** بیرکردنەوە بەبێ وێنە مەحاڵە [٦] ئەمە گرنگی ئەم چەمک و دەستەواژەیە دەردەخات لەلای ئەم فەیلەسوف و بیرمەندە. بەهۆی ئەوەی وێنە هەمیشە ڕەگەزی ووروژاندن و نیگەرانی و بابەتە فەلسەفییەکان و خاڵی چوونەژوورەوەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی، مانای جەستەی شتەکان چییە؟ لە ڕێگەی وێنەوە بیرۆکەکان ئاشکرا دەبێت، بەوەی کە هەموو شتەکان چییە و لەچ ڕەگەزێکە.[٧]

**(ئەفلاتۆن – Plato)** وێنە وەک ئەو سێبەرانە پێناسە دەکات، وەسفی دەکات بەو درەوشانەوانەی کەلە ئاودا دەیان بینین یان لەسەر ڕووی تەن و ڕووخساری شتە ڕەقەکان دەدرەوشێتەوە، بەجۆرێک هەموو ئەمانە مۆدێلی ئەو ڕەگەزەن.[٨]

**(جان لوک گۆدار – Jean Luc Godard) تویژەر و دەرهێنەری فەڕەنسی دەڵێت:** وشە و وێنە، وەک مێز و کورسی وان، ئەگەر بتەوێت لەسەر مێزەکە دابنیشیت پێویستت بە هەردووکیان هەیە پێکەوە.[١]

---

[١] عامر ئیبراهیم قەندیلچی، ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری دا، وەرگێران| نەوزاد عەلی ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ،٢٠٠٨، ل١٥.

[٢] نسيم الخوري، الكتابة الإعلامية (المبادئ والأصول)، ط٢، دار المنهل اللبناني، ٢٠٠٩، ص١٢١.

[٣] حسين تروش، دور الصور التلفزيونية في تفعيل الادراك الذاتي والمعرفي عند الأطفال، مجلة التربوية، جامعة: الكويت، عدد: ٧١، بدون السنة، ص٨٢.

[٤] نجلا أبو بهجه، خارج الصورة انت غير موجود، شركة المجموعة الطباعية، ٢٠١٠، ص٥٣.

[٥] فتحية لمام، الصورة التلفزيونية الإخبارية بين الموضوعية والأيديولوجية - دراسة سيميولوجية لموضوع تحويل السفارة الامريكية في إسرائيل من تل ابيب الي القدس عبر قناتيCNN والجزيرة الإخبارية)، مجلة جماليات، المجلد:٠٧، العدد:١٠، ٢٠٢٠\٦\٢٨ ، ص٢٧٦.

[٦] خليل محمد الراتب، التصوير الصحفي، دار أسامة، عمان، الاردن، ٢٠١٢، ص٣٣.

[٧] صلاح عبدالحميد، الاعلام وثقافة الصورة، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣، ص١٦٩.

[8] Martini Joly, Introduction Analyse de Image, Nathan, 1993, Nathan|VUEF2003, Paris, P:08.

پێناسەی وێنە لە ڕوانگەی دینی و تێڕوانی عەرەبەکان بەم شێوەیە:-

وشەی وێنە لە قۆرئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە، خوای گەورە لە (سورة ال عمران)دا دەفەرموویێت: **بسم الله الرحمن الرحیم** (هو الذي يصوركم في الارحام كيف يشاء الا هو العزيز الحكيم) **صدق الله العظيم.**(٢)

(واتە ئەو خودایە زاتێکە نەخشەی ڕووخسارتان لە منداڵدانەکاندا دەکێشێت چۆن بیەوێت، هیچ پەرستراوێکی بەڕاست نییە جگە لەو خودایە و ئەو زاتە باڵا دەست و دانا و بەکارجێیە).

**(الموسى) وێنە بە:** کۆمەڵێک سیفەت پێناسە دەکات، کە کەسێک جیای دەکاتەوە یان وێنای دەکات کاتێک بیرلەوە دەکاتەوە کە وێنەکە هەڵیگرتووە یاخود بەرجەستەی کردووە.(٣)

کەواتە لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە وێنەی باش و سەرکەوتوو لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، بریتییە لەو وێنانەی کە دەبێ ڕوون و گوزارشت و زیندوو بن، داوا لە وێنەگر دەکرێ هونەرمەند بێت لەکاتی تۆمارکردن و گرتنی گرتە وەستا و جوڵاوەکاندا، کەواتە وێنەکان دەبێت بە شێوەیەکی هونەری بگیردرێت، چونکە ئەگەر وانەبێت وێنەکە ناتوانێت ڕۆڵی سەرەکی و خۆی بگێڕێت لە بواری ڕۆژنامەوانیدا.(٤)

لێرەدا ئاماژە بە هەندێک پێناسەی دیکە دەکەین کەلەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ماس کۆمیونیکەیشن و تەلەفزیۆن بۆ وێنەی جوڵاو- تەلەفزیۆن کراوە لە ئەوانە:-

**(ئەدیسۆن – Thomas Alva Edison) لە ساڵی ١٩١٠دا لە پێناسەی وێنەی تەلەفزیۆندا دەڵێ:** وێنەی جوڵاو دەبێتە هۆی دروستبوون و هەڵگیرساندنی شۆڕشێک لە بواری پەروەردە.(٥)

**پێناسەی(نصیر بوعلي) بۆ وێنەی تەلەفزیۆن ئەوەیە کە:** ئامرازێکی دەربڕینە و لەلایەن مرۆڤەوە هەڵگیراوە بۆ بەرجەستەکردنی مانا و بیرۆکە و هەستەکان، بەشێوەیەکی گشتی وێنە بە پێکهاتەیەکی بینراو دادەنرێ "Structure Visuelle" لە پێناو هەمەجۆرکردنی شێواز و پەیوەندی و شوێنی تایبەت بە بابەتی وێنەکە.(٦)

**وێنەی جوڵاو (تەلەفزیۆن):** بریتییە لە ڕۆشنبیری و هزر و ئابوری و تەکنەلۆژیا. وێنە هەر بەتەنیا چێژ وەرگرتن و کات بەسەربردن و لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکو کار لە بەرهەمهێنان دەکات و لۆژیکێکی ئایندەیە. هەر ئەوەندە داد نادات کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێن و لە پەستا گۆرانی و هەواڵ و بەرنامە هەمەڕەنگییەکان پەخش و بڵاوبکەنەوە بە یاوەری وێنە، بەڵکو دەبێت وێنەکان گونجاو و تەواوکاری

---

[١] سعد سلمان عبدالله، تطور الصورة الصحفية في الصحافة العراقية - دراسة تحليلية لصور الصفحة الاولي لصحيفة الصباح لعام٢٠١٢، مجلة: الباحث الإعلامي، مجلد:٥، العدد:٢١، ٢٠١٣، ص٦٠.

[٢] سورة آل عمران، الاية (٦)، ص٥٠.

[٣] مبارك حمد الدسمه، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

[٤] عبدالجبار محمود علي، التصوير الصحفي، دار المعرفة، ١٩٨٠، ص١٤.

[٥] الفرا عبدالله عمر، تكنولوجيا التعليم والاتصال، دار الثقافة، عمان، الاردن، ١٩٩٩، ص١٧٥.

[٦] فتحية لمام، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

تێکست و پەیامە میدیاییەکان بن چونکە ئەگەر وەرگر هەست بە ئاسودەیی نەکات یەکسەر کەناڵەکە لە ڕێگەی ئامرازێکەوە بە هۆی دوگمەیەوە دەگۆڕێت.[1]

**وێنەی جوڵاو(تەلەڤزیۆن):** گرتەیەکی فراوانە گوزارشت لە هەموو ئەو کەس و شتانە دەکات کەلە بابەت و ڕووداوەکەدا بوونی هەیە.[2]

**بەپێی تێگەیشتنی توێژەر بۆ خودی وێنە و وێنەی تەلەڤزیۆن:** پیشاندان و خستنەڕووی ڕاستییەکی نەزانراوە دەربارەی گرنگترین بابەت و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و هەرێمی و پاشان جیهانی کەلەلایەن وەرگر (بینەر) شاراوەیە، وێنە ڕۆڵ و کاریگەری دەبێ لە ئاراستەکردنی بینەر بۆ پەیامە بینراوەکان و مانەوەی ئەو کاریگەرییە بۆ ماوەیەکی زۆر یاخود دیاریکراو لە هزری وەرگر، هەمیشە وێنە مانای تەواوکاری دەبەخشێتە تێکست و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ پەیامە میدیاییەکان تەواو دەکەن. لەبەرئەوەی سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی بەسەردەمی تەکنەلۆژیا و میدیا بەسەردەمی وێنە دادەنرێ کەواتە ناکرێ و ناگونجێت هیچ بابەتێک بەبێ نیشاندانی وێنە ئاراستەی بینەری ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان بکرێت بەسەرجەم جۆرەکانی، بەجۆرێک لەحاڵەتی نەبوونی وێنەی جوڵاودا ناچار پێویستە پەنا ببرێتە بەر جۆرەکانی دیکەی وێنە وەک وێنەی وەستا و یان وێنەی گرافیک. کەواتە لێرەوە توێژەر دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە وێنە و تێکست وەک دوو دوانەی گرێدراو یان پەیامێکی دووجەمسەری یەک فۆڕمن و تەواوکار و مانادارکردنی یەکترن.

## ٤.٣ تایبەتمەندی وێنەی تەلەڤزیۆن (وێنەی هەواڵ):

وێنەی تەلەڤزیۆن باشترین ئامرازە بۆ دروستکردنی کاریگەری و کاریگەری خستنەسەر و خێرا بڕواپێهێنانی بینەر (وەرگر) بۆ هەموو ئەو ڕووداوە وێنەییانەی کەلە ڕێگەی شاشەی تەلەڤزیۆن پەخش و بڵاودەکرێتەوە بە هەموو جۆرەکانی، لەبەرئەوەی لە ئێستادا وێنە بایەخ و گرنگی تایبەتی هەیە و بۆتە زمانێکی جیهانی و خاڵی پێکەوەبەستن و گرێدانی پەیوەندییە تایبەتی و گشتییەکانە، ئەمە وایکردووە کە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بێ لەسەر ئاستی هونەری و پەیوەندیکردن لە گرنگترینیان:-

١. وێنە هەرگیز درۆناکات ئەمە وایکردووە لە پلەیەکی ڕاستگۆیدا هەژمار بکرێ، کەواتە وێنە نرخێکی بەڵگەیی دەداتە بابەتەکە.
٢. یارمەتی بینەر دەدات بە شێوەیەکی خێرا باشتر لە ڕووداوەکان تێبگات، بەهۆی ئەوەی وێنە ئاسۆ و تێڕوانینی بینەر فراوان دەکات، کاتێکی کەمی دەوێ تا بتوانێ لە واقعی تێکستەکە تێبگات.
٣. وێنە لە توانایدایە نرخێکی گەورە بداتە میدیا، هەرچەندە ناتوانێ بەرەنگاری وشە ببێتەوە، گەورەیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وێنە لەتەلەڤزیۆندا بەشێوەی ڕاستەوخۆ، بەووردی و ڕوونی و پاشان بە ئاشکرا بڵاودەکرێتەوە.[3]

---

[1] محەمەد فەریق حەسەن، دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەڤزیۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤.
[2] Robert L.Hilliard، الكتابة للتلفزيون والإذاعة ووسائل الاعلام الحديثة، ترجمة| مؤيد حسن فوزي، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٤ ، ص٤٥.
[3] اديب خصور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥.

٤. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی وێنەی تەلەڤزیۆن ئەوەیە کە زمانێکی جیهانییە، مرۆڤ دەتوانێ لەهەر شوێنێکی جیهانبێ پەیامە وێنەییەکان وەربگرێ لە ڕێگەی شاشەی تەلەڤزیۆن، هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی بینەر کاریگەری دەبێت لەسەر توانای تێگەیشتن لە پەیامەکان.[1]
٥. وێنەی تەلەڤزیۆن ڕاستەقینەیە، ئەم سیفەتە وایکردووە کە چێژی زیاتری هەبێت لەدەرکەوتنی گرتە و جوڵەی ئەو دیمەنانەی کە واقعی بابەتەکە پیشاندەدەن بە شێوەیەکی هونەری.
٦. لەبەرئەوەی وێنە لەتەلەڤزیۆندا جوڵاوە ڕۆڵی دەبێ لە دەربڕینی هەموو ئەو پەیامە میدیاییانەی لە شاشەکەوە دەردەکەوێ، واتە هەرشتێک لەم ڕێگەیەوە بینەر ببینێ کاریگەری دەبێ لەڕووی مانا و لۆژیک بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ڕەمزی.[2]
٧. وێنە بە فاکتەرێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش دادەنرێ، حەزی فێرخوازی و زانین لای بینەر (وەرگر) دروست دەکات.
٨. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی وێنە ئەوەیە کە توانای دروستکردنی کاریگەری هەیە لە سەر لایەنی دەروونی و عەقڵی وەرگر.
٩. وێنە ڕۆڵی هەیە لە نزیک کردنەوە و تێکەڵکردنی کات و شوێن لە ماوەیەکی دیاریکراودا.[3]
١٠. وێنەی تەلەڤزیۆن جیاوازە ئەگەر بەراوردبکرێ بە وێنەی هونەری، لەبەر ئەوەی وێنەی تەلەڤزیۆن وەستاو نییە، بە شێوەیەکی بەردەوام دەگۆڕێت.[4]

لە ئەنجامی ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێویستە لە وێنەی تەلەڤزیۆن بەگشتی و وێنەی هەواڵیدا هەبێ بەتایبەت ئەمە وایکردووە، کە ئەمڕۆ تەلەڤزیۆن خاسیەتی زاڵکردنی وێنەی هەبێت بەسەر وشەدا، تێرکردنی هەستی سۆزداری دەخاتە شوێنی عەقڵ، گومان لە شوێنی قەناعەت دادەنێت، وازلە واتا دەهێنێت و دەست بە یاری و کات بەسەربردندا دەگرێت، کەواتە دەکرێ ئاماژە بەوەبکرێ کە بەهاکانی قۆناغی پۆست مۆدێرنە گرنگترین بابەتە هەواڵییەکانی ڕۆژانەن لە تەلەڤزیۆندا، ئەگەر ئامرازێک هەبێت بۆ ئەوەی ببێ بە جیهانێکی پۆست مۆدێرنە، بێ گومان ئەوە تەلەڤزیۆنە و دەکرێ تاکە ئامراز و گونجاوترین بێ[5]. چونکە تەلەڤزیۆن دەتوانی سەرکردایەتی کرانەوەیەکی گەورە بکات لە بەکارهێنانی وێنە، ئەمە نەک بەتەنها بەمەبەستی گواستنەوەی واتا، بەڵکو لە پێناو زیاتر کارابوونی تەلەڤزیۆن خۆی لە ئەنجامدانی ئەرکە ڕۆشنبیرییەکەی.[6]

---

[1] قدور عبدالله ثاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.
[2] نواف عدوان، البث المباشر وسبل مواكبة، مجلة الإذاعات العربية، العدد:١، ١٩٩٢، ص٢٤.
[3] ايمن عبدالحليم نصار، البرنامج الوثائقية، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٧، لا٦١.
[4] قرش السعدية، مقال (ثقافة الصورة التلفزيونية)، مجلة دراسات وابحاث – في العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد:٢٤، ٢٠١٦ السنة الثامنة، ص١٧٨.
[5] محمد حسام الدين إسماعيل، الصورة والجسد، دراسات نقدية في الاعلام المعاصر، مركز الدراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٨، ص٨٢.
[6] محمود سامي عطا الله، السينما وفنون التلفزيون، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ١٩٩٧، ص١٤.

کەواتە دەکرێ لەبەر مەبنای هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ لە وێنەی تەلەڤزیۆندا هەبێ و پێویستە لەسەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەتەلەڤزیۆن کاردەکەن لەکاتی بەکارهێنانی وێنە یان وێنەگر لەکاتی چرکاندن و تۆمارکردنی وێنەی جوڵاودا دەبێت ڕەچاوی کۆمەڵێک یاسا بکات لەوانە:- [١]

١. ڕوونیی: بریتییە لە وێنەگرتنی ئەو شتەی کە مەبەستە، لە دوورییەکی دیاریکراو لە ئامێری وێنەگرتن، دەبێت ئەو دوورییە لە ئاستی بینیندا بێت، ئەگەر وێنەگر سوربوو لەسەر هێڵی بواری بینین لەڕووی هونەرییەوە ئەوە ڕوونی لە وێنەدا بەدی دێت، مەگەر ئەوەی هۆکارێکی دیاریکراو هەبێت کە کاری پێچەوانەی ئەمە بکات.
٢. گونجاندن: لێرەدا پێویستە لەسەر دەرهێنەر ئاشنا بێت بە بنەماکانی گونجاندنی وێنە سەبارەت بە بابەتی سێبەر.
٣. هەماهەنگی: کاتێک ئەم یاسایە لە وێنەدا بەدی دەکرێ ئەگەر هاتوو دەرهێنەر توانی ڕەنگە بەکارهاتووەکان جاچ لە بارگراوندا بێت یاخود لە جلوبەرگ و کەرەستەکانی دیکەدا هاوسەنگی ڕەچاوبکات هەوڵی نەشازبوون نەگونجاندن لە بابەتە وێنەییەکەدا سنووردار بکات.
٤. ئاشنابوون بەبنەمای ئارامی لە وێنەدا: بریتییە لە وێنەدانەوە و شکاندنەوەی وێنەکان، کاتێک بە ئەنجام دەگەیەنرێت بەوەی نابێت پەنا ببرێت بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕووکارانەی کەلە بەردەم ڕووناکیدا وێنەدانەوەیان هەیە، ناکرێت وێنە لە شێوەی نائاسایی خۆیدا بەکاربهێنرێت، وەک وەستانی مرۆڤ بەلاری، مەگەر لە حاڵەتێکی دەگمەن یاخود سنووردار‌دا بێت.
٥. قەبارە: دەبێت دەرهێنەر بنەمای وێنە لە ڕووی قەبارە بزانێت، چونکە وێنەکان قەبارەی جیاوازیان هەیە و هەر قەبارەیەک گوزارشت و شوێنی تایبەت بەخۆی هەیە.
٦. شێوە: دەکرێت وێنە چەندین شێوەی هەبێت لەوانە:-

- گۆشەی بابەت کە بینەر لێیەوە تەماشای ڕووداوەکان دەکات وەکو ئەوەی لە ڕووداوەکەدا ژیابێت بەبێ ئەوەی کەس ئەوی بینیبێت.
- گۆشەی گۆشەنیگا، لە ڕێگەیەوە بینەر تەماشای ڕووداوەکان دەکات وەک ئەوەی لەگەڵ یەکێک لە بەشداربووەکانی پرۆگرامەکەدا بەشداربێت.
- گۆشەی خۆیبوون، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەران بەشداری بکەن لەو بابەتەی کە دەیبینن، لەڕێگەی گەڕاندنەوە بۆ ڕابردوو دەبێت لە ئەنجامی تەماشاکردنی ڕووداوەکان لەچاوی ئەکتەرەکان.

---

[١] كمال الحاج، الإنتاج الإذاعي التلفزيوني، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١٠٧.

## ٥.٣ بەها و گرنگی و ئەرکی وێنەی تەلەڤزیۆن (وێنەی هەواڵ):

### ٥.٣ .١ بەهاکانی وێنەی تەلەڤزیۆن:

وێنەی هەواڵی دڵنیایی دەبەخشێتە ناوەڕۆکی هەواڵەکە و تێکستی هەواڵەکە تەواو دەکات، چونکە ڕاستی ڕووداوەکان بە چەند وشەیەکی کەم دەتوانێ دەربرێت یاخود بەبێ وشە هەندێک کات وێنە ڕووداوێکی تایبەت دەگێڕێتەوە، دەتوانین بەهای وێنەی هەواڵی لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:- [(١)]

١. هەنووکەیی و تازەیی: وێنەگری ڕۆژنامەوانی لەژێر کاریگەری کاتدا کاردەکات، چونکە وێنەی هەواڵی دەبێ لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا تۆماربکرێت، بۆئەوەی هاوپێچ بکرێ لەگەڵ هەواڵەکە.
٢. ڕاستگۆیی: لە گرنگترین پرەنسیپ و بەهاکانی وێنەیە، پابەندبوون بە بابەتیبوون و ڕاستگۆیی و ڕوونی بە بنەمای سەرەکی هەموو کارێکی ڕاگەیاندن دادەنرێ.
٣. پەیوەندیکردن: وێنەی هەواڵی دەبێ بەهای هەواڵەکە بۆ توخمەکانی دەربخات، بەشێوەیەک وەڵامی هەموو ئەو پرسیارە گرنگانە بداتەوە کە بینەر بەشوێنیدا دەگەڕێ، بەجۆرێک دەبێ وێنە شیکارییەکان لە لێکۆڵینەوە میدیاییەکاندا ووردەکارییەکان لەخۆبگرێ و هەموو ئەو مانایانە ڕوون و شیبکاتەوە و دڵنیابێت لێیان کە مەبەستیەتی بیگەیەنێ بەبینەر.
٤. گرنگیدانی مرۆیی: توخمێکە لە توخمەکانی وێنەی هەواڵی کە وادەکات وێنەکە هەستی بینەر بجوڵێنێ و بیخاتە بارێکی وا کە هەڵچوون و خۆشەویستی و ڕق دیاریبدات لێی بەهۆی ڕووداوە مرۆییە ناوەکی و دەرەکییەکانەوە.
٥. نزیکی: بینەر زیاتر گرنگی بەوە دەدات کەچی لە کۆمەڵگەکەیدا دەگوزەرێ و سەرنووسەر بڕوای وایە دەبێ هەواڵە وێنەدارە ناوخۆییە گرنگەکان لەسەرەتای گەشتی هەواڵەکەدا دابنرێ بە ئامانجی سەرنج ڕاکێشانی بینەر بۆ بابەتەکان.

دەکرێ بووترێ فەلسەفەی بڵاوکردنەوەی وێنە بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، فەلسەفەیەکی دووجەمسەرە:- [(٢)]

ا- وێنە هۆکارێکە بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن و سەرنج دان بۆ بابەتەکان و سەلماندنی ڕاستییەکان و بەڵگەی مێژوویی و تۆمارکردنی بابەت و هەواڵە پەیگیرەکان بەکاردەهێنرێ.
ب- لایەنی جوانکاری و پڕکردنەوەی جێگای وشە و هونەرکارییە بۆ کاری دیزاینکردن و سەرنجڕاکێشانی زیاتری وەرگر جا خوێنەر بێ یاخود بیسەر و بینەر.

کەواتە وێنە بە فاکتەرەکی گرنگ دادەنرێ بە ئامانجی دانانی کاریگەری و سەرنجڕاکێشانی بینەر بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کەلە ڕێگەی شاشەیەکەوە بەشێوەی جۆڵا و یاخود وەستاو بڵاودەکرێتەوە، هانی وەرگر دەدات بۆ زیاتر گرنگیدان بە بابەتە میدیاییەکان، پێویستە لەسەر وێنەگر ئەو وێنانە بگرێ و

---

[١] پاڤێ جمیل احمد صالح، وضیفة الصورة الخبریة في الصحافة الکوردیة جریدة (ئاوینة) نموذجا، رسالة الماجستیر، غیر المنشورة، (جامعة السلیمانیة، سکول: العلوم الإنسانیة، قسم: الاعلام – الصحافة، ٢٠١٢)، ص١١٠-١١١.
[٢] هاونیاز سامی سابیر، دیزاینی ڕۆژنامە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٧، ل٢٨.

تۆماریان بکات کە بۆ بینەران سەرنجڕاکێشن، نەک وێنەی وەستاو مردوو!!! بۆیە وێنەکان دەبێ ڕوومالْی ڕووداوە گەرمەکان بکەن و لە ناوجەرگەی ڕووداوەکاندا تۆماربکرێ و بەرهەمبهێنرێت.

## ٢ .٥.٣ گرنگی وێنەی تەلەفزیۆن:

دەتوانرێ بووترێ گرنگی وێنە بریتییە لە:-

١. ڕاکێشانی سەرنج و دانانی کاریگەری و پێشکەشکردنی پەیامێکی کاریگەر بە بینەر، وێنەی ڕۆژنامەوانی بەوە جیادەکرێتەوە کە گرنگییەکی دیاریکراوی هەیە لە گواستنەوەی نامە میدیاییەکان بە توانایەکی بەرز و دیاریکراو، بەیەکێک لە ئامرازە ڕاستگۆ و باوەرپێکراوەکان دادەنرێ کەلەلایەن ئامرازە میدیاییەکانەوە بەکاردەهێنرێت، لە پێناو پشتگیری کردنی ماددە هەواڵییەکان.
٢. یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی وێنە توانای دۆکیومێنتکردنی ڕووداوەکانی هەیە لەلای وەرگر، سەبارەت بەو ڕووداوانەی کەبە شێوەی بینراو یاخود خوێندراو بەرکەوتەی دەبێ بۆی، بێگومان ئەمانە لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر دەبێ بۆ هەموو ئەو ئاوازانەی لە وێنەکەدا بەدیدەکرێ.
٣. وێنە مانایەکی زیاتر بۆ ماددە ڕۆژنامەوانییەکان زیاد دەکات کەلە ڕێگەی دەزگاکانی میدیا ئاراستەی وەرگر دەکرێ، بەمە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان متمانەیان گەورەتر دەبێ لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ وشەکان بە ئامانجی دروستکردنی کەشێکی واقعی نزیک لە واقعە گواستراوەکە و پشتیوانیکردنی وەرگرلە " تێگەیشتنی هەواڵ و فیدباک". [١]
٤. زیادکردنی متمانە و ڕاستگۆیی لای وەرگر بۆ بابەتە میدیایی و بڵاوکراوەکان.
٥. باشترکردنی شێوەی گشتی ئامرازە میدیاییەکان.
٦. وێنە بەرهەگەزێکی گرنگ دادەنرێ و توخمێکە کەلە ڕێگەیەوە دەتوانێ پێشبڕکێ لەنێوان ئامرازەکاندا بکات.
٧. وێنە ڕۆڵی هەیە لە ئەنجامدان و دروستکردنی ڕیکلامی گەورە.
٨. وێنە هۆکارێکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و دەوڵەمەندکردن و جێگیرکردنی زانیاری بابەتە وێنەییەکان لە مێشک و هزری وەرگر لە ژانرەڕۆژنامەوانیەکاندا.[٢]

---

[١] یاسمین احمد فؤاد علي، الصورة الصحفية واهميتها، ttps://courses.minia.edu.eg/Attach/St_Research/10/2629807142402441%D8%A7%D9%84%D8%B5%D9%88%D8%B1%D8%A9%20%20%D8%A7%D9%84%D8%B5%D8%AD%D9%81%D9%8A%D8%A9%20%D9%88%D8%A7%D9%87%D9%85%D9%8A%D8%AA%D9%87%D8%A7.pdf (2|2|2022, 9:40AM )

[٢] پاڤێ جميل احمد صالح، وظيفة الصورة الخبرية في الصحافة الكوردية، المكتب العربي للمعارف، القاهرة، ٢٠١٩، ص٦٠-٦١.

## ٣ .٥.٣ ئەركی وێنەی تەلەڤزیۆن:

(د. أحمد خليل حامد) وای دەبینێت کە وێنە بە کۆمەڵێک ئەرک هەڵدەستێت، یان کۆمەڵێک ئەرک جێ بەجێ دەکات وەک:- [1]

١. گواستنەوەی زانیاری.
٢. دڵنیا بوونەوە لە زانیارییەکان.
٣. چڕکردنەوەی ماناکان.
٤. چێژ وەرگرتن و کاتبەسەربردن.

لە پۆلێنێکی دیکەدا وێنە کۆمەڵێک ئەرکی دیکە لە خۆی دەگرێ کەلە خوارەوەدا ئاماژەی پێدەدرێ:-

١. ئەرکی هەواڵی.
٢. ئەرکی سایکۆلۆژی (دەروونی).
٣. وێنە ڕۆڵی دەبێت لە پێدانی ڕاستگۆیی و ووردی بە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان. [2]
٤. ئەرکی جوانی.
٥. ئەرکی دۆکیومێنتکردن.
٦. ئەرکی دەرهێنان.[3]

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە وێنەی تەلەڤزیۆن هەموو ڕەهەندەکانی تێدا بەدی دەکرێ هەر ئەوەش وایکردووە پەیامەکانی ئەم ئامرازە ئێستای لەگەڵدا بێ سەرەڕای بوونی میدیای نوێ کاریگەری و گرنگییەکەی لەدەست نەداوە بەهۆی بوونی زیندوویی و ڕاستگۆیی لە ناوەڕۆکی ژانرە تەلەڤزیۆنییەکان و خێرایی لە بڵاوکردنەوە و گرنگی دان بەلایەنی دەروونی و سایکۆلۆژیای وەرگر و ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی تەلەڤزیۆن بابەتەکانی خۆی تێدا پەخش دەکات.

## ٦.٣ جۆرەکانی وێنەی تەلەڤزیۆن:

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە جیهاندا گرنگی زیاتر بە وێنە و بابەتە وێنەییەکان دەدرێت و لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەسەرجەم جۆرەکانی، لەهەوڵی پێشبڕکێدان بە ئامانجی وەرگرتنی وێنەی نوێ و غەریب و وێنە گرنگ و پڕشەوقەکان کە مەبەست لێی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە، بۆ گرنگترین ئەو ڕووداو و بابەتانەی کە وەرگر بەتامەزرۆوە چاوەڕوانی وەرگرتنی دەکات.

---

[1] احمد خليل حامد، الصورة الصحفية – منظور مهني، المجلس القومي للصحافة والمطبوعات الصحافة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، ٢٠١٢، ص٢٠٨.

[2] إبراهيم محمد سليمان، مدخل الي مفهوم سميائية الصورة، المجلة الجامعة (جامعة الزاوية)، العدد:١٦، المجلد: الثاني – ابريل - ٢٠١٤ ، ص١٧٠.

[3] حنين سعد سلمان عبد الله، توظيف الصورة الصحفية في المحتوي الرقمي للتنظيمات الإرهابية - دراسة تحليلية لموقع العربية .نت، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: تكريت، كلية: الاداب، قسم: الاعلام)، ٢٠١٩. ، ص ٢١.

بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین تەلەڤزیۆن کاریگەرترین کەناڵی ڕاگەیاندنە کە ڕاستەوخۆ کار لەجەماوەر دەکات، لەوانە فراوانیی بڵاوبوونەوەی وێنە و ئاوێتە بوونی ڕەنگ و دەنگ، یەکانگیریی وێنە و دیمەنەکان و دەنگە دراماتیکییەکان لەگەڵ تێکستی نووسراو و خوێندراو کە هەموویان پێکەوە دەبنە پەیام و ئامانجەکە دەگەیەنن[١]. کەواتە کاریگەری تەلەڤزیۆن و وێنە گەشتۆتە ئەو ڕادەیەیی دەکرێ ئاماژە بەوەبدرێ کە (تەلەڤزیۆن وەک ناوەندێکی ئەکادیمی وایە ئامانجی گەیاندنی زانست و زانیارییە لە ڕێگەی ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەی کە پەخشی دەکات هەموو کەسێک دەتوانێ بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی تێگەیشتنی بۆ بابەتەکە هەبێ و شتی لێوە فێربێ).[٢]

پرۆسێسی دابەشکردنی وێنە بۆ بابەتی سنوردار و وورد یەکێکە لە کارە سەختەکان، تا هەندێکجار ئەو دابەشکردنە عەمەلی نییە[٣]، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆرێک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەوانی بەگشتی و تەلەڤزیۆن بە تایبەتی کۆکن لەسەر بوونی هەندێک جۆری وێنە کە پەیامە بینراوەکان بەگشتی و هەواڵی تەلەڤزیۆن بەتایبەت پشتی پێدەبەستن و بەکاریدەهێنن، چونکە هەر هەواڵێک کە نمایشدەکرێ جۆرێک لە وێنە یاوەری و هاوئاهەنگی دەکات و خۆی دەبینێتەوە لە:-

**یەکەم - وێنەی جوڵاو (Moving Image):**

چیرۆکێکە گوزارشت لە هزر و کەلتور و ڕۆشنبیری وێنە و ڕووداوەکان دەکات، بەڵام بیروباوەڕ و مۆڕاڵی تایبەت بەخۆی لەخۆ دەگرێ، کاریگەری لەسەر بینەر هەیە گەر هەستی پێبکات یاخود نا.[٤]

وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ) بەوە جیادەکرێتەوە لە وێنەکانی تر، کە وێنەی ئەلیکترۆنی تیشکین و لە کۆمەڵێ خاڵی هاوتەنیشت پێکدێن و لەسەر کانزایەکی زۆر هەستیار بەرامبەر ڕووناکی پێکدەهێندرێ، هەندێکجار ئەم وێنانە پێناسەی جیایان بۆ دەکرێ و هەریەک لە وێنەی سینەما و وێنەی تەلەڤزیۆن بە وێنەی جوڵاو پێناسە یاخود هەژماردەکرێن، چونکە هەردوو توخمی دەنگ و ڕەنگ لەخۆدەگرێت و لەیەک کاتدا هەردوو هەستی بینین و بیستن دەدوێنێت[٥]. واتە کاتێک بێژەر هەواڵ پێشکەش دەکات و دەیخوێنێتەوە وێنەی جوڵاو یاوەری تێکستە خوێندراوەکە دەکات وەک (SOT و LVO).[٦]

"پەیمانگای جەزیرە" پێیوایە وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ) گرنگییەکی زۆری هەیە لە کاتی ئاڕاستەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییە بینراوەکان چونکە لەکاتی تۆمارکردندا کاتێکی زۆری پێویستە تا شریتە ڤیدیۆییەکە بەرهەمدەهێنرێت و تێچووی زۆرە.[٧]

---

[١] لوقمان محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.
[٢] عبدالله الطويرقي، علم الاتصال المعاصر، ط٢، بدون مكان الطباعة ، ١٩٩٧، ص٢٤٧.
[٣] عامر ئیبراهیم قەندیلچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.
[٤] محمد بن عبدالرحمن العريفي، الرسوم المتحركة واثرها عقيدة الناشئة، بدون مكان الطباعة ، ١٥ ربيع الثاني ١٤٣١هـ- ٢٠٠٩، ص٢١.
[٥] حسن السوداني، قراءة المرئيات، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدانيمارك، ٢٠٠٩، ص٢٧.
[٦] چۆلی ئەسعەد، تەلەڤزیۆن (هەواڵ و پرۆگرامی هەواڵ)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
[٧] هاشم عبد السلام الكفاوين، الأداء الصوتي وفنونه، معهد الجزيرة للاعلام، قطر، ٢٠٢١، ص١٧٦.

وێنەی تەلەڤزیۆن بە وێنەی زیندو و بەگرنگترین ئامراز دادەنرێت لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداوە گرنگ و سەرنج ڕاکێشەکان، چونکە وێنە بەیەکەم ڕەگەز دادەنرێ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ و ژانرە تەلەڤزیۆنییەکاندا، بەهۆی ئەوەی وێنەی جوڵاو دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر هەست و سۆز و لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژیای خەڵک بەتایبەت و بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی چاو، یاخود بەهۆی هەستی بینین کەلەسەر و هەستەکانی دیکەوەیە و کاریگەری زۆرتر دروست دەکات[١]. وێنەی جوڵاو یەکێکە لە گرنگترین ئەو وێنانەی کە هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکان پشتی پێدەبەستن، سەرجەم ڕەگەزەکان بەشدارن لە دیمەنی وێنە هەواڵییەکەدا وەک جوڵە، ڕەنگ، وێنە و ڕووناکی و ئەوانی تر، بێگومان هەموو ئەم ڕەگەزانە کاریگەرییان هەیە لەسەر زیادکردنی هەستی بەشداریکردن لای وەرگر بەشێوەک وەک ئەوەی هەست بکات لەهەمان کات و سەردەمدا دەژی.[٢]

## دووەم ـ وێنەی وەستاو ـ جێگیر (CAP- Still):

بە زمانی ئینگلیزی بە CAP نیشانەکراوە و کورتکراوەی وشەی Caption[*] هەندێک لە کەناڵەکان دەستەواژەی دیکەیان بۆ بەکارهێناوە وەکSS کورتکراوەیStill Stored بەمانای وێنەی بەستوو دێ[٣]. هەروەک هەواڵی وێنەی وەستاو (جێگیر) بە Intro ناودەبرێت و کورتکراوەی Introduction، لەم جۆرەدا پێشکەشکار لە دەستپێکی هەواڵدا دەردەکەوێ و لەسەر شاشە هەواڵەکە دەخوێنێتەوە بەبێ بوونی وێنە، بەڵام هەواڵساز هەوڵدەدات ئەم شێوازە لە هەواڵی ڕادیۆ (ئێزگە) جیابکاتەوە بەو هۆیەوە وێنەیەکی وەستا (فۆتۆ)ی بۆ ئامادە دەکات، دوای دیارنەمانی بێژەر وێنەکە نمایشدەکرێ و یاوەری دەنگی بێژەرەکەی لەگەڵدایە[٤]. زۆرجار ئەم جۆرە لە وێنە لە کاتی هەواڵە بەپەلە و لە ناکاو و نائاساییەکاندا بەکاردەهێنرێ، بەهۆی نەبوونی وێنەی زیندوو (جوڵاو).[٥] کەواتە دەکرێ وێنەی وەستاو بە: وێنەی بێدەنگ یان وێنەی نەجوڵاو ناوبرێت.[٦]

## سێیەم ـ وێنەی گرافیک (Graphic):

چەمکێکە بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە چەند جۆرێک لە هونەرە بینراوەکان، وەک (وێنەکێشان، دیزاین، نووسینی هونەری).[٧]

بەکارهێنانی گرافیک لەهەر ژانرێکی ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەڤزیۆن)دا، چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئەو ڕووداوانەی وێنەی جوڵاویان نییە، یان بەلایەنیکەم وێنەی ڕووداوەکە بەردەست نییە. هەربۆیە پێویستە

---

[١] محمد الفاتح حمدي، عبد القادر عراضة، انتاج النشرات الإخبارية التلفزيونية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٣، ص١٢-١٣.
[٢] عبد النبي خزعل، فن تحرير الاخبار والبرنامج في الفضائيات التلفزيونية والقنوات الاذاعية، دار النهضة العربية بيروت، بيت الحكمة، العراق، ٢٠١٠، ص ١٣٣.
[٣] رياض معسعس، التقنيات الصحافة الموسوعة والمرئية، دار النينوي للدراسات والنشر والتوزيع، بدون مكان والسنة، ص ٧١.
[٤] إسماعيل الأمين، الكتابة للصورة، ط٢، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، لبنان، ٢٠١٠، ، ص ٤٧.
[٥] نەبەز ئەحمەد حەسەن، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٢.
[٦] كرم شلبي، فن الكتابة للراديو والتلفزيون، دار الشروق، جدة، ١٩٨٧، ص٦٦.
[٧] هەردەوان نەقشبەندی، دەروازەیەک بۆ دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٦.
[*] CAPTION: واتە نووسین لەژێر وێنە، لە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆندا بەکاردێت، وەک ناوی کەسایەتی یان شوێن یاخود ڕوونکردنەوە لەسەر وێنەکە دەنووسرێت.

بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەمەبەستی زیاتری ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بێ نەک لە پێناو پڕکردنەوەی کەموکوڕی وێنەی جوڵاو.[١]

دەکرێ بووترێ کاری گرافیک: ئەو تێکست و وێنە و خشتە و نەخشە فۆتۆگرافیانەن کە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی سەرجەم ئەو بابەتانە بەکاردەهێنرێن کەلە ڕێگەی شاشەیەکەوە نمایشدەکرێ جگەلە وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ). دوا ووتەFinal Say لەمەڕ کارەکانی گرافیک بۆ لایەنی ئامادەکاری تێکست و داتاکان دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێک پرۆسەکە جێبەجێ دەکرێ دوابڕیار لەڕووی ڕەنگ و هێڵەکان لای گرافیستە، واتە لایەنی هونەری و دیارکردنی جەوهەری بابەت و خاڵە گرنگەکان کاری هەواڵساز و پرۆدیوسەرە.[٢]

وێنەی گرافیک دەکرێ هونەرێکی نووسراو، چاپکراو یان بینراوبێ، بە نزیکەیی لە هەموو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەم هونەرە لە تەلەڤزیۆن و فیلمسازیدا بریتییە لە: ناونیشانی بەرنامە، خشتەی ڕوونکردنەوە، نەخشە، هێڵکاری،...هتد.[٣]

لەبەرئەوەی گرافیک بە جێگرەوەی ماددە فیلمییەکان دادەنرێ، بۆیە پێویستە لەکاتی بەکارهێنانیدا ڕەچاوی کۆمەڵێک بنەما بکرێ، لەبەر چەند هۆکارێک بەکاردەهێنرێ:-

١. گرافیک شوێنگرەوەی وێنەی جوڵاو یان وەستاوە، لەبەر نەبوونی وێنە بەکاردێت.
٢. ڕوونکردنەوەی زیاتری سەرجەم ئەو بابەتانەیە کە باسکردن و پیشاندان و تێگەیشتنیان ئەستەمە، وەک شیکردنەوەی ئاماری و خشتەکان.
٣. هەندێکجار گرافیک بەکاردێت، وەک لایەنێکی جوانکردن لە ژانرە تەلەڤزیۆنییەکاندا، بە کۆڵەکە و بنەمایەکی گرنگی کاری میدیایی دادەنرێ.[٤]
٤. پێویستە وێنە گرافیکییەکان ڕوون و دیاریکراوبن و هارمۆنییەت (گونجاندن) لەبەکارهێنانی ڕەنگەکاندا هەبێت.
٥. وێنەی گرافیک پێویستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕووداوەکەوە هەبێت، کەلە هەواڵەکەدا باس دەکرێت.
٦. کاتێک گرافیک بۆ ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان دادەنرێ، دەبێت گرنگترین بڕگە و خاڵەکانی بابەتەکە لەسەر شاشە (مۆنیتەر) بنووسرێت. لەگەڵ دانانی وێنەیەک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تێکستەکەوە هەبێت و پاشان لە ڕێگەی دەنگی بێژەر یاخود ڕیپۆرتەر لەلایەن مۆنتێر لە پرۆسەی مۆنتاژ کاری ڕێکخستن و گونجاندنی بۆ دەکرێ. بۆ نموونە: لە ڕێکەوتنی سیاسی نێوان دوو حزب لەگەڵ دانانی لۆگۆی هەردوو حزبەکە گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە لەسەر شاشەکە دەنووسرێ بە شێوەیەکی هونەری.[٥]

---

[١] هەردی ئەحمەد دەروێش، پەیامنێر (ڕۆڵ، ئەرک و تایبەتمەندییە پیشەییەکان)، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠٠٨، ل٦٥.
[٢] ئیسماعیل ئەلئەمین، بۆ وێنە دەنووسین، وەرگێڕان| ڕەوف حەسەن، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٣.
[٣] جرالد میلرسون، فن برنامەسازی تلویزیونی، ترجمة| مهدی رحیمیان، چاپ پنجم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٩ شمسی- ٢٠١٠، ص ٢٥٩.
[٤] نەبەز ئەحمەد حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.
[٥] هەردی ئەحمەد دەروێش، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

## ٧.٣ جۆرەكانی گرتە و قەبارە، گۆشە و جوڵەی كامێرا:

### ٧.٣. ١ جۆرەكانی گرتە (القطة - Shot):

گرتە (Shot): یەكەیەكی سەرەكی دیمەنە، لەپێش خۆی یاخود لەدوای خۆیەوە گرتەیەكی دیكە دێت، بەیەكەوە یەكەیەكی تەواوكاری یەكتری پێكدەهێنن، بە بنەمای سەرەكی دیمەن دادەنرێ، پێویستە لەسەر هەریەكێك لە گرتەكان ئامانجێكی هەبێ لەناو دیمەنەكەدا، ئەگەر نا پێویستە دەست بەجێ گرتەكە بگۆڕدرێ بۆ گرتەیەكی دیكە[١]، یان دەكرێ گرتە: هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە كە پەیوەندی بەكەسانی ناو دیمەنەكە یان پەیوەستن بەو پێكهێنەرانەی لەناو دیمەنەكەدا هەیە[٢]، ئەم گرتانە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە لەڕووی قەبارە دەكرێ جیاوازبن و بگۆڕێت[٣]. لە پرۆسەیەكدا لەلایەن وێنەگرەوە تۆماردەكرێت، لەسەر بنەمای مەودا، بۆشایی، بابەت[٤]. كەواتە بەشێكە لە بەرنامە یان فیلمی تەلەڤزیۆن و پێوانە دەكرێت لەكاتی كارپێكردنی كامێرا بە مەبەستی وێنەگرتن تا ساتی داخستن و كوژاندنەوەی كامێرا، هەموو بەرنامەیەكی تەلەڤزیۆن ئاماژەیە بۆ كۆمەڵێك گرتە و گرتەكان شێواز و جۆری جیاواز لە خۆدەگرێت بەپێی پێویستی و گرنگی ناوەڕۆك و بابەتی بەرنامە بەرهەمهێنراوەكە دەگۆڕدرێت بۆ گرتەی ( نزیك، ناوەند، گشتی...هتد).[٥]

دیمەن (Scene): كۆمەڵێك گرتەیە و كۆدەكرێنەوە لەیەكەیەكی كات و شوێندا، هەر گرتەیەك یان زیاتر، گوزارشت لە كردارێك یان زیاتر دەكات لە كات و شوێنێكی دیاریكراودا، بێگومان ئەمە دیمەنە، ئەگەر شوێنی گرتەكە بگۆڕدرێت دەبێتە هۆی دروست بوونی دیمەنێكی دیكە، ئەگەر هات و لەلایەن هەمان كەسەوە بەردەوامی هەبێ، بەڵام ئەگەر گۆڕانكاری لە كاتدا كرا ئەوە دەبێتە هۆی دروست بوون و بەرهەمهێنانی دیمەنێكی باش و نوێ، ئەمە كاتێك دەبێ ئەگەر گرتەكان لەهەمان كات و لەگەڵ هەمان كەسەكاندا بەرهەمبهێنرێ[٦]. دەكرێت بووترێت دیمەن: كۆمەڵێك گرتەی یەك لەدواییەكی تەواكراون لە كات و شوێنی دیاریكراودا، بێگومان ئەو كۆمەڵە دیمەنە كارێكی هونەری پێكدەهێنن.[٧]

---

[١] كاوه عزالدين عبدالرحمن، استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الإخبارية للفضائيات الكوردية و تأثيرها في القائم بالاتصال للمضمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

[2] Roy Thompson, Grammar of the Shot, Published by Elsevier Ltd, Linacre House, Jordan Hill, Oxford OX2 8DP, UK, 2006 , P:60.

[٣] صفوات عبدالحليم علي، الأسس العلمية والفنية في تصميم وإنتاج الصور التلفزيونية و دورها في تطوير منظومة الاتصال التعليمي، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة: حلوان، كلية: الفنون التطبيقية، ٢٠٠١)، ص٦٠.

[٤] برنارد ف. ديك، تشريح الأفلام (الفن السابع ٢٣٤)، ترجمة| محمد منير الاصبحي، منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة للسينما، الجمهورية العربية السورية، دمشق، ٢٠١٣ ، ص٩٤.

[٥] نوزاد صديق محمد، تخطية البرنامج التلفيزيونية في القنوات الفضائية الكوردية كوردستان و كوردسات انموذجا – دراسة مسحية عن برنامج القناتين منذ (١|١|٢٠٠٨) لغاية (١٦|١|٢٠٠٩)، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: السليمانية، كلية: العلوم الانسانية، قسم: الاعلام، ٢٠٠٩) ، ص١٥.

[٦] فاروق ناجي محمود، البرنامج التلفزيوني (كتابته ومقومات نجاحه)، دار النفائس للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٧، ص١٠٧.

[٧] سهر احمد محمد الجمال، فاعلية استخدام الرسوم المتحركة التلفزيونية في اكساب بعض المهارات اللغوية الأطفال متلازمة داون، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: عين شمس، قسم: الاعلام وثقافة الأطفال،٢٠١١)، ص٩٨.

دەربارەی جۆرەکانی گرتە چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی بواری وێنە، ئەوان وای دەبینن کە جەستەی مرۆڤ پێوەرە بۆ دیاریکردنی قەبارە و جۆرەکانی گرتە وەک:- بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥)

١. گرتەی گشتی زۆر دوور (Extreme Long Shot): ئەو گرتەیە تیایدا زانیارییەکان زۆر وورد و دوورن بینەر توانای جیاکردنەوەی ئایکۆن (پێکهاتەی) ناو دیمەنەکانی نییە، وەک پیشاندانی دیمەنێکی گشتی سروشتی زۆر دوور، کە تێیدا ناتوانرێ ئەو کەسەی لە دیمەنەکەدا بوونی هەیە بناسرێتەوە، ئایا کەسەکە کچە یاخود کوڕ؟ بێگومان ئامانج لە نیشاندانی ئەم گرتەیە، ئەوەندەی دیمەنە گشتییەکە گرنگە ئەوەندە گرنگی بەوە نادرێ کە ڕەگەزی کەسەکە چییە؟ واتە لەکاتی گرتن و تۆمارکردنی ئەم گرتەیەدا گرنگی زۆر بە قەبارەی دیمەنەکە دەدرێ لە ڕووی فراوانی و دووری[1]. لەم گرتەیەدا وێنەگر هەوڵدەدات زۆرترین زانیاری بگەیەنێتە بینەر، بە گرتەی بنەڕەتی دادەنرێت بەجۆرێک لەسەرەتای دیمەنەکەدا دادەنرێت بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەی کە وێنەکەی لێ تۆمارکراوە.[2]

٢. گرتەی گشتی دوور (Very Long Shot): لەم گرتەیەدا هەموو ئەو ئایکۆنانە (پێکهاتەکان) لە دیمەنەکەدا بوونیان هەیە دەردەکەون، بەڵام زۆر ڕوون نین واتە دەکرێ بووترێ لەم گرتەیەدا زیاتر سروشت دەردەکەوێت ئەگەر هات و دیمەنەکە دیمەنی سروشت بێ.[3]

٣. گرتەی ناوەند (Medium Shot): گرتەیەکە لە نێوان گرتەی گشتی و گرتەی ناوەند، بەهای ئەم گرتەیە لەوەدایە کە تەرکیزت بۆ دروست دەکات لە دیمەنێکدا، بە جۆرێک کەلە گرتەی دووردا ئەو تەرکیزە نییە یاخود بۆت دروست نابێ، لە گرتەی گشتیدا جوڵەی تەنەکە ئازادترە لەو شوێنەی کەهەیە بەبەراوورد بە گرتەی ناوەند جوڵەی تەنەکە سنوردارە، هەربۆیە پێویستە لەسەر تەنەکە (ئەکتەر) ئاگاداری جوڵەی خۆیبێ بە جۆرێک جوڵە زیاد و کەم بکاتەوە یاخود فەرامۆشیان بکات.[4]

٤. گرتەی ناوەندی نزیک (Medium Close Shot): ئەم گرتەیە بەکاردەهێنرێ بۆ وێنەگرتنی کەسێک لە سەر سەریەوە تا سەر سنگی.[5]

٥. گرتەی ناوەندی دوور (Medium Long Shot): وێنەی کەسێکە لەسەر سەریەوە تا ئەژنۆ و زۆرجار ئەم گرتەیە گرتەی ئەمریکی پێدەوترێ (American Shot). لەم گرتەیەدا ٣|٤ ی درێژی لەش دەردەکەوێت، هەروەها بە گرتەی (هۆلیوود)یش بڵاوبۆتەوە، بەهۆی ئەوەی دەرهێنەرەکان لە زۆربەی فیلمەکانی هۆلیوود ئەم گرتەیان بەکارهێناوە.[6]

---

[1] ادم ادم، التصوير والإخراج السينما، منتدي المنابر الجرافيك، ٢٠١٤، ص١١.
[2] عبدالخالق علي، الصحافة التلفزيونية، دار المحجة البيضاء للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠، ص١٥٤.
[3] عبدالباسط سلمان، مظاهر العولمة، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة: بغداد، كلية: الفنون الجميلة، ٢٠٠٢) ، ص١٢٥.
[4] جرالد ميلرسون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
[5] كاوه عزالدين عبدالرحمن، استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الإخبارية للفضائيات الكوردية و تأثيرها في القائم بالاتصال للمضمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.
[6] رستم أبو رستم، جماليات التصوير التلفزيوني، المعتز للنشر والتوزيع، عمان، الاردن ، ٢٠١٠، ص٢٤.

٦. گرتەی نزیک (Close Up Shot): لەم گرتەیەدا وێنەکە لە شانی کەسێکەوە تا سەری کەسەکە تۆماردەکرێ و دەردەکەوێت، ئەرکی سەرەکی ئەم گرتەیە ئاڕاستەکردنی بینەرە بۆ سەرنجدان لە چاو و دەمی کەسێک، کەلە ڕێگەیەوە دەتوانرێ ڕەنگی پێستی کەسەکە بە ئاسانی ببینرێ.[١]

٧. گرتەی گەورە (Big Close Up): دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین ئەو گرتانەی کەلە مێژووی گەشەکردنی تەکنیکی فیلمدا بەکارهاتووە، ئەم گرتەیە زمانی سینەمای دڵنیاکردۆتەوە لەوەی کە توانایەکی خولقێنەری گەورەی هەیە بۆ گوزارشتکردن لە قوڵترین و ووردترین هەستەکانی مرۆڤ کاتێک لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن لە ڕێگەی حیوارکردن (دیالۆک) لە دیمەنێکی درامیدا ئەکتەرەکان دەردەکەون.[٢]

٨. گرتەی زۆر گەورە – نزیک (Extreme Close Up Shot): ئەم گرتەیە پێکدێت لە دیمەنێکی زۆر نزیکی دەم و چاو.[٣]

٩. گرتەی زۆر گەورە یان زۆر نزیک (Very Close Up Shot): لەم گرتەیەدا وا پێویست دەکات زۆر لە بابەتەکە نزيك ببیتەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین لە گواستنەوەی ووردەکاریی زیاتر لەوەی کە گرتەی گەورەی کلاسیکی ڕێگەی پێدەدات، بۆ نمونە لە فیلمی "ئۆرگازم" کە فیلمێکی چیکییە، ئەم جۆرە گرتەیەی بەشێوەیەکی جوان و کاریگەر بەکارهێناوە، لەڕێگەی ئەم جۆرە گرتەیەوە لێوی کچێک نیشان دەدات کە دەچێتە ناو کوخی خۆشەویستەکەی، دەرهێنەر توانیویەتی گەرموگوڕی سۆزی ئەو کچە نیشانی بینەر بدات لە ڕێگەی لێوە بەیەکەوە نووساوەکانی و دواتر کرانەوەی، دەبێت لەڕووی ئابوورییەوە دەست بەم جۆرە گرتەیەوە بگیردرێت، چونکە بەهای کاریگەریی خۆی لەدەستدەدات و ئەگەر زۆر بەکاربهێنرێت لە بەرهەمە درامی و تەلەڤزیۆنییەکاندا.[٤]

### ٣.٧. ٢ قەبارە و ماوەی وێنە:

مەبەست لەو ماوەیە کە دەدرێتە وێنە لەکاتی نمایشکردنی لەڕێگەی شاشە بینراوەکانی وەک (تەلەڤزیۆن، سینەما،...هتد)، بێگومان شێواز و بەکارهێنانی وێنەکان بەپێی ماوەی بەکارهاتوو بە چەند شێوازێک بەکاردەهێنرێن، بەپێی ژانر و بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە گرنگی و هەنووکەیی وێنەکە ڕۆڵی هەیە لە مانەوەی دیمەنەکان لەسەر شاشە، کەواتە وێنە لەڕووی قەبارەوە دەکرێ بە چەند جۆرێکەوە لەوانە:- [٥]

١. وێنەی کورت: ئەو وێنانەن کە ماوەی بەکارهێنانی کەمترە لە ٣٠ چرکە.
٢. وێنەی مامناوەند: ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە ماوەی بەکارهێنانیان لە ٣٠ بۆ ٥٠ چرکەدایە.

---

[١] جمال محمد عبدالحي، تحليل اللقطة في الخطاب التلفازي: المفاهيم والاطر النظرية ومناهج، مجلة جامعة الشارقة (للعلوم الإنسانية والاجتماعية)، المجلد:١٥، العدد: ٢ ديسمبر ٢٠١٨، ص٢٣٧.

[٢] مارتن مارسيل، اللغة السينمائية، ترجمة| سعد مكاوي، الدار المصرية للتأليف و الترجمة، قاهرة، ١٩٦٩، ص٤٥.

[٣] پاڤێ جەمیل ئەحمەد و ئەوانی تر، ڕۆڵی کامێرا لە فلمی دۆکۆمێنتارییدا (فلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵیBBC لەسەر شەرڤانانی ژن لە کۆبانێ بە نموونە – توێژینەوەیەکی شیکارییە لە ماوەی٢٠|٩|٢٠١٤ تاوەکو ١٥|٤|٢٠١٥)، لە گۆڤاری ئەکادیمیایی کوردستان، بەشی (بی)، ژمارە (٠٤)، ئەیلول ٢٠١٥، لا١٧١. بڵاوکراوەتەوە

[٤] نجم شهيب، كتابة السيناريو، دار المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص٥٤-٥٥.

[٥] کاوه عزالدين عبدالرحمن، استخدام مؤثر القطع في فيلم" کوێستانی سپی"– دراسة وصفية تحليلية، مجلة جامعة گرميان، العدد:١٣، المجلد:١، ٢٠١٧، ص٥٦٦.

٣. وێنەی درێژ: ماوەی بەکارهێنانی وێنە لێرەدا لەنێوان ٥٠چرکە بۆ ١ دەقیقەدایە. وێنەکە ڕووبەرێکی فراوان داگیر دەکات.[١]

### ٣ .٧.٣ گۆشەی کامێرا (Camera Angle):

مەبەست لە بەرزی و نزمی کامێرایە، کەوا دەکات کاریگەری بەرامبەر بابەتەکە لەسەر بینەر هەبێت، بێگومان پیشاندانی گۆشەی کامێرا لە ژیانی خەڵکدا کاریگەری خۆی هەیە[٢]، بۆنموونە: کاتێک گۆشەی کامێرا لە ئاستی چاوی بینەردا بێ، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کەسە ڕاستەوخۆ سەیر یان قسە بۆ جەماوەر دەکات[٣]. بە مانایەکی دیکە، گۆشەی کامێرا: شێوە و ئاڕاستەی کامێرایە لەکاتی وێنەگرتندا، یان ڕەنگدانەوەی کامێرایە بەجۆرێک والە بینەر دەکات بەڕوونی بتوانێت بەشێک لە سەرمایەکان وئەو شتانەی کەلە سنوری وێنەکەدان ببینێ.

یەکێک لە سودەکانی گۆشەی کامێرا ئەوەیە کە ئەگەر بەراووردکارییەکی تەواو بکرێ لە نێوان گۆشەی ئەو بابەتەی وێنەی گیراوە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا، ئەو گۆشەیە تەواو هاوشێوەی ناوەڕۆکی بابەتەکەیە و نایەڵێت وێنەکە لە سنوری ئەو بابەتە لابدات و ببێتەهۆی چەواشەکاری بینەر[٤]. کەواتە دەکرێ بووترێ گۆشەی کامێرا لە تەلەڤزیۆندا جیاوازە ئەگەر بەراوورد بکرێ بە شانۆ و ئامرازەکانی دیکە، چونکە لێرەدا بینەر ناتوانێ ڕاستەوخۆ دیمەنەکان ببینێ وەک ئەوەی کەلە شانۆدا هەیە، بەڵکو بینەر لە ڕێگەی کامێرا ئەو گۆشانە دەبینێ کەلەڕێگەی دیمەنەکانەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێن[٥]، لە ناساندنێکی دیکەدا بۆ گۆشەی کامێرا، ئاستی دانانی کامێرایە، بەپێی ئاستی بابەتی وێنەکە، دەکرێن بە چەند جۆرێکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:-[٦] بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦)

١. گۆشەی ئاستی بینین (Eye Level Shot): لەهەموو ڕوویەکەوە وێنەکە دەکەوێتە ئاستی بینینی بینەر، کامێرا لەبەرامبەر کەسەکە دادەنرێت بە جۆرێک کەلە ئاستی چاویدابێ، گواستنەوەی وێنەکە وەک خۆی دەبێ.
٢. گۆشەی سەروو ئاستی بینین (High Angle Shot): لەم شێوازەدا لێنزی کامێرا لەسەرو ئاستی چاوە، واتە لەسەرو ئاستی هێڵی ئاسۆییە و لێنز بە ئاڕاستەی خوارەوەیە بەجۆرێک لە سەرەوە وێنەی خوارەوە دەگیرێت، ئەم گرتانە بۆ نیشاندانی بێهێزی و بێبایەخی کەسەکانە، والە کەسەکە دەکات لاوازە و دەکرێت شکست بخوات[٧]. ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم گرتەیە بچوککردنەوە و بێ نرخکردنی ئەو تەنەیە کە

---

[١] کاوە عزالدین عبدالرحمن، استخدام المؤثرات الصوریة في التخطیة الإخباریة للفصائیات الکوردیة وتأثیرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.
[٢] برزو ئیسماعیل مەنسور، پیشەگەری و تەکنیکەکانی بەرهەم لە شاشەی تەلەڤزیۆن، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩ ، ل٩٤.
[٣] جوناثان بنجیل، جیرمي اورلیبار، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.
[٤] جبار عودة العبیدي، الأعلام الإذاعي و التلفزیوني، مرکز عبادي للدراسات و النشر، (بدون مکان)، ١٩٩٥، ص٨١.
[٥] محمد عبد البدیع السید، الإخراج الإذاعي والتلفزیوني، بدون مکان و السنة ، ص٩٧-٩٨.
[٦] هەردی ئەحمەد دەروێش، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.
[٧] سهیر جاد، سامیة احمد علي، البرنامج الثقافیة في الرادیو والتلفزیون، ط٢، دار الفجر للنشر والتوزیع، ١٩٩٩، ص٣١.

مەبەستە وێنەی بگیردرێت  یان نیشاندانی هەستکردنە بە بێئومێدی، ئەم هەستکردنە زۆرجار دەچێتە ناخی وەرگر و بە گرتەی (چاوی خواوەند) یاخود گرتەی (چاوی پەلەوەر) ناودەبرێت.[١]

٣. گۆشەی خوار ئاستی بینین (Low Angle Shot): وێنەگر کامێراکە لە ئاستێکی نزمدا دادەنێت گۆشەکە بەرەو سەرەوە ئاراستە دەکرێ، ئەم گۆشەیە بۆ مەبەستی هونەری و دەروونی بەکاردەهێنرێت، چونکە لەم گۆشەیەوە دەتوانرێ گرنگی و پێگەی کەسەکان دیاریبکرێ  بۆیە پێویستە بە ووریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. [٢]

٤. گۆشەی چاوی باڵندە (Birds Eye View): بریتییە لەو گۆشەیەی ڕاستەوخۆ بەستوونی لەسەرەوە عەدەسەی کامێراکە ڕوودەکاتە ئەو تەنەی کە پێویستە وێنەی بگیردرێ و یەکێکە لەو گۆشانەی کە زۆرترین گرژی و سەرلێشێواوی و تەشویشی لەسەرە (دی جانتی) پێیوایە (ناڕەحەترین گۆشەیە بەبەراوورد بە هەموو گۆشەکان) و دەریدەخات کە کەسەکە (تەنەکە) گەمارۆ دراوە و فشاری لەسەرە، یان کەوتۆتە ژێر کاریگەری هێزی بەرامبەر، یاخود لە بارودۆخی ملکەچی و ژێردەستەیی دایە و شەرمەزار و بێدەسەڵات دەردەکەوێت.[٣] لێرەدا گرتەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەرەوە دەگیردرێت.

٥. گۆشـەی چـاوی مێرووله (Ant Eye View): ئەم گۆشـەیە پێچەوانەی ئاسـتی بینـی چـاوی باڵـندەیە و کامێرا زۆر لەخوار ئاستی بینینەوە دادەنرێ، وەک ئەوەی وێنەکە لە شوێنی مێروولەوە تۆمـارکرابێ، بە ئامـانجی گەورەکردنـی تەنەکـان بەکاردەهێنرێـت، بـۆ نمـوونە: کاتێـک وێـنەی گـومەزی مزگەوتێـک پیشاندەدرێ.[٤]

٦. گۆشەی خوار (Canted Angle): لەم گۆشەیەدا خولگەی ستونی کامێرا لاربوەتەوە، زۆرجار ئەم گۆشەیە لە دیمەنی توندوتیژی و شڵەژان و حاڵەتی کارەسات و نەبوونی هاوسەنگی یان نەمانی هاوسەنگی سۆزداری یاخود حاڵەتی بێئومێدی و مەستی بەکاردەهێنرێت[٥].  ئەم جۆرە گۆشەیە لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی کامێرادا بەکاردەهێنرێت و سودێکی زۆری هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر بۆ بابەتە دراماتیکییەکان (تەنە تۆمارکراوەکان).[٦]

### ٣.٧.٤ جووڵەی کامێرا (The Camera Movement):

جوڵەی کامێرا؛ بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی دیمەکان لە ڕووی ڕیتم و کات بە شێوەیەکی وورد[٧]، تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەڕووی ئەو شێوازەی کە وێنەکان جوڵەیان پێدەدرێت، چونکە ئەو جوڵانە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەگەز و پێکهاتەی وێنە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکە  تێڕوانین و شارەزای وێنەگر نیشان دەدات لە گەیاندنی ئامانجێکی مەبەستدار بە بینەر.  بۆهەر جوڵەیەکی کامێرا دەبێت

---

[١] الارقم محمد الجيلاني مصطفي، فاعلية الإخراج في الفنون السمعبصرية، السودان ، ٢٠١٧، ص ٨٥-٨٦.

[٢] رانيا ممدوح صادق، الإعلان التلفزيوني (التصميم والإنتاج)، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان ، الأردن، ٢٠١٢، ص٨٨.

[٣] يوهان عثمان حمەحسين، زاويا الكاميرا التلفزيونية في برامج الأطفال – دراسة تحليلية لمسلسلات (چيرۆكانى) في قناة كوردسات – جامعة السليمانية، مجلة جامعة گرميان ، العدد:٧، ٢٠١٥، ص٢٣٥.

[٤] هەردی ئەحمەد دەروێش، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

[5] https://www.eskchat.com/article3700.html?fbclid=IwAR392Mfm5DBMTtZOV59QQqteTA7_Me2xBfIcyCxpX873qJRYTTGdzKb0vLg (8|2|2022, 12:20AM)

[٦] رانيا ممدوح صادق ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[٧] هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

هۆکارێک هەبێت، بۆ نمونە: وێنەگر دەیەوێت لە ڕێگەی جوڵەیەکەوە سەرنجی بینەر ڕابکێشێت بۆ شتێکی دیاریکراو لەناو کادرێکدا (دیمەن)یان کاریگەرییەکی سۆزداری دروست دەکات یاخود هەستی بێزاربوون لە دیمەنێکدا دەکێشێت.[١]

جوڵە بەیەکێک لە خاڵە جەوهەر و ناوازەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان دادەنرێ لە سینەما و تەلەڤزیۆندا، ئامرازێکی بەهێز و گرنگە بۆ گێرانەوە، لەکاتی ڕووداوەکاندا یارمەتیدەر دەبێ لە دروستکردنی جۆرێک لە ووزە و دڵەڕاوکێ، بێگومان ئەمە لەئەگەری هێشتنەوە یان گۆڕینی قەبارەی بابەتەکە دەبێ لەکاتی وێنەگرتن یان گۆڕین، بە ئامانجی تۆمارکردنی دیمەنێکی باش و سەرنج ڕاکێش[٢]. چونکە یەکێکە لە بژاردە گرنگەکانی بەردەم دەرهێنەر لەپێناو بەرهەمهێنانی گرتەیەکی دینامیکی و زیندوو.[٣]

لەکاتی تۆمارکردنی دیمەنی ڕووداوەکان چەندین جۆری جوڵە بەکاردەهێنرێ، هەریەکێک لەو جوڵانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت وەک:- بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧)

١. جوڵەی سەر و خوار (Tilt Up & Tilt Down): جوڵەی کامێرایە لەسەر ئامێری وێنەگرتن بە شێوەی ستونی[٤]، کامێرا بەرەو سەرەوە دەجوڵێت Tilt up یان بەپێچەوانەوە Tilt down لەم حاڵەتەدا کامێرا لە شوێنی خۆی جێگیرە، بۆ چەندین حاڵەتی جیاواز بەکاردەهێنرێت لەوانە نمایشکردن لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان بە پێچەوانەوە یان کەسێک بانگی یەکێکی تر دەکات لەسەر دارخورمایەک، لەم حاڵەتەدا کامێرا سەرەتا وێنەی ئەو کەسە دەگرێت کە لەسەر زەوییە پاشان بەخێرای کامێرا ڕوودەکاتە ئەو کەسەی لەسەر دارخورماکەیە بۆ نیشاندانی کاردانەوەی.
٢. جوڵەی پان (Pan Right & Pan Left): بریتییە لە جوڵەی کامێرا لەسەر چەقی کامێرا بۆلای ڕاست و چەپ[٥]، ئەم جوڵەیە گوزارشتە لە جوڵەیەکی ئاسۆیی نیوە بازنەیی کامێرا، چ ئەوەی کامێرا لەسەر شان بێت یان لەسەر ستاند، دەکرێت ئەم جوڵەیە لە ڕاستەوە بۆ چەپ (Pan Right - Left) یان لە چەپەوە بۆ ڕاست (Pan Left - Right) بێت.[٦]
٣. جوڵەی کامێرا لەسەر بنکەیەکی جوڵاو بۆ پێش و دوا (Dolly In & Dolly Out): لەم حاڵەتەدا کامێرا لەسەر عەرەبانەیەك هەڵدەگیردرێت و ئاسانکاری بۆ جوڵەی کامێراکە دەکات بۆ پێشوو بۆ دوا، ئەم جوڵەیە بە ئاڕاستەی ئەو تەنەی کە وێنەی دەگیردرێت دەڕوات لەلایەک و بەردەوامبوونی کردارەکە لە لایەکی دیکە.[٧]

---

[١] حسن علي قاسم، التصوير التلفزيوني (الأسس.. المبادئ.. التقنيات)، دار العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٩، ص٧٥.
[٢] لبني مهدي، حركات الكاميرا، ٥ يناير ٢٠٢٠، https://e3arabi.com، (9|2|2022, 12:20PM)
[٣] كين دانسايجر، فكرة الإخراج السينمائي: كيف تكون مخرجا عظيما؟، ترجمة| احمد يوسف، طبع بالهيئة لشؤن المطابع الاميرية، الجزية – القاهرة، ٢٠٠٩ ، ص١٣١.
[٤] ادريان برونل، سيناريو الفيلم السينمائي (تقنية الكتابة للسينما)، ترجمة| مصطفي محرم، بدون مكان والسنة، ص٧٦.
[٥] محمد خيري سعود، إشكالية النص السينمائي (بحوث ودراسات)، سعود جروب - الإسكندرية، ٢٠١٤، ص١٠٨.
[٦] مصطفي حميد كاضم الطائي، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢
[٧] Robert L.Hilliard، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

٤. جوڵەی نزیککردنەوە و دوورکردنەوە (Zoom In & Zoom Out): بریتییە لە کۆمەڵێک سیستەمی لێنزی تێک هەڵکێشراو، ئەو وێنەیەمان دەداتێ کە گرنگە و پێویستە بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان، هەرلە چوارچێوەیەکی فراوانەوە بگرە (Wide Shot) هەتا نزیکترین شێوە (Close Up)، زووم بە کۆمەڵێک پڕۆسەی لێک دوورکەوتنەوە و لێک نزیکبوونەوە دەتوانێ هەموو شێوەیەکی زووممان بداتێ[1]. هەندێکجار ئەم شێوازە لە جوڵە لەکاتی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتانەدا بەکاردەهێنرێت کە ڕۆژنامەنووس ڕاستەوخۆ دەچێتە شوێنی ڕووداوەکە بە شێوەیەکی مەیدانی.[2]

لەم جوڵەیەدا لێنزی کامێرا توانای نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەی وورده وورده یاخود خێرای هەیە بۆ ئەو تەنەی کە مەبەستە وێنەی بگیردرێت یاخود تۆماربکرێ بە چەند شێوەیەک وەک:- [3]
ا- نزیککردنەوە (Zoom In): نزیکبوونەوەیەکی وورده ووردەی بەشێکی ئەو پێکهاتانەن کەلەناو کادرەکەدان، سەرەتا لە دیمەنەکەدا بوونی هەبووە بەئامانجی پشتڕاستکردنەوەی لەلایەن وێنەگر لێنزی کامێراکە نزیکی تەنەکە دەکرێت.
ب- دوورکردنەوە (Zoom Out): ئەم جوڵەیە بریتییە لە دوورکردنەوەی لێنزی کامێرا لە تەنەکە بەجۆرێک لە توانایدایە ڕەهەندێکی سۆزداری پێبدات.[4]

٥. جوڵەی کەوانەیی (Arc): لەم جۆرە جوڵەیەدا هەوڵدەدرێ جوڵە بە هەموو کامێراکە بکرێ لەگەڵ ئەو ستاندەی کە کامێراکەی لەسەر جێگیر کراوە، بەشێوەی کەوانەیی یان نیمچەبازنەیی بە لای ڕاست (Arc Right) یاخود بۆلای چەپ (Arc Left).[5]

جوڵەی (Arc) جوڵەیەکی شێوە کەوانەییە، تێیدا کامێراکە دەتوانێ بەدەوری تەنەکەدا بخولێتەوە بۆ ئەوەی لە خولێکی تەواودا وێنەکە تۆماربکرێ.[6]

---

[1] برزو ئیسماعیل مەنسور، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.
[2] عدالت عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.
[3] فاروق ناجي محمود، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.
[4] میتشیل ستیفنس، البث الإذاعي، ترجمة| هشام عبدالله، الاهلية للنشر والتوزيع، عمان ، الأردن، ٢٠٠٨، ص٤٠٣.
[5] رستم أبو رستم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
[6] پاڤێ جەمیل ئەحمەد و ئەوانی تر، ڕۆڵی کامێرا لە فلمی دۆکۆمێنتارییدا (فلمە دۆکیومێنتارییەکانی کەناڵیBBC لەسەر شەرڤانانی ژن لە کۆبانێ بە نموونە – توێژینەوەیەکی شیکارییە لە ماوەی٢٠|٩|٢٠١٤ تاوەکو ١٥|٤|٢٠١٥، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

## ٨.٣ چەمک و پێناسەی مۆنتاژ (Montage):

(بریتییە لە ڕێکخستنی گرتەکان بەپێی کات، گومانی تێدا نییە کە بەهای فیلم و بابەتە میدیاییەکان پشت دەبەستێت بە بنەما و بەهای مۆنتاژێکی باش) [١]. هەروەها هاوئاهەنگ کردنی پەرەگرافەکانە لە ڕووی دەنگ و وێنە، لەگەڵ سڕینەوە و لابردنی هەموو هەڵە هونەرییەکان).[٢]

پرۆسەی مۆنتاژ (بژارکردن) بە هەنگاوێکی گرنگ و بە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت لە بواری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی و دەرئەنجامەکان، دەبێتە هۆی جوانکردن و ڕازاندنەوەی بەرنامەکە و پیشاندانی وێنەیەکی جوانی میدیایی[٣].

چەمک و زاراوەی مۆنتاژ (Montage) زاراوەیەکی سەختە بۆ تێگەیشتن[٤]، (Montage) وشەیەکی فەڕەنسییە بە مانای؛ کۆکردنەوە، دیاریکردن، ڕێکخستن دێت[٥]، لەبەرامبەر و هاوتای وشەی (Editing) ئینگلیزیە و بەکارهاتووە[٦]، چەمکی سازاندن؛ بریتییە لە هونەری هەڵبژاردن و ڕێکخستنی ئەو دیمەنانەی کە پێشتر وێنەگیراون، لە چوارچێوەی بابەتە دراماتیکییەکاندا بە ئامانجی گەیاندنی بە بینەر، بەجۆرێک گرتە و دیمەکان بە شێواز و مەبەستی جۆراوجۆر دەستکاری دەکرێت لەلایەن " مۆنتێر"[٧]، بە هەماهەنگ لەگەڵ دەرهێنەر و یاریدەدەری دەرهێنەر و بە پشت بەستن بەو سیناریۆ و ئەو تێبینیانەی کە دانراوە بۆ ئەو بەرهەمەی کە کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێت. گومانی تێدا نیە کاری مۆنتێر بنەمای سەرەکی پرۆسەی جیاکردنەوە و ڕێکخستن و پۆلێنکردنی وێنە و دەنگە.[٨] لەم پرۆسەیەدا مۆنتێر هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی باشترین وێنەکان و دانانیان بەشێوەی یەک لەدوای یەک و بڕینیان بەپێی درێژی و کورتی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە، پێویستە وێنە چاککراوەکان لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دیکە وەک زنجیر و بەپێی لۆژیک ببڕدرێن و هاوتا بن لەگەڵ ڕێڕەوی بیرکردنەوە و بابەتەکە. ئەگەر ئەم بنەمایە بشکێندرێت ئەوا وێنە ڤیدیۆییەکان ناجۆر دەبن و هاوپەیوەند نابن پێکەوە و پێچەوانەی ستۆرییەکە دەبێت. [٩]

---

[١] جورج خليفي، دورة تدريبية حول المونتاج وتطوره في السينما، المشروع الفلسطيني للمرئي والمسموع – بدعم مشترك من الاتحاد الاوروبي، رام الله، فلستين، ٢٠٠٦، ص٢.

[٢] محمد بن إبراهيم الماضي، قصة التلفزيون السعودي (شهادات الرواد – تلفزيون المملكة العربية السعودية)، الرياض، ٢٠١٤، ص٣٧٠.

[٣] حسين أبو شنب ، حسين سعد، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[٤] ستيڤن د. كاتز، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢.

[٥] محمد عبد البديع السيد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

[٦] اشرف فالح الزعبي، الدور الاتصالي للمخرج في العمل الدرامي التلفزيوني، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الشرق الأوسط، كلية: الاعلام، ٢٠١٠)، ص٧٨.

[٧] بهاء الشطرات، أنواع المونتاج التلفزيوني، ٩فبراير ٢٠٢٢، https://mawdoo3.com/، (20|3|2022, 3:15PM).

[٨] عبد الباسط سليمان، الإخراج والسيناريو (جولة بعمل السينما والتلفزيون والقنوات الفصائية و مؤسسات اخري)، الدار الثقافة للنشر، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٩١.

[9] Andrew Boyd, Broadcast Journalism: techniques of radio and television news, Fifth edition, British Library Cataloguing in Publication Date - British Library, 2001, P:354

ئەم پرۆسەیە لە سینەمادا ناودەبرێت بە (Film Editing) بە مانای " مۆنتاژی فیلم" دێت و لە تەلەڤزیۆندا (Post Production Editing)ی پێدەوترێت واتە " مۆنتاژ دوای بەرهەمهێنان".[١] کەواتە دەکرێت بووترێت مۆنتاژ بنەمای سەرەکی کاری هونەری و تەلەڤزیۆنییە و مەبەست لێی هەڵبژاردن و ڕێکخستنی گرتە تۆمارکراوەکانە بەپێی کاریگەری لەڕووی هونەری[٢]، ئەم هونەرە گەشەی کردووە لە ڕێگەی تەکنیک و بۆتە بنەمایەکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنە لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ (مۆدێرن) ئەنجامدەدرێت، بە شێوەی تێکەڵکردنی جۆرەکانی گرتە لە؛ نزیک و مامناوەند و گشتی یان وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ وێنەی ڕەش و سپی،...هتد، گومانی تێدا نییە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم هونەرە مانایەکی گرنگ و گۆڕا و بارگراوندێکی گشتی بدرێتە بابەتە سەرەکییەکە.[٣]

چەندین پێناسە لە لایەن شارەزایانی بواری سینەما و تەلەڤزیۆن دەربارەی مۆنتاژ (Montage) کراوە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:-

**(ئەنتۆنی گیبز - Anthony Gibbs) دەربارەی مۆنتاژی فیلم و مۆنتاژی ڤیدیۆ دەڵێت:** مادده و بنەمای کەرەستەی سەرەکی بابەتە ڤیدیۆییەکەیە کە دەرهێنەری هونەری دوای تۆمارکردنی گرتە و دیمەنەکان ئاراستەی مۆنتێری دەکات بە شێوەیەکی درامی[٤]. کەواتە مۆنتاژ بە هێزی داهێنەری واقع و بناغەی هونەری فیلم دادەنرێت.[٥]

**(کارل ڕیز - Karel Reisz) لە بارەی هونەری مۆنتاژ پێیوایە:** ڕوونکردنەوەی وردەکارییە بچوکەکانە، نەک دروستکردن و تەواوکردنی بابەتە سەرەکییەکە.[٦]

**دەربارەی هونەر و تەکنیکی مۆنتاژ (ارنست لندگرن – Ernest Lindgren) پێیوایە:** تەکنیکێکی سینەمایی بێگەردە، گەشەی هونەری سینەما لە بنچینەدا پەیوەستە بە گەشە و پێشکەوتنی هونەری مۆنتاژ.[٧]

**لە ناساندنێکی دیکەدا مۆنتاژ:** بریتییە لە پرۆسەی سڕینەوە و زیادکردن یان بژارکردنی تۆماری شریتەکان، بە ئامانجی بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و تەواو بۆ پەخش [٨]. یان دەکرێت بە ڕیزبەندکردنی گرتەکان بەپێی پۆلێنکردن و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەو جۆرەی کە دەرهێنەر دەیخوازێت لەلایەن مۆنتێر پێناسە بکرێت.[٩]

---

[١] کاوە عزالدین عبدالرحمن، استخدام المؤثرات الصورية في التغطية الإخبارية للفضائيات الكوردية وتأثيرها في بناء القائم بالاتصال للمضمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

[٢] محمد معوض، الخبر الإذاعي والتلفزيوني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.

[٣] مالك رحاب محمود الغزة، استخدام التقنيات التلفزيونية الحديثة وتأثيرها علي زيادة متابعة مشاهد البرنامج الإخبارية في التلفزيون الأردني، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الشرق الأوسط، قسم: الاعلام، كلية: الاعلام، ٢٠١٧) ، ص١٧.

[٤] برنارد ف. ديك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

[5] John M. Grace, Video Editing Basics, Created for DATA Charter High School Albuquerque, New Mexico, Media Instructor, 2009, P:2

[6] Karel Reisz and Gavin Miller, The Technique of Film Editing, New York: Focal Press, 1968, P:84.

[٧] هاشم محمد هاشم، مريم جلائي، دراسة المونتاج السينمائي في صورة العدودة المصرية، مجلة الباحث: فصلية اضاءات نقدية، السنة:٥، العدد: ١٧، ربيع١٣٩٤ش| اذار ٢٠١٥م، ص١٣٠.

[٨] بارعة شقير، كمال الحاج، الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، مركز التعليم المفتوح، منشورات جامعة دمشق، ٢٠٠٥، ص٧٠.

[٩] سعيد حامد، الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني بين النظرية والتطبيق، الافاق المشرقة، الأردن، ٢٠١١، ص٤٦.

**لەبەر مەبنای ئەو دەربرینانەی سەرەوە بۆ چەمکی مۆنتاژ توێژەر پێیوایە:** ئەو پرۆسەیە یان تەکنیکێکی هەڵبژاردن یاخود بژارکردن و پێکەوە گرێدانی گرتە و دیمەنەکانە بە مەبەست و بە ئامانجی پێکهێنانی گرتەیەکی گشتگیر و یەک بەشی سەرنج ڕاکێش کە بینەر دەیبینێت، بێگومان هونەری مۆنتاژ و ئەزموونی مۆنتێر کاریگەری و ڕۆڵی گرنگی دەبێت لەسەر لایەنی هونەری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان.

ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی تایبەت بە کاری مۆنتاژ جێ بەجێ دەکرێت کەلە لایەن مۆنتێر و کەناڵ بۆ پرۆسەکە دابین و ئیدامەدەدرێت، چەند جۆرێکن ( Adobe Premiere Pro, Final Cut Pro X, Edius Pro, Davinci Resolve, Avid Media Composer,Filmora,…) ئەمانە و چەندین بەرنامەی دیکە کەلە ئێستادا زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە.(١)

## ٩.٣ بایەخ و ئەرکی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا:

قۆناغی مۆنتاژ گرنگترین قۆناغە لە بواری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا، لەم قۆناغەدا گرتە ڤیدیۆییەکان کۆدەکرێنەوە کەلە شوێنە جیاوازەکاندا وێنەیان گیراوە، چ لەناو ستۆدیۆ بێت یاخود لە دەرەوە، دوای کۆتایهاتنی وێنەگرتن، قۆناغی چونەژوورەوە بۆ ژووری مۆنتاژ دەستپێدەکات بۆ ئەوەی تێکستی نووسراو لەسەر کاغەزی (سیناریۆ) بکرێت بە دیمەنی بینراو و بیستراوی زنجیرەیی کە بەدوای یەکدا دێن، لەگەڵ زیادکردنی کاریگەرییە دەنگی و مۆسیقییەکان بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و ئاگایی بینەر و پێدانی چێژ لە ڕێگەی شاشەی تەلەڤزیۆن، دەکرێت ئەرکەکانی لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:-

١. کۆکردنەوە (Combine): یەکەم و ئاسانترین ئەرکە کە مۆنتاژ ئەنجامی دەدات، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەشەکانی بەرنامە یان فیلم یاخود ڤیدیۆیەکی دیاریکراو، بە ڕیزبەندیی دیار و سڕینەوەی بەشە زیادەکان بۆ ئەوەی ببێت بە دیمەنێکی تاڕادەیەك بێ کەموکوڕی، دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەو گرتانەی کە وێنەیان گیراوە بۆ ئەوەی هاوتا بن لەگەڵ ڕووداوەکانی فیلم یان زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکەدا، سەرەتا وێنەی ئەو دیمەنانە دەگیردرێت کە هەمان دیکۆر و جلوبەرگ و ئەکتەریان تێدایە.(٢)
٢. ڕیزبەندی (Trim): واتە ڕێکخستنی دیمەنەکان بەگوێرەی ئەو سکرێپتەی کەلە سیناریۆکەدا دانراوە، یان ئەنجامدانی کۆمەڵێک بنەما و کاری گرنگ و پرۆسەی بژارکردنی ئەو مادانەیە کەلە بەردەستدان بە مەبەستی بوونی بە شریتێکی ڤیدیۆیی کۆتا کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەو کاتەی کە دیاریکراوە یان سڕینەوەی ماددە زیادەکان.(٣)

---

[١] مالك محمد، افضل برنامج المونتاج ، ٥ مايو ٢٠٢١، https://www.mena-tech.com-افضل-برامج-تصميم-و-مونتاج-الفيديو-/ ?/للكمfbclid=IwAR1FiPCYkXJT0hAKcHExHOvgd3hATdRr1S2Blz9xKXs-qGPb31Fo133TPv4 (22|3|2022, 6:00PM)

[٢] اماني قنديل، المونتاج الاخطي، مجلة: الفن الإذاعي، تصدر عن اتحاد الإذاعة والتلفزيون، معهد الإذاعة والتلفزيون، العدد: ١٧٢، بدون السنة، ص١٦١.

[٣] عبدالصمد قادر حسين، الأفلام الوثائقية في قنات كوردسات الفضائية التلفزيونية – دراسة تحليلية للمدة من ١|٧|٢٠٠٧ الي ٣١|١٢|٢٠٠٨، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة السليمانية، كلية: العلوم الإنسانية، قسم: الاعلام - التلفزيون، ٢٠١٠) ، ص٦٧.

٣. ڕاستکردنەوە (Correct): ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی وێنەگرتنە جا هەڵەی وێنەیی بێت یاخود دەنگ، لێرەدا مۆنتێر هەڵدەستێت بەلابردنی ئەوگرتانەی کەباش نین و جێگرتنەوەیان بە گرتەیەکی دیکەی گونجاو، کارێکی ئاسان نییە بۆ مۆنتێر و هەندێکجار دووچاری زەحمەت و کێشە دەبێت.[١]

٤. بنیادنان (Build): سەختترین و گرانترین ئەرکی مۆنتاژە، پرۆسەی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کارە هونەرییەکانە و تێیدا گرتەی نوێ بەرهەمدەهێنرێت[٢]، بەتایبەت لە کارە درامییەکاندا وەکو فیلمە تەلەڤزیۆنییەکان یاخود زیادکردنی بابەتی تر لە دەرەوەی فیلمەکان وەکو (وێنەی جێگیر، تێکست، دەنگ) هەروەها زیادکردنی کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی وەکو (گواستنەوەکان، ئیفێکتە جیاوازەکان)ە، ئەم بابەتە دەسەڵاتی زیاتر دەدات لەو دەسەڵاتەی کە وێنەگر هەیەتی لەبارەی ئەو شتانەی کە دەبێت لەسەر شاشە دەرکەون یاخود دەرنەکەون، واتای جیاواز بۆ کاری تەلەڤزیۆنی دەدۆزێتەوە بەتایبەتی لە ڕووداوی سیاسیدا، بۆیە ئەمە پێی دەوترێت "ئیتیکی مۆنتاژ".

### ٣.١٠ بنەماکانی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا:

لە پرۆسەی مۆنتاژ کۆمەڵێک بنەما و هەنگاو هەیە کە پێویستە لەسەر مۆنتێر و دەرهێنەری پەیامە بینراوەکان (گەشتی هەواڵ) بەهەند وەربیگرن خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:-

١. پیشاندانی تاک (تەنەکان) لە مادده ڤیدیۆییەکان لەگەڵ پیشاندانی هاوبەش بۆ ماددەکانی ڤیدیۆ (لە دەرهێنەر و مۆنتێر).
٢. تۆمارکردنی تێبینی و دیاریکردنی گرتە و دیمەنەکان پاشان دیاریکردن و سڕینەوەی ئەو گرتانەی کە پێویست نین و خراپن.
٣. کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی گرتەکان لە دیمەنێکدا و ڕێکخستنی بەپێی ئەو سیناریۆیەی دانراوە.
٤. برینی سەرەتا (یەکەم)، پێویستە لەسەر دەرهێنەر بەپێی سکرێپت و ڕاوێژ لەگەڵ مۆنتێر بەپێی ناوەرۆکی پەیامە بینراوەکە ماوەی گرتە و دیمەن و کارتێکەرەکان دیاریبکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئامرازی پێکەوە بەستن وەک ( تێکەڵکردن، دەرکەوتن و شاردنەوە، سڕینەوە،...هتد).
٥. برینی کۆتا، دیمەن و گرتەکان بە شێوەیەکی کۆتایی ئامادە دەکرێن لەگەڵ کارتێکەرە دەنگییەکانی وەک مۆسیقا و تێکست (دەنگ) هاوتا و هاوئاهەنگ دەکرێن. هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش ئەنجامدەدرێت کە پێویست و گرنگە بۆ بەرهەمە تەلەڤزیۆنەکە.[٣]
٦. گەڕان و دیاریکردنی باشترین شوێن بۆ برین و گواستنەوەی دیمەنەکان لە کامێرایەکەوە بۆ کامێرایەکی تر و لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە. لەگەڵ تەقدیرکردن و خەمڵاندنی ئەو کاتەی کە گرتەکە لەسەر شاشە دەمێنێتەوە.[١]

---

[١] هاني إبراهيم البطل، الإنتاج الإذاعي والتلفزيوني، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠١١، ص١٦٧.
[٢] یوهان عوسمان حەمە حسین، ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان – هەڵمەتە ڤیدیۆییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بە نموونە، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، (زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەش: ڕاگەیاندن - فەلسەفە، ٢٠٢٠) ، ل٥٩.
[٣] کمال الحاج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

٧. هاوئاهەنگ كردنی جوڵە لە گرتەیەكەوە بۆ یەكێكی دیكە، گونجاندنی درێژی و ماوەی گرتەكە و سنورەكەی لەگەڵ هێڵی گشتی ڤیدیۆ و فیلمەكە.[٢]

### ١١.٣ سودی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا:

گومانی تێدا نییە ئەنجامدانی پرۆسەی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆن و سینەماییدا كۆمەڵێك سود لەخۆ دەگرێت و گرنگترینیان:- [٣]

١. فەراهەمكردن و دیاریكردنی گرتە و دیمەنی هەمەجۆر بەمەبەستی بێزار نەبوونی بینەر.
٢. گۆرینی ئەو دیمەنانەی كە چیرۆكەكە پێویستی پێیەتی، كاركردن لەسەر ناوەرۆكی چیرۆكە رۆژنامەوانییەكان.
٣. لابردن و رزگار بوون لەو بەشانەی كە نەخوازراو و گرنگ نین بۆ رووداوەكە.
٤. دروستكردنی كاریگەری دراماتیكی لەسەر بینەر.

### ١٢.٣ سیستەمی مۆنتاژ لە كاری تەلەڤزیۆنیدا:

لەئێستادا دوو جۆر سیستمی مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی هەیە كە بەكاردەهێنرێن و بریتین لە:- بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٤)

**یەكەم - سیستەمی مۆنتاژی ڕاستەهێڵ (Linear Editing):**

ئەو سیستەمیە كە پێشتر و تاوەكو ئێستا بە سیستمی نوێی ناهێڵی Non Liner دەركەوتووە، لە ساكارترین شێوەیدا پێكدێت لە دوو ئامێری ڤیدیۆ، ئامێرێك بۆ نمایشكردنی ئەو ماددانەی كە وێنە گیراون لەسەر شاشەی تایبەت بە monitor ، هەروەها ئامێرێكی تۆماركردن بۆ تۆماركردنی ئەو گرتانەی كە مۆنتاژیان بۆ كراوە لەگەڵ شاشەی تایبەت بە monitor ، لەگەڵ ئامێرێكی كۆنترۆڵكردن لەنێوانیاندا edit controller كە لەرێگەیەوە دەتوانرێت كاسێتەكە لەهەردوو ئامێرەكەدا بەخێرایی جیاواز بۆ پێش و بۆ دواوە بجوڵێندرێت یاخود گرتە لەدوای گرتە بجوڵێندرێن لە سەرەتا و كۆتایی مۆنتاژ edit in- edit out ، بەر لە تۆماركردنی وەكو مۆنتاژی كۆتایی دەكرێت تەماشا بكرێتەوە preview، بەڵام دەبێت ڕیزبەندی لەرووی زەمەنەوە تێدا بێت، بەجۆرێك لە گرتەی ژمارە (١)ەوە دەستپێبكات تاوەكو دواین گرتەی ناو تێكستە تەلەڤزیۆنییەكە.[٤]

---

[1] https://alialsahir.wordpress.com/2011/08/25/المونتاج-التلفزيوني/?fbclid=IwAR2kZXGgNEMWXtz8nZBqZjPYqDTy7v7M5rckpvTtnVG8mPGgf-3rz-wLb7k (30|3|2022, 11:30AM)

[٢] تعريف المونتاج والإخراج التلفزيوني، ٣٠ يناير ٢٠١٣، https://genevaa.yoo7.com/t46613-topic?fbclid=IwAR1dFbpzPm7I3LPOLVWtKqqEoQIOc56eGn3hGONGcvQo9AEQDidJf7bQIzI (30|3|2022, 12:30PM)

[3] https://www.alnrjs.com/623860.html?fbclid=IwAR2zmbCdw2515L0n84I7KV_4XCLV-Jpz5u7acJOb-f6ou1O9Oc9223cOvds (30|3|2022, 1:00PM)

[٤] الإدارة العامة لتصميم وتطور المناهج، البرنامج: تصوير التلفزيوني، الحقيبة: المونتاج التلفزيوني، المملكة العربية السعودية، المؤسسة – العامة للتعلم والتدريب المنهجي، نسخة أولية ١٤٢٦هـ- ٢٠٠٥ز، ص٣.

**سیستەمی مۆنتاژی ڕاستەهێڵ؛** لەڕێگەی ئامێری (Switcher&Mixer)ەوە ئەنجامدەدرێت کە لەسەر مێزێک چەسپێنراوە، تێیدا گرتەیەک بۆ گرتەیەکی تر دەبڕدرێت لە پەخشی ڕاستەوخۆدا واتە کاتێک کە بەرنامەکە ڕاستەوخۆیە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کات و خەرجی لە کاری مۆنتاژ[١]. ئەم ئامێرە بە کۆمەڵێک ئەرک هەڵدەستێت وەک:- [٢]

١. هەڵبژاردنی ڤیدیۆکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ پەخش یاخود تۆمارکردنیان لەسەر کاسێت.
٢. جێبەجێکردن و دیاریکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی ڤیدیۆکان و پاشان کردنی بۆ یەک سەرچاوە و جۆری ڤیدیۆ.
٣. دروستکردنی کاریگەری لەنێوان ڤیدیۆکاندا.

کەواتە لە مۆنتاژی هێڵیدا پرۆسەکە لە ژووری کۆنترۆڵ و لەڕێگەی میکسەرێکەوە ئەنجامدەدرێت و دەرهێنەر هەڵدەستێت بە بڕین و گۆڕینی گرتەکان لە کامێرایەکەوە بۆ کامێرایەکی دیکە بەهۆی سویچەرێکەوە جێبەجێ دەکرێت جا بەرنامەکە ڕاستەوخۆ بێت یاخود تۆمارکراو.

## دووەم - سیستەمی مۆنتاژی ناڕاستەهێڵ (Non Linear Editing) :

ڕۆڵێکێکی گرنگ دەبینێت لە بەرەوپێشچوونی فیلم و بەرهەمی تەلەڤزیۆنییە سەردەمی و هاوچەرخەکاندا. هەندێکجار پێشی دەوترێت (شێوەی فیلمی) لەبەرئەوەی کاتێک فیلم کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێت، زۆر لەوە درێژتر دەبێت وەک ئەوەی کەلە سینەمادا هەیە[٣]، بەو هۆیەوە پرۆگرامە تەکنەلۆژییەکان لەسەر بنەمای ناهێڵی بنیات نراون، پرۆسەی مۆنتاژ کەلێنێکی سەرەکییە بەر لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، بەئەگەری زۆر زیاتر دەکەوێتە بەردەم بەرهەمهێنانی هونەری. بەهۆی واقعیبوونی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی، بابەت و ماتریاڵە دیجیتاڵییەکان لەڕێگەی کۆمپیوتەر مۆنتاژ دەکرێت[٤]. سیستمێکە وێنە و دەنگ لە قەوانێکی تۆکمەدا دەپارێزێت، دەکرێت پێکەوە یاخود بەجیا بە پێی هەر شێوەیەک کە مۆنتێر بیەوێت، دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، پێیدەوترێت سازاندنی ناڕاستەهێڵ.[٥]

ئەم شێوەی مۆنتاژە بە نوێترین شێواز دادەنرێت، ئەگەر ئامێرێکی کۆمپیوتەر هەبێ بەهۆی یان لە ڕێگە و بەیارمەتی داخڵکردنی چەند دەستکاریەک لە بەرنامەکانی Software یان Hardware کە توانایەکی فراوانی هەیە لەبواری مۆنتاژکردن، بەهۆی نمایشکردنی ئیشەکانی وێنەگر دەبێت بەهۆی کۆمپیوتەرێکەوە[٦] لە شێوەی شریتێکی سینەمایی واله مۆنتێر دەکات کە توانای دەستکاریکردن و زیادکردن و سڕینەوەی هەر گرتەیەکی هەبێت کە دەیەوێت و مەبەستییەتی، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی

---

[١] سعید حامد، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٥.
[٢] سوزان یوسف، هبة الله بهجت، انتاج البرنامج للراديو والتلفزيون، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٩٣، ص٣٣٠.
[٣] برزو ئیسماعیل مەنسور، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٨.
[4] Qianqian Xu, Big Date Processing Technology in Film and Television Post Production, Journal of Physics: Conference Series, IOP Publishing: 2021, P:2.
[٥] إسماعيل الأمين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.
[٦] زغنوف عبد الغني، المعلومة في ظل التكنولوجيا الحديثة للاعلام والاتصال "التلفزيون الجزائر نموذجا"، رسالة الماجستير، غير المنشورة، (جامعة: الجزائر، كلية: العلوم السياسة والاعلام، قسم: علوم الاعلام والاتصال، ٢٠١٠)، ص١٠٦.

کۆمپیوتەرەوە کاری گرافیک Graphics ئەنجامبدرێت بۆ هەر مادده و پەیامێکی تەلەڤزیۆن گەر پێویست بێت، هەموو ئەمانە وایانکردووە کە مۆنتاژی ناڕاستەهێڵNon Linear بە تواناتر و باشتر بێت لە پێشتر لە زۆر ڕوو.[١]

## ١٣.٣ هونەر و شێوازی مۆنتاژ لە کاری تەلەڤزیۆنیدا:

لە کاری مۆنتاژی تەلەڤزیۆنی و سینەمایدا کۆمەڵێک شێواز و هونەر و ئامراز بەکاردەهێنرێت لەلایەن مۆنتێر لەپێناو بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی میدیایی کاریگەر و گواستنەوە لە گرتە و لە دیمەنێکەوە بۆ گرتە و دیمەنێکی دیکە، لە پێناو ئەوەی کە بینەر هەست بە بێزاری و دابڕان نەکات و بێگومان ئەم کارە لەڕێگەی کاریگەری و هونەر و شێوازە ڕەنگییە تایبەتی و بینینە سادەکانەوە ئەنجامدەدرێت[٢]. چونکە ئەم هونەرە بریتی دەبێت لە: ڕیزبەندکردن و زیادکردنی هەرخاڵێک لە شریتی تەلەڤزیۆنی یان زیادکردنی کارتێکەرە دەنگییەکانە یان ڕێکخستن و گۆڕانکاریکردن لە گرتە تەلەڤزیۆنییەکان، واتە دەستنیشانکردن و دیارکردنی گرتەکانە لە مادده خامەکان بە شێواز و هونەری جیاواز پاشان ڕیزبەندکردنی بەپێی تێکستی دیاریکراو[٣]، چونکە چەند جوڵەیەکی تەکنیکییە بۆ جوانکردن و پێکەوەگرێدانی گرتە یاخود فایل و فۆرمە دەنگییەکان بەکاردەهێنرێت وەک: کارتێکەری ڤیدیۆیی و کارتێکەرە دەنگییەکان.[٤]

لە گرنگترین ئەو شێواز و ئامرازانە کەلە پرۆسەی مۆنتاژ بەکاردەهێنرێت بریتین لە:-

١. بڕین(Cut): ئامرازێکی گواستنەوەی ئاساییە، لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دیکە و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، ئەرکی سەرەکی ئەم شێوازە گەیاندنی وێنە میدیاییەکەیە لە نێوان دیمەنە گشتی و دیمەنە گەورەکانی یەک بابەت و پەیام، بڕینی ڕاستەوخۆ یەکێکە لە ئاسانترین ئەو ئامراز و ڕێگایانەی کە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی گرتەکان، واتە بینەر دەکات هەست بە گواستنەوە بکات بۆ شوێنێک یان کاتێک بە شێوەیەکی ڕوون، ئەگەر نا بینەر توشی سەرلێشێواوی دەبێت، چونکە عادەتەن گۆڕانی شوێن بەسە بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم گواستنەوەیە.[٥]

کەواتە دەکرێت بڕین کۆنترین شێواز و گواستنەوەی لەناکاو بێت لە کامێرایەکەوە بۆ کامێرایەکی تر و لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی دیکە، لەکاتی ڕوودانی هەر کردارێکActionدا بەکاردەهێنرێت[٦] و زۆرترین و باشترین بەکارهێنانی هەیە لە پرۆسەی گواستنەوە (مۆنتاژ).

---

[١] خالد بن فالح الحارثي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

[٢] صفاء زهير، تطور أسلوب العمل بمرحلة المونتاج تبعا لتطور استخدامات المرحلة الرقمية الوسيطة بالتطبيق علي الأفلام المصرية والعالمية، بحث العلمي، اكاديمية فنون، قسم مونتاج، المعهد العالي للسينما، ٢٠١٠، ص٢٨.

[٣] نوزاد صديق محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٤] یوهان عوسمان حەمە حسين، ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا – هەڵمەتە ڤیدیۆییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بە نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

[٥] سامي شريف، عصام نصر سليم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

[٦] عبد المجيد شكري، الدراما التلفزيونية ( فن كتابة وإخراج التمثيلية التلفزيونية)، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٤٤.

٢. تێکەڵکردن (Dissolve): بەمانای "توانەوە" یاخود چوونە نێو دۆخێکی دیکە دێت "dissolve Lap" و هەنگاونان و چوونەناو دیمەنێکی دیکە یاخود وێنە و گرتەیەکی دیکەیە، بە دووەم بەربڵاوترین جۆری گواستنەوە یان تەحویل دادەنرێت لە پرۆسەی مۆنتاژ، ئەم گواستنەوەیە بە جۆرێکە وورده وورده سەرەتای وێنەیەکی دیکە زیاتر دەردەکەوێت و وێنە کۆنەکە بەرەبەرە دیار نامێنێت و وێنە نوێیەکە بەهێزتر دەبێت و پاشان دەردەکەوێت. ئەم گواستنەوە و تەحویلە بەڕوونی بەدی دەکرێت و بینەر هەستی پێدەکات لەکاتی پەخشکردنی وێنە میدیاییەکان [١]. هەربۆیە پێویستە لە کاتی مۆنتاژی هەواڵ و ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا مۆنتێر و هەواڵساز ووریا بێت لە کاتی بەکارهێنانی کارتێکەرە وێنەییەکان، چونکە دەبێت هونەری مۆنتاژی هەواڵ دوور بێت لەوەی کە زۆر دەستکرد بێت لەپێناو لەدەست نەدانی متمانە لەلای جەماوەر.[٢]

**تێروانینی توێژەر بۆ ئەم شێوازە بریتی دەبێت لە:** تێکەڵکردنی گرتەکانە بە جۆرێک کەهەر گرتەیەکی سەرەتا دەبێتە بارگراوندی گرتەکەی دواخۆی، ئەم شێوازە زیاتر لە کار و بەرنامە هونەرییەکاندا بەکاردەهێنرێ جا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یاخود تۆمارکراوبێت، لە ڕووی بینینەوە وەرگر (بینەر) چێژێکی زۆری لێوەردەگرێت چونکە لەم شێوازەدا چاوی بینەر هیلاک نابێت و هەست بە ئارامی دەکات.

توێژەر بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی لە بواری مۆنتاژ ئاماژە بە گرنگی و هۆکاری بەکارهێنانی ئەم شێوازە دەکات لەپرۆسەی مۆنتاژکردن لەوانە:-

- بەخشینی شێوازێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بە بابەتە بەرهەمهێنراوەکە.
- ووروژاندنی لایەنی دەروونی بینەر.
- پشودان بە چاوی وەرگر و دوورخستنەوەی لە شێوازی بڕین.
- دروستکردنی پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان دیمەن و گرتە جیاوازەکان.
- ئەنجامدانی گواستنەوەیەکی هێواش و نەرم لە نێوان گرتە و جوڵەکاندا.
- جیاکردنەوەی بابەتە هونەری و کات بەسەربردنەکان لە بابەتە جدی و هەواڵیەکان.

٣. دەرکەوتن و شاردنەوە (Fade in & Fade out): بریتییە لە دەرکەوتنی وێنە لەسەر شاشە بە پلەیی و لابردن و نەمانی وێنەکە بەهەمان شێوە[٣]، بە کۆنترین ئامراز دادەنرێت کە بەکارهاتووە و تائیستا بەربڵاوترین جۆرە، شاردنەوەی پلە بە پلە کاتێك ڕوودەدات کە گرتەیەک کۆتایی دێت و دەشاردرێتەوە و دەبێت بە ڕەش، زۆرجار ئەمە لەکۆتایی فیلمەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەرکەوتنی پلە بەپلە، کاتێك ڕوودەدات کە دیمەنەکە وورده وورده لە ڕەشەوە دەردەکەوێت، هەندێکجار ئەمە لە سەرەتای کاری تەلەفزیۆنیدا بەکاردەهێنرێت. ئەم شێوازە لە مۆنتاژ ئاماژەیە بۆ جیابونەوەی کۆتایی یان ماوەی ڕاوەستان لە ئاست و بیرکردنەوە.[٤]

---

[١] Roy Thompson، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.
[٢] عيسي محمود حسن، البرنامج الإخبارية في الإذاعة والتلفزيون، دار زهران للنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠١٠، ص١٦٠.
[٣] Robert L.Hilliard، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩
[٤] ماجي الحلواني، محمد مهني، مقدمة في الفنون الاذاعية والسمعبصرية، جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ١٩٩٩، ص٢٠٤.

**بەپێی تێڕوانینی توێژەر بۆ ئەم شێوازەی مۆنتاژ:** تەکنیکێکە لە سەرەتا و کۆتایی بەرنامە و فیلم بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە پێش دەستپێکی بەرنامە یان ڕیپۆرتاژ،...هتد مۆنتێر لە ڕێگەی دانانی فێدێکی ڕەش دەست دەکات بە کاری مۆنتاژکردن یان دەکرێت لەکاتی گۆڕینی کات و زەمەن لە ناو بەرنامەدا بەکاربهێنرێت و ڕاستەوخو لەدوای فێدەکەوە دەکرێت وێنە یاخود تێکست وەک دەستپێکێک بۆ چوونە ناو بەرنامەکە بەکاربهێنرێت یان بە پێچەوانەوە .

٤. سڕینەوە (Wipe): بڕیتییە لە جوڵەی بڕینی فرێم لە گرتەیەکی نوێدا لەسەر ڕووی گرتەیەکی کۆن[1]. بێگومان سڕینەوە بە یەکێک لە شێوازەکانی گواستنەوەی نێوان گرتەکان دادەنرێت، یەکێکە لەو ئامرازە گواستراوانەی کە وەرگر تەنها لەڕێگەی سەیرکردن دەتوانێت هەستی پێبکات، بەجۆرێک وێنەیەکی نوێ لە ڕووبەرێکی بچوکدا دەست پێدەکات و گەورە دەبێت تا هەموو شاشەکە دادەپۆشێت، لێرەدا وێنەی یەکەم دەسڕدرێتەوە و دووەم وێنە جێگەی دەگرێتەوە.[2] یان دەکرێت سڕینەوە بریتیبێ لە: هێڵێک کەلە لایەکی شاشەوە دەجوڵێت بۆ لاکەی تر بۆ سڕینەوەی گرتەی یەکەم، دەکرێت ئەم شێوازە کاریگەر بێت ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنرێت.[3]

ئەم هونەرە زۆر گرنگە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەر، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەگەر زۆر بەکاربهێنرێت ئەوا قورس و بێزارکەر دەبێت لەسەر بینەر، شێوازی جۆراوجۆری هەیە، دەکرێت (هێڵ یان بازنە یان خاڵ یان ئەستێرە ،...هتد) بێت، بەڵام هەرچۆنێک شێوەکەی جیاواز بێ، دیمەنی کۆن دەگۆڕێت بۆ دیمەنی نوێ و بەشێوەیەکی خێرا دەیسڕێتەوە، لە ئێستادا بەکارهێنانی کەمترە بە بەراوورد بە شێوازەکانی دیکەی مۆنتاژ لەبەرئەوەی وادەردەکەوێت کە دروستکراوە یاخود لەگەڵ گۆشەنیگای بینین ناگونجێت.

## ١٤.٣ چەمک و پێناسەی هاوسەنگی (گونجان):

هاوسەنگی لە ڕووی زمانەوانییەوە واتە هاوکێش، سەربەسەر و وەکیەک یان بەرانبەر، هاوئەندازە و هاوتا. ئەم دەستەواژەیە لە وشەی عەرەبی (التوازن) و لە بەرامبەر (Balance)ی ئینگلیزی بەکارهاتووە[4].

وەک چەمک ئەم دەستەواژەیە چەندین پێناسە لەخۆدەگرێت وەک:-

**هاوسەنگی (گونجان):** گونجاندن و دروستکردنی پەیوەندییەکی هاڕمۆنییە لە نێوان پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەواڵ وەک (وێنە، دەنگ، تێکست). لەسەر بنەمای پێشکەشکردن و تێڕوانینە جیاوازەکان

[1] ستیڤن د. کاتز، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٦.
[2] کاوە عزالدین عبدالرحمن، استخدام مؤثر القطع في فيلم" کوێستانی سپی"، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٩.
[3] كاظم مؤنس، قواعد أساسية في فن الإخراج التلفزيوني والسينمائي، عالم الكتب الحديث، عمان، الأردن، ٢٠٠٦، ص ١٨٠.
[4] فاخر عەلی عارف، هاوسەنگی ژینگەیی لە ژینگەپارێزی بارزانییەکاندا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی :٣، ژمارە: ٣، پایزی ٢٠٢٠، ل٤٦٦.

ئەنجام دەدرێت لە بابەت و ژانرە هەواڵییەکاندا، هەوڵ دەدرێت بابەتە هەواڵیەکان بەشێوەیەکی یەکسان و هاوسەنگ دەربکەون بە پەسەندکردنی یەک خاڵ یان ڕاستییەک لەسەر یەکێکی تر.[١]

**دەکرێت هاوسەنگی (گونجان):** دانان و ڕێکخستنی ڕێژەیی بێت لە نێوان دەنگ و ڕەنگ یان وێنە و تێکست.[٢]

**لە ناساندنێکی دیکەدا ئەم دەستەواژەیە بە:** گونجانی بێلایەنی، گونجانی جێگیر و بەردەوام یان گونجانی ناجێگیر و دەمکی یاخود گونجان لە ڕوانگەی سیستەمیدا ئاماژەی پێدەکرێت.[٣]

توێژینەوەکان بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیکردن و هاوسەنگی و ڕێکوپێکی و گونجاندن داوە، بێگومان گرنگی ئەمە لە گۆڕینی ئاراستەکان و پێکهێنانی لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانەیە کە (فریتز هیدەر- F. Heider) لە تیۆری هاوسەنگیدا دایڕشت.

تیۆری (هیدر) بەو تیۆرانە دادەنرێت کەلە هاوسەنگی زانینی کۆڵیوەتەوە لای بینەری پەیامی ئامرازە میدیاییەکان، چونکە باری هاوسەنگی ئاماژە بەو بارە دەکات کە تاک وەک بینەر (وەرگر) درک بە ئاراستەکان دەکات لەناو ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان، بەو پێیەی لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ و پێکەوە گونجاون بن لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆک، لەبەرئەوەی کاتێک تاک درک بە ناهاوسەنگی یان کەموکورییەک دەکات لە بابەت و پەیامەکاندا، ئەوا هەست بە بارێک دەکات لە گرژیی و دڵەڕاوکێ و باوەڕنەبوون پێی، وای لێ دەکات ئارەزووی بەلای ئاراستە یان زیاتر لە پەیوەندی هەستەکاندا بڕوات و تا دەگەڕێتەوە بۆ بارەکە یان هەماهەنگی یاخود پێکەوە گونجاو.[٤]

**لە پێناسەیەکی دیکەدا هاوسەنگی (گونجان):** بریتییە لە هاوتاکردنی هێز، لەڕێگەی دابەشکردنی ڕووبەر و بارستە و بۆشایی و ڕەنگ و ڕووناکییەکان، دەکرێت بنەمای هاوسەنگی لەڕێگەی لێکنزیککردنەوەی کاری هونەرییەوە بێت، دەتوانرێت بەمشێوەیە بەدی بهێنرێت:-[٥]

ا- هاوسەنگی لێکچوو: ئەم شێوەیان لەلایەن (هیگڵ - Hegel) باس کراوە و بریتییە لە لێکچوونی بەشەکانی پارچەیەک بەلێکچونێکی هاوشێوە.

ب- هاوسەنگی نالێکچوو: بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەنگ بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان بەشەکانی پارچەیەک کە هەریەکەیان ڕەنگێکی هەیە.

پ- هاوسەنگیی ناوەندی: ئەمەیان بریتییە لە لێکنزیککردنەوەی دوو ڕەگەز یان زیاتر لە کاری هونەریدا بە جۆرێک کە ڕەگەزە گرنگەکە لە ناوەنددا دەبێت و هەموو ڕەگەزەکانی دیکە هاوسەنگ دەکات کەلە دەورووبەریدان.

---

[١] اثناء إسماعيل رشيد العاني، صناعة الاخبار في قناة العراقية الفصائية – دراسة تحليلية لنشرات الاخبار للمدة من ١|٤|٢٠٠٤ الي ٣٠|٩|٢٠٠٤، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة: بغداد، كلية: الاعلام، ٢٠٠٧) ، ص٥٠.

[٢] سەلام، پریمیەر بۆ مۆنتاژی فیلم و کلیپ، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٣٤.

[٣] فاخر عەلی عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٦.

[٤] کەمال فاروق، دەروونناسی میدیایی، وەرگێڕان| محەمەد عەبدوڵلا کەلاری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ١٠١٣، ل ١٥٩-١٦١.

[٥] مراح مراد، الفيلم الروائي التاريخي بين حرفية الحادثة التاريخية والمتخيل السينمائي – أفلام ميل غيبسون نموذجا – القلب الشباع – الام المسيح، أطروحة الدكتوراه، غير المنشورة، (جامعة: وهران ١ احمد بن بلة، كلية: الاداب والفنون، قسم: الفنون، ٢٠١٩)، ص١٠٣-١٠٤.

لەلایەکی دیکەوە "ئەکادیمیای جەزیرە" باس لەوە دەکات کە پرۆسەی هاوسەنگی (گونجان) لەسەر چەند ئاستێك بەدی دێت و کاری لەسەر دەکرێت، پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ئامادەکردن و ئاراستەکردنی پەیامە بینراو و خوێندراوەکاندا ڕەچاوی بکەن:- [1]

١. هاوسەنگی لە شێوەدا: ئەمە لەو ڕێگەیەوە دەبێت کە جیاوازی لە فۆنتدا نەبێت لەڕووی (قەبارە و جۆر)، هەروەها وێنە هاوتای ماددە میدیاییەکان بێت وەک (کەسایەتی، بابەت، کاریکاتێرو،... هتد).

٢. هاوسەنگی لەناوەڕۆکدا: لەسەر چەند ئاستێك دەبێت:-

ا- بوونی هەموو ڕەهەند و لایەنەکانی گفتوگۆ و پشتگوێ نەخستنی هیچ یەکێکیان لەبەر خاتری ئەوی تر.

ب- زامنکردنی دادپەروەری لەو ڕووبەر و کاتەی کە دەدرێت بە هەریەکێك لە لایەنەکان لەناو بابەتەکە، هاوتایی لە ئامادەگی ئەو لایەنانە لەناو بەشەکانی بابەتەکەدان وەک (ناونیشان، پێشەکی، ناوەڕۆك، کۆتایی).

پ- گونجاندنی بابەتی هەواڵ بۆ ئەو فاکتانەی کە لەبارەیەوە کۆکراونەتەوە، نەك ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان لەپێناو دروستکردنی بابەتدا. لە هەندێك حاڵەتی دیاریکراودا ڕۆژنامەنووس ناتوانێت زانیارییەکان لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە تەواو بکات، بۆیە پەنا دەبات بۆ چنینی بابەتێکی هەواڵی لەسەر بنەمای حەقیقەتێکی کەموکورت، لەسەر حسابی ووردیی، لێرەشەوە بە باشی بۆ وەرگر دەردەکەوێت کاتێك دەبینێت ئەو بابەتەی کە خوێندویەتییەوە یان بینیویەتی شتێکی وای بۆ ئەو زیاد نەکردووە لەڕووی زانیاری و ڕەگەزی هاوسەنگییەوە بێگومان ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی ئامرازەکە و ئەوانەی کاری تێدا دەکەن لەڕووی نووسین و لایەنی هونەری.

لە زانستی مرۆڤایەتییدا هیچ شتێکی چەسپاو بوونی نیە، کەسێك نیە بتوانێت درك بە حەقیقەتی تەواوەتی بکات، بەڵام هاوسەنگی (گونجان) هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە نزیکترین خاڵ لە حەقیقەتی تەواوەتی، ڕۆژنامەنووسی هاوسەنگ هەموو ژیانی لەسەر پەتی پێشەیبوونە کە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوپەڕی بەرزێتی و دوورە لە کاری نارێکخراوەیی، لەم کارەدا هەندێکجار ڕووبەڕووی ئاڵۆزی و بێزاری دەبێتەوە. ڕەنگە ڕابوەستێت لەپێناو گەڕاندنەوەی هاوسەنگی خۆی، بەڵام بەردەوام دەبێت لە بەرەنگاری بۆ ئەوەی کێشە نەکەوێتە هاوسەنگییەکەیەوە، لێرەوە ڕۆژنامەنووس وەکو ئەو یاریزانەی لێدێت کە لەسەر پەتێك لەنێوان دوو چیادا ڕاوەستاوە. لەحاڵی تێکچوونی هاوسەنگی و کەوتنەخوارەوەیدا، وەفاتنامەی ڕۆژنامەنووسی خۆی دەنوسێت، کە تێیدا تەمەنی ڕۆژنامەوانی خۆی لەدەستدەدات (لەڕووی جەماوەرییەوە) یاخود وەکو ڕۆژنامەنووسێك کە ناتوانێت بە جەماوەر بگات دەمێنێتەوە، ئەمە بەهۆی لەدەستدانی جەماوەرەکەی لەبەر تێکچوونی هاوسەنگییەکەی و کەوتنەخوارەوە لەسەر پەتی پێشەیبوون. [2]

---

[1] مروة علي، توازن الصحفي علي حبل المهنية، ١٦ أكتوبر ٢٠١٦،
https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/468?fbclid=IwAR2lyTUfz3ldP02Ya4sffkuxeBU7RhoRy8zjgTa-46Lz7tu_2k_gL2Au_Io (9|3|2022, 9:30PM)

[2] احمد ناجي الجمل، رافد إبراهيم التميمي، الكاميرا والتصوير الرقمي، بدون مكان الطباعة ، ٢٠١٨، ص١٨٧.

كەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە لەسەر سەرجەم ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی هاوسەنگی (گونجان) بکەن لەکاتی بەرهەمهێنانی ژانرەڕۆژنامەوانییەکان لەڕووی هونەری و نووسین و مۆنتاژ، بۆ نموونە: هاوسەنگی وێنە؛ نیشاندەر و خاڵی زێڕینە و کێش و قورسایی وێنە هەڵدەگرێت، بۆیە پێویستە لەسەر وێنەگر گرنگییەکی زۆر بدات بە لایەنی جوانکاری و ڕووناکی و ڕەنگ و بۆشایی،... هتد ئەو دیمەنانەی کە تۆماریان دەکات، چونکە ئەگەر هەریەک لەوانە فەرامۆش بکرێ دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگی و نەمانی متمانەی میدیایی بۆ کارەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانیش ڕاستە.

**کەواتە بەپێی تێڕوانینی توێژەر هاوسەنگی (گونجان) دێتە دی؛** لەڕێگەی پۆلێنکردن و دابەشکردنی ڕەگەزەکانەوە جێبەجێ دەکرێت کەلە ناو بابەت و وێنەکان (تێکست و وێنە)دان، کاتێک هاوسەنگییەکی باش بەدی دەکرێت لەبابەتە میدیاییەکاندا وا لەوەرگر دەکات هەست بە جوانی و متمانەکردن بکات و دوور دەکەوێتەوە لە دڵەڕاوکێ لە بینی و بیستنی ئەوەی کە بەرکەوتنی دەبێت بۆ پەیامەکە. هەر لێرەوە دەکرێت بووترێت هاوسەنگی بریتییە لە: گونجاندن و ڕێکخستنی بابەتە میدیاییەکان لەڕووی شێوە و ناوەڕۆک بە پشت بەستن و ڕەچاوکردنی خواست و لایەنی دەروونی وەرگر بەجۆرێک کە گونجاوبێت لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژی دەزگا و ئەو ژینگەیەی کە پەیامەکەی لێوە پەخش دەکرێ.

## ١٥.٣ گونجانی نێوان تێکست و وێنە:

پەیوەندی نێوان وشە و وێنە لە ماددە تەلەڤزیۆنییەکاندا پەیوەندییەکی تەواوکارییە، جۆری ماددە تەلەڤزیۆنییەکە و ڕەگەزەکانی تری بەرجەستەکردنی لایەنی هونەری سروشتی پەیوەندییەکە دیاری دەکەن. نابێت بەشێوەیەکی ڕەها تەماشای ئەم پەیوەندییە بکرێت، ڕێژەیی بوون بنەمای ئەم پەیوەندییەیە، زیادەڕۆیکردن لە بەهەند وەرنەگرتنی بنەماکانی بایەخی وێنە و ئەولەویەتەکانی، زۆرجار دەبێتەهۆی بێبەشکردنی ماددە تەلەڤزیۆنییەکان لە گرنگترین خاڵەکانی بەهێزی خۆی، هەروەها زیادەڕۆیکردن لە بەکارهێنانی زمانی قسەکردن لە نوسینی تەلەڤزیۆنیدا ـ بەهۆکاری ئایدیۆلۆژی یان بە پاڵنەری پڕوپاگەندە یاخود کەمی پێدراوە بینراوەکان ـ لەگەڵ پێشکەشکردنی ماددەیەکی کەم یان لاوازی بینراو، دەبێتەهۆی پێشکەشکردنی ماددەیەکی لاوازی تەلەڤزیۆنی یان هەندێکجار ماددەیەکی ئێزگەیی، هەروەك زیادەڕۆیکردن لە پێدانی بایەخی بنەڕەتی بە وێنە بەشێوەیەکی ڕەها، دەبێتەهۆی هەژاری ماددەی تەلەڤزیۆنی و ڕووکەشبوونی، بەدیاریکراوی لەو حاڵەتانەی کە تییاندا وێنە ناتوانێت هەموو شتێك بڵێت، یان ئەوەی کە لە بنەڕەتەوە وێنەی تێدا نییە، هەروەك ئارەزوو بۆ بەکارهێنانی وێنە لە ماددەی تەلەڤزیۆنیدا بەهۆکاری بازرگانی یان بەهانە و شتی ڕووکەشی تر، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەهای پەیوەندی و دەلالەتی ئەو وێنەیە هاوتا لەگەڵ خستنەڕووی ناوەڕۆکێکی لاواز، دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی جۆرێك لە سەرنجڕاکێشانی تەلەڤزیۆنی کە لەسەر بنەمای یاسا و سەرنجڕاکێشانی بینین و نمایشی دیمەنی ڕووکەش ڕاوەستاوە .[1]

---

[1] احمد الشعراوي، مدخل الي التحرير الإعلامي، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية، ٢٠٢٠، ص١١٢-١١٣.

هەندێ کات واسەیری وێنە دەکرێت کە زیاتر ڕەچاوی متمانەی بینەر دەکات بە بەراوورد لەگەڵ وشە، ئەگەر هەریەک لە وێنە و تێکست هاوتا نەبوون ئەوا بینەر زیاتر بەلای وێنەکەدا لایەنگیردەبێت، چونکە تێکست لەلایەن تاکێکەوە دەنووسرێ، بەڵام وێنە تیمێک دروستی دەکات و کۆمەڵێک وەریدەگرن لەیەک کاتدا[١]. هەرئەمە وایکردووە کە هەواڵی تەلەڤزیۆن لە ڕێگەی بەکارهێنان و پشت بەستن بە وێنەی جوڵاو متمانەی زیاتر دروست بکات لای بینەر، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان تێکست و وێنە وەک پەیوەندی ڕووەکانی دراوێک وایە، هەواڵی تەلەڤزیۆن پێویستی بە وێنەیە، وێنەش پێویستی بە تێکستە تا واتاکەی بۆ بینەران ڕوون بێت. چونکە شێوازی دەربڕینی وشەکان و تۆنی دەنگ و پلەی بەرزی و نزمی دەنگ و فشاری سەر دەرچە دەنگییەکان و وەستان لەسەر وشە و واتای جیاواز بە وشە و ڕستەکان دەبەخشێت، واتە ئەو ئاوازەی بە وشە و ڕستەکان دەدرێت هەستی جیاواز لای وەرگر دروست دەکات.[٢]

لەبەرئەوەی وێنە یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکان، یەکەم توخمی پێکهێنانی پەیام و نامە میدیاییەکانە بە شێوەی بینراو، لە ڕێگەی ئەم ڕەگەزە دەتوانرێت پەیامە بینراوەکان لە ڕێگەی نامەیەکی بینراو ئاراستەی بینەر بکرێت بە شێوەیەکی کاریگەر، بەمەش کاریگەری پەیامەکە زیاتر و زیاتر دەکات لەسەر بینەر و یارمەتی دەری دەبێت لە ئاسانکردن و خێرایی تێگەیشتن و هەڵمژین و وەرگرتنی زانیارییەکان، چونکە تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی میدیا بە پلەی یەکەم کارلەسەر هەستی بینین دەکات و دواتر لەسەر بیستن و ڕەگەزەکانی دیکە، کەواتە وشە وێنە تەواو دەکات ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکە وێنە پشتگیری تێکست دەکات و کاریگەرییەکانی وەک دەنگ و مۆسیقا زیندووی و کاریگەری دەبەخشێتە هەردووکیان.[٣]

هەربۆیە پێویستە لەسەر نووسەری تەلەڤزیۆن، بەر لە دەستپێکردنی نووسین، تەماشای ئەو دیمەنە بکات کە وێنەی گیراوە یاخود لە ئاژانسەکانی هەواڵ و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دیکە دەستیکەوتوون، چونکە تەماشاکردنی وێنەکان گرنتی ئەوە دەکات ئەو کەسەی کە دەنووسێت، نووسینەکەی ئاوێزان بێت لەگەڵ دیمەنەکاندا، ئەمە بەتەنیا بابەتی شێوەی کارکردن نییە، توێژینەوەکان دەریانخستووە، بینەران لە هونەرەکانی نووسینی تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەکی باشتر تێدەگەن ئەگەر وشە و وێنەکان ئاوێزانی یەکتر بن، بەڵام کاتێك ڤیدیۆ لەگەڵ تێکستدا ئاوێزان نابێت، بینەران بێزار دەبن لە بینینی زیاتری دیمەنەکان بەبەراورد بەوەی کە گوێیان لێی دەبێت[٤]. کەواتە پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووس لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ و پەیامە میدیاییەکان هەرگیز هەوڵ نەدات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پەنا بۆ بەکارهێنانی گرتەیەک ببات کە گونجاو نەبێت لەگەڵ تێکست، پێویستە لەسەری هیچ وشەیەک نەنووسێت گەر وێنەی گونجاوی لەبەر دەستدا نەبوو، دەبێت تەنها بۆ ئەو وێنانە بنووسێت کەلە بەردەستدا هەیە[٥]، ئەمە گرنگی نووسین دەردەخات بۆ وێنە

---

[١] احمد یوسف، عالم وثقافة العین، مجلة متابعات إعلامیة، العدد:٦٤، ١٩٩٩، ص٤١.
[٢] سعید السید، سامي شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.
[٣] ایمن عبدالحلیم نصار، البرنامج الوثائقیة، دار المناهج للنشر والتوزیع، عمان، الأردن، ٢٠٠٧، ص ٨٣-٨٤.
[٤] احمد الشعراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.
[٥] پەیمانگای (BBC) بۆ ڕۆژنامەوانی، نووسین بۆ تەلەڤزیۆن، وەرگێڕان| فارووق جەمیل کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٨.

پێویستە لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ ڕۆژنامەنووس تەواو دڵنیا بێت لە بوونی وێنە و پاش بینینی وێنەکە دەست بکات بە نووسینی تێکست، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تێکست دەبێت بۆ وێنە بنووسرێت.

ڕۆژنامەنووسی تەلەڤزیۆنی داهێنەرانەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەزانێت چۆن پەیوەندی تەواوکاری نێوان وێنە و وشە لە ماددەی تەلەڤزیۆنی و کارلێکەکانی دەخەملێنێت، بەجۆرێك هەریەکەیان بتوانێت ئەوی تریان دەوڵەمەند و تەواو بکات. کەواتە نووسینی تەلەڤزیۆنی سەرکەوتوو ئەوەیە کە سورە لەسەر بەکارهێنانی زمانێکی تەلەڤزیۆنی کە لەسەر پێیەکانی خۆی بڕوات، وێنە و وشە و پێداویستییەکانیان لە بەرجەستەکردنی هونەرە دەنگی و ڕەنگییەکانی تر. دەبێت ئەوە ڕوون بێت بۆ نووسەری تەلەڤزیۆنی کە پەیوەندی نێوان وشە و وێنە لە پرۆگرامی تەلەڤزیۆنیدا پەیوەندی گەورەی بە کێشەکانی تێگەیشتن و گوزارشتکردنەوە هەیە، مەرج نییە هەموو بیرۆکە یان چەمك یاخود ڕاستییەك پێویست بێت لە وێنەدا دەربکەوێت، هەروەك هەموو وێنەیەك پێویستی بە تەواوکردن یاخود ڕوونکردنەوە نییە، بۆیە وشەی وێنە دووبارە مەکەرەوە، بەڵکو تەواوی بکە لەپێناو دروستکردنی بابەتێکی بیستراو و بینراوی تەلەڤزیۆنی تەواو.

ڕۆژنامەنووسی تەلەڤزیۆن دەبێت زانیاری قوڵی هەبێت لەبارەی سروشتی وێنە و تواناکانی لە بواری کۆمیونیکەیشن و کاریگەرییەکانی لەسەر سۆز و هەڵچوونی بینەر، هەروەك پێویست دەکات لەسەری درکی قوڵی هەبێت بۆ سروشتی زمان و تواناکانی کۆمیونیکەیشنی زمان و توانای لە قایلکردن و ئامرازەکانی کاریگەریی. چونکە لە بنەڕەتەوە ژانرەهەواڵییەکان ئاڕاستەی هۆش و عەقڵ و لۆژیکی بینەر دەکرێت، ئەمە لەسەر توانای نووسەر کەوتووە لە بەکارهێنانی وێنە و وشەی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی داواکراو و ئاڕاستەکردنی پەیامی گونجاو لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی داواکراو.

## بەشی چوارەم
## چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە


١.٤ میتۆدی و شێوازی ئەم توێژینەوەیە
١.٤. ١ میتۆدی ئەم توێژینەوەیە
١.٤ . ٢ شێوازی ئەم توێژینەوەیە
٢.٤ ئامرازەکانی ئەم توێژینەوەیە
٣.٤ بوار و سنووری ئەم توێژینەوەیە
٤.٤ کۆمەڵگە و سامپڵی ئەم توێژینەوەیە
٥.٤ پێوەری ڕاستی ئەم توێژینەوەیە
٦.٤ ڕادەی جێگیری ئەم توێژینەوەیە
٧.٤ ئامرازی ئاماری ئەم توێژینەوەیە
٨.٤ هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری ناوەڕۆک
٨.٤. ١ چەمکی شیکاری ناوەڕۆک
٨.٤. ٢ دروستکردنی فۆڕمی شیکاری
٨.٤. ٣ دیاریکردنی دەستەی شیکاری
٨.٤. ٤ دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری
٩.٤ خستنەڕووی ئەنجامی گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکاندا

## ١.٤ میتۆد و شێوازی ئەم توێژینەوەیە

### ١.١.٤ میتۆدی ئەم توێژینەوەیە:

کۆمەڵە یاسایەکی گشتییە، توێژەران پشتیان پێ دەبەستن بەمەبەستی ڕێکخستنی هەموو ئەو بیروبۆچوون و زانیارییانەی کەلە بەردەستدان لە پێناو گەیشتن بەو دەرئەنجامانەی کە خوازیار و تامەزرۆی گەیشتنن پێی[(١)]، ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی وەسفی کراوە، یەکێکە لەو میتۆدانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە توێژینەوە میدیایی و پەروەردەیی و سایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسییەکاندا، جەخت لەسەر دیاردە و ڕووداوە هەنووکەیی و ئێستاییەکان دەکاتەوە[(٢)]، لەو چوارچێوەیەدا توێژەر لە توێژینەوەکەیدا وەسفی گونجان دەکات لە نێوان تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژ لە ژانری هەواڵدا.

### ٢.١.٤ شێوازی ئەم توێژینەوەیە:

ئەم توێژینەوەیە کاری بە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک کردووە، بە پێی تێڕوانینی "برنارد برلسون" (شێوازێکی توێژینەوە و وەسفکردنێکی بابەتیانەی سیستماتیکی و چەندایەتییە بۆ ناوەڕۆکی دیاری نامەیەک یان پەیامێکی میدیایی بینرا و یاخود نووسراو خوێندراو بەکاردەهێنرێت)[(٣)]، تێیدا توێژەر شیکاری بۆ هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی هەردوو کەناڵی (K24) و(NRT) کردووە، بەتایبەت بۆ دۆزینەوەی گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە ژانری هەواڵ، هاوکات بەراوودکاریش لەنێوان هەردوو کەناڵدا خراوەتەڕوو لەڕووی بوونی گونجان لە نێوان هەردوو ڕەگەزی تێکست و وێنە و ڕۆڵی پرۆسەی مۆنتاژ لە خستنەڕووی ئەم ژانرە ڕۆژنامەوانییە.

## ٢.٤ ئامرازەکانی ئەم توێژینەوەیە:

توێژەر پشتی بە چەند ئامرازێک بەستووە بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەموو ئەو داتا و زانیارییانەی کە پێویستن بۆ توێژینەوەکە و گرنگترینیان بریتین لە:-

١. چاوپێکەوتنی زانستی: ئامرازێکی زارەکییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و تۆمار و زانیاری بەکاردەهێنرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا پرسیار ئاڕاستەی کەسێک یاخود چەند کەسێک دەکرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییەک، کە زۆرجار ئەو زانیارییانە لە کتێب یان سەرچاوەکانی دیکەدا نییە، کەواتە ئەم پرۆسەیە بەشێوەی چاوپێکەوتن لەنێوان توێژەر و کەسێک یاخود چەند کەسێکدا ئەنجامدەدرێت، دەگونجێت ئەو کەسانە کەسی ئەکادیمی، حزبی، حکومی یان میدیاکار و هەندێکجار کەسی ئاسایی بن.[(٤)]

---

[١] حوسێن نزار فەزولڵا، پوختەیەک لە ڕێبازی توێژینەوە، وەرگێڕان| نەریمان عەبدولڵا خۆشناو، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٦ ، ل٣٦.

[٢] سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٨٢.

[٣] ئیبراهیم ئەبراش، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی (هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی)، وەرگێڕان| دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠٥.

[٤] سعد سلمان المشهداني، منهجية البحث الإعلامي، دار الكتاب الجامعي، ٢٠٢٠، ص٢٤٤.

توێژەر ئەم ئامرازە بەکاردەهێنێت و لە جۆری تاکایەتییە و بە شێوەی ڕووبەڕوو و سادە پرسیارەکانی ئاڕاستەکردووە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی شێواز و سیاسەتی کارکردن لە کەناڵە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەگەڵ زانینی چۆنێتی ئاڕاستەکردنی ناوەڕۆکی پەیامە هەواڵییەکان لەڕووی نووسین و هونەری لە زاری بەرپرسان و مۆنتێری کەناڵەکان.

بۆ دەرهێنانی دروستی فۆرمی چاوپێکەوتن؛ توێژەر پشتی بە دروستی ڕواڵەتی بەستووە، کە مەبەست لێی پشاندانی فۆرمەکەیە بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕانی بوارەکە [*] دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکە و بەهەند وەرگرتنی تێبینییە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، توێژەر یاسای (کوپەر-Cooper)ی بەکارهێناوە بەمەبەستی دەرهێنانی ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕان و شارەزایان کە بریتیبوو لە (%٩٣.٣٣) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی زانستییە و گونجاوە بۆ وەرگرتنی زانیاری. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

$$\textbf{ڕێژەی ڕێکەوتن (ڕاستی فۆڕم)} = \frac{\textbf{ژمارەی چەندجارەی ڕێکەوتن}}{\textbf{ژمارەی چەندجارەی ڕێکەوتن + ژمارەی چەندجارەی ڕێکنەکەوتن}} \times ١٠٠\%$$

$$= \frac{٢٨}{٣٠} \times ١٠٠ = \%٩٣.٣٣$$

٢. فۆرمی شیکاری ناوەڕۆک: توێژەر ئەم فۆرمەی وەک سەرچاوەیەک بەکارهێناوە بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕادەی زانینی بوونی هاوسەنگی (گونجان) لە سەرجەم ئەو هەواڵانەی لەهەردوو کەناڵی ئاسمانی (K24) و(NRT) پەخشدەکرێن، بەسەر (٢٠) دەستە و (٩٧) یەکەدا دابەشکراون، لەم ڕێگەیەوە توێژەر شیکاریان بۆ دەکات لەڕووی شێوە و ناوەڕۆک و بەکارهێنان. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)

توێژەر ئەم ئامرازە بەکاردەهێنێت، بەمەبەستی شیکردنەوەی وەسفی چەندێتی ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەی کەلە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن و بڵاودەکرێنەوە دەکات، لە چوارچێوەی ئەو دەستانەی کە ناوەڕۆکی فۆرمەکەی پێکهێناوە.

---

*** ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی چاوپێکەوتن:-**
١- پ.د. سلام نصرالدین محمد ، ڕاگەیاندن - تەلەڤزیۆن / بەشی ڕاگەیاندن / کۆلێژی ز. مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی.
٢- پ.ی.د. کاروان محمد حسن ، ڕاگەیاندن - تەلەڤزیۆن / بەشی ڕاگەیاندن / کۆلێژی ز. مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی.
٣- د. بەرهەم خالید احمد ، ڕاگەیاندن – ڕۆژنامە / بەشی ڕاگەیاندن / کۆلێژی ز. مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی.

## ٣.٤ بوار و سنووری ئەم توێژینەوەیە:

١. بواری کات: ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢٢) وەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئامادەکراوە، توێژەر ژانرەکانی هەواڵی گەشتی کاتژمێر (٨)ی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (K24) و (NRT) وەردەگرێت لە ماوەی مانگەکانی (١-١٠-٢٠٢١) تا (٣٠-١٢-٢٠٢١)، کە دەکاتە وەرزێکی تەواوی پەخشی کەناڵ کەلە (٣) مانگ پێکهاتووە.

٢. بواری شوێن: شوێنی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، هەرێمی کوردستان هەردوو پارێزگای (سلێمانی و هەولێر)ە چونکە نووسینگەی هەردوو کەناڵ دەکەوێتە ئەو دوو پارێزگایە.

٣. بواری بابەت: ناونیشانی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و بریتییە لە (گونجانی تێکست و وێنەی تەلەفزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان)، تەواوی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی هەردوو کەناڵ دەگرێتەوە کە وەک سامپڵ وەرگیراون.

## ٤.٤ کۆمەڵگە و سامپڵی ئەم توێژینەوەیە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە؛ سەرجەم هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، توێژەر؛ هەواڵەکانی گەشتی کاتژمێر (٨)ی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (K24) و (NRT)ی وەک نموونە وەرگرتووە، هۆکاری وەرگرتنی ئەو دوو کەناڵە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە: هەریەکێکیان نووسینگەی سەرەکییان لە شارێکی هەرێمی کوردستانە ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە هەردوو کەناڵ وەک سەربەخۆ خۆیان ناساندووە بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەردەکەوێت کە یەکێکیان ئۆپۆزسیۆنە و ئەوەی دیکەیان سەر بە حزبێکی دەسەڵاتدارە و بەشداری سەرەکی حکومەتە، لەگەڵ ئاستی پشت پێبەستنی وەرگر بە هەردوو کەناڵ بە ئامانجی وەرگرتنی زانیاری، بە پێی توێژینەوە و ڕاپرسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

جۆری نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری هەڕەمەکی بازنەییە و توێژەر مانگێکی دەستکردی (٣٠)ڕۆژ دروستکردووە، بەم شێوەیە وەرگیراوە؛ ١٠ڕۆژی یەکەم لە مانگی (١٠ی٢٠٢١) واتە (١-١٠ بۆ ١٠-١٠)، پاشان ١٠ڕۆژی دووەم لە مانگی (١١ی٢٠٢١) واتە (١١-١١ بۆ ٢٠-١١)، دواتر و لە کۆتادا ١٠ڕۆژی سێیەم لە مانگی (١٢ی٢٠٢١) واتە (٢١-١٢ بۆ ٣٠-١٢).

توێژەر بە پێویستی زانی بۆ بەرچاوڕوونی توێژەرانی دوای خۆی کورتەیەک لەسەر هەردوو کەناڵ بخاتەڕوو کەوەک سامپڵ (نموونە)ی توێژینەوەکەی وەریگرتوون و لەگەڵ خستنەڕووی شێواز و کارکردنی مۆنتێرەکان لە پرۆسەی مۆنتاژ لە ژانری هەواڵ:-

### ١. كەناڵی ئاسمانی (K24):[1]

دامەزراوەی كوردستان٢٤ بۆ توێژینەوە و ڕاگەیاندن؛ نێوەندێكی میدیاییە و كورتكراوەی (Kurdistan24)ە، كەناڵێكی سەربەخۆی نیشتیمانییە و بێلایەنیانە و پیشەییانە بەرهەمێكی پوختی میدیایی بە شێوەیەكی پڕۆفیشناڵانە و بە كوردییەكی ڕەوان، پاراو و سەنگین، بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان پێشكەشی بینەر و بیسەر و خوێنەران لەسەر هەریەک لە مانگی دەستكردنی ( Eutelsat 11677 H5040 – NileSat 11354 V27500 – Hotbird11373 H27500)دەكات، یەكەم پەخشی (K24)لە كاتژمێر (٧ی ئێوارەی ڕۆژی ٣١ی ئۆكتۆبەری ساڵی ٢٠١٥) دا بووە بەشێوەی ئەزموونی، دوای نزیكەی دوو ساڵ توانی بۆ ماوەی (٢٤) كاتژمێر لە ڕێگەی تۆڕێكی فراوانی پەیامنێران لە كوردستان و زۆربەی وولاتانی دونیا، بە خێرایی و بێلایەنانە بە دواداچوون بۆ ڕووداوەكان دەكات كە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانن لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی، كوردستان ٢٤ (**هاوسەنگی و بابەتیبوون و بەرپرسیاریتی**) كردۆتە پرێنسیپ و دروشمی كاركردن لە چوارچێوەی ئیتیكی و كاری ڕۆژنامەوانی، بەجۆرێک پەیامە میدیاییەكانی بەپێی ژانرەڕۆژنامەوانییەكان ئاراستەی چینێكی دیاریكراو لە ئەكادیمستان و ڕۆشنبیراون و كەسانی دیاریكراوی ناو كۆمەڵگە دەكات، بارەگای سەرەكی كەناڵەكە لە هەرێمی كوردستان – هەولێرە و لە هەریەک لە (شارەكانی باشوری كوردستان، بەغداد، دیاربەكر و وان، قامیشلۆ و كۆبانێ، ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ، بڕۆكسل و ئەڵمانیا و سوید و هۆڵەندا، واشنتن دی سی و مۆسكۆ) نووسینگەی هەیە و لەڕووی دارایی پشت بە ڕیكلام دەبەستێت.

**لە گرنگترین ئەو ئامانجانەی كە ئەم كەناڵەی لە پێناودا دامەزراوە بریتین لە:**

ا- كار دەكات بۆ بڵاوكردنەوەی كەلتوری لێبوردەیی و پێكەوەژیان و ئاشتەوایی و دیموكراسی و دادپەروەری و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان.

ب- كار دەكات بۆ بڵاوكردنەوەی كەلتوری ژینگەپارێزی، پەروەردەیەكی تەندروست، بەرزكردنەوەی ئینتمای تاك بۆ خاك و نیشتمان و ئاڵا و هەموو پیرۆزییەكان.

پ- كوردستان٢٤ مافی ڕادەربڕین بۆ هەموو پێكهاتە جیاوازەكانی كوردستان و ناوچەكە، بە جیاوازی فكری و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی مسۆگەر دەكات.

ت- كوردستان٢٤ پەرە بە بیری سەربەخۆیی لە كوردستان دەدات كە یەكێكە لە گرنگترین ئەو ئامانجانەی كە كەناڵەكەی لە پێناودا دامەزراوە.

بەشی مۆنتاژ لە كەناڵی (كوردستان ٢٤) لەلایەن چەند مۆنتێرێک دەبرێت بەڕێوە و سەرجەم ئەو بەرنامانەی كە پەخش و بەرهەمدەهێنرێن لەلایەن مۆنتێرەكان كاری مۆنتاژی بۆ دەكرێت بە شێوەیەكی پڕۆفێشناڵ بە پشت بەستن بە بنەما و ئیتیكی كاری ڕۆژنامەوانی، هەمیشە مۆنتێر هەوڵ دەدات بە كوالێتی

---

[1]- نامۆ احمد سلام، بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی كەناڵی كوردستان ٢٤، چاوپێكەوتنی توێژەر٢٨| ٦| ٢٠٢٢ كاتژمێر (٢:٠٠ی پاش نیوەڕۆ)، سلێمانی.
- وێب سایتی كوردستان ٢٤، https://www.kurdistan24.net/ckb/about، ١١| ٧| ٢٠٢٢ كاتژمێر (١١:٢٢ بەیانی)،

بەرز کاری مۆنتاژکردن بۆ ژانرەڕۆژنامەوانییەکان بکات. " قاسم محمود " دەڵێت: هەندێکجار بەهۆی گرنگی بابەت و کارکردن بە پێوەری خێرایی لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان مۆنتێر ناچاردەکرێت پەلەبکات لەم پرۆسەیەدا بە ئامانجی بوون بەسەرچاوەی یەکەم لە ڕووی وێنە و تێکست، هەمیشە وێنە پێش تێکست بوونی هەیە چونکە ئەگەر وێنە نەبێت ئەو بابەتە بۆ تەلەفزیۆن گرنگ نابێت لەبەرئەوەی پەیامەکان لەم ئامرازە میدیاییەدا پشت بە وێنە دەبەستێت ئەگەر وانەبێت ناتوانرێت کاریگەری دروست بکات لەکاتی ئاراستەکردنی بۆ وەرگر، هەربۆیە لەم کاتەدا هەواڵساز بە ڕاوێژ لەگەڵ مۆنتێر بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەواڵانەی کە گرنگن و وێنەی تەواوی بۆ بەردەست نەکراوە لە پێناو گونجانی وێنە و تێکست بە ناچاری پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی وێنەی ئەرشیف یاخود گرافیک وەک ئەوەی هەندێکجار لە ژانری هەواڵ لە کەناڵی (کوردستان ٢٤) بەدیدەکرێت، بەڵام لە کاتی بوونی وێنەی تەواو مۆنتێر سەربەخۆیی و دەسەڵاتی ڕەهای لایە لەکاتی هەڵبژاردنی گۆشە و گرتە و جوڵە لەپرۆسەی هاوسەنگکردنی لەگەڵ تێکستی ئامادەکراو زۆرجار وەک دەرهێنەر کار لەم پرۆسەیەدا دەکات بە ڕاوێژ لەگەڵ پەیامنێر و وێنەگر وەک یەکێک لە پرێنسیپەکانی کارکردن لە کەناڵی (کوردستان ٢٤) بە ڕوونی لە هەواڵەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بە پلەی یەکەم پشت بە وێنەی وێنەگرانی خودی کەناڵ دەبەسترێت بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی وێنەی تایبەت بە کەناڵ ناچار پەنا دەبرێتە بەر ئەو سەرچاوە و ئاژانسانەی کە کەناڵی (کوردستان٢٤) دەستەبەریکردوون.[١]

## ٢. کەناڵی ئاسمانی (NRT):[٢]

سەرەتا کەناڵی (NRT) لە (١٧ی شوباتی ساڵی٢٠١١)، وەک کەناڵێکی سەربەخۆی سەربە کۆمپانیای " نالیا " لە کاتژمێر (٩ی شەو بۆ ماوەی ٣کاتژمێر) بە زمانی کوردی لە ژێر دروشمی **(ڕاستگۆیی، هاوسەنگی، بوێری و کەناڵی هەموو ڕەنگەکانە)** دەستی بە پەخشی ئەزموونی خۆی کرد، بارەگای سەرەکی کەناڵەکە دەکەوێتە هەرێمی کوردستان – سلێمانی لەناو گوندی ئەڵمانی کە شوێنێکی نیشتەجێبوونە و لەلایەن کۆمپانیای " نالیا " بنیاتنراوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک لە پەخشکردن شەوی ( ١٩ لەسەر ٢٠ی شوباتی ٢٠١١) کۆمەڵێک هێز هێرشیان کردە سەریان و بارەگای کەناڵەکەیان سوتاند و بووە هۆی وەستاندنی پەخشی کەناڵەکە بۆ ماوەی (٢) مانگ و پاشان لە بەرواری (٢٢ی ئەیلوول ی ٢٠١١) دەستی بە پەخشی خۆی کردەوە، جگەلەمە چەندین جاری دیکە ئەم کەناڵە دووچاری سوتاندن و تاڵانکردن بووە بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە لە ئێستادا بەردەوامە لە پەخشکردن بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر لەسەر مانگی دەستکردی (V:11636 – 27500) ، بەپێی ووتەی بەرپرسانی کەناڵەکە لە ئێستادا (NRT) زمان حاڵی خەڵک ( میللەت)ە و سەربە هیچ حزب و لایەنێک نییە.

---

[١]قاسم محمود، مۆنتێر لە کەناڵی کوردستان ٢٤، چاوپێکەوتنی تویژەر٢٨| ٦| ٢٠٢٢ کاتژمێر (٢:٣٠ی پاش نیوەڕۆ)، سلێمانی.
[٢]توانا أنور عبدالقادر، بەڕێوەبەری کارگێری میدیایی نالیا، چاوپێکەوتنی توێژەر٢٨| ٦| ٢٠٢٢ کاتژمێر (١١:٠٠ی بەیانی)، کەناڵیNRT، سلێمانی.

"میدیای نالیا" دامەزراوەیەکی میدیاییە و خاوەنی چەندان کەناڵی بینرا و بیستراو و خوێندراوە بە چەندین زمانی جیاواز لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکانی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و تۆڕێکی بێسنووری پەیامنێران (لەسەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەغداد، ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان و بەشێک لە وولاتانی جیهان وەک بەریتانیا، ئەمریکا، سویسرا، بڕۆکسل و تەکساس،...هتد) پەخش و بڵاودەکاتەوە، لەڕووی بینەرەوە هەمەچەشنە و گرنگی بەسەرجەم چین و توێژ و ئاستەجیاوازەکان دەدات، کۆمپانیای "نالیا" کۆمپانیایەکی بواری بازرگانی و وەبەرهێنانە پاڵپشی دارایی کەناڵەکە دەکات.

**لە گرنگترین ئەو ئامانجانەی کە ئەم کەناڵەی لە پێناودا دامەزراوە بریتین لە:**

ا- خزمەتکردنی خەڵک یەکێکە لەکارە هەرە پێشینەکانی کەناڵەکە.

ب- ڕووماڵردنی ڕووداوە و پێشهاتە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی.

پ- گەیاندنی پەیام و دەنگی گەلی کورد و بابەتە چارەنووسسازەکان بە ڕایگشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ب- گرنگیدان بە مافی مرۆڤ، ئازادی بیروڕا،...هتد لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.

پرۆسەی مۆنتاژ لە کەناڵی (NRT) بە گرنگترین هەنگاوی بەرهەمهێنان دادەنرێت لە چوارچێوەی بەشێک و لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی هونەرییەوە جێبەجێدەکرێت کەبە " مۆنتێر" ناودەبرێت، پێویستە لەکاتی کارکردندا تەواوکار لەسەر ئەو تێکستە بکات کەلەلایەن سازێنەرانی هەواڵ نووسراون بە گرنگیدان بەو وێنانەی کەلەبەردەستدان، چونکە ئەوەی تەلەڤزیۆن لە ئامرازەکانی دیکە جیادەکاتەوە و زیندوویی دەداتێ وێنەیە بۆیە ناکرێت وێنەیەک بەکاربهێنرێت کە ناشاز و نەگونجاوبێت لەگەڵ تێکستەکە بە ڕەچاوکردنی وێنەکان لە ڕووی کات و جوڵە و گرتە و گۆشە بە شێوەیەکی هاڕمۆنی، بێگومان ئەمە ئەرکی سەرەکی مۆنتێرە کە دەبێت پارێزگاری لێبکات لە پرۆسەی مۆنتاژ. " هونەر کەریم " پێیوایە: لەکاری تەلەڤزیۆنیدا پێویستە گرنگی و ڕەچاوی هاوسەنگی (گونجان) بکرێت لە هەموو ژانرەکاندا چونکە گەر ئەمە بوونی نەبێت ئەوا پەیامەکە پەیامێکی تەواو کامڵ نابێت و بینەر زۆر بە ئاسانی دەتوانێت هەست بە کەمکوکوڕییەکانی بکات و دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە لای بینەر، بۆیە بەردەوام مۆنتێر لە کەناڵی (NRT) لەڕێگەی وێنەی جوڵاو یاخود جۆری دیکە هەوڵ دەدات ئەو کەمکوڕییانە چارەسەربکات بە بەکارهێنانی وێنەی ئەرشیف یان وێنەی وەستاو یاخود گرافیک کە بێگومان ئەمە شتێکی باوە و لە هەموو کەناڵە کوردی و بیانییەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە زۆرکات بەهۆی خێرایی و لەناکاوی ڕووداوەکان کەناڵ ناتوانێ وێنەی تەواو فەراهەمبکات بۆیە هەم هەواڵساز و هەم مۆنتێر ناچار دەبن پشتی پێببەستن. کەناڵی NRT وەک دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆ هەمیشە لەکاتی بوونی ڕووداوێک پەیامنێر بە یاوەری وێنەگر دەچنە شوێنی ڕووداوەکە و بە هامەهەنگی گرنگترین ئەو دیمەنانە تۆماردەکەن کە بۆ ڕووداو و کەناڵ گرنگە، پاش تۆمارکردنی دیمەنەکان لە ڕووی گۆشە و گرتە و جوڵە و دوای گەڕانەوەیان بۆ بارەگای کەناڵ لەبەر مەبنای ئەو وێنە و زانیارییانەی کە تۆمارکراون و لەبەردەستدان لەلایەن پەیامنێر یاخود هەواڵساز تێکستێکی بۆ دەنووسرێت و لە پرۆسەی مۆنتاژدا کاری گونجاندنی بۆ دەکرێت کە بە بنەمای کاری میدیایی دادەنرێت لە کەناڵەکە.

ئازادبوون یەکێکە لە بنەماکانی ئەنجامدان و بەرهەمهێنان و مۆنتاژی بابەتێکی جوان و تەواوی ڕۆژنامەوانی، ئازادی بە واتای؛ ئازاد بوون لە تێڕوانین و بیرۆکە و ئەزموون و دونیابینی مۆنتێر بۆ بابەتە بەرهەمهێراوەکە لە ڕووی هونەری بە هەماهەنگ لەگەڵ هەواڵساز و لەژێر بنەمای ئەو سیاسەت و ستراتیژیەی کە کەناڵ ( دامەزراوە)کە دیاریکردووە.[١]

## ٥.٤ پێوەری ڕاستی ئەم توێژینەوەیە (Validity Measure):

یەکێکە لە گرنگترین ئەو کارانەی کە توێژەر لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازێکی گونجاو بۆ توێژینەوەکەی بایەخی پێدەدات، بەمەبەستی زانینی ڕادەی ڕاستی و گونجاندنی ئەو ئامرازانەی کە بەکاریهێناون، بە ئامانجی پێوانەکردنی ئەو بابەت و دیاردانەی کە توێژەر دەیەوێت شیکاریان بکات لە پێناو بە دەستهێنان و دەرهێنانی ئەنجامێکی متمانەپێکراو و پاشان کار لەسەر گشتاندنیان دەکات، ئەمە نایەتەدی تا ئامرازێکی ڕاست بەکارنەهێنرێت لەلایەن توێژەر.[٢]

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ڕاستی ڕواڵەتی (Face Validity) بەکارهێناوە هەروەک چۆن لە زۆربەی ئەو توێژینەوانەدا بەکاردەهێنرێت کە تایبەتن بە شیکاری ناوەڕۆک، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەڵسا بە ئامادەکردنی فۆڕمێکی شیکاری و پاشان دابەشیکرد بەسەر شارەزایان و مامۆستایانی بوارەکانی وەک (ڕاگەیاندن، پەروەردە و هونەر) کە ژمارەیان (٥) پسپۆڕ بوو[*]. دوای ئەوەی فۆڕمەکە لەلایەن شارەزایان هەڵسەنگێندرا و هەریەکەیان بە نووسینی سەرنج و تێبینییەکانیان فۆڕمەکەیان هەڵسەنگاند، پاشان فۆڕمەکەیان بۆ توێژەر گەڕاندەوە و دەرکەوت کە فۆڕمەکە گونجاوە بۆ کارکردن، دواتر توێژەر بە ڕاوێژ لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیار سەرنج و تێبینی پسپۆڕانیان بەهەند وەرگرت و هەندێک گۆڕانکاریان لە فۆڕمەکەدا ئەنجامدا بە زیادکردن و لابردنی چەند برگەیەک لەو دەستانەی کە فۆڕمی شیکارییەکەی پێکهێنابوو. لە دوای ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بەبەکارهێنانی یاسای (کوپەر-Cooper) ڕێژەی ڕێککەوتنی پسپۆڕان و شارەزایان بریتیبوو لە (٩٦.٧٠%) کە ئەمە ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە و گونجاوە بۆ کارکردن.

---

[١] هونەر کەریم ئیسماعیل، بەرپرسی مۆنتاژ لە کەناڵی (NRT)، چاوپێکەوتنی توێژەر ٢٧| ٦|٢٠٢٢ کاتژمێر (٣:٠٠ی پاش نیوەڕۆ)، سلێمانی.

[٢] عدنان عوض، مناهج البحث العلمي، الناشر الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات بتعاون مع جامعة القدس المفتوحة، القاهرة، ٢٠٠٨، ص٢٤٩.

*** ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆک:-**

١- پ.د. صابر بكر مصطفي، پەروەردە / بەشی باخچەی منداڵان / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی.

٢- پ.د. إبراهيم سعيد فتح الله ، ڕاگەیاندن - تەلەڤزیۆن / بەشی ڕاگەیاندن / کۆلێژی ز. مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی.

٣- پ.ی.د. کاروان محمد حسن، ڕاگەیاندن - تەلەڤزیۆن / بەشی ڕاگەیاندن / کۆلێژی ز. مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی.

٤- پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد، ڕاگەیاندن - ئێزگە و تەلەڤزیۆن / بەشی تەکنیکی میدیا / کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

٥- پ.ی.د. دڵشاد مصطفي، هونەر / بەشی فیلمسازی/ کۆلێژی هونەرجوانەکان/ زانکۆی سلێمانی.

ڕێژەی ڕێکەوتن (ڕاستی فۆڕم) = ژمارەی چەندجارەی ڕێکەوتن ÷ (ژمارەی چەندجارەی ڕێکەوتن + ژمارەی چەندجارەی ڕێکنەکەوتن) ×١٠٠%

= ٤٦٩ ÷ ٤٨٥ ×١٠٠ = %٩٦.٧٠

## ٦.٤ ڕادەی جێگیری ئەم توێژینەوەیە (Reliability):

بریتییەلە ووردی پێوەر، حاڵەتێکە لە ڕێگەیەوە ڕاستی بۆ دەردەهێنرێت، لە ئەنجامی شیکارکردنی بابەتێک و لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵێک ژمارە و پاشان دووبارەکردنەوە و دواتر بەراووردکردنیان، لە هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی نمرەی ئەو تاکانەی کە بە پرۆسەی شیکارکردنەکە هەڵدەستن جا لە ڕێگەی خود یاخود کەسانی دیکەوە بێت.(١)

بەمەبەستی جێگیری دەستەکانی ناو فۆرمی شیکارییەکە توێژەر هەڵسا بە ئەنجامدانی جێگیری لەگەڵ خود؛ لەڕێگەی پشت بەستن بە پرۆگرامی (SPSS) ، لە ڕێگەی هاوکۆلکەی (Pearson Correlation)، دەرکەوت کە شیکاری جاری یەکەم ناوەندە ژمێرەکەی (٥٣٩.٦٦٦)ە، لە دوای تێپەڕبوونی (١مانگ) بەسەر مێژووی یەکەم شیکاری و وەرگرتنی لە١٠% سامپڵی توێژینەوەکە، ناوەندە ژمێرەی جاری دووەم (٥٣٢،٦٦٦)یە، لەمەوە دەرکەوت کە جێگیری (پێرسۆن) ڕێژەیەکی بەرزی بەدەست هێنا بە ڕێژەی (٠.٩٩٩) کە ئەمە ڕێژەیەکی بەرزە لە ئاست ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠). بڕوانە خشتەکە

**خشتەی خستنە ڕووی ڕادەی جێگیری توێژینەوەکە**

| پێرسۆن بۆ جێگیری | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | بەهای پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | ٦ | ٥٣٩.٦٦٦ | ٣٢١.٢٧٩ | ٠.٩٩٩ | ٠.٠٠٠ |
| جاری دووەم | ٦ | ٥٣٢.٦٦٦ | ٣٢٧.٥١٢ | | |

## ٧.٤ ئامرازی ئاماری ئەم توێژینەوەیە:

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەرنامەی (SPSS)ی بەکارهێناوە، لە پێناو شیکردنەوەی داتاکان ناچار بووە کۆمەڵێک شێواز و یاسای ئاماری بەکاربهێنێت وەک:-

١. بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی (%) بۆ وەسفکردن و خستنەڕووی زانیاری ناو فۆرمی شیکاری.

---

(١) یوهان عوسمان حەمە حسین، ڕۆڵی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا - هەڵمەتە ڤیدیۆییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی و هەولێر بە نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٨.

٢. ناوەندەژمێرە لە نێوان بەگۆڕی نێو دەستە شیکارییەکان بۆ زانینی نزیکبوونەوەیان لە چەقی داتاکان و دیاریکردنی پلەبەندیان.
٣. کەمترین ئاست و نزمترین ئاست بۆ تێگەیشتن لە ئاستی بەکارهێنانی بەگۆڕەکان لە سامپڵی توێژینەوەکە.
٤. پەیوەندی (پێرسۆن - Pearson Correlation-Coefficients) بۆ گەیشتن بە زانینی جۆر و ڕێژەی پەیوەندی لە نێوان بەگۆڕەکان، هەروەها بۆ گەیشتن بە جێگیری فۆڕمی دەستە شیکارییەکان.
٥. پەیوەندی (سپێرمان - Spearman's Correlation) بۆ گەیشتن بە زانینی جۆر و ڕێژەی پەیوەندی لە نێوان بەگۆڕەکان لەسەر ئاستی پلەبەندکردنیان.
٦. هاوکێشەی ئاماری (کوپەر- Cooper) بە مەبەستی دەرهێنانی ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان و پسپۆڕانی فۆڕمی چاوپێکەوتن و شیکاری بەکارهاتووە.

## ٨.٤ هەنگاوەکانی لایەنی شیکاری ناوەڕۆک

ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی شیکردنەوە و دەرخستنی ڕێژەی بوونی گونجانە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی تێکست و وێنەی تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی هەردوو کەناڵی (K24 و NRT)، بە پشت بەستن بە ڕێکاری شیکاری ناوەڕۆک. بەکارهێنانی ئەم ڕێکارە لە بواری توێژینەوە زانستییەکان بەگشتی و توێژینەوە میدیاییەکان پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی زانستی هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە:-

### ٨.٤. ١ چەمکی شیکاری ناوەڕۆک:

شیکاری ناوەڕۆک وەک چەمک چەندین ناساندن و ڕاجیایی بۆکراوە، لە نێوان هەموو ئەو ناساندنانەدا (جانیس لە ١٩٤٣)دا پێیوایە: تەکنیکێکی ناڕاستەوخۆی پەیامە میدیاییەکانە بەشێوەی نووسراو یان بیستراو یاخود بینراو و بیستراو لەلایەن تاکەکان یان گرووپێکەوە بۆ ناوەڕۆکی پەیام و بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەکاردەهێنرێت، لە کۆتادا بە شێوەیەکی ژمارەدار لە چوارچێوەی ئاماژە ئامارییەکان دەردەکەوێت.[١]

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی بە ئامانجی شیکردنەوەی ئەو پەیامانەی کە ئامانجی توێژینەوەکەن، بە مەبەستی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی پەیام و ئەو بەرهەمە ڤیدیۆیانەی کە کەناڵە بینراوەکان لەکاتی ئاڕاستەکردنی ژانرە هەواڵییەکان بۆ چاو و گوێی بینەر بەرهەمی دەهێنن.

### ٨.٤. ٢ دروستکردنی فۆڕمی شیکاری:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی پاش وەختەی شیکارییە، واتە فۆڕمێکی ئامادەکراونییە بۆ ئەوەی توێژەر پشتی پێببەستێت، هەربۆیە توێژەر ناچار بووە بۆ دروستکردنی فۆڕمی توێژینەوەکەی

[١] یوسف تمار، تحلیل المحتوي للباحثین و الطلبة الجامعین، طاکسیج – کوم، الجزائر،٢٠٠٧، ص١٠.

سەیری تەواوی ئەو هەواڵانە بکات کە سامپڵی توێژینەوەکەی پێکهێناوە و خۆی دەبینێتەوە لە وەرگرتنی وەرزێکی تەواوی هەواڵەکانی گەشتی کاتژمێر(٨)ی هەردوو کەناڵی (K24 و NRT)، دوای سەیرکردنی لەڕووی تێکست و وێنە توانراوە دەستە و یەکەکانی فۆڕمەکە دیاریبکرێن. بۆ سەیرکردنی فۆڕمی شیکاری. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)

## ٨.٤. ٣ دیاریکردنی دەستەی شیکاری:

بریتییە لە پۆلێنکردنی ماددە میدیاییەکان بەپێی ناوەڕۆکی پەیامەکان شیکاری دەکرێت بۆ بڕگەکان. ئەم پۆلێنکردنە بەشدارییەکی گرنگی دەبێت لە شیکارکردنی زانستی، وەک ئەوەی "وایت هید" دەڵێت پۆلێنکردن نیوەی ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان دەبێت بڕگەکان تایبەت و وورد و ڕوون و گشتگیر بن، تا ئەو جێگایەی توێژەر لە توانایدا بێت و بۆ توێژینەوەکە پێویست بێت.[1]

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە دەستەی فۆڕم و ناوەڕۆک، خۆی دەبینێتەوە لە گەڕان بەدوای وەڵامی ئەوەی چی ووتراوە؟ لەگەڵ چۆن ووتراوە؟ بەجۆرێک لە ڤیدیۆکاندا بە زیاد لە شێوازێک بابەتەکان خراونەتەڕوو.

- چی ووتراوە: لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان (هەواڵ)، چی تێدا بەرجەستەکراوە.
- چۆن ووتراوە: لە دیاریکردنی ئەو فۆڕمانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی ژانری هەواڵ بەکارهێنراون و پشتیان پێبەستوون.

## ٨.٤. ٤ دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری:

وەسفکردنی چەندایەتی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکانە و پەیوەستە بە دابەشکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکان بۆ هەندێک یەکە یان توخم، بە جۆرێک هەریەکەیان بۆ مەبەست و ئامانجێک بەکاردێت لەوانە (وشە، بیرۆکە، کەسێتی، بڕگە، ڕووبەر و زەمەن).[2] ئەم توێژینەوەیە جگە لە شیکارکردنی تێکستە نووسراوەکان هەڵدەستێت بە شیکاردنی ئەو وێنانەی کە یاوەری تێکستی هەواڵ دەکەن و لە پرۆسەی مۆنتاژدا بەرهەمهێنراون، هەربۆیە پشت بە یەکەی گرتە بەستراوە و لەم ڕێگەیەوە شیکاریان بۆ دەکرێت (گرتە = وشە).

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ئەو ڤیدیۆ و تێکستانە دەکات، کە تایبەتن بە هەواڵی تەلەڤزیۆن کەواتە کارکردنەکە تایبەتە بە وێنە و نووسین، چونکە هەواڵ (وێنەی جوڵا و وەستا و گرافیک) و تێکست لە خۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە پێویستە لەکاتی شیکارکردن پشت بە یەکەکانی (فۆڕم، بیرۆکە، بابەت، کەسایەتی) ببەسترێت.

---

[1] سعید ناصف، علم الاجتماع الإعلامي ( المفاهم – القضایا – التطبیقات)، الافاق المشرقة ناشرون، الشارقة، ٢٠١٥ ، ص١٤٢.
[2] بوحوش عمار و الاخرون (مجموعة مؤلفین)، منهجیة البحث العلمي وتقنیاته في العلوم الاجتماعیة، المركز الدیمقراطي العربي للدراسات الاستراتیجیة والسیاسیة والاقتصادیة، برلین – المانیا، ٢٠١٩، ص١٥٦.

- فۆڕم: مەبەست لەو فۆڕمانەیە کە گەشتی هەواڵەکانی پێ بەرهەمهێنراوە وەک (هەواڵ، ڕاپۆرت، لێدوان، چاوپێکەوتن).
- بابەت: مەبەست لەو ناوەڕۆکەیە کە زانیاری پەیامەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا پێ بڵاودەکرێتەوە وەک (سیاسی، ئابوری، حزبی، حکومی،...هتد)
- کەسایەتی: هەموو ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە کە ڕۆڵ و بەشداری گرنگیان هەیە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ژانری هەواڵ لەکاتی پەخشکردنی گەشتی هەواڵ.

## ٩.٤ خستنەڕووی ئەنجامی گونجانی تێکست و وێنەی تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژی گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان:

لە چوارچێوەی خستنەڕووی بوونی هاوسەنگی (گونجان) لە نێوان تێکست و وێنە لە هەواڵی کاتژمێر (٨)ی هەردوو کەناڵی (K24وNRT)، توێژەر بەباشی زانی بە گونجاو بۆ توێژینەوەکەی هەستا بە بەکارهێنانی ڕێکاری شیکاری ڕواڵەتی بە ئامانج و بەمەبەستی بەئاگابوون لە ڕادە و بوونی گونجان لە نێوان تێکست و وێنەی تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی مۆنتاژ لە گەشتی هەواڵی کەناڵە ئاسمانیەکان، بۆ هەریەک لەو هەواڵانە توێژەر کۆمەڵێک هەنگاوی گرتۆتەبەر لەوانە:

بەمەبەستی خستنەڕووی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی تێکست و وێنەی تەلەڤزیۆن لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەپێی ئەو ئامانجانەی کە ئەم توێژینەوەیەی لە پێناودا نووسراوە و ئامادەکراوە توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنان و بە پشت بەستن بە بەرنامەی (SPSS) گەشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە و لە شێوەی خشتەدا زانیارییەکان ڕووندەکرێنەوە:-

**خشتەی (١): جۆری گرتەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری گرتە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ریزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ریزبەندی |
| گشتی | ٠ | ٢٦ | ٧.٩٠ | ٢٣٧ | ٢٧.١٧٩ | ١ | ٨ | ٣٧ | ٢٢.٢٠ | ٦٦٦ | ٣٢.١٥٨ | ١ |
| نزیک | ٠ | ٢٧ | ٧.٠٤ | ٢١١ | ٢٤.١٩٧ | ٢ | ٠ | ٢٥ | ١١.٣٣ | ٣٤٠ | ١٦.٤١٨ | ٣ |
| ناوەند | ١ | ١٥ | ٦.٥٣ | ١٩٦ | ٢٢.٤٧٨ | ٣ | ٧ | ٣٦ | ١٦.٦٣ | ٤٩٩ | ٢٤.٠٩٤ | ٢ |
| ناوەندی دوور (ئەمریکی) | ٠ | ١٦ | ٣.٩٧ | ١١٩ | ١٣.٦٤٧ | ٤ | ٠ | ١٧ | ٧.٨٠ | ٢٣٤ | ١١.٢٩٩ | ٤ |
| ناوەندی نزیک | ٠ | ١٤ | ٢.٩٠ | ٨٧ | ٩.٩٧٧ | ٥ | ٠ | ١٧ | ٦.٥٧ | ١٩٧ | ٩.٥١٣ | ٥ |
| گشتی دوور | ٠ | ٦ | ٠.٧٣ | ٢٢ | ٢.٥٢٢ | ٦ | ٠ | ١٠ | ٤.٥٠ | ١٣٥ | ٦.٥١٨ | ٦ |
| کۆ | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێت، جۆری گرتەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەنــاڵی (K24)**: کەمتــرین ئاســتی بەکارهێنــانی بــۆ جــۆری گرتەکــان لە نێــوان (٠ و ١) دایە بــۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٦ بۆ ٢٧) دایە. دەرکەوتووە لە کۆی گشتی جۆری گرتەی بەکارهاتوو گرتەی (گشتی) بە ناوەندەژمێرەی (٧.٩٠) و بە کۆی گشتی (٢٣٧) گرتە بە ڕێژەی (٢٧.١٧٩%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی پیشاندانی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم گرتەی (نزیک) دێت بە ناوەندە ژمێرەی (٧.٠٤) و بە کۆی گشتی (٢١١) گرتە بە ڕێژەی (٢٤.١٩٧%) ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێنانـدا گرتووە، پاشان گرتەی (ناوەند) بە ناوەندەژمێرەی (٦.٥٣) و بەکۆی گشتی (١٩٦) گرتە لە کۆی گشتی گرتەی بەکارهێنراو بە ڕێژەی (٢٢.٤٧٨%) لە ڕیزبەندی سێیەمدایە، دواتر گرتەی (ناوەندی دوور- ئەمریکی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٣.٩٧) بە کۆی گشتی (١١٩) بە ڕێژەی (١٣.٦٤٧%) لە ڕیزبەنـدی چـوارەمی گـرتە بەکارهاتووەکـانە لە گەشـتی هەواڵەکـانی کەنـاڵی نـاوبراو، هەرچی گرتەی (ناوەندی نزیک و گشتی دوور)ە لە ڕیزبەندی پێنجەم و شەشـەمدان لە ڕووی بەکارهێنانیان بە ناوەنـدەژمێرەی ( ٢.٩٠و ٠.٧٣) بە کـۆی گشـتی ( ٨٧ و٢٢ ) بە ڕێـژەی (٩.٩٧٧% و ٢.٥٢٢%) لە هەواڵەکانی کەناڵی (K24).

**کەنــاڵی** (**NRT**): کەمتــرین ئاســتی بەکارهێنــانی بــۆ جــۆری گرتەکــان لە نێــوان (٠ و ٨) دایە بــۆ خسـتنەڕووی هەواڵەکـانی، بەرزتـرین ئاسـت لەنێـوان (١٠ بـۆ ٣٧) دایە. لە کـۆی گشـتی جـۆری گـرتەی بەکارهـاتوو دەرکەوتـووە، گرتەی (گشـتی) بە ناوەنـدەژمێرەی (٢٢.٢٠) و بە کـۆی گشـتی (٦٦٦) گـرتە بە ڕێژەی (٣٢.١٥٨%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بۆ خستنەڕووی وێنە لە هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم گرتەی (ناوەنـد) بە ناوەنـدەژمێرەی (١٦.٦٣) و بە کـۆی گشـتی (٤٩٩) گـرتە بە ڕێـژەی (٢٤.٠٩٤%) ڕیزبەنـدی دووەمـی لە بەکارهێنانـدا گرتـووە، پاشـان گـرتەی (نزیـک) بە ناوەنـدەژمێرەی (١١.٣٣) و بەکـۆی گشـتی (٣٤٠) گرتە لە کۆی گشتی گرتەی بەکارهێنراو بە ڕێژەی (١٦.٤١٨%) لە ڕیزبەندی سێیەمدایە، دواتر گرتەی (ناوەندی دوور - ئەمریکی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٧.٨٠) بە کۆی گشتی (٢٣٤) لە ڕیزبەندی چوارەمی گرتە بەکارهاتووەکانە لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی ناوبراو بە ڕێژەی (١١.٢٩٩%)، هەرچی گـرتەی (ناوەنـدی نزیـک و گشـتی دوور)ە لە ڕیزبەنـدی پێـنجەم و شەشــەمدان لە ڕووی بەکارهێنانیـان بە ناوەنــدەژمێرەی ( ٦.٥٧ و ٤.٥٠) بە کـۆی گشـتی (١٩٧و ١٣٥) بە ڕێـژەی (٩.٥١٣% و ٦.٥١٨%) لە هەواڵەکانی کەناڵی(NRT).

دوای شـیکردنەوەی خشـتەی ژمـارە (١) بە پێـی ئەو یاسـایەی کە (گریفث) داینـاوە بـۆ مۆنتـاژی ڤیـدیۆ بریتییە لە؛ [گرتەی گشتی + گرتەی ناوەند + گرتەی نزیک]، دەرکەوتووە کە کەناڵی (NRT) پەیڕەوێکی تەواوی ئەم شێوازەیان کردووە بە بەراوورد بە کەناڵی (K24) لە کاتی مۆنتاژکردن و خستنەڕووی وێنە ڕۆژنامەوانییەکـان. بەجۆرێـک مـۆنتێر ناچـار دەکرێـت کـاربەم یاسـایە بکـات کە شـێوازێکی زانسـتی و پرۆفێشـناڵانەیە لە زۆربەی کەنـاڵە پێشـکەوتووەکانی دونیـا کـاری پێـدەکرێت لەوانە (BBC) ئامـانج لێـی ڕوونکردنەوەی زیاتری پلەبەندی و تەرکیزخستنەسەر ئەو دیمەن و وێنانەی کەلە هەمبەر بوونی گرنگیدان

بە پێکهاتەکانی ناو دیمەنەکاندا بوونیان هەیە[١]، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی گرتە لە کەناڵی (NRT) زۆرتـرە بە ناوەندەژمێرەی (٦٩.٠٣) بە کۆی گشتی (٢٠٧١)بە بەراوورد بە کەناڵی (K24) بە ناوەندەژمێرەی (٢٩.٠٧) بە کۆی گشتی (٨٧٢).

**خشتەی (٢) : جۆری گۆشەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری گۆشە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| **ئاستی بینیین** | ٢ | ٥٣ | ٢٣.٠٣ | ٦٩١ | ٧٩.٢٤٣ | ١ | ١٦ | ٨٣ | ٥٥.٨٠ | ١٦٧٤ | ٨٠.٨٣٠ | ١ |
| **خوار ئاستی بینیین** | ٠ | ٢١ | ٣.٩٧ | ١١٩ | ١٣.٦٤٧ | ٢ | ٠ | ١٢ | ٧.٣٠ | ٢١٩ | ١٠.٥٧٥ | ٢ |
| **سەروو ئاستی بینیین** | ٠ | ١٢ | ١.٣٠ | ٣٩ | ٤.٤٧٢ | ٣ | ٠ | ٢١ | ٣.٤٠ | ١٠٢ | ٤.٩٢٥ | ٣ |
| **درۆن** | ٠ | ٧ | ٠.٤٧ | ١٤ | ١.٦٠٥ | ٤ | ٠ | ٤ | ٠.٨٧ | ٢٦ | ١.٢٥٦ | ٥ |
| **چاوی مێرووله** | ٠ | ١ | ٠.٢٠ | ٦ | ٠.٦٨٩ | ٥ | ٠ | ٤ | ١.١٣ | ٣٤ | ١.٦٤٢ | ٤ |
| **چاوی باڵندە** | ٠ | ٢ | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٣٤٤ | ٦ | ٠ | ٣ | ٠.٥٣ | ١٦ | ٠.٧٧٢ | ٦ |
| **کۆ** | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت، جۆری گۆشەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی بۆ جۆری گۆشەکان لە نێوان (٠ و ٢) دایە بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (١ بۆ ٥٣) دایە. دەرکەوتووە لە کۆی گشتی جۆری گۆشەی بەکارهاتوو گۆشەی (ئاستی بینین) بە ناوەندەژمێرەی (٢٣.٠٣) و بە کۆی گشتی (٦٩١) گۆشە بە ڕێژەی (٧٩.٢٤٣%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی پیشاندانی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم گۆشەی (خوار ئاستی بینین) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٣.٩٧) و بە کۆی گشتی (١١٩) گۆشە بە ڕێژەی (١٣.٦٤٧%) ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێناندا گرتووە، پاشان گۆشەی (سەروو ئاستی بینین) دێت بە

---

[١] هونەر کەریم ئیسماعیل، بەرپرسی مۆنتاژ لە کەناڵی (NRT)، چاوپێکەوتنی توێژەر ٢٧| ٦|٢٠٢٢ کاتژمێر (٣:٠٠ی پاش نیوەڕۆ)، سلێمانی.

ناوەنـدەژمێرەی (١.٣٠) و بەکـۆی گشـتی (٣٩) گۆشــە لە کـۆی گشـتی گۆشـەی بەکـارهێنراو بە ڕێـژەی (٤.٤٧٢%) لە ڕیزبەنـدی سـێیەمدایە، دواتـر گۆشــەی (درۆن – Fly Came) دێـت بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٤٧) بە کـۆی گشـتی (١٤) و بە ڕێـژەی (١.٦٠٥%) ڕیزبەنـدی چـوارەمی لە گۆشـە بەکارهاتووەکانـدا گرتووە لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی ناوبراو، گۆشەی (چاوی مێرووله) لە ڕیزبەندی پێنجەمدایە لە ڕووی بەکارهێنانی وێنە لە هەواڵەکانی کەناڵی (K24) بە ناوەندەژمێرەی ( ٠.٢٠) بە کۆی گشتی (٦) بە ڕێژەی (٠.٦٨٩%)، گۆشــەی (چــاوی باڵنــده) لە ڕیزبەنــدی شەشــەم و کۆتــادایە لەڕووی بەکارهێنــان لەکــاتی پەخشکردنی هەواڵ بە ناوەندەژمێرەی (٠.١٠) و بە کۆی گشتی (٣) و بە ڕێژەی (٠.٣٤٤%).

**کەنــاڵی (NRT)**: کەمتــرین ئاســتی بەکارهێنــانی بــۆ جــۆری گۆشــەکان لە نێــوان (٠ و١٦) دایە بــۆ خسـتنەڕووی هەواڵەکـانی، بەرزتـرین ئاسـت لەنێـوان (٣ بـۆ ٨٣) دایە. لە کـۆی گشـتی جـۆری گۆشـەی بەکارهاتوو دەرکەوتووە کە گۆشەی (ئاستی بینین) بە ناوەندەژمێرەی (٥٥.٨٠) و بە کۆی گشتی (١٦٧٤) گۆشە بە ڕێژەی (٨٠.٨٣٠%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەم گۆشەی (خوار ئاستی بینین) دێت بە ناوەنـدەژمێرەی (٧.٣٠) و بە کـۆی گشـتی (٢١٩) گۆشـە ڕیزبەنـدی دووەمـی لە بەکارهێنانـدا گرتـووە بە ڕێـژەی (١٠.٥٧٥%)، پاشـان گۆشـەی (سـەروو ئاسـتی بینـین) دێـت بە ناوەنـدەژمێرەی (٣.٤٠) و بەکـۆی گشتی (١٠٢) گۆشە لە کۆی گشتی گۆشەی بەکارهێنراو لەکاتی خستنەڕووی وێنە بە ڕێژەی (٤.٩٢٥%) لە ڕیزبەندی سێیەمدایە، دواتر گۆشەی (چاوی مێرووله) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.١٣) و بە کۆی گشتی (٣٤) بە ڕێژەی (١.٦٤٢%) لە ڕیزبەندی چوارەمی گۆشە بەکارهاتووەکانە لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی نــاوبراو، گۆشــەی (درۆن – Fly Came) لە ڕیزبەنــدی پێــنجەمەدایە لە ڕووی بەکارهێنــانی وێــنە لە هەواڵەکـانی کەنـاڵی (NRT) بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٨٧) و بە کـۆی گشـتی (٢٦) بە ڕێـژەی (١.٢٥٦%)، گۆشەی (چاوی باڵنده) لە ڕیزبەندی شەشـەم و کۆتـادایە لەڕووی بەکارهێنـان لەکاتی پەخشـکردنی هەواڵ بە ناوەندەژمێرەی (٠.٥٣) و بە کۆی گشتی (١٦) لە گۆشە بەکارهێنراوەکانن بە ڕێژەی (٠.٧٧٢%).

لەخسـتنەڕووی گۆشــەکاندا دەرکەوتــووە کە ڕادەی بەکارهێنــانی گۆشــە لە کەنــاڵی (NRT) زۆرتــرە بەبەراوورد بە کەنـاڵی (K24)، تـاڕادەیەک لە شـێوازی بەکارهێنـانی گۆشـەکان وەک یەکـن یـاخود لەیەکەوە نریکن، بە پێی ڕیزبەندییەکە هەریەک لە گۆشەکانی ( ئاستی بینین، خوارئاستی بینین، سەرووئاستی بینین) هاوسـەنگن واتە هەمـان پلەبەنـدییان وەرگرتـووە لە بەکارهێنانـدا لە هەردوو کەنـاڵی سـامپڵی تـوێژینەوەکە، بێگومان ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادە و ڕۆڵی گرنگی پێدانی کەناڵەکان بەو پێکهاتانەی کە بـابەتە هەواڵییەکەی پێکهێنــاوە لە ڕووی کەســایەتی و پــێگە، شــوێن،...هتد، زۆرتــرین گۆشــەی ئاســتی بینــین بەکارهــاتووە لەبەرئەوەی وەرگـر واهەسـت بکـات لەبەرامبەردا قسـەی بـۆ دەکرێـت ئەمە لەلایەک، لە لایەکـی دیـکەوە جۆری گۆشەی بەکارهێنراو لەهەندێک حاڵەتدا هاوسەنگ و گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە هەواڵییەکان.

**خشتەی (٣) : جۆری جوڵەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری جوڵە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| پان (ڕاست و چەپ) | ٠ | ٢٠ | ٥.٩٣ | ١٧٨ | ٥٤.٢٦٨ | ١ | ٠ | ٢٠ | ١١.٠٧ | ٣٣٢ | ٢٦.٠٤٠ | ٢ |
| نزیککردنەوە و دوورکردنەوە | ٠ | ١٨ | ٢.٩٧ | ٨٩ | ٢٧.١٣٥ | ٢ | ٥ | ٤٥ | ٢٢.٨٧ | ٦٨٦ | ٥٣.٨٠٤ | ١ |
| سەر و خوار | ٠ | ١٠ | ٢.٠٣ | ٦١ | ١٨.٥٩٧ | ٣ | ٢ | ٢٢ | ٨.٥٧ | ٢٥٧ | ٢٠.١٥٦ | ٣ |
| کۆ | | | ١٠.٩٣ | ٣٢٨ | ١٠٠ | | | | ٤٢.٥١ | ١٢٧٥ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت، جۆری جوڵەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری جوڵەی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٣٢٨) جوڵەیە دەرکەوتووە، جوڵەی (پان - ڕاست و چەپ) بە ناوەندەژمێرەی (٥.٩٣) و بە کۆی گشتی (١٧٨) جوڵە بە ڕێژەی (٥٤.٢٦٨%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی پیشاندانی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم جوڵەی (نزیککردنەوە و دوورکەوتنەوە) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢.٩٧) و بە کۆی گشتی (٨٩) جوڵە ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێنانی جۆری جوڵە بەکارهێنراوەکان وەرگرتووە بە ڕێژەی (٢٧.١٣٥%)، پاشان جوڵەی (سەر و خوار) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢.٠٣) و بەکۆی گشتی (٦١) جوڵە لە ڕیزبەندی سێیەم و کۆتادایە لەکاتی ئاڕاستەکردنی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (%١٨.٥٩٧).

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری جوڵەی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (١,٢٧٥) جوڵەیە دەرکەوتووە، جوڵەی (نزیککردنەوە و دوورکەوتنەوە) بە ناوەندەژمێرەی (٢٢.٨٧) و بە کۆی گشتی (٦٨٦) جوڵە و بە ڕێژەی (٥٣.٨٠٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی پیشاندانی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم جوڵەی (پان - ڕاست و چەپ) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١١.٠٧) و بە کۆی گشتی (٣٣٢) جوڵە ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێنانی جۆری جوڵەدا وەرگرتووە بە ڕێژەی (٢٦.٠٤٠%)، پاشان جوڵەی (سەر و خوار) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٨.٥٧) و بەکۆی گشتی (٢٥٧) جوڵە لە کۆی گشتی جوڵەی

بەکارهێنراو لە ڕیزبەندی سێیەم و کۆتادایە لە ئاراستەکردنی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (٢٠.١٥٦%).

لە خستنەڕووی خشتەکەی سەرەوەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە شێوازی بەکارهێنانی جۆری جوڵەی بەکارهاتوو لەکاتی پیشاندانی وێنە هەواڵییەکان لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی دیکەی بینراو جیاوازی هەیە وەک ئەوەی کەلێرەدا هەستی پێدەکرێت، بەجۆرێک وێنەگر لە ڕووی گرنگیدان بە پێکهاتەی ناو دیمەکان جوڵەکان دەستنیشان دەکات پاشان مۆنتێر بە ڕاوێژ لەگەڵ هەواڵساز جوڵە پەسەندەکانی تایبەت بە تێکستە هەواڵییەکان بژاردەکات، بە جۆرێک ڕادەی بەکارهێنانی جۆری جوڵە لە کەناڵی (NRT) زیاترە بە بەراوورد بە کەناڵی (K24) بە ناوەندەژمێرەی (٤٢.٥١). دەکرێت ژمارەی جوڵەکان لەگەڵ جۆری گرتە و گۆشەکان یەکانگیر نەبێت بەهۆی ئەوەی هەندێک وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ) هەیە دەکرێت ئەو جوڵانەی تێدا نەبێت یاخود زیاتر لە جوڵەیەکی تێدا بەرجەستە بکرێت ئەمە وا دەکات ژمارەکان هاوسەنگ نەبن، وەک ئەوەی کەلە خشتەی ژمارە (٣) بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت.

**خشتەی (٤) : قەبارە و ماوەی گرتەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / قەبارە و ماوەی گرتە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| درێژ | ٢ | ٦٠ | ٢٦.٨٧ | ٨٠٦ | ٩٢.٤٣١ | ١ | ١٥ | ٩٠ | ٦٠.٩٧ | ١٨٢٩ | ٨٨.٣١٤ | ١ |
| کورت | ٠ | ١٣ | ١.٣٧ | ٤١ | ٤.٧٠٢ | ٢ | ١ | ٩ | ٤.٣٠ | ١٢٩ | ٦.٢٢٩ | ٢ |
| ناوەند | ٠ | ٤ | ٠.٨٣ | ٢٥ | ٢.٨٦٧ | ٣ | ٠ | ١٠ | ٣.٧٦ | ١١٣ | ٥.٤٥٧ | ٣ |
| کۆ | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت، قەبارە و ماوەی گرتەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی بۆ قەبارە و ماوەی گرتەکان لە نێوان (٠ و ٢) دایە بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٤ بۆ ٦٠) دایە. دەرکەوتووە کۆی گشتی قەبارە و ماوەی گرتەی ئەو وێنانەی کە بەکارهاتوون لە کاتی پیشاندانی وێنە لە هەواڵەکاندا ژمارەیان (٨٧٢) گرتەیە و بەم جۆرەیە؛ قەبارە و ماوەی گرتەی (درێژ) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ناوەندەژمێرەی (٢٦.٨٧) و بە

کۆی گشتی (٨٠٦) ماوە بە ڕێژەی (٩٢.٤٣١%)، دوابەدوای ئەم قەبارە و ماوەی گرتەی (کورت) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٣٧) و بە کۆی گشتی (٤١) بە ڕێژەی (٤.٧٠٢%) ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێناندا گرتووە لەڕووی قەبارە و ماوەی گرتە لە وێنەکان، پاشان قەبارە و ماوەی گرتەی (ناوەند) بە ڕێژەی (٢.٨٦٧%) لە ڕیزبەندی سێیەم دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.٨٣) و بە کۆی گشتی (٢٥) لە کۆی گشتی قەبارە و ماوەی گرتەی بەکارهێنراو، لەکاتی پیشاندانی وێنە گرنگ و هەنووکەییەکانی ڕۆژ لە تەواوی هەواڵەکانی گەشتی ژووری هەواڵی کەناڵی (K24).

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی بۆ قەبارە و ماوەی گرتەکان لە نێوان (٠ و ١٥) دایە بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٩ بۆ ٩٠) دایە. دەرکەوتووە کۆی گشتی قەبارە و ماوەی گرتەی ئەو وێنانەی کە بەکارهاتوون لە کاتی پیشاندانی وێنە لە هەواڵەکاندا (٢٠٧١) گرتەیە و بەم جۆرەیە؛ قەبارە و ماوەی گرتەی (درێژ) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ناوەندەژمێرەی (٦٠.٩٧) و بە کۆی گشتی (١٨٢٩) ماوە بە ڕێژەی (٨٨.٣١٤%)، دوابەدوای ئەم قەبارە و ماوەی گرتەی (کورت) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٤.٣٠) و بە کۆی گشتی (١٢٩) بە ڕێژەی (٦.٢٢٩%) ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێنانی وێنەکاندا گرتووە، لە کۆتادا قەبارە و ماوەی گرتەی (ناوەند) بە ڕێژەی (٥.٤٥٧%) لە ڕیزبەندی سێیەم دێت بە ناوەندەژمێرەی (٣.٧٦) و بە کۆی گشتی (١١٣) لە کۆی گشتی قەبارە و ماوەی گرتەی بەکارهێنراو، لەکاتی پیشاندانی وێنە گرنگ و هەنووکەییەکانی ڕۆژ لە تەواوی هەواڵەکانی گەشتی گەرمە هەواڵی کەناڵی (NRT).

لەم خشتەیەدا ئەوە بەدیدەکرێت کە هەردوو کەناڵی (K24 و NRT) وەک یەک گرنگییان بە قەبارە و ماوەی سەرجەم ئەو گرتانە داوە کە بەکاریان هێناوە لەڕووی (درێژ- کورت - ناوەند) هەمان ڕیزبەندییان هەیە، بەڵام لەدوای تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی ناوەندەژمێرە دەرکەوتووە کە (جیاوازی ئاماری) هەیە وەک لە خشتەکەدا دەبینرێت، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕێژەی بوونی هەواڵ لە گەشتەکان، ئەمە جگەلەوەی ئەو وێنانەی کە بۆ ماوەیەکی کورت بەکارهێنراون زۆرجار بووەتە هۆی دروست بوونی بازدان (Jump) لەگەڵ ئەوەی چاوی بینەر تێرناکات لە هەمان کاتیشدا ناتوانێت خزمەت بە تێکستە میدیاییەکە بکات کە لە پێناویدا وێنەکە دانراوە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای هەواڵ. سەرەڕای ئەوەی کەلە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکەدا لە ڕیزبەندی دووەم دایە، هەروەها ماوە و قەبارەی (درێژ) زۆرجار دەبێتە هۆی بێزاری وەرگر.

**خشتەی (٥) : شێوازی ئەنجامدانی مۆنتاژ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / شێوازی مۆنتاژ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندەژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندەژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| بڕین | ٢ | ٥٥ | ٢٧.٧٣ | ٨٣٢ | ٩٥.٤١٢ | ١ | ١٦ | ٧٨ | ٥٠.٠٣ | ١٥٠١ | ٧٢.٤٧٧ | ١ |
| سڕینەوە | ٠ | ١٧ | ١.١٧ | ٣٥ | ٤.٠١٤ | ٢ | ٠ | ٢١ | ٠.٧٠ | ٢١ | ١.٠١٥ | ٤ |
| تێکەڵکردن | ٠ | ٤ | ٠.١٧ | ٥ | ٠.٥٧٤ | ٣ | ٠ | ١٣ | ٨.٤٠ | ٢٥٢ | ١٢.١٦٨ | ٣ |
| دەرکەوتن و شاردنەوە | ٠ | ٠ | - | - | - | - | ٠ | ١٣ | ٩.٩٠ | ٢٩٧ | ١٤.٣٤٠ | ٢ |
| کۆ | | | ٢٩.٠٧ | ٨٧٢ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٠٣ | ٢٠٧١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت، شێوازی ئەنجامدانی مۆنتاژ و بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆیی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆ لە نێوان (٠ و ٢) دایە لە پرۆسەی مۆنتاژی ڤیدیۆ لە هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٠ بۆ ٥٥) دایە. لە کۆی گشتی شێوازی ئەنجامدانی مۆنتاژ دەرکەوتووە، کارتێکەری (بڕین - Cut) بە ناوەندژمێرەی (٢٧.٧٣) و بە کۆی گشتی (٨٣٢) کارتێکەر بە ڕێژەی (٩٥.٤١٢%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی مۆنتاژکردنی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم کارتێکەری (سڕینەوە - Wipe) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.١٧) و بە کۆی گشتی (٣٥) کارتێکەر ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێناندا گرتووە بە ڕێژەی (٤.٠١٤%) لە پرۆسەی مۆنتاژی ڤیدیۆ، پاشان کارتێکەری (تێکەڵکردن - Mix) بە ناوەندژمێرەی (٠.١٧) و بەکۆی گشتی (٥) کارتێکەر لە کۆی گشتی کارتێکەرە ڤیدیۆییەکان بە ڕێژەی (٠.٥٧٤%) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە، کەناڵی(K24) لە هەواڵەکانیدا بە درێژایی وەرزێکی پەخش هیچ جۆرە کارتێکەرێکی (دەرکەوتن و شاردنەوە - Faid in & Faid Out)ی تێدا بەکارنەهێنراوە لەکاتی ئەنجاندانی کاری مۆنتاژ لە خستنەڕووی وێنەکان.

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی کارتێکەری ڤیدیۆ لە نێوان (٠ و ١٦) دایە لە پرۆسەی مۆنتاژی ڤیدیۆ لە هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (١٣ بۆ ٧٨) دایە. لە کۆی گشتی شێوازی ئەنجامدانی مۆنتاژ دەرکەوتووە، کە کارتێکەری (بڕین - Cut) بە ناوەندەژمێرەی (٥٠.٠٣) و بە کۆی

گشتی (١٥٠١) کارتێکەر بە ڕێژەی (٧٢.٤٧٧%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی مۆنتاژکردنی وێنە لە خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم کارتێکەری (دەرکەوتن و شاردنەوە - Faid in & Faid Out) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٩.٩٠) و بە کۆی گشتی (٢٩٧) کارتێکەر ڕیزبەندی دووەمی بە ڕێژەی (١٤.٣٤٠%) لە بەکارهێناندا گرتووە لە پرۆسەی مۆنتاژی ڤیدیۆ، پاشان کارتێکەری (تێکەڵکردن - Mix) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٨.٤٠) و بەکۆی گشتی (٢٥٢) کارتێکەر لە کۆی گشتی کارتێکەرە ڤیدیۆییەکان بە ڕێژەی (١٢.١٦٨%) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە، هەرچی کارتێکەری (سڕینەوە - Wipe)یە پلەی کۆتای لە ڕیزبەندییەکەدا گرتووە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٧٠) و بە کۆی گشتی (٢١) کارتێکەر بەکارهێنراوە بە ڕێژەی (١.٠١٥%) لەکاتی ئەنجاندانی کاری مۆنتاژ.

کەواتە بەپێی خشتەکەی سەرەوە دەرکەوتووە کە کارتێکەری (بڕین - Cut) لە هەردوو کەناڵی ( K24 و NRT ) بە پلەی یەکەم دێت، بە یەکێک لە گونجاوترین و ئاسانترین و کاریگەرترین شێوازەکانی مۆنتاژ دادەنرێت لە ژانری هەواڵ، بەڵام لە پلەبەندی شێوازەکانی دیکەدا جیاوازی هەیە بە جۆرێک کەناڵی (NRT) سەرجەم جۆرەکانی کارتێکەری لە گەشتی هەواڵەکانیدا بەکارهێناوە بە بەراوورد بە کەناڵی (K24)، ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بەو ناوەڕۆکی هەواڵانەوە هەبێت کە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە گرنگی پێدراوە بەجۆرێک هەوڵیانداوە لەم ڕێگەیەوە کاری جوانکاری بۆ وێنە ڕۆژنامەوانییەکان بکەن، بەڵام بەپێی ئەزموونی توێژەر وەک مۆنتێر تاڕادەیەک زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی کارتێکەرەکاندا کراوە لەبەرئەوەی پێیوایە کارتێکەری (بڕین - Cut) گونجاوترین کارتێکەرە بۆ ژانری بەکارهاتوو.

**خشتەی (٦) : جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری وێنەی بەکارهاتوو | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| جووڵاو | ٢ | ٥٥ | ٢٥.٣٧ | ٧٦١ | ٧٩.١٨٨ | ١ | ٨ | ٦٢ | ٤٢.٢٣ | ١٢٦٧ | ٦٠.٥٦٤ | ١ |
| وەستاو | ٠ | ٢٢ | ٣.٧٠ | ١١١ | ١١.٥٥٠ | ٢ | ٢ | ٤٩ | ٢٦.٨٠ | ٨٠٤ | ٣٨.٤٣٢ | ٢ |
| گرافیک | ٠ | ١٨ | ٢.٩٧ | ٨٩ | ٩.٢٦٢ | ٣ | ٠ | ١٦ | ٠.٧٠ | ٢١ | ١.٠٠٤ | ٣ |
| کۆ | | | ٣٢.٠٤ | ٩٦١ | ١٠٠ | | | | ٦٩.٧٣ | ٢٠٩٢ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت، جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری وێنە لە نێوان (٠ و ٢) دایە لە کاتی خستنەڕووی وێنەی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (١٨ بۆ ٥٥) دایە. لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لەم کەناڵە دەرکەوتووە، وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ) بە ناوەندەژمێرەی (٢٥.٣٧) و بە کۆی گشتی (٧٦١) وێنە بە ڕێژەی (٧٩.١٨٨%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی وێنەی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم وێنەی (وەستاو) دێت کە جۆرێکی دیکەی وێنەیە بە ناوەندەژمێرەی (٣.٧٠) و بە کۆی گشتی (١١١) وێنە ڕیزبەندی دووەمی لە بەکارهێناندا گرتووە بە ڕێژەی (١١.٥٥٠%) لەکاتی نمایشکردنی وێنە لە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە، پاشان وێنەی (گرافیک) بە ناوەندەژمێرەی (٢.٩٧) و بەکۆی گشتی (٨٩) وێنە لە کۆی گشتی وێنە بەکارهاتووەکانە کە ژمارەیان (٩٦١) وێنەیە بە ڕێژەی (٩.٢٦٢%) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە.

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری وێنە لە نێوان (٠ و ٨) دایە لە کاتی خستنەڕووی وێنە لە هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (١٦ بۆ ٦٢) دایە. لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لەم کەناڵەدا دەرکەوتووە، وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ) بە ناوەندەژمێرەی (٤٢.٢٣) و بە کۆی گشتی (١٢٦٧) وێنە بە ڕێژەی (٦٠.٥٦٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی وێنەی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم وێنەی (وەستاو) دێت کە جۆرێکی دیکەی وێنەیە و بە ناوەندەژمێرەی (٢٦.٨٠) و بە کۆی گشتی (٨٠٤) وێنە ڕیزبەندی دووەمی بە ڕێژەی (٣٨.٤٣٢%) لە بەکارهێناندا گرتووە لەکاتی نمایشکردنی وێنە لە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە، پاشان وێنەی (گرافیک) بە ناوەندەژمێرەی (٠.٧٠) و بەکۆی گشتی (٢١) وێنە لە کۆی گشتی وێنە بەکارهاتووەکانە کە ژمارەیان (٢٠٩٢)ە ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (١.٠٠٤%).

بەپێی ئەو یاسا ئامارییەی کە بەردەستە و لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە و ڕوونکراوەتەوە هەردوو کەناڵی نموونەی توێژینەوەکە هەمان ڕیزبەندیان هەیە بۆ جۆرەکانی وێنە بە جۆرێک وێنەی جوڵاو لە پلەی یەکەمدایە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییەی کە تەلەڤزیۆن هەیەتی لەڕووی زیندوویی و ڕاستەقینەوە، بەهۆی ئەوەی تەلەڤزیۆن کار لەسەر وێنەی جوڵاو دەکات بۆیە سەرجەم ئەو وێنە وەستاوانەش کەلە گەشتی هەواڵەکاندا بەکارهێنراون لەلایەن مۆنتێر (Montion - ئیفێکت)ی دراوەتێ تا بتوانرێت لە قاڵبی وەستاو بهێنرێتەدەرەوە، گومانی تێدانییە هەمیشە گرافیک بۆ ڕوونکردنەوە و زانیاری وورد بەکاردەهێنرێت، کەواتە دەکرێت بووترێت هەریەک لە کەناڵی (K24 وNRT) توانیویانە بەشێوەیەکی زانستی کارلەسەر جۆری وێنەکان بکەن لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکان لەڕووی ناوەڕۆک، بەجۆرێک کەناڵی (NRT) ڕادەی بەکارهێنانی وێنەی زیاترە بەبەراوورد بە کەناڵی (K24) بە ناوەندەژمێرەی (٧٣.٦٩). کۆی گشتی ژمارەی وێنەکان یەکناگرێتەوە لەگەڵ هەریەک لە گۆشە، گرتە،

قەبارە،...هتد لەبەرئەوەی ئەو هەواڵانەی کە وێنەکەیان لە جۆری (گرافیک)ە لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەی وەستاو تێکستێکی ڕوونکردنەوەیی یاوەری کردووە، کە بێگومان ناگونجێت وەک وێنە شیکردنەوەی بۆ بکرێت هەربۆیە لەم توێژینەوەیدا تەنها بە ژمارە ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی (٧) : ڕادەی بوونی وێنە لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / ڕادەی بوونی وێنە | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| ئینفۆگرافیک - Spot | ٢ | ٨ | ٥.١٣ | ١٥٤ | ٥٥.٣٩٦ | ١ | ٣ | ١٥ | ٧.٥٧ | ٢٢٧ | ٣٠.٩٦٩ | ٢ |
| وێنەدار | ١ | ٩ | ٣.٩٣ | ١١٨ | ٤٢.٤٤٦ | ٢ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٣ | ٥٠٥ | ٦٨.٨٩٥ | ١ |
| بێ وێنە | ٠ | ٢ | ٠.٢٠ | ٦ | ٢.١٥٨ | ٣ | ٠ | ١ | ٠.٠٣ | ١ | ٠.١٣٦ | ٣ |
| کۆ | | | ٩.٢٦ | ٢٧٨ | ١٠٠ | | | | ٢٤.٤٣ | ٧٣٣ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت، ڕادەی بوونی وێنەی بەکارهاتوو لە گەشتی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی ڕادەی بوونی وێنە لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی لە نێوان (٠ و ٢) دایە، بەرزترین ئاست لەنێوان (٢ بۆ ٩) دایە. لە کۆی گشتی ڕادەی بوونی وێنە لەم کەناڵە دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کە (ئینفۆگرافیک - Spot)ن بە ناوەندەژمێرەی (٥.١٣) و بە کۆی گشتی (١٥٤) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٥٥.٣٩٦%) لە کاتی بڵاوکردنەوە و پەخشکردن و ڕوونکردنەوەی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم ئەو هەواڵانەی کە (وێنەدار)ن دێت بە ناوەندەژمێرەی (٣.٩٣) و بە کۆی گشتی (١١٨) بە ڕێژەی (٤٢.٤٤٦%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لە نمایشکردنی ئەو هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەیە، پاشان ئەو هەواڵانەی کە (بێ وێنە)ن بە ناوەندەژمێرەی (٠.٢٠) و بەکۆی گشتی (٦) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە لە کۆی گشتی ئەو هەواڵانەی کە گەشتی هەواڵەکانی پێکهێناوە بە ڕێژەی (٢.١٥٨%).

**کەناڵی** (**NRT**): کەمترین ئاستی بەکارهێنانی ڕادەی بوونی وێنە لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی لە نێوان (٠ و ٩) دایە، بەرزترین ئاست لەنێوان (١ بۆ ٢٢) دایە. لە کۆی گشتی ڕادەی بوونی وێنەی بەکارهاتوو دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کە (وێنەدار)ن بە ناوەندەژمێرەی (١٦.٨٣) و بە کۆی گشتی (٥٠٥) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٦٨.٨٩٥%) لە کاتی بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم ئەو هەواڵانەی کە (ئینفۆگرافیک – Spot)ن دێت بە ناوەندەژمێرەی (٧.٥٧) و بە کۆی گشتی (٢٢٧) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لە نمایشکردنی ئەو هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەیە بە ڕێژەی (٣٠.٩٦٩%)، پاشان ئەو هەواڵانەی کە (بێ وێنە)ن بە ناوەندەژمێرەی (٠.٠٣) و بەکۆی گشتی (١) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە لە کۆی گشتی ئەو هەواڵانەی کە گەشتی هەواڵەکانی پێکهێناوە بە ڕێژەی (٠.١٣٦%).

وەک لە خشتەی ژمارە (٧) دیارە دەکرێت بووترێت لەڕووی ڕادەی بوونی وێنە لەهەواڵدا کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم دێت و لە ئاستێکی باشی بەرپرسیارێتیدا بووە بە بەراوورد بە کەناڵی (K24)، بەجۆرێک لە کۆی ئەو هەواڵانەی کەلەم کەناڵەوە پەخشکراوە تەنها (١) هەواڵ وێنەی نەبووە لە بەرامبەردا کەناڵی (K24) (٦) هەواڵیان بێ وێنە بوون ئەمەش جیاوازییەکی زۆر دەردەخات لەنێوان هەردوو کەناڵی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی گرنگی پێدان بە ڕادەی بوونی وێنە لە هەواڵدا، بەڕای توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر گرنگی پێدانی کەناڵی (K24) بە تێکست بە بەراوورد بە وێنە، دەکرێت ئەم ژمارانە لەگەڵ جۆر و ناوەڕۆکی هەواڵەکان یەکانگیرنەبن بەهۆی لێکدانی (ئینفۆگرافیک - Spot) چونکە هەردوو کەناڵ ڕێژەیەکی زۆر Spot یان بەکارهێناوە ئەمەش وایکردووە ژمارەکان زۆر جیاواز دەربکەون. بەڵام ئەگەر هەریەک لە هەواڵی (وێنەدار) و هەواڵی (بێ وێنە) کۆبکرێنەوە دەگاتە ژمارەی سەرجەم ئەو هەواڵانەی کەلە توێژینەوەکەدا وەک سامپڵ وەرگیراوە جگە لە کەناڵی (K24) لە کۆی ئەو (١٥٤) وێنەیە (٩) هەواڵی وێنەکەی لە جۆری (ئینفۆگرافیک)ە ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ سەرجەم ئەوانی دیکەدا و یەکسان دەبن لەگەڵ ژمارەی هەواڵەکانی هەمان کەناڵ.

**خشتەی (٨) : بەکارهێنانی وێنە لە ڕووی پەخش لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / بەکارهێنانی وێنە لەڕووی پەخش | K24 | | | | | NRT | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| یەک جار | ٠ | ١٧ | ٤.٩٧ | ١٤٩ | ٧٦.٠٢٠ | ١ | ٠ | ١٩ | ٨.٦٧ | ٢٦٠ | ٩٣.١٩٠ | ١ |
| دوو جار | ٠ | ٦ | ١.٠٠ | ٣٠ | ١٥.٣٠٧ | ٢ | ٠ | ٣ | ٠.٥٧ | ١٧ | ٦.٠٩٤ | ٢ |
| سێ جار | ٠ | ٦ | ٠.٥٧ | ١٧ | ٨.٦٧٣ | ٣ | ٠ | ١ | ٠.٠٧ | ٢ | ٧١٦.٠ | ٣ |
| کۆ | | | ٦.٥٤ | ١٩٦ | ١٠٠ | | | | ٩.٣١ | ٢٧٩ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت، ئاستی بەکارهێنان و دووبارە بوونەوەی وێنە لە گەشتی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ڕووی پەخش دەرکەوتووە، دووبارە بوونەوەی وێنە بۆ (یەک جار) بە ناوەندژمێرەی (٤.٩٧) و بە کۆی گشتی (١٤٩) بە ڕێژەی (٧٦.٠٢٠%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە خستنەڕووی وێنە لە هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم دووبارە بوونەوەی وێنە بۆ (دووجار) دێت بە ناوەندژمێرەی (١.٠٠) و بە کۆی گشتی (٣٠) بە ڕێژەی (١٥.٣٠٧%) ڕیزبەندی دووەمی وەرگرتووە لە دووبارەکردنەوەی وێنە، پاشان دووبارە بوونەوەی وێنە بۆ (سێ جار) دێت بە ناوەندژمێرەی (٠.٥٧) و بەکۆی گشتی (١٧) لە ڕیزبەندی سێیەم و کۆتادایە بە ڕێژەی (٨.٦٧٣%) لە ئاڕاستەکردنی وێنە لە هەواڵەکانی کەناڵی (K24).

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ڕووی پەخش دەرکەوتووە، دووبارە بوونەوەی وێنە بۆ (یەک جار) بە ناوەندژمێرەی (٨.٦٧) و بە کۆی گشتی (٢٦٠) بە ڕێژەی (٩٣.١٩٠%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە خستنەڕووی وێنە لە هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم دووبارە بوونەوەی وێنە بۆ (دووجار) دێت بە ناوەندژمێرەی (٠.٥٧) و بە کۆی گشتی (١٧) بە ڕێژەی (٦.٠٩٤%) ڕیزبەندی دووەمی وەرگرتووە لە دووبارەکردنەوەی وێنە، پاشان دووبارە بوونەوەی وێنە بۆ (سێ جار) دێت بە ناوەندژمێرەی (٠.٠٧) و بەکۆی گشتی (٢) لە ڕیزبەندی سێیەم و کۆتادایە بە ڕێژەی (٠.٧١٦) لە ئاڕاستەکردنی وێنە لە هەواڵەکانی کەناڵی (NRT).

له ئەنجامی شیکردنەوە و هەڵاوێرکردنی خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێت؛ هەردوو کەناڵی ( K24 و NRT) بە هەمان ڕیزبەندی بەڵام بە ناوەندژمێرەی جیاواز وێنەکانیان چەندبارە کردۆتەوە لە هەواڵەکاندا، بەجۆرێک لە کەناڵی (K24) ژمارەی چەندبارە بوونەوەی وێنە بریتییەلە (١٩٦) جار و لە کەناڵی (NRT) (٢٧٩) جار، (هونەر کەریم) دەڵێت: لەکاتی نەبوونی وێنەی تەواو لەبەردەست بەهۆی کەمی و گرنگی وێنە ئانییەکان مۆنتێر بە ڕاوێژ لەگەڵ هەواڵساز ناچاردەبێت بە دووبارە بگرە هەندێکجار بە سێ بارە کردنەوەی وێنەکان، ئەو پێیوایە: ڕاستە ئەمە کارێکی باش نییە لەڕووی پیشەییەوە بەڵام هەموو کەناڵە بینراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و بگرە جیهانی دووچاری ئەم دۆخە دەبنەوە و ناچاردەکرێن پەنای بۆ ببەن، بێگومان ئەمەش زیاتر لەو هەواڵانەدا ڕوودەدات کە تایبەتن بە سەردانیکردنی بەرپرسان و کەسایەتییە سیاسیەکان بەهۆی ئەوەی وێنەگر کاتێکی کەمی لەبەردەستە بۆ تۆمارکردنی دیمەن و گرتەکان.[١]

**خشتەی (٩) : جۆری فلتەری بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری فلتەر | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| **Mosaic** | ٠ | ١٢ | ٠.٦٧ | ٢٠ | ٥٥.٥٥٦ | ١ | ٠ | ٢ | ٠.٢٣ | ٧ | ٢.٧٨٨ | ٢ |
| **Blur** | ٠ | ٦ | ٠.٥٣ | ١٦ | ٤٤.٤٤٤ | ٢ | ١ | ٢٦ | ٨.١٣ | ٢٤٤ | ٩٧.٢١٢ | ١ |
| **کۆ** | | | ١.٢٠ | ٣٦ | ١٠٠ | | | | ٨.٣٦ | ٢٥١ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت، جۆری فلتەری بەکارهاتوو لە وێنەی گەشتی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری فلتەری بەکارهاتوو لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی وێنەی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، فلتەری (Mosaic) بە ناوەندژمێرەی (٠.٦٧) و بە کۆی گشتی (٢٠) بە ڕێژەی (٥٥.٥٥٦%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە خستنەڕووی وێنەی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم فلتەری (Blur)

[١] هونەر کەریم ئیسماعیل، بەرپرسی مۆنتاژ لە کەناڵی (NRT)، چاوپێکەوتنی توێژەر ٢٧| ٦|٢٠٢٢ کاتژمێر (٣:٠٠ی پاش نیوەڕۆ)، سلێمانی.

دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.٥٣) و بە کۆی گشتی (١٦) ڕیزبەندی دووەمی وەرگرتووە لە ئاڕاستەکردنی وێنە لە هەواڵەکانی کەناڵی (K24) بە ڕێژەی (٤٤.٤٤٤%).

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری فلتەری بەکارهاتوو لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی وێنەی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، فلتەری (Blur) بە ناوەندەژمێرەی (٨.١٣) و بە کۆی گشتی (٢٤٤) بە ڕێژەی (٩٧.٢١٢%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لەکاتی خستنەڕووی وێنە هەواڵییەکان، دوابەدوای ئەم فلتەری (Mosaic) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.٢٣) و بە کۆی گشتی (٧) ڕیزبەندی دووەمی وەرگرتووە لە ئاڕاستەکردنی وێنە لە هەواڵەکانی کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (٢.٧٨٨%).

دوابەدوای هەڵاوێکردنی خشتەکە دەرکەوت؛ جۆری وێنە و هەواڵ جۆری فلتەر دیاریدەکەن، ئامانج لەبەکارهێنانی شاردنەوە یاخود گەورەکردنی قەبارەی وێنەکەیە لەکاتی پەخشکردن و ئاڕاستەکردنی بۆ چاو و گوێی بینەر، بێگومان بەکارهێنانی ئەم دووجۆرە لە فلتەر بەپێی کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی ڕیزبەندییەوە جیاوازی ئاماری لە نێوانیاندا هەیە. بەجۆرێک لە کەناڵی (K24) گرنگی بە فلتەری (Mosaic) دراوە بە پلەی یەکەم بەڵام لە کەناڵی (NRT) بە پێچەوانەوە فلتەری (Blur) بە ڕێژەیەکی زیاتر بەکار هاتووە.

**خشتەی (١٠) : جۆری وێنە بە پێی سەرچاوە لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری وێنە بە پێی سەرچاوە | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| ناوخۆ | ١ | ٨ | ٢.٧٣ | ٨٢ | ٥٧.٧٤٦ | ١ | ١ | ٩ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٣.٦٢٣ | ٣ |
| ئاژانس | ٠ | ٧ | ١.٣٧ | ٤١ | ٢٨.٨٧٤ | ٢ | ٠ | ١٢ | ٨.٢٠ | ٢٤٦ | ٤٣.٦٩٥ | ١ |
| دەرەکی | ٠ | ٤ | ٠.٦٣ | ١٩ | ١٣.٣٨٠ | ٣ | ٠ | ٩ | ٦.١٣ | ١٨٤ | ٣٢.٦٨٢ | ٢ |
| کۆ | | | ٤.٧٣ | ١٤٢ | ١٠٠ | | | | ١٨.٧٦ | ٥٦٣ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٠) دەردەکەوێت، جۆری وێنەی بەکارهاتوو بە پێی سەرچاوە لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی** (**K24**): کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری وێنە بەپێی سەرچاوە لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٤ بۆ ٨) دایە. لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو بە پێی سەرچاوە دەرکەوتووە، وێنەی (ناوخۆ) بە ناوەندەژمێرەی (٢.٧٣) و بە کۆی گشتی (٨٢) بە ڕێژەی (٥٧.٧٤٦%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی بڵاوکردنەوەی وێنە لە پەخشکردنی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم وێنەی (ئاژانس) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٣٧) و بە کۆی گشتی (٤١) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی ئەو هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەیە بە ڕێژەی (٢٨.٨٧٤%)، پاشان وێنەی (دەرەکی) بە ناوەندەژمێرەی (٠.٦٣) و بەکۆی گشتی (١٩) بە ڕێژەی (١٣.٣٨٠%) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە لە کۆی گشتی ئەو وێنانەی کەلەلایەن کەناڵی ناوبراو وەردەگیرێت لە کەناڵەکانی دیکەی میدیا یاخود دەزگا و دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان.

**کەناڵی** (**NRT**): کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری وێنە بەپێی سەرچاوە لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٩ بۆ ١٢) دایە. لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو بە پێی سەرچاوە دەرکەوتووە، وێنەی (ئاژانس) بە ناوەندەژمێرەی (٨.٢٠) و بە کۆی گشتی (٢٤٦) بە ڕێژەی (٤٣.٦٩٥%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی بڵاوکردنەوەی وێنە لە پەخشکردنی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم وێنەی (دەرەکی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٦.١٣) و بە کۆی گشتی (١٨٤) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی ئەو هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەیە بە ڕێژەی (٣٢.٦٨٢%)، پاشان وێنەی (ناوخۆ) بە ناوەندەژمێرەی (٤.٤٣) و بەکۆی گشتی (١٣٣) بە ڕێژەی (٢٣.٦٢٣%) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە لە کۆی گشتی ئەو وێنانەی کەلەلایەن کەناڵی (NRT) بەکاردەهێنرێ.

دوای ووردبوونەوە و تێڕوانین لە ئەنجامەکان دەرکەوتووە؛ کەناڵی (K24) بۆ وەرگرتنی وێنە بە پلەی یەکەم زیاتر پشتی بە وێنەی وێنەگرانی خودی کەناڵ بەستووە بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی وێنەی تایبەت بە کەناڵ ناچار پەنای بردۆتە بەر ئەو سەرچاوە و ئاژانسانەی کە کەناڵی کوردستان٢٤دەستەبەریکردوون. ئەمەش گرنگی ئەو کەناڵە دەردەخات لە ڕووی بوونی وێنەی گونجاو و تەواو دەربارەی ڕووداوە جیاوازەکان لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی، لەگەڵ گرنگیدانی تەواو بە بابەتە ناوخۆیی و کوردستانییەکان بەڵام لە بەرامبەردا کەناڵی (NRT) بە پلەی یەکەم بۆ وەرگرتنی وێنەی هەواڵ پشتی بە (ئاژانس) بەستووە کە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یاخود گرنگینەدان بە ڕووداوە ناوخۆییەکان لە چوارچێوەی ژانری هەواڵ.

**خشتەی (١١) : جۆری وێنە بە پێی شێواز لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری وێنە بە پێی شێواز | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ژ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ژ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| هەنووکەیی | ٠ | ٨ | ٣.١٠ | ٩٣ | ٦٩.٩٢٥ | ١ | ٤ | ١٣ | ٧.٩٧ | ٢٣٩ | ٤٢.٥٢٦ | ٢ |
| ئەرشیف | ٠ | ٦ | ١.٣٣ | ٤٠ | ٣٠.٠٧٥ | ٢ | ٠ | ١٥ | ١٠.٧٧ | ٣٢٣ | ٥٧.٤٧٤ | ١ |
| کۆ | | | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ١٠٠ | | | | ١٨.٧٤ | ٥٦٢ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت، جۆری وێنەی بەکارهاتوو بە پێی شێواز لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو بە پێی شێواز کە ژمارەیان (١٣٣) وێنەیە لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، وێنەی (هەنووکەیی - ئانی) بە ناوەندەژمێرەی (٣.١٠) و بە کۆی گشتی (٩٣) بە ڕێژەی (٦٩.٩٢٥%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم وێنەی (ئەرشیف) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٣٣) و بە کۆی گشتی (٤٠) بە ڕێژەی (٣٠.٠٧٥%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەبووە.

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری وێنەی بەکارهاتوو بە پێی شێواز ژمارەیان (٥٦٢) وێنەیە لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، وێنەی (ئەرشیف) بە ناوەندەژمێرەی (١٠.٧٧) و بە کۆی گشتی (٣٢٣) بە ڕێژەی (٥٧.٤٧٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی خستنەڕووی هەواڵەکان، دوابەدوای ئەم وێنەی (هەنووکەیی - ئانی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٧.٩٧) و بە کۆی گشتی (٢٣٩) بە ڕێژەی (٤٢.٥٢٦%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەبووە.

دوای خستنەڕووی داتا و زانیارییەکان دەرکەوت کەناڵی (K24) بە پلەی یەکەم پشتی بە وێنەی هەنووکەیی بەستووە کە خۆی دەبینێتەوە لە وێنەی تازەی ڕووداوەکان و خاڵێکی گرنگی شێوازی

کارکردنە، لە بەرامبەردا کەناڵی (NRT) پشتی بە وێنەی ئەرشیف بەستووە بە پلەی یەکەم ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی گرنگی پێدانی کەناڵی ناوبراو بە تێکستی هەواڵ بە بەراوورد بە وێنە، کە بێگومان ئەمەش کارێکی باشی میدیایی نییە بەڵکو دەبێت هەمیشە تەلەڤزیۆن کار لەسەر پیشاندانی وێنەی تازە و هەنووکەیی بکات بۆ ئەوەی بینەر وا هەست بکات لەگەڵ ڕووداوەکەدا دەژی و بەشداری ڕاستەوخۆی هەیە، لە کاتێکدا وێنەی ئەرشیف بۆ هەندێک حاڵەتی تایبەت و لەناکا و بەکاردەهێنرێت.

**خشتەی (١٢) : جۆری ژانری بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری ژانر | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| ڕاپۆرت | ٠ | ١٠ | ٥.٣٧ | ١٦١ | ٣٨.٩٨٤ | ١ | ٥ | ١٦ | ١٢.٠٣ | ٣٦١ | ٣٨.٤٨٧ | ٢ |
| هەواڵ | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٣٢.٢٠٣ | ٢ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٥٣.٩٤٤ | ١ |
| لێدوان | ٠ | ٨ | ٢.٩٠ | ٨٧ | ٢١.٠٦٥ | ٣ | ٠ | ١٣ | ٢.٢٧ | ٦٨ | ٧.٢٥٠ | ٣ |
| چاوپێکەوتن | ٠ | ٢ | ١.٠٧ | ٣٢ | ٧.٧٤٨ | ٤ | ٠ | ٢ | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٣١٩ | ٤ |
| کۆ | | | ١٣.٧ | ٤١٣ | ١٠٠ | | | | ٣١.٢٧ | ٩٣٨ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٢) دەردەکەوێت، جۆری ژانری بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری ژانری بەکارهاتوو لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی زانیارییە هەواڵییەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٢ بۆ ١٠) دایە. لە کۆی گشتی جۆری ژانری بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٤١٣) ژانرە دەرکەوتووە، ژانری (ڕاپۆرت) بە ناوەندەژمێرەی (٥.٣٧) و بە کۆی گشتی (١٦١) بە ڕێژەی (٣٨.٩٨٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کۆی سەرجەم ئەو ژانرەڕۆژنامەوانییانەی کە گەشتی هەواڵەکانی پێکهێناوە، دوابەدوای ئەم ژانری (هەواڵ) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٤.٤٣) و بە کۆی گشتی (١٣٣) بە ڕێژەی (٣٢.٢٠٣%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی بڵاوکردنەوە و ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، پاشان ژانری (لێدوان)

دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢.٩٠) و بەکۆی گشتی (٨٧) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (٢١.٠٦٥%)، ژانری (چاوپێکەوتن) لە ڕیزبەندی چوارەمدا دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٠٧) بە کۆی گشتی (٣٢) لە کۆی گشتی ئەو ژانرانەی کەلەلایەن کەناڵی ناوبراو گرنگی پێدەدرێت بە ڕێژەی (%٧.٧٤٨).

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری ژانری بەکارهاتوو لە نێوان (٠ و ٩) دایە لە خستنەڕووی زانیارییە هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٢ بۆ ٢٢) دایە. لە کۆی گشتی جۆری ژانری بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٩٣٨) ژانرە دەرکەوتووە، ژانری (هەواڵ) بە ناوەندەژمێرەی (١٦.٨٧) و بە کۆی گشتی (٥٠٦) بە ڕێژەی (٥٣.٩٤٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کۆی سەرجەم ئەو ژانرەڕۆژنامەوانییەی کە گەشتی هەواڵەکانی پێکهێناوە، دوابەدوای ئەم ژانری (ڕاپۆرت) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١٢.٠٣) و بە کۆی گشتی (٣٦١) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٣٨.٤٨٧%) لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان بە شێوەی مەیدانی یاخود لەناو ژووری هەواڵ، پاشان ژانری (لێدوان) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢.٢٧) و بەکۆی گشتی (٦٨) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (٧.٢٥٠%)، هەروەها ژانری (چاوپێکەوتن) لە ڕیزبەندی چوارەمدا دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.١٠) و بە کۆی گشتی (٣) لە کۆی گشتی ئەو ژانرانەی کەلەلایەن کەناڵی (NRT) گرنگی پێدەدراوە بە ڕێژەی (٠.٣١٩%).

دوابەدوای هەڵاوێرکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان دەرکەوت؛ لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە ژانرەڕۆژنامەوانییەکان بە شێوازی جیاواز گرنگی پێدراوە لە کاتی خستنەڕووی زانیاری و ڕووداوەکان بە جۆرێک هەمان پلەبەندییان نییە، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەت و ستراتیژییەی کە کەناڵەکان پەیڕەوی دەکەن لەکاتی بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان، ئەگەر بڕوانینە ئەنجامەکان دەبینین کەناڵی (K24) سەرەڕای گرنگیدانی زۆر بە ژانری ڕاپۆرت و هەواڵ بایەخ و کاتێکی زۆر دراوەتە ژانری چاوپێکەتن، بەجۆرێک ئەوکەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە کەسانی سیاسی و حزبی و حکومین و لە بەرامبەردا کەناڵی (NRT) ئەو گرنگییەی بەو ژانرە نەداوە سەرەڕای ئەوەی لەهەردوو کەناڵ لە ڕیزبەندی چوارەمدان بەڵام جیاوازیی ئاماری هەیە.

**خشتەی (١٣) : جۆری هەواڵ بە پێی ناوەڕۆک لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / هەواڵ بەپێی ناوەڕۆک | K24 | | | | NRT | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | چ | % | | | چ | % | |
| حکومی | ٣.١٣ | ٩٤ | ٢٢.٨٧٢ | ١ | ٧.٤٣ | ٢٢٣ | ٢٣.٠٨٤ | ١ |
| سەربازی | ٢.٠٣ | ٦١ | ١٤.٨٤٢ | ٢ | ٤.٦٣ | ١٣٩ | ١٤.٣٩٠ | ٢ |
| حزبی | ١.٩٠ | ٥٧ | ١٣.٨٦٩ | ٣ | ٢.١٧ | ٦٥ | ٦.٧٢٩ | ٤ |
| سیاسی | ١.٦٧ | ٥٠ | ١٢.١٦٦ | ٤ | ١.٥٣ | ٤٦ | ٤.٧٦١ | ٨ |
| ئاینی | ١.٤٠ | ٤٢ | ١٠.٢١٨ | ٥ | ٠.٤٧ | ١٤ | ١.٤٤٩ | ١٠ |
| ئابوری | ٠.٩٣ | ٢٨ | ٦.٨١٢ | ٦ | ٤.٢٠ | ١٢٦ | ١٣.٠٤٤ | ٣ |
| وەرزشی | - | - | - | - | ٤.٢٠ | ١٢٦ | ١٣.٠٤٤ | ٣ |
| کۆمەڵایەتی | ٠.٨٧ | ٢٦ | ٦.٣٢٧ | ٧ | ١.٥٧ | ٤٧ | ٤.٨٦٥ | ٧ |
| ڕێکخراوەیی | ٠.٤٣ | ١٣ | ٣.١٦٤ | ٨ | ١.٥٠ | ٤٥ | ٤.٦٥٩ | ٩ |
| ژینگەیی | ٠.٣٧ | ١١ | ٢.٦٧٧ | ٩ | ١.٦٧ | ٥٠ | ٥.١٧٦ | ٦ |
| تەندروستی | ٠.٣٠ | ٩ | ٢.١٨٩ | ١٠ | ١.٨٣ | ٥٥ | ٥.٦٩٤ | ٥ |
| هونەری و کەلتور | ٠.٢٧ | ٨ | ١.٩٤٧ | ١١ | ٠.٠٣ | ١ | ٠.١٠٣ | ١٤ |
| ژنان | ٠.٢٠ | ٦ | ١.٤٥٩ | ١٢ | ٠.١٣ | ٤ | ٠.٤١٤ | ١٣ |
| خۆشباری | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٧٢٩ | ١٣ | ٠.٤٠ | ١٢ | ١.٢٤٣ | ١٢ |
| پەروەردەیی | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٧٢٩ | ١٣ | ٠.٤٣ | ١٣ | ١.٣٤٥ | ١١ |
| کۆ | ١٣.٧٠ | ٤١١ | ١٠٠ | | ٣٢.١٩ | ٩٦٦ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٣) دەردەکەوێت، جۆری هەواڵ بە پێی ناوەڕۆک لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی (١٣٣) هەواڵ بە پێی ناوەڕۆک ژمارەیان (٤١١)یە لەکاتی پەخشکردن دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی ناوەڕۆکی (حکومی)ن بە ناوەندەژمێرەی (٣.١٣) و بە کۆی گشتی (٩٤) بە ڕێژەی (٢٢.٨٧٢%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی خستنەڕو و ڕوومالْکردنی زانیارییەکان، دوابەدوای ئەم هەواڵی (سەربازی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢.٠٣) و بە کۆی گشتی (٦١) بە ڕێژەی (١٤.٨٤٢%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەبووە، پاشان هەواڵی (حزبی) ڕیزبەندی سێیەمی بە ناوەندەژمێرەی (١.٩٠) بە کۆی گشتی (٥٧) و بە ڕێژەی (١٣.٨٦٩%)گرتووە، دواتر لە ڕیزبەندی چوارەمدا هەواڵی (سیاسی) گرنگی پێدراوە بە ناوەندەژمێرەی (١.٦٧) و بە کۆی گشتی (٥٠) بە ڕێژەی (١٢.١٦٦%)، هەروەها هەواڵی (ئاینی) بە ناوەندەژمێرەی (١.٤٠) و بە کۆی گشتی (٤٢) و بە ڕێژەی (١٠.٢١٨%) لە ڕیزبەندی پێنجەمی هەواڵدایە لەڕووی ناوەڕۆک، پاشان ناوەڕۆکی هەواڵی (ئابوری) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.٩٣) و بە کۆی گشتی (٢٨) بە ڕێژەی (٦.٨١٢%) لە ڕیزبەندی شەشەمی گرنگترین ئەو هەواڵانە دێت کەلە لایەن کەناڵی ناوبراو فۆکسی خراوەتەسەر، لە ڕیزبەندی حەوتەمدا هەواڵی (کۆمەلایەتی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.٨٧) و بە کۆی گشتی (٢٦) بە ڕێژەی (٦.٣٢٧%)، بە ناوەندەژمێرەی (٠.٤٣) بە کۆی گشتی (١٣) گرنگی بە هەواڵی (ڕێکخراوەیی) دراوە بە ڕێژەی (٣.١٦٤%) و ڕیزبەندی هەشتەمی لە گەشتی هەواڵەکاندا گرتووە، لەدوای ئەم ناوەڕۆکی هەواڵی (ژینگەیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٠.٣٧) و بە کۆی گشتی (١١) بە ڕێژەی (٢.٦٧٧%) لە ڕیزبەندی نۆیەم دایە، هەواڵی (تەندروستی) لە ڕیزبەندی دەیەمدایە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٣٠) و بە کۆی گشتی (٩) بە ڕێژەی (٢.١٨٩%)، هەریەک لەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (هونەری و کەلتوری، ژنان) لەخۆدەگرێت لە ڕیزبەندی یانزەیەم و دوانزەیەمدان بە ناوەندەژمێرەی (٠.٢٧، ٠.٢٠)، بە جۆرێک هەریەک لە هەواڵی (پەروەردە لەگەڵ خۆشباری) لەهەمان ئاستی گرنگی پێداندان بە ڕێژەی (٠.٧٢٩%).

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی (٥٠٦) هەواڵ بە پێی ناوەڕۆک ژمارەیان (٩٦٦)یە لەکاتی پەخشکردن دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی ناوەڕۆکی (حکومی) لەخۆدەگرێت بە ناوەندەژمێرەی (٧.٤٣) و بە کۆی گشتی (٢٢٣) و بە ڕێژەی (٢٣.٠٨٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە لە کاتی خستنەڕوو و ڕوومالْکردنی زانیارییەکان، دوابەدوای ئەم هەواڵی (سەربازی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٤.٦٣) و بە کۆی گشتی (١٣٩) بە ڕێژەی (١٤.٣٩٠%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەبووە، پاشان هەریەک لە هەواڵی (وەرزشی - ئابوری) ڕیزبەندی سێیەمیان بە ناوەندەژمێرەی (٤.٢٠) و بە کۆی گشتی (١٢٦) و بە ڕێژەی (١٣.٠٤٤%) گرتووە، پاشان لە ڕیزبەندی چوارەمدا هەواڵی (حزبی) گرنگی پێدراوە بە ناوەندەژمێرەی (٢.١٧) و بە کۆی گشتی (٦٥) بە ڕێژەی (٦.٧٢٩%)، هەروەها هەواڵی (تەندروستی)

بە ناوەندەژمێرەی (١.٨٣) و بە کۆی گشتی (٥٥) بە ڕێژەی (٥.٦٩٤%) لە ڕیزبەندی پێنجەمی هەواڵدایە، دواتر ناوەڕۆکی هەواڵی (ژینگەیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٦٧) و بە کۆی گشتی (٥٠) بە ڕێژەی (٥.١٧٦%) لە ڕیزبەندی شەشەمی گرنگترین ئەو هەواڵانەن کەلە لایەن کەناڵی ناوبراو فۆکسی خراوەتەسەر، لە ڕیزبەندی حەوتەم هەواڵی (کۆمەڵایەتی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٥٧) و بە کۆی گشتی (٤٧) بە ڕێژەی (٤.٨٦٥%)، کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (٤.٧٦١%) و بە ناوەندەژمێرەی (١.٥٣) و بە کۆی گشتی (٤٦) گرنگی بە هەواڵی (سیاسی) داوە و ڕیزبەندی هەشتەمی لە گەشتی هەواڵەکاندا گرتووە، لەدوای ئەم ناوەڕۆکی هەواڵی (ڕێکخراوەیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٥٠) و بە کۆی گشتی (٤٥) بە ڕێژەی (٤.٦٥٩%) لە ڕیزبەندی نۆیەم دایە، هەواڵی (ئاینی) لە ڕیزبەندی دەیەمدایە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٤٧) و بە کۆی گشتی (١٤) بە ڕێژەی (١.٤٤٩%)، هەریەک لەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (پەروەردە، خۆشباری، ژنان، هونەری و کەلتوری) لەخۆدەگرێت لە ڕیزبەندی یانزەیەم و دوانزەیەم و سیانزەیەم وچواردەیەمدان بە ناوەندە ژمێرەی (٠.٤٣، ٠.٤٠، ٠.١٣، ٠.٠٣) و بە ڕێژەی جیاواز جیاوازی سەدی.

لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت هەریەک لە کەناڵی (K24وNRT ) بە پلەی یەکەم و دووەم کاریان لەسەر ئەو هەواڵانە کردووە کە زانیارییەکان ناوەڕۆکی حکومی و سەربازی لەخۆدەگرن و لە بەرزترین ئاستدایە لە کاتێکدا ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی پەروەردەییان هەیە کەمترین گرنگی پێدراوە لە کەناڵی (K24) و بە پێچەوانەوە کەناڵی (NRT) کەمترین گرنگی بە هەواڵی هونەری و کەلتوری داوە. ئەمە جگەلە ڕادەی گرنگی پێدانی سامپڵی توێژینەوەکە بە جۆرەکانی دیکەی هەواڵ لە ڕووی ناوەڕۆک، کەناڵی (K24) بەهیچ شێوەیەک کاری لەسەر هەواڵی وەرزشی نەکردووە لەگەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨) لەبەرئەوەی بەرنامەی تایبەت بە هەواڵی وەرزشیان داناوە. دەکرێت ئەو ژمارانەی لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە جیاوازبێت لە ژمارەی ئەو هەواڵانەی لە هەردوو کەناڵدا گرنگی پێدراوە لەبەر ئەوەی دەکرێت هەواڵێک زیاد لە ناوەڕۆکێک لە خۆبگرێت.

**خشتەی (١٤) : جۆری هەواڵ بە پێی کەسایەتی لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / هەواڵ بەپێی کەسایەتی | K24 | | | | NRT | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ریزبەندی | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ریزبەندی |
| | | چ | % | | | چ | % | |
| حکومی | ٢.٨٧ | ٨٦ | ٢٠.٣٣١ | ١ | ٧.١٠ | ٢١٣ | ٢١.١٣١ | ١ |
| ئاسایی – هاوڵاتی | ٢.٣٠ | ٦٩ | ١٦.٣١٣ | ٢ | ٦.٠٧ | ١٨٢ | ١٨.٠٥٦ | ٢ |
| حزبی | ١.٩٧ | ٥٩ | ١٣.٩٤٨ | ٣ | ٢.١٣ | ٦٤ | ٦.٣٥٠ | ٦ |
| سەربازی | ١.٧٧ | ٥٣ | ١٢.٥٣٠ | ٤ | ٤.٣٣ | ١٣٠ | ١٢.٨٩٧ | ٣ |
| سیاسی – سیاسەتمەدار | ١.٣٧ | ٤١ | ٩.٦٩٢ | ٥ | ١.٣٣ | ٤٠ | ٣.٩٦٨ | ٨ |
| ئاینی | ١.٣٠ | ٣٩ | ٩.٢١٩ | ٦ | ٠.٥٧ | ١٧ | ١.٦٨٦ | ١١ |
| پەیامنێر -میدیاکار | ٠.٦٧ | ٢٠ | ٤.٧٢٩ | ٧ | ٠.٨٧ | ٢٦ | ٢.٥٧٩ | ١٠ |
| ئابوری | ٠.٦٠ | ١٨ | ٤.٢٥٦ | ٨ | ٢.٩٧ | ٨٩ | ٨.٨٣٠ | ٥ |
| وەرزشی – وەرزشەوان | - | - | - | - | ٤.٢٣ | ١٢٧ | ١٢.٥٩٩ | ٤ |
| رێکخراوەیی | ٠.٤٣ | ١٣ | ٣.٠٧٤ | ٩ | ١.٢٧ | ٣٨ | ٣.٧٧٠ | ٩ |
| تەندروستی | ٠.٢٣ | ٧ | ١.٦٥٤ | ١٠ | ١.٤٠ | ٤٢ | ٤.١٦٦ | ٧ |
| ژینگەیی - ژینگەدۆست | ٠.٢٠ | ٦ | ١.٤١٨ | ١١ | ٠.٥٧ | ١٧ | ١.٦٨٦ | ١١ |
| ژنان - چالاکوان | ٠.٢٠ | ٦ | ١.٤١٨ | ١١ | ٠.٣٣ | ١٠ | ٠.٩٩٣ | ١٣ |
| هونەری و کەلتور- هونەرمەند | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٧٠٩ | ١٢ | ٠.٠٣ | ١ | ٠.٠٩٩ | ١٤ |
| پەروەردەیی | ٠.١٠ | ٣ | ٠.٧٠٩ | ١٢ | ٠.٤٠ | ١٢ | ١.١٩٠ | ١٢ |
| کۆ | ١٤.١١ | ٤٢٣ | ١٠٠ | | ٣٣.٦ | ١٠٠٨ | ١٠٠ | |

له خشـتەی ژمـارە (١٤) دەردەكەوێـت، جـۆری هەواڵ بە پێـی كەسـایەتی لە هەردوو كەنـاڵی سـامپڵی توێژینەوەكە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**كەنــاڵی (K24)**: لە كـۆی گشـتی (١٣٣) هەواڵ بە پێـی كەسـایەتی ژمارەیـان (٤٢٣)یە لەكـاتی پەخشكردن دەركەوتووە، ئەو هەواڵانەی كە كەسایەتی (حكومی) تێیدا بەشدارە بە ناوەندەژمێرەی (٢.٨٧) و بە كـۆی گشـتی (٨٦) بە ڕێـژەی (٢٠.٣٣١%) لە ڕیزبەنـدی یەكەمـدایە لە ڕووی بەشـداریكردن لە خسـتنەڕوو و ڕوومـاڵكردنی زانیارییەكـان، دوابەدوای ئەم هـاولاتی (ئاسـایی) دێـت بە ناوەنـدەژمێرەی (٢.٣٠) و بە كـۆی گشـتی (٦٩) بە ڕێـژەی (١٦.٣١٣%) ڕیزبەنـدی دووەمـی گرتـووە لەڕووی پشـت پێبەستی كەنـاڵ لە كـاتی وەرگرتنـی زانیـاری دەربـارەی ئەو ڕووداو و هەواڵانەی كەلە گەشتی هەواڵەكـانی نموونەی توێژینەوەكەدا بوونیان هەبووە، پاشان كەسایەتی و كـادری (حزبـی) لە ڕیزبەنـدی سێیەمدا دێت بە ناوەنـدەژمێرەی (١.٩٧) و بە كـۆی گشـتی (٥٩) كەسـایەتی بە ڕێـژەی (١٣.٩٤٨%)، پاشـان لە ڕیزبەنـدی چوارەمـدا كەسـایەتی (سـەربازی) گرنـگـی پێـدراوە بە ناوەنـدەژمێرەی (١.٧٧) و بە كـۆی گشـتی (٥٣) بە ڕێژەی (١٢.٥٣٠%)، هەروەها كەسـایەتی (سیاسـی) بە ناوەنـدەژمێرەی (١.٣٧) و بە كـۆی گشـتی (٤١) بە ڕێـژەی (٩.٦٩٢%) لە ڕیزبەنـدی پێنجەمـی ئەو كەسـایەتییانە دێـت كە وەك گرنـگـی ڕۆڵیـان هەبـووە لە دروستكردن و بەخشینی زانیاری بەشێوەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، دواتر كەسایەتی (ئـاینی) دێت بە ناوەنـدەژمێرەی (١.٣٠) و بە كـۆی گشـتی (٣٩) بە ڕێـژەی (٩.٢١٩%) لە ڕیزبەنـدی شەشـەمی گرنگترین ئەو كەسـایەتییانەن كەلە لایەن كەنـاڵی نـاوبراو فۆكسـی خراوەتەسـەر، لە ڕیزبەنـدی حەوتەم كەسـایەتی (پەیـامنێر) دێـت بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٦٧) و بە كـۆی گشـتی (٢٠) بە ڕێـژەی (٤.٧٢٩%) لەڕێـگەی پەیـامنێر سـەرجەم ئەو زانیارییـانە ڕوومـاڵ دەكرێـت كە بـابەتی هەنـووكەیی و ئـانی ڕۆژن لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی و جیهـانی، كەنـاڵی (K24) بە ڕێـژەی (٤.٢٥٦%) و بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٦٠) بە كـۆی گشـتی (١٨) گرنگـی بەو كەسـایەتیانەداوە كە شـارەزای بـواری ئـابورین و ڕیزبەنـدی هەشـتەمی لە گەشـتی هەواڵەكاندا گرتووە، لەدوای ئەم كەسایەتی (ڕێكخراوەیی) دێت بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٤٣) و بە كـۆی گشـتی (١٣) بە ڕێـژەی (٣.٠٧٤%) لە ڕیزبەنـدی نـۆیەم دایە، ئەو كەسـایەتییانەی كەلە بـواری تەندروسـتیدا كاردەكەن و زانیارییە تەندروستییەكانیان لایە لە ڕیزبەندی دەیەمدان بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٢٣) و بە كـۆی گشـتی (٧) بە ڕێـژەی (١.٦٥٤%)، هەریەك لە (چالاكوانـانی بـواری ژنـان - ژینگەدۆسـتان، شـارەزایانی بواری پەروەردە و هونەرمەندان) لە ڕیزبەندی یانزەیەم و دوانزەیەم و بە ناوەندەژمێرەی (٠.٢٠ ، ٠.١٠).

**كەنــاڵی (NRT)**: لە كـۆی گشـتی (٥٠٦) هەواڵ بە پێـی كەسـایەتی ژمارەیـان (١٠٠٨)ە لەكـاتی پەخشكردن دەركەوتووە، ئەو هەواڵانەی كە كەسایەتی (حكومی) تێیدا بەشدارە بە ناوەندەژمێرەی (٧.١٠) و بە كـۆی گشـتی (٢١٣) بە ڕێـژەی (٢١.١٣١%) لە ڕیزبەنـدی یەكەمـدایە لە ڕووی بەشـداریكردن لە خسـتنەڕوو و ڕوومـاڵكردنی زانیارییەكـان، دوابەدوای ئەم هـاولاتی (ئاسـایی) دێـت بە ناوەنـدەژمێرەی (٦.٠٧) و بە كـۆی گشـتی (١٨٢) بە ڕێـژەی (١٨.٠٥٦%) ڕیزبەنـدی دووەمـی گرتـووە لەڕووی پشـت

پێبەستی کەناڵ لە کاتی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بوونیان هەبووە، پاشان کەسایەتی (سەربازی) دێت و ڕیزبەندی سێیەمی بە ناوەندەژمێرەی (٤.٣٣) و بە کۆی گشتی (١٣٠) کەسایەتی بە ڕێژەی (١٢.٨٩٧%) گرتووە، پاشان لە ڕیزبەندی چوارەمدا وەزشەوانان گرنگیان پێدراوە بە ناوەندەژمێرەی (٤.٢٣) و بە کۆی گشتی (١٢٧) بە ڕێژەی (١٢.٥٩٩%)، هەروەها شارەزایانی بواری (ئابوری) بە ناوەندەژمێرەی (٢.٩٧) و بە کۆی گشتی (٨٩) بە ڕێژەی (٨.٨٣٠%) لە ڕیزبەندی پێنجەمی ئەو کەسایەتییانە دێت کە ڕۆڵیان هەبووە لە بەخشین و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە بازاڕ و لایەنی وەبەرهێنان هەیە، دواتر کەسایەتی و کادری (حزبی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٢.١٣) و بە کۆی گشتی (٦٤) بە ڕێژەی (٦.٣٥٠%) لە ڕیزبەندی شەشەمی گرنگترین ئەو کەسایەتییانەن کەلە لایەن کەناڵی ناوبراو فۆکسی خراوەتەسەر بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان دەربارەی دۆزە گرنگ و پڕبایەخەکانی ڕۆژ، لە ڕیزبەندی حەوتەمدا کارمەندانی (تەندروستی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٤٠) و بە کۆی گشتی (٤٢) بە ڕێژەی (٤.١٦٦%) کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە خستنەڕووی سەرجەم ئەو زانیارییانەی کە تایبەتن بە بوارەکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، کەناڵی (NRT) بە ڕێژەی (٣.٩٦٨%) و بە ناوەندەژمێرەی (١.٣٣) بە کۆی گشتی (٤٠) گرنگی بەو کەسایەتیانە داوە کە سیاسین و شارەزای بواری سیاسەتن ڕیزبەندی هەشتەمی لە گەشتی هەواڵەکاندا گرتووە، لەدوای ئەم کەسایەتی (ڕێکخراوەیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٢٧) و بە کۆی گشتی (٣٨) بە ڕێژەی (٣.٧٧٠%) لە ڕیزبەندی نۆیەم دایە، ئەو پەیامنێرانەی کەلەناوخۆ و دەرەوەی دەزگاکە کاردەکەن ڕۆڵی کارایان هەیە لە گواستنەوە و ڕووماڵکردنی زانیارییە گرنگ و پڕبایەخەکان و لە ڕیزبەندی دەیەمدا دێن بە ناوەندەژمێرەی (٠.٨٧) و بە کۆی گشتی (٢٦) بە ڕێژەی (٢.٥٧٩%)، هەریەک لە (زانایانی ئاینی و ژینگەدۆستان ، شارەزایانی بواری پەروەردە، چالاکوانانی بواری ژنان، هونەرمەندان) لە ڕیزبەندی یانزەیەم و دوانزەیەم و سیانزەیەم و چواردەیەمدان بە ناوەندە ژمێرەی (٠.٥٧، ٠.٤٠، ٠.٣٣، ٠.٠٣).

دوای تێڕامان و هەڵاوێرکردنی ئەنجامی خشتەی ژمارە (١٤) دەکرێت ئاماژە بە نایەکسانی کۆی ژمارەی هەواڵەکان بکرێت لەڕووی ناوەڕۆک و کەسایەتی، بەجۆرێک کەسایەتییەکان ڕۆڵ و پێگەی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی هەواڵ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی بەڵام ڕادەی گرنگی پێدان لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی دیکە جیاوازە، هەردوو کەناڵ بەهەمان پلە بەڵام بە ڕێژە و ناوەندە ژمێرەی جیاواز گرنییان بەو کەسایەتییانە داوە کە فەرمانڕەوا و کاربەدەستی حکومین لەگەڵ کەسی ئاسایی هەمیشە قوربانی و بەشداری بەردەوامی هەیە لە گواستنەوەی زانیارییەکان بۆیە ناکرێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن فەرامۆشیان بکەن بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی ڕووداوەکاندا بەشدار و بینەری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانن و سەرچاوەی گرنگی زانیارین. بەڵام سامپڵی توێژینەوەکە کەمترین گرنگی بە هەواڵی کەسایەتییە هونەرییەکان داوە لەبەرئەوەی هەردوو کەناڵ حزبی و سیاسین و زیاتر کاریان لەسەر ئەوبابەتانە کردووە کە گرنگی بەلایەنی حزبی، حکومی، سەربازی، سیاسی ، ئابوری،...هتد، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زۆری ململانێکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی لەو سنورەی کە

کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە زانیارییەکانی لێوە پەخش و بڵاودەکەنەوە سەرەڕای گرنگی پێگە و شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی.

**خشتەی (١٥) : جۆری هەواڵ بە پێی ناوچەی جوگرافی لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری هەواڵ بە پێی ناوچەی جوگرافی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| ناوخۆ | ٠ | ٨ | ٣.٢٠ | ٩٦ | ٤٢.٦٦٦ | ١ | ٢ | ٩ | ٥.٢٣ | ١٥٧ | ٢٥.٢٠٠ | ٣ |
| ئیقلیمی | ١ | ٨ | ٢.٩٣ | ٨٨ | ٣٩.١١٢ | ٢ | ٢ | ١١ | ٦.٣٠ | ١٨٩ | ٣٠.٣٣٧ | ٢ |
| جیهانی | ٠ | ٦ | ١.٣٧ | ٤١ | ١٨.٢٢٢ | ٣ | ٠ | ١٤ | ٩.٢٣ | ٢٧٧ | ٤٤.٤٦٣ | ١ |
| کۆ | | | ٧.٥ | ٢٢٥ | ١٠٠ | | | | ٢٠.٧ | ٦٢٣ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٥) دەردەکەوێت، جۆری هەواڵی بەکارهاتوو بە پێی ناوچەی جوگرافی لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو بەپێی ناوچەی جوگرافی لە نێوان (٠ و ١) دایە بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٦ بۆ ٨) دایە. لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کە (ناوخۆ)ن بە ناوەندەژمێرەی (٣.٢٠) و بە کۆی گشتی (٩٦) هەواڵ لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٤٢.٦٦٦%)، دوابەدوای ئەم ئەو هەواڵانە دێت کە تایبەتن بە (ئیقلیمی) بە ناوەندەژمێرەی (٢.٩٣) و بە کۆی گشتی (٨٨) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان بە ڕێژەی (٣٩.١١٢%)، پاشان هەواڵی (جیهانی) بە ناوەندەژمێرەی (١.٣٧) و بەکۆی گشتی (٤١) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (١٨.٢٢٢%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵی (K24) لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان.

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو بەپێی ناوچەی جوگرافی لە نێوان (٠ و ٢) دایە بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٩ بۆ ١٤) دایە. لە کۆی گشتی

جۆری هەواڵی بەکارهاتوو دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کە (جیهانی)ن بە ناوەندەژمێرەی (٩.٢٣) و بە کۆی گشتی (٢٧٧) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٤٤.٤٦٣%)، دوابەدوای ئەم ئەو هەواڵانە دێت کە تایبەتن بە (ئیقلیمی) بە ناوەندەژمێرەی (٦.٣٠) و بە کۆی گشتی (١٨٩) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان بە ڕێژەی (٣٠.٣٣٧%)، پاشان هەواڵی (ناوخۆ) بە ناوەندەژمێرەی (٥.٢٣) و بەکۆی گشتی (١٥٧) ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (٢٥.٢٠٠%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵی (NRT) لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان.

ئەگەر بە وردی بڕوانرێتە خشتەکەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە کە کەناڵی (K24) لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان گرنگی داوە بە سنوری جوگرافی و کاری تەواوی لەسەر کردووە، بەجۆرێک سەرەتا کاری لەسەر ڕووداوە ناوخۆیی و دواتر ئیقلیمی و پاشان جیهانییەکان کردووە، توانیویانە پرۆفێشناڵی و بەرپرسیارێتی لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانی لە هەواڵەکان بەرجەستە بکات وەک یەکێک لەو دروشمانەی کەناڵەکەی لە پێناودا دامەزراوە[1]. لە بەرامبەردا کەناڵی (NRT) سەرەڕای ئەوەی کە کەناڵێکی کوردییە و بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانی یە لە هەرێمی کوردستان، لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان سنوری جوگرافی تێپەڕاندووە بەجۆرێک ئەو ڕووداوانەی کە جیهانین لە ڕووی گرنگی پێدانەوە بە پلەی یەکەم دێت لە کاتێکدا وا پێویست بوو هەواڵە ناوخۆیی یاخود ئیقلیمییەکان لەو ڕیزبەندییەدابێت.

ئەگەر بڕوانینە ئەو ژمارانەی کەلە خشتەی ژمارە (١٥)دا هەن، هەواڵەکان لەڕووی ناوچەی جوگرافی یەکانگیرنین لەگەڵ ژمارەی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵ، لەبەرئەوەی دەکرێت لەهەواڵێکدا سەرجەم یاخود زیاد لەیەک ناوچەی جوگرافی پەیوەندی بە هەواڵەکەوە هەبێت.

---

[1] نامۆ احمد سلام، بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی کەناڵی کوردستان ٢٤ ، چاوپێکەوتنی توێژەر٢٨| ٦| ٢٠٢٢ کاتژمێر (٢:٠٠ی پاش نیوەڕۆ)، سلێمانی.

**خشتەی (١٦): جۆری هەواڵ بە پێی کات لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری هەواڵ بە پێی کات | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ج | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ج | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| گەرم | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٥٠ | ١ | ٩ | ٢١ | ١٦.٥٠ | ٤٩٥ | ٤٨.٩١٤ | ١ |
| پێشبینی کراو | ٠ | ٧ | ٣.٦٧ | ١١٠ | ٤١.٣٥٤ | ٢ | ٨ | ١٦ | ١٢.٦٧ | ٣٨٠ | ٣٧.٥٤٩ | ٢ |
| پێشبینی نەکراو | ٠ | ٣ | ٠.٧٧ | ٢٣ | ٨.٦٤٦ | ٣ | ٠ | ٧ | ٤.٢٠ | ١٢٦ | ١٢.٤٥١ | ٣ |
| نەرم | ٠ | ٠ | - | - | - | - | ٠ | ١ | ٠.٣٧ | ١١ | ١.٠٨٦ | ٤ |
| کۆ | | | ٨.٨٧ | ٢٦٦ | ١٠٠ | | | | ٣٣.٧٤ | ١٠١٢ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٦) دەردەکەوێت، جۆری هەواڵ بە پێی کاتی ڕوودان لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری هەواڵ بەپێی کاتی ڕوودانیان لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٠ بۆ ١٠) دایە. لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٢٦٦) هەواڵە دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کە (گەرم) و بابەتی گرنگ و هەنووکەیی ڕۆژن و پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە بە ناوەندەژمێرەی (٤.٤٣) و بە کۆی گشتی (١٣٣) بە ڕێژەی (٥٠%) لە ڕیزبەندی یەکەمدا دێت و تەواوی گەشتی هەواڵەکانی کۆنترۆڵکردووە، دوابەدوای ئەم هەواڵی (پێشبینی کراو) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٣.٦٧) و بە کۆی گشتی (١١٠) بە ڕێژەی (٤١.٣٥٤%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان، پاشان هەواڵی (پێشبینی نەکراو) دێت کە خۆی دەبینێتەوە لەهەواڵە لەناکاو و کتوپڕەکان و ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٧٧) و بەکۆی گشتی (٢٣) بە ڕێژەی (٨.٦٤٦%)، بەڵام هەواڵی (نەرم) هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە لەگەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨).

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری هەواڵ بەپێی کاتی ڕوودانیان لە نێوان (٠ و ٩) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (١ بۆ ٢١) دایە. لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی

بەکارهــاتوو کە ژمارەیــان (١٠١٢) هەواڵە دەرکەوتــووە، ئەو هەواڵانەی کە (گەرم) و بــابەتی گرنــگ و هەنــووکەیی ڕۆژن و پەیوەنـدیان بە ژیـانی خەڵـکەوە هەیە بە ناوەنـدەژمێرەی (١٦.٥٠) و بە کـۆی گشـتی (٤٩٥) بە ڕێژەی (٤٨.٩١٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدا دێت و تەواوی گەشتی هەواڵەکانی کۆنترۆڵکردووە، دوابەدوای ئەم هەواڵــی (پێشــبینی کــراو) دێـت بە ناوەنـدەژمێرەی (١٢.٦٧) و بە کـۆی گشـتی (٣٨٠) بە ڕێـژەی (٣٧.٥٤٩%) ڕیزبەنـدی دووەمـی گرتـووە لەڕووی پشـت پێبەسـتی کەنـاڵ لە کـاتی بڵاوکـردنەوەی ڕووداوەکـان، پاشـان هەواڵـی (پێشـبینی نەکـراو) دێت کە خـۆی دەبینێـتەوە لەهەواڵە لەناکـاو و کتوپڕەکـان و ڕیزبەنـــدی ســـێیەمی وەرگرتـــووە بە ناوەنـــدەژمێرەی (٤.٢٠) و بەکـــۆی گشـــتی (١٢٦) بە ڕێـــژەی (١٢.٤٥١%)، لە ڕیزبەنـدی چوارەم و کۆتـادا هەواڵـی (نەرم) دێت بە ناوەنـدەژمێرەی (٠.٣٧) و بە کـۆی گشـتی (١١) و بە ڕێـژەی (١.٠٨٦%) گرنگـی پێـدراوە، ئەم جـۆرە لە هەواڵ بەزۆری لە کۆتـایی گەشـتی هەواڵەکـان دادەنرێـت بە ئامـانجی پشـودانی بیـنەر بەهـۆی ئەو سترێســە زۆرەی بە درێژایــی هەواڵەکـان کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی و ئایدۆلۆژیا هەبووە.

دوای هەڵاوێرکردن و دەرخستنی ئەنجامەکانی خشتەکەی سـەرەوە هەریەک لە هەواڵـی ( گەرم، پێشـبینی کــراو، پێشــبینی نەکــراو) لە هەردوو کەنــاڵی (K24 و NRT) هەمــان پلەبەنــدیان هەیە و لەڕووی ڕادەی گرنگــی پێــدان، بەڵام کەنــاڵی (K24) بە درێژایــی وەرزێکــی پەخــش هــیچ جــۆرە هەواڵێکــی نەرمــی پەخشنەکردووە لە ڕێگەی گەشتی هەواڵەکانی ژووری هەواڵی کاتژمێر (٨) بێگومـان ئەمەش پەیوەندی بەو سیاسەتەوە هەیە کە کەناڵەکە پەیڕەوی دەکات لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان.

**خشتەی (١٧): بەهای هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / بەهای هەواڵ | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ج | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ج | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| **هەنووکەیی** | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٣.١٧١ | ١ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٢٧.٨٣٣ | ١ |
| **گرنگی** | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٣.١٧١ | ١ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٢٧.٨٣٣ | ١ |
| **بایەخی مرۆیی** | ١ | ١٠ | ٤.٢٣ | ١٢٧ | ٢٢.١٢٦ | ٢ | ٨ | ١٧ | ١١.٨٠ | ٣٥٤ | ١٩.٤٧٢ | ٢ |
| **نزیک** | ١ | ٩ | ٣.٩٧ | ١١٩ | ٢٠.٧٣١ | ٣ | ٥ | ١٢ | ٨.٣٠ | ٢٤٩ | ١٣.٦٩٦ | ٣ |
| **ناوبانگ** | ٠ | ٦ | ٢.٠٧ | ٦٢ | ١٠.٨٠١ | ٤ | ٠ | ١٣ | ٦.٧٧ | ٢٠٣ | ١١.١٦٦ | ٤ |
| **کۆ** | | | ١٩.١٣ | ٥٧٤ | ١٠٠ | | | | ٦٠.٦١ | ١٨١٨ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٧) دەردەکەوێت، بەهای هەواڵی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی بەها لە هەواڵی بەکارهاتوو لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٦ بۆ ١٠) دایە. لە کۆی گشتی بەهای هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٥٧٤)ە دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کەبەهای (هەنووکەیی و گرنگی)یان تێدایە بە ناوەندەژمێرەی (٤.٤٣) و بە کۆی گشتی (١٣٣) بە ڕێژەی (٢٣.١٧١%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە و زۆرترین گرنگی پێدراوە، دوابەدوای ئەم بەهای (بایەخی مرۆیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٤.٢٣) و بە کۆی گشتی (١٢٧) بە ڕێژەی (٢٢.١٢٦%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی خستنەڕووی ڕووداوەکان چونکە ناکرێت ئەم بەهایە ڕەچاونەکرێت لەکاتی ئامادەکردنی پەیامە بینراوەکان، پاشان کارلەسەر ئەو هەواڵانە کراوە کە بەهای (نزیکی) تێدا بەدیدەکرێت بەجۆرێک ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ناوەندەژمێرەی (٣.٩٧) و بەکۆی گشتی (١١٩) بە ڕێژەی (٢٠.٧٣١%)، لە کۆتادا گرنگی بەو هەواڵانە دراوە کە بەهای (ناوبانگ) کراوەتە بنەمای سەرەکی و کاری لەسەرکراوە لەسەر ئاستی کەس و شوێن...هتد بە ناوەندەژمێرەی (٢.٠٧) و بە کۆی گشتی (٦٢) و بە ڕێژەی (١٠.٨٠١%).

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی بەها لە هەواڵی بەکارهاتوو لە نێوان (٠ و ٩) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (١٢ بۆ ٢٢) دایە. لە کۆی گشتی بەهای هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (١٨١٨)ە دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کەبەهای (هەنووکەیی و گرنگی) تێدایە بە ناوەندەژمێرەی (١٦.٨٧) و بە کۆی گشتی (٥٠٦) بە ڕێژەی (٢٧.٨٣٣%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە و زۆرترین گرنگی پێدراوە، دوابەدوای ئەم بەهای (بایەخی مرۆیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١١.٨٠) و بە کۆی گشتی (٣٥٤) بە ڕێژەی (١٩.٤٧٢%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی خستنەڕووی ڕووداوەکان چونکە ناکرێت ئەم بەهایە ڕەچاونەکرێت لەکاتی ئامادەکردنی پەیامە بینراوەکان، پاشان کارلەسەر ئەو هەواڵانە کراوە کە بەهای (نزیکی) تێدا بەدیدەکرێت بەجۆرێک ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرتووە بە ناوەندەژمێرەی (٨.٣٠) و بەکۆی گشتی (٢٤٩) بە ڕێژەی (١٣.٦٩٦%)، لە کۆتادا گرنگی بەو هەواڵانە دراوە کە بەهای (ناوبانگ) کراوەتە بنەمای سەرەکی و کاری لەسەرکراوە لەسەر ئاستی کەس و شوێن...هتد بە ناوەندەژمێرەی (٦.٧٧) و بە کۆی گشتی (٢٠٣) و بە ڕێژەی (١١.١٦٦%).

بەپێی خشتەی ژمارە (١٧) دوای ڕوونکردنەوەی داتاکان، هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە بەهەمان پلەبەندی کاریان لەسەر سەرجەم ئەو ڕووداوانە کردووە کە بەها و بنەمای بوون بە هەواڵی تەلەڤزیۆنی تێدا بەدیدەکرێت لەکاتی ڕووماڵکردنی زانیارییەکان، بەجۆرێک بەهای (هەنووکەیی و گرنگی) زۆرترین گرنگی پێدراوە بە بەراوورد بە بەهای (ناوبانگ) کەمترین کاری لەسەر کراوە لەلایەن هەردوو کەناڵ.

**خشتەی (١٨): جۆری هەواڵ بە پێی پەخش لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری هەواڵ بەپێی پەخش | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| تۆمارکراو | ١ | ٨ | ٣.٦٣ | ١٠٩ | ٨١.٩٥٥ | ١ | ١ | ٢١ | ١٦.٣٠ | ٤٨٩ | ٩٦.٦٤١ | ١ |
| ڕاستەوخۆ | ٠ | ٧ | ٠.٨٠ | ٢٤ | ١٨.٠٤٥ | ٢ | ٠ | ٨ | ٠.٥٧ | ١٧ | ٣.٣٥٩ | ٢ |
| کۆ | | | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ١٠٠ | | | | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ١٠٠ | |

له خشتەی ژمارە (١٨) دەردەکەوێت، جۆری هەواڵ بەپێی شێوازی پەخش لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو بەپێی شێوازی پەخش لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٧ بۆ ٨) دایە و دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کەبە شێوازی تۆمارکراو ڕووماڵدەکرێن بە ناوەندەژمێرەی (٣.٦٣) و بە کۆی گشتی (١٠٩) بە ڕێژەی (٨١.٩٥٥%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەم ئەو ڕووداوانە دێت کەبەشێوەیەکی کتوپڕ و لەناکاو ڕوودەدات کەناڵ ناچاردەبێت لەڕێگەی پەیامنێر و بەشێوازی ڕاستەوخۆ زانیارییەکان بگەیەنێتە چاو و گوێی بینەر و ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٨٠) و بە کۆی گشتی (٢٤) بە ڕێژەی (١٨.٠٤٥%).

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو بەپێی شێوازی پەخش لە نێوان (٠ و ١) دایە لە خستنەڕووی هەواڵەکانی، بەرزترین ئاست لەنێوان (٨ بۆ ١٢) دایە و دەرکەوتووە، ئەو هەواڵانەی کەبە شێوازی تۆمارکراو ڕووماڵدەکرێن بە ناوەندەژمێرەی (١٦.٣٠) و بە کۆی گشتی (٤٨٩) بە ڕێژەی (٩٦.٦٤١%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەم ئەو ڕووداوانە دێت کەبەشێوەیەکی کتوپڕ و لەناکاو ڕوودەدات کەناڵ ناچار دەبێت لەڕێگەی پەیامنێر و بەشێوازی ڕاستەوخۆ بەهۆی (SNG یاخود Live Strem) زانیارییەکان بگەیەنێتە چاو و گوێی بینەر و ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٥٧) و بە کۆی گشتی (١٧) بە ڕێژەی (٣.٣٥٩%).

دوای تێڕامان لە ئەنجامی خشتەکە؛ هەردوو کەناڵ بە پلەی یەکەم زۆرترین هەواڵیان بەشێوەی تۆمارکراو پەخشکردووە بۆ بینەرەکانیان، سەرەڕای ئەمە ڕادەی گرنگی پێدانی هەواڵ بەشێوازی ڕاستەوخۆ لە کەناڵی (K24) زیاترە بەبەراوورد بە کەناڵی (NRT)، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ توانا و هێزی مرۆیی و لایەنی تەکنیکی و بەرفراوانی تۆڕی پەیامنێران و نووسینگەکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

**خشتەی (١٩)**

**هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە سەرەتای هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / گونجانی سەرەتا | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ | | ڕیزبەندی |
| | | | | چ | % | | | | | چ | % | |
| گونجاوە | ٠ | ١٠ | ٣.١٣ | ٩٤ | ٧٠.٦٧٧ | ١ | ٨ | ١٨ | ١٢.٠٤ | ٣٦١ | ٧١.٣٤٤ | ١ |
| گونجاو نییە | ٠ | ٤ | ١.٣٠ | ٣٩ | ٢٩.٣٢٣ | ٢ | ٠ | ١٠ | ٤.٨٣ | ١٤٥ | ٢٨.٦٥٦ | ٢ |
| کۆ | | | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ١٠٠ | | | | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (١٩) دەردەکەوێت، گونجانی نێوان وشە و وێنەی بەکارهاتوو لەسەرەتای هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (١٣٣) هەواڵە ڕادەی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەسەرەتای خستنەڕووی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، ڕادەی (گونجاو) بە ناوەندەژمێرەی (٣.١٣) و بە کۆی گشتی (٩٤) بە ڕێژەی (٧٠.٦٧٧%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەم ڕادەی (گونجاو نییە) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٣٠) و بە کۆی گشتی (٣٩) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٢٩.٣٢٣%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی کەناڵی (K24)دا هەبووە.

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٥٠٦) هەواڵە ڕادەی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەسەرەتای خستنەڕووی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، ڕادەی (گونجاوە) بە ناوەندەژمێرەی (١٢.٠٤) و بە کۆی گشتی (٣٦١) بە ڕێژەی (٧١.٣٤٤%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەم ڕادەی (گونجاو نییە) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٤.٨٣) و بە کۆی گشتی (١٤٥) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٢٨.٦٥٦%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی کەناڵی (NRT)دا هەبووە.

دوای شیکارکردنی ئەنجامەکان دەرکەوت؛ هەردوو کەناڵی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم کاریان لەسەر پاراستن و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی (گونجان) کردووە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی (ووشە – وێنە) لەسەرەتای هەواڵ بە ڕادە و ناوەندە ژمێرەی جیاواز.

**خشتەی (٢٠)**
**هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە ناوەڕاستی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / گونجانی ناوەڕاست | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ج | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: ج | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| گونجاوە | ٠ | ٩ | ٣.٢٣ | ٩٧ | ٧٢.٩٣٣ | ١ | ٦ | ١٧ | ١١.٢٠ | ٣٣٦ | ٦٦.٤٠٤ | ١ |
| گونجاو نییە | ٠ | ٣ | ١.٢٠ | ٣٦ | ٢٧.٠٦٧ | ٢ | ٠ | ١٢ | ٥.٦٧ | ١٧٠ | ٣٣.٥٩٦ | ٢ |
| کۆ | | | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ١٠٠ | | | | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٢٠) دەردەکەوێت، گونجانی نێوان وشە و وێنەی بەکارهاتوو لەناوەڕاستی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (١٣٣) هەواڵە ڕادەی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەناوەڕاستی خستنەڕووی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، ڕادەی (گونجاوە) بە ناوەندەژمێرەی (٣.٢٣) و بە کۆی گشتی (٩٧) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٩٣٣.٧٢%)، دوابەدوای ئەم ڕادەی (گونجاو نییە) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١.٢٠) و بە کۆی گشتی (٣٦) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٢٧.٠٦٧%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە ناو گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی کەناڵی (K24)دا هەبووە.

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٥٠٦) هەواڵە ڕادەی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەناوەڕاستی خستنەڕووی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، ڕادەی (گونجاوە) بە ناوەندەژمێرەی (١١.٢٠) و بە کۆی گشتی (٣٣٦) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بە ڕێژەی (٦٦.٤٠٤%)، دوابەدوای ئەم ڕادەی (گونجاو نییە) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٥.٦٧) و بە کۆی گشتی

(١٧٠) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی (٣٣.٥٩٦%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە ناو گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی کەناڵی (NRT)دا هەبووە.

دوای هەڵاوێرکردنی ئەنجامەکان دەرکەوت هەردوو کەناڵی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم کاریان لەسەر پاراستن و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی (گونجان) کردووە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەناوەڕاستی هەواڵ بە ڕادە و ناوەندە ژمێرەی جیاواز، بەجۆرێک بۆ وشەکانی ناو تێکستە هەواڵییەکان وێنەیەکی گونجا و هاوئاهەنگ دانراوە لە ڕێگەی پرۆسەی مۆنتاژ لە لایەن مۆنتێر.

**خشتەی (٢١)**

**هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە کۆتایی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / گونجانی کۆتایی | K24 | | | | | | NRT | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی | کەمترین ئاستی بەکارهێنان | بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | ناوەندە ژمێرە | کۆ: چ | کۆ: % | ڕیزبەندی |
| گونجاوە | ٠ | ٩ | ٣.٥٠ | ١٠٥ | ٧٨.٩٤٨ | ١ | ٦ | ١٥ | ١٠.١٠ | ٣٠٣ | ٥٩.٨٨٢ | ١ |
| گونجاو نییە | ٠ | ٣ | ٠.٩٣ | ٢٨ | ٢١.٠٥٢ | ٢ | ٠ | ١١ | ٦.٧٧ | ٢٠٣ | ٤٠.١١٨ | ٢ |
| کۆ | | | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ١٠٠ | | | | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٢١) دەردەکەوێت، گونجانی نێوان وشە و وێنەی بەکارهاتوو لەکۆتایی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (١٣٣) هەواڵە ڕادەی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەکۆتایی خستنەڕووی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، ڕادەی (گونجاوە) بە ناوەندژمێرەی (٣.٥٠) و بە کۆی گشتی (١٠٥) بە ڕێژەی (٧٨.٩٤٨%) لە ڕیزبەندی یەکەمدا دێت، دوابەدوای ئەم ڕادەی (گونجاو نییە) دێت بە ناوەندژمێرەی (٠.٩٣) و بە کۆی گشتی (٢٨)

بە ڕێژەی (٢١.٠٥٢%) ریزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە ناو گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی کەناڵی (K24)دا هەبووە.

**کەناڵی (NRT)**: لە کۆی گشتی جۆری هەواڵی بەکارهاتوو کە ژمارەیان (٥٠٦) هەواڵە ڕادەی بوونی گونجان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە – وێنە) لەکۆتایی خستنەڕووی هەواڵەکانی دەرکەوتووە، ڕادەی (گونجاوە) بە ناوەندەژمێرەی (١٠.١٠) و بە کۆی گشتی (٣٠٣) بە ڕێژەی (٥٩.٨٨٢%) لە ریزبەندی یەکەمدا دێت، دوابەدوای ئەم ڕادەی (گونجاو نییە) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٦.٧٧) و بە کۆی گشتی (٢٠٣) بە ڕێژەی (٤٠.١١٨%) ریزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵ لە کاتی نمایشکردنی سەرجەم ئەو ڕووداو و هەواڵانەی کەلە ناو گەشتی هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)ی کەناڵی (NRT)دا هەبووە.

دوای ووردبوونەوە لە ئەنجامەکان دەرکەوت؛ هەردوو کەناڵی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم کاریان لەسەر پاراستن و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی (گونجان)کردووە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی (وشە - وێنە) لە کۆتایی هەواڵ بە ڕادە و ناوەندە ژمێرەی جیاواز و بە شێوازێکی وورد و بەرپرسیارانە کاریان لە پرۆسەی مۆنتاژ کردووە بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێکی بینراوی بێ کەموکوڕی بە وەرگر و ڕەچاوکردنی بنەمای کاری میدیایی .

**خشتەی (٢٢) : جۆری تێکستی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:**

| کەناڵ / جۆری تێکست | K24 کەمترین ئاستی بەکارهێنان | K24 بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | K24 ناوەندە ژمێرە | K24 کۆ: چ | K24 کۆ: % | K24 ریزبەندی | NRT کەمترین ئاستی بەکارهێنان | NRT بەرزترین ئاستی بەکارهێنان | NRT ناوەندە ژمێرە | NRT کۆ: چ | NRT کۆ: % | NRT ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاشکرا | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٧.٤٢٣ | ١ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٣٠.٢٤٥ | ١ |
| زانیاری | ١ | ١٠ | ٤.٤٣ | ١٣٣ | ٢٧.٤٢٣ | ١ | ٩ | ٢٢ | ١٦.٨٧ | ٥٠٦ | ٣٠.٢٤٥ | ١ |
| ڕوونکردنەوەیی | ١ | ١٠ | ٤.٣٧ | ١٣١ | ٢٧.٠١١ | ٢ | ٧ | ١٩ | ١٣.٩٣ | ٤١٨ | ٢٤.٩٨٦ | ٢ |
| گێردراو | ٠ | ٥ | ٢.١٣ | ٦٤ | ١٣.١٩٥ | ٣ | ٠ | ١٤ | ٥.٥٧ | ١٦٧ | ٩.٩٨٢ | ٣ |
| ئارگیومێنت | ٠ | ٤ | ٠.٨٠ | ٢٤ | ٤.٩٤٨ | ٤ | ٠ | ٨ | ٢.٥٣ | ٧٦ | ٤.٥٤٢ | ٤ |
| کۆ | | | ١٦.١٦ | ٤٨٥ | ١٠٠ | | | | ٥٥.٧٧ | ١٦٧٣ | ١٠٠ | |

لە خشتەی ژمارە (٢٢) دەردەکەوێت، جۆری تێکستی بەکارهاتوو لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، بەم شێوەی خوارەوەیە:-

**کەناڵی (K24)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری تێکست بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی لە نێوان (٠ و ١) دایە، بەرزترین ئاست لەنێوان (٤ بۆ ١٠) دایە. لە کۆی گشتی جۆری تێکستی بەکارهاتوو دەرکەوتووە، هەریەک لە تێکستی (ئاشکرا و زانیاری) بە ناوەندەژمێرەی (٤.٤٣) و بە کۆی گشتی (١٣٣) تێکست بە ڕێژەی (٢٧.٤٢٣%) لە ڕیزبەندی یەکەمدان، دوابەدوای ئەم تێکستی (ڕوونکردنەوەیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (٤.٣٧) و بە کۆی گشتی (١٣١) تێکست بە ڕێژەی (٢٧.٠١١%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نووسینی هەواڵ بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەڕێگەی پێدانی ڕوونکردنەوەی زیاتر بە بینەر، پاشان تێکستی ( گێڕدراو) بە ناوەندەژمێرەی (٢.١٣) و بەکۆی گشتی (٦٤) تێکست لە ڕیزبەندی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی (١٣.١٩٥%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵی (K24) بە جۆرەکانی تێکست لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، تێکستی (ئارگیومێنت) ڕیزبەندی چوارەمی وەرگرتووە لەڕووی بەکارهێنان بە ناوەندەژمێرەی (٠.٨٠) بە کۆی گشتی (٢٤) و بە ڕێژەی (٤.٩٤٨%).

**کەناڵی (NRT)**: کەمترین ئاستی بەکارهێنانی جۆری تێکست بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانی لە نێوان (٠ و ٩) دایە، بەرزترین ئاست لەنێوان (٨ بۆ ٢٢) دایە. لە کۆی گشتی جۆری تێکستی بەکارهاتوو دەرکەوتووە، هەریەک لە تێکستی (ئاشکرا و زانیاری) بە ناوەندەژمێرەی (١٦.٨٧) و بە کۆی گشتی (٥٠٦) تێکست بە ڕێژەی (٣٠.٢٤٥%) لە ڕیزبەندی یەکەمدان، دوابەدوای ئەم تێکستی (ڕوونکردنەوەیی) دێت بە ناوەندەژمێرەی (١٣.٩٣) و بە کۆی گشتی (٤١٨) تێکست بە ڕێژەی (٢٤.٩٨٦%) ڕیزبەندی دووەمی گرتووە لەڕووی پشت پێبەستی کەناڵ لە کاتی نووسینی هەواڵ بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان لەڕێگەی پێدانی ڕوونکردنەوەی زیاتر بە بینەر، پاشان تێکستی ( گێڕدراو) بە ناوەندەژمێرەی (٥.٥٧) و بەکۆی گشتی (١٦٧) تێکست لە ڕیزبەندی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی (٩.٩٨٢%) لەڕووی گرنگی پێدانی کەناڵی (NRT) بە جۆرەکانی تێکست لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، تێکستی (ئارگیومێنت) ڕیزبەندی چوارەمی وەرگرتووە لەڕووی بەکارهێنان بە ناوەندەژمێرەی (٢.٥٣) بە کۆی گشتی (٧٦) و بە ڕێژەی (٤.٥٤٢%).

لە کۆتایی خستنەڕووی خشتەکەدا دەردەکەوێت؛ هەر دوو کەناڵی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم گرنگییان داوە بە تێکستی ئاشکرا و بەبنەمای نووسینی هەواڵ دایان ناوە بە ئامانجی گەیاندنی زانیاری ناو پەیامە میدیاییەکان بە بینەران بەبێ جیاوازی لە ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەردوو کەناڵ کەمترین گرنگییان داوە بە تێکستی ئارگیومێنت و لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکاریانهێناوە، زۆرجار کات و ناوەڕۆک و سیاسەتی کەناڵ شێوازی نووسینی تێکست دیاریدەکەن. ئاستی بەکارهێنان و

پشت بەستی کەناڵی (K24و NRT) بۆ جۆرەکانی تێکست وەک یەکن و هەمان پلەبەندییان هەیە لە ڕووی بەکارهێنان و لە ناوەڕۆکی پەیامەکاندا.

**خشتەی (٢٣)**

**هاوسەنگی (گونجانی) وشە و وێنەی بەکارهاتوو لە سەرەتا لەگەڵ ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ:**

| کەناڵ / گونجان | K24 | | | | | NRT | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەرەتای هەواڵ | | | | | سەرەتای هەواڵ | | | | |
| | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | Correlations | توانای پەیوەندی | بەهای بەڵگەداری | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | Correlations | توانای پەیوەندی | بەهای بەڵگەداری |
| ناوەڕاست | ٣.٢٣ | ٢.١٦١ | ٠.٩٢٨ | ٠.٨٦٢ | ٠٠٠.٠ | ١١.٢٠ | ٢.٧٧٢ | ٠.٦٩٤ | ٠.٥٥٨ | ٠٠٠.٠ |
| کۆتایی | ٣.٥٠ | ٢.٣٠١ | ٠.٨٧٨ | | | ١٠.١٠ | ٢.٥٣٧ | ٠.٧٠٦ | | |

لە خشتەی ژمارە (٢٣)دا، توێژەر بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی هاوسەنگی (گونجانی) تێکست (وشە) و وێنە لە هەردوو کەناڵی (K24، NRT) وەک سامپڵی توێژینەوەکەی، بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە بەجۆرێک:-

پەنای برد بۆ بەکارهێنانی هاوکۆلکەی (Pearson Correlation-Coefficients)، بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەو گریمانەیە یاخود ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت (پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان گونجان لە سەرەتای هەواڵەکان لەگەڵ ناوەڕاست و کۆتایی، بەواتای ئەوەی گەر لە سەرەتای هەواڵدا تێکست (وشە) و وێنە گونجاو بن ئەوا لە ناوەڕاست و کۆتایشدا گونجاو دەبێت)، لێرەشەوە دەرکەوت کە هەردوو کەناڵ لە ڕووی گونجانی تێکست و وێنە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵەکاندا گونجاون.

بە شێوەیەک لە هەواڵەکانی کەناڵی (K24) لەسەرەتای هەواڵدا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز بە بڕی (٠.٩٢٨) بەدی دەکرێت لەگەڵ گونجانی تێکست و وێنە لە ناوەڕاستی هەواڵەکان، بە هەمان شێوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز بەبڕی (٠.٨٧٨) هەیە لە نێوان گونجانی تێکست و وێنە لە سەرەتا و کۆتایی هەواڵەکان. ئەمەش بۆ هەردوو پەیوەندییەکە ئاستی بەڵگەدارییان (٠.٠٠٠)یە، توانای پەیوەندییەکەیان ڕێژەی (٠.٨٦٢) بەدەست هێناوە.

بەڵام هەواڵەکانی کەناڵی (NRT) ڕێژەی پەیوەندی نێوان تێکست (وشە) و وێنە کەمترە لە کەناڵ (K24)، بە شێوەیەک لەسەرەتای هەواڵەکاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی مامناوەند بە بڕی (٠.٦٩٤) بەدی دەکرێت لەگەڵ گونجانی تێکست و وێنە لە ناوەڕاستی هەواڵەکان، بەڵام پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز بەبڕی (٠.٧٠٦) هەیە لە نێوان گونجانی تێکست و وێنە لە سەرەتا و کۆتایی هەواڵەکان. ئەمەش بۆ هەردوو پەیوەندییەکە ئاستی بەڵگەدارییان (٠.٠٠٠)یە، توانای پەیوەندییەکەیان ڕێژەی (٠.٥٥٨) بەدەست هێناوە، کە توانایەکی کەمترە بە بەراوورد بە توانای پەیوەندیی کەناڵی (K24) لە ئاستی پەیوەندیی نێوان تێکست و وێنە لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی.

## خشتەی (٢٤)

### هاوسەنگی (گونجانی) تێکست و وێنە بە پێی جۆری هەواڵ بەپێی ناوەڕۆک لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە:

| کەناڵ / گونجانی - جۆری هەواڵ (بەپێی ناوەڕۆک) | K24 | | | NRT | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاوسەنگی | | | هاوسەنگی | | |
| | پەیوەندی سبێرمان | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی پەیوەندی | پەیوەندی سبێرمان | ئاستی بەڵگەداری | ئاستی پەیوەندی |
| سیاسی | ٠.٤٩٠ | ٠.٠٠٦ | پەیوەندیدارە | ٠.١٥٦ | ٠.٤١٠ | پەیوەندیدار نییە |
| ئابوری | ٠.٤٠٦ | ٠.٠٢٦ | پەیوەندیدارە | ٠.٣٢٤ | ٠.٠٨١ | پەیوەندیدار نییە |
| حزبی | ٠.٥٩٧ | ٠.٠٠٠ | پەیوەندیدارە | ٠.١٢٥ | ٠.٥١١ | پەیوەندیدار نییە |
| حکومی | ٠.٧٤٩ | ٠.٠٠٠ | پەیوەندیدارە | ٠.٥٦٧ | ٠.٠٠١ | پەیوەندیدارە |
| وەرزشی | - | - | - | ٠.٤٤٤ | ٠.٠١٤ | پەیوەندیدارە |
| کۆمەڵایەتی | ٠.٢٦١ | ٠.١٦٤ | پەیوەندیدار نییە | ٠.٢٥٧ | ٠.١٧٠ | پەیوەندیدار نییە |
| سەربازی | ٠.٣٨٤ | ٠.٠٣٦ | پەیوەندیدارە | ٠.٢٤٠ | ٠.٢٠٢ | پەیوەندیدار نییە |
| هونەری و کەلتور | ٠.٢٤٥ | ٠.١٩٢ | پەیوەندیدار نییە | ٠.٠٩٧ | ٠.٦١١ | پەیوەندیدار نییە |
| خۆشباری | ٠.١٥٥ | ٠.٤١٥ | پەیوەندیدار نییە | ٠.٣٠٦ | ٠.١٠٠ | پەیوەندیدار نییە |
| ژینگەیی | ٠.٤٠١ | ٠.٠٢٨ | پەیوەندیدارە | ٠.٢٣١ | ٠.٢١٩ | پەیوەندیدار نییە |
| تەندروستی | ٠.٢٢٥ | ٠.٢٣١ | پەیوەندیدار نییە | ٠.٠١٩ | ٠.٩٢٢ | پەیوەندیدار نییە |
| ئاینی | ٠.٤٢٣ | ٠.٠٢٠ | پەیوەندیدارە | ٠.١٤٢ | ٠.٤٥٣ | پەیوەندیدار نییە |
| ژنان | ٠.٢٠٧ | ٠.٢٧٣ | پەیوەندیدار نییە | ٠.٢١٣ | ٠.٢٦٠ | پەیوەندیدار نییە |
| ڕێکخراوەیی | ٠.٠٧٢ | ٠.٧٠٣ | پەیوەندیدار نییە | ٠.٥٤٦ | ٠.٠٠٢ | پەیوەندیدارە |
| پەروەردەیی | ٠.٠٧٥ | ٠.٦٩٢ | پەیوەندیدار نییە | ٠.١٨٠ | ٠.٣٤١ | پەیوەندیدار نییە |
| کۆ | ٤.٦٩ | ٢.٧٨٦ | - | ٣.٨٤٧ | ٤.٢٩٧ | - |

له خشتەی ژمارە (٢٤)دا، توێژەر بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی گونجانی تێکست و وێنە لەگەڵ جۆری هەواڵ بەپێی ناوەڕۆک لە هەردوو کەناڵی (K24، NRT)ی سامپڵی توێژینەوەکە، پەنای برد بۆ بەکارهێنانی:

هاوکۆلکەی (Spearman’s Correlation)، دەرکەوت لە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەی جیاواز گونجان بەدی دەکرێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن کەناڵەکانەوە دەخرێنە ڕوو و پشتیان پێبەستوون لەکاتی پەخشکردنی زانیاری لە گەشتی هەواڵەکان، بۆ نموونە:-

**لە کەناڵی (K24)**: تێکست و وێنە گونجاوە (پەیوەندیدارە) لەگەڵ ئەو هەواڵەی کە ناوەڕۆکی (سیاسی) لە خۆدەگرێت بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٤٩٠) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٦)، بە هەمان شێوە لە هەواڵی (ئابوری)دا تێکست و وێنە گونجاوە (پەیوەندیدارە) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٤٠٦) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٢٦)، هەروەها تێکست و وێنە لە هەواڵی (حزبی) گونجاوە (پەیوەندیدارە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٥٩٧) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠)، لە هەواڵی (حکومی)دا هەردوو ڕەگەزی تێکست و وێنە گونجاوە (پەیوەندیدارە) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٧٤٩) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠)، ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (سەربازی) لەخۆدەگرێت گرنگی بە بوونی گونجانی نێوان تێکست و وێنە دراوە واتە (پەیوەندیدارە) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٣٨٤) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٣٦)، بابەتە ژینگەییەکان بنەمای بوون بە هەواڵن و بوونی گونجان لە نێوان تێکست و وێنە بنەمای کاری تەلەفزیۆنە لەکەناڵی (K24) و (پەیوەندیدارە) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٤٠١) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٢٨)، هەواڵی (ئاینی) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٤٢٣) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٢٠) گونجاوە (پەیوەندیدارە) لە نێوان تێکست و وێنە لە گەشتی هەواڵەکان. بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەی کە مۆرکی (کۆمەڵایەتی) لەخۆدەگرێت گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنە بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٦١) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.١٦٤)، لە هەواڵی (هونەری و کەلتوری)دا وێنە و تێکست گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٤٥) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.١٩٢)، ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (خۆشباری) لەخۆدەگرێت تێکست و وێنە گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.١٥٥) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٤١٥)، زانیاری تەندروستی بنەمای گرنگی بوون بە هەواڵن و بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٢٥) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٢٣١) گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنە، هەروەها ئەو هەواڵانەی کەلە ڕووی ناوەڕۆکەوە تایبەتن بە (بواری ژنان، ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان، پەروەردە) گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنە بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٠٧، ٠.٠٧٢، ٠.٠٧٥) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٢٧٣، ٠.٧٠٣، ٠.٦٩٢).

بەڵام لە **کەناڵی** (**NRT**): تێکست و وێنە گونجاوە (پەیوەندیدارە) لەگەڵ ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (حکومی) پێوە دیارە بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٥٦٧) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠١) زانیارییەکان دەگوازێتەوە لەڕێگەی شاشەیەکی بینراو (تەلەڤزیۆن)، لە هەواڵی (وەرزشی)دا تێکست و وێنە گونجاوە (پەیوەندیدارە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٤٤٤) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠١٤)، هەروەها ڕادەی بوونی گونجاوە (پەیوەندیدارە) لەنێوان تێکست و وێنە لە هەواڵی (ڕێکخراوەیی) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٥٤٦) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٢)یە. بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەی کە مۆرکی (سیاسی) لەخۆدەگرێت گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنە بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.١٥٦) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٤١٠)، لە هەواڵی (ئابوری)دا وێنە و تێکست گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٣٢٤) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٨١)، ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (حزبی) لەخۆدەگرێت تێکست و وێنە گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.١٢٥) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٥١١)، هەروەها ئەو هەواڵانەی ناوەڕۆکی (کۆمەڵایەتی) تێدا بەدی دەکرێت تێکست و وێنە گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٥٧) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.١٧٠)، هەواڵی (سەربازی) ماوە و کاتێکی فراوانی لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی (NRT)دا بۆ تەرخانکراوە بە جۆرێک کە پەیوەندی نێوان تێکست و وێنە لە ڕادەی نەگونجاندایە (پەیوەندیدار نییە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٤٠) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٢٠٢)، لە هەریەک لە هەواڵی (هونەری و خۆشباری)دا گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنەدا بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٠٩٧و ٠.٣٠٦) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٦١١و ٠.١٠٠)، زانیاری تەندروستی بنەمای گرنگی بوون بە هەواڵە و بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٠١٩) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٩٢٢) گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنە، گۆڕانکارییە ژینگەییەکان بنەمای بوون بە هەواڵن و لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی پێدراوە بەڵام ئەو وێنانەی کە یاوەری تێکستە بەرهەمهێنراوەکەی کردووە گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢٣١) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٢١٩)، هەواڵی (ئاینی) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.١٤٢) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٤٥٣) گونجاو نییە (پەیوەندیدارە نییە) لە نێوان تێکست و وێنە لە گەشتی هەواڵەکان، هەروەها هەریەک لە هەواڵەکانی (ژنان و پەروەردە) گونجاو نییە (پەیوەندیدار نییە) لە نێوان تێکست و وێنە بە پێی هاوکۆلکەی سپێرمان (٠.٢١٣، ٠.١٨٠) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٢٦٠، ٠.٣٤١).

دوای شیکردنەوەی خشتەکەی سەرەوە ئەگەر بڕوانینە ئەنجامەکان کەناڵی (K24) بەپێی هاوکۆلکەی سپێرمان و ئاستی بەڵگەداری ڕادەی بوونی گونجان (پەیوەندیدار) لە نێوان هەردوو ڕەگەزی تێکست و وێنە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانیدا زیاتر گرنگی پێدراوە بە بەراوورد بە کەناڵی (NRT)، ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت لە شێوازی کارکردن لە پرۆسەی مۆنتاژ لە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنان لەگەشتی هەواڵەکان لە کاتژمێر (٨)ی شەودا.

# دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە

## دەرئەنجامەکان

لە کۆتایدا لەبەر بنەمای ئەو ئامانجانەی کە ئەم توێژینەوەیەی لە پێناودا نووسراوە لەڕێگەی شیکارکردنی فۆڕمی شیکاری تایبەت بە بوونی گونجانی تێکست و وێنە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە و لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێدەکرێت:-

١. دەرکەوتووە هەردوو کەناڵی(K24 وNRT)؛ کاریان لەسەر بەکارهێنانی سەرجەم ژانرەڕۆژنامەوانییەکان کردووە بەجۆرێک لە کەناڵی (NRT)دا ژانری هەواڵ زۆرترین گرنگی پێدراوە لە بەرامبەردا ژانری چاوپێکەوتن کەمترین فۆکسی خراوەتە لەسەر، بەڵام کەناڵی (K24) زۆرترین گرنگی بۆ ژانری ڕاپۆرت بووە.

٢. هەردوو کەناڵی (K24 وNRT) هەوڵیانداوە زۆرترین گرنگییان بۆ ئەو هەواڵانە بێت کەلە ڕووی ناوەڕۆکەوە حکومی و سەربازی ئامێزن، دواتر کاریان لەسەر ئەو ڕووداو و زانیارییانە کردووە کە ناوەڕۆکی دیکەی بواری ڕۆژنامەوانی لە خۆدەگرن، هەریەک لە کەسایەتی حکومی و هاوڵاتی ئاسایی ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە دروستکردنی هەواڵ و زۆرترین بەشدارییان هەبووە لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، لەهەمانکاتدا کەمترین گرنگی دراوە بە هەواڵی هونەری هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەردوو کەناڵ کەناڵی سیاسی و هەواڵین، بەشێکی زۆری هەواڵەکان بە شێوازی تۆمارکراو پەخشکراون و کەمتر گرنگییان بە پەخشکردنی زانیارییە هەواڵییەکان داوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ.

٣. بەها بەیەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانەن کە زانیارییەکانی لێوە دەکرێنە هەواڵ بەجۆرێک لە هەردوو کەناڵدا دەرکەوتووە؛ ئەو زانیارییانەی کە هەنووکەیی و گرنگن بە بنەمای یەکەم دادەنرێت و زۆرترین کاری لەسەرکراوە و بەشێوازێکی ئاشکرا تێکستە میدیاییەکان نووسراون، لە هەریەک لە کەناڵی (NRT و K24) کەمترین گرنگی دراوە بە بەهای ناوبانگ چونکە ئەم بنەمایە زیاتر گونجاوە لەگەڵ ئەو کەناڵانەی کە هەمەچەشنن سەرەڕای ئەمەش لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە کاری لەسەرکراوە ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت. کەواتە دەرکەوت ئاستی گرنگی پێدانی هەردوو کەناڵ بە بنەماکانی هەواڵ و شێوازی ئاڕاستەکردنی تێکستە میدیایەکان هەمان پلەبەندییان هەیە بە ڕێژە و ناوەندە ژمێرەی جیاواز.

٤. گونجان بە بنەمای ئەنجامدانی کاری تەلەفزیۆنی و توێژینەوەکە دادەنرێت ناکرێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەبەهەند وەرینەگرن دەرکەوت؛ هەردوو کەناڵ بە ڕێژەیەکی زۆر گرنگییان بە بوونی گونجان لە نێوان تێکست و وێنە داوە لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ بەڕێژەی جیاواز.

٥. لە هەردوو کەناڵی (K24 وNRT) دەرکەوت ئەگەر گونجان بوونی هەبێت لە نێوان ڕەگەزی وشە و وێنە لە سەرەتای هەواڵ ئەوە دەبێتە بنەمایەک بۆ دروست بوونی گونجان لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ناوەڕاست و کۆتایی هەواڵ وەک ئەوەی لە هەردوو کەناڵدا پەیڕەوی کراوە و بە ئاسانی هەستی دەکرێت.

٦. دەرکەوتووە لە کەناڵی (K24) ئەو هەواڵانەی کە ناوەڕۆکی (سیاسی، ئابوری، حزبی، حکومی، سەربازی، ژینگەیی و ئاینی) لەخۆدەگرێت گونجان لە نێوان تێکست و وێنەی هەواڵ بەدیدەکرێت بەبڕی جیاواز، بەڵام لە کەناڵی (NRT) تەنها لەو هەواڵانەدا گونجاندن بەدیدەکرێت کە ناوەڕۆکی

(حکومی، حزبی و ڕێکخراوەیی)ن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕادەی بوونی گونجان لەڕووی ناوەڕۆک لەلایەن کەناڵی (K24) زیاتر کار و گرنگی پێدراوە بە بەراوورد بە کەناڵی (NRT)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تێکست و وێنە تەواوکاری یەکترن لەکاتی ئاراستەکردنی زانیارییە میدیاییەکان لە چوارچێوەی ژانری هەواڵ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەریەکێکیان ئەوی دیکەیان دەوڵەمەند دەکات.

٧. لەڕووی گرتەی بەکارهاتوو هەردوو کەناڵ بە پلەی یەکەم گرنگیان داوە بە گرتەی گشتی بەڵام لەڕووی گرنگیدان بە شێوازەکانی دیکەی گرتە جیاوازن، بە جۆرێک کەناڵی (NRT) بەشێوازێکی ووردتر بە بەراوورد بە کەناڵی (K24) کاری لەسەر جۆرەکان کردووە و توانیویەتی ئەو یاسایە پەیڕەوبکات کە (گریفث) دایناوە (گشتی + ناوەند + نزیک) لەکاتی خستنەڕووی وێنە لەهەواڵەکان وەک بەرپرسی مۆنتێرەکانیش جەختی لێکردۆتەوە.

٨. هەردوو کەناڵی (K24 وNRT) لەخستنەڕووی وێنەکان زیاتر گرنگیان بە گۆشەکانی (ئاستی بینین، خوارئاستی بینین، سەروو ئاستی بینین) داوە بەجۆرێک گۆشەی (ئاستی بینین) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەهەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە تەلەفزیۆندا پەیامەکان ئاراستەی چاو و گوێی بینەر دەکرێت و بەئامانجی ئەوەی بینەر واهەست بکات ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ دەکرێت و لەهەمان ئاستدان.

٩. هەردوو کەناڵ بەشێوازی جیاواز جوڵەیان بەکارهێناوە لەکاتی ڕووماڵکردنی وێنە لەگەشتی هەواڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، بەجۆرێک کەناڵی (K24) زۆرترین بەکارهێنانی بۆ جوڵەی (پان- ڕاست و چەپ) بووە، لە بەرامبەردا کەناڵی (NRT) زۆرترین گرنگی داوە بە جوڵەی (نزیککردنەوە و دوورکردنەوە) لەکاتی نمایشکردنی وێنە لە هەواڵەکانی کاتژمێر (٨)دا.

١٠. هەردوو کەناڵی (K24 وNRT) لە ڕووی ماوەی زەمەنی وێنە توانیویانە ماوەی زەمەنی درێژ زۆرتر بەکاربهێنن، ئەمەش بووەتە هۆی بێزاربوونی چاوی بینەر لە زۆری مانەوەی دیمەنەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لەهەمان کاتدا لەدەستدانی گونجانە بەرامبەر بە تێکست، باشتر وابوو گرنگی بە ماوەی ناوەند بدەن لەبەرئەوەی ماوەی ژانری هەواڵ کورتە بە بەراوورد بە ژانرەکانی دیکەی بواری ڕۆژنامەوانی.

١١. کەناڵی (K24) بۆ وەرگرتنی وێنە زیاتر پشتی بە وێنەی ناوخۆ بەستووە و زۆرترین گرنگی داوە بەو ڕوودا و هەواڵانەی کە ناوخۆن و هەواڵی گەرم و وێنەی هەنووکەیی ڕۆژن، دواتر کاری لەسەر ڕووداوە ئیقلیمی و پاشان جیهانییەکان کردووە، ئەمەش بە بنەمای یەکێک لەو ئامانجانەن کە کەناڵەکەی لەپێناودا دامەزراوە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە پەیوەست بوونە بەو سیاسەت و ستراتیژیەی کە کەناڵەکە هەیەتی و بینەرەکانی لێی داوە دەکەن، بەڵام کەناڵی (NRT) لە ڕووی جوگرافی زیاتر کاری لەسەر ئەو ڕووداو و هەواڵانە کردووە کە جیهانین، بۆ وەرگرتنی وێنە زیاتر پشتی بە ئاژانسەکان بەستووە و زۆرجاریش سود لە وێنەی ئەرشیف وەرگیراوە بە پلەی یەکەم دواتر هەواڵە ئیقلیمییەکانی کردۆتە ڕیزی گرنگیپێدان و لە پلەی کۆتادا کاری لەسەر ڕووداو و زانیارییە ناوخۆییەکان کردووە بەمەش کەمترین سەرچاوەی ناوخۆی بەکارهێناوە، کەواتە بەپێی ئەم دەرئەنجامە دەکرێت تێبینی ئەوە

بکرێت کە لەڕووی جوگرافی و سەرچاوە کەناڵی (K24) باشتر کاری کردووە بە بەراوورد بە کەناڵی (NRT).

١٢. هەردوو کەناڵ هەوڵیانداوە لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکان گرنگی بە بوونی وێنە بدەن لەبەرئەوەی وێنە بە ڕەگەزی سەرەکی دادەنرێت لە ئامرازی بینراودا و بەمەش زۆرترین هەواڵەکان وێنەدار بوون بەجۆرێک ڕادەی بوونی وێنە لە ژانری هەواڵ لە کەناڵی (NRT) زۆرترگرنگی پێدراوە لە بەرامبەر کەناڵی (K24)، لەکۆی گشتی (٥٠٦) هەواڵ تەنها (١) هەواڵ وێنەی نەبووە لە کاتێکدا لە کەناڵی (K24) لە کۆی (١٣٣) هەواڵ (٦) هەواڵ وێنەی نەبووە، پێویستە لەسەر کەناڵەکان کارلەسەر دووبارەکردنەوەی وێنە نەکەن بەڵام هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوە بە ڕێژە و ئاماری جیاواز پەنایان بۆ دووبارە کردنەوەی وێنە بردوو بۆ زیاتر لە جارێک، ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاری بینەر و هەست نەکردن بە گۆڕان و گرنگی تێکستە هەواڵییەکان، چونکە بینەر واهەست دەکات تێکست بۆ وێنە نەنووسراوە کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بوونی هاوسەنگی و متمانەی بینەر هەیە.

١٣. بەپێی ئەو دەرئەنجامەی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە؛ هەردوو کەناڵ ئەو شێوازی تێکستانەی بەکاریانهێناوە لە نووسینی ناوەڕۆکی ژانری هەواڵ دەرکەوتووە زۆرترین تێکستەکانیان بە شێوەی ئاشکرا نووسیوە و بە ئامانجی گەیاندنی زانیاری بە وەرگر و نەبوونی هیچ ناڕوونییەک لە زانیارییەکان، کەمترین گرنگیان بۆ تێکستی ئارگیومێنت هەبووە لە نووسینی هەواڵەکان بەجۆرێک تەنها لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاریانهێناوە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و گۆڕینی ئایدیای وەرگر.

١٤. هەردوو کەناڵ بە پلەی یەکەم پابەند بوون بە بەکارهێنانی کارتێکەری (بڕین - Cut)، ئەمەش بە شێواز و بنەمایەکی گونجاو و سەرەکی دادەنرێت لە پرۆسەی مۆنتاژ لە ژانری هەواڵ لە تەلەڤزیۆن و ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە هێنانەدی پرۆسەی گونجان بەجۆرێک کەناڵی (NRT) سەرجەم جۆرەکانی کارتێکەری وێنەیی بەکارهێناوە بەبەراوورد بە کەناڵی (K24) بەپێی ئەو ئەزموونەی توێژەر هەیەتی وەک مۆنتێر پێیوایە تاڕادەیەک زیادەڕۆیی کراوە لە بەکارهێنانی کارتێکەرەکان. هەروەها جۆری ئەو فلتەرانەی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهاتوون جیاوازە بەجۆرێک کەناڵی (NRT) زۆرترین فلتەری (Blur)ی بەکارهێناوە لە کاتێکدا کەناڵی (K24) کاری لەسەر بەکارهێنانی فلتەری (Mosaic) کردووە لەکاتی مۆنتاژکردن و چاککردنی وێنە ڕۆژنامەوانییەکان.

١٥. هەنگاوی مۆنتاژکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا بەردەوام مامەڵە لەگەڵ وێنەی جوڵاو وەک ڕەگەزێکی سەرەکی هەواڵ دەکات، ئەمەش لە نێو کەناڵی (K24 و NRT) بەشێوازێکی ڕوون و بە بێ جیاوازی و بە پلەی یەکەم کاری لەسەرکراوە، جگەلەم جۆرەی وێنە هەریەک لە وێنەی وەستا و وێنەی گرافیک لە کاتی خستنەڕووی زانیارییەکان بەکارهێنراون بەتایبەت لەو هەواڵانەی کە وێنەی جوڵاویان نەبووە یاخود ئامانجیان زیاتر ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان بووە.

١٦. دوای شیکارکردنی ناوەڕۆکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان توێژینەوەکە بۆی دەرکەوت سەرەڕای ئەوەی هەردوو کەناڵ وەک کەناڵێکی سەربەخۆ خۆیان ناساند لە چاوپێکەوتنی توێژەر و وەرگرتنی مۆڵەت لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڵام بەپێی ناوەڕۆک و کەسایەتی

لە ژانری هەواڵ دەرکەوت، کەناڵی (NRT) سەربە (جۆڵاندنەوەی نەوەی نوێ)یەو ویستویەتی بە شێوازێکی ئۆپۆزسیۆنانە بەردەوام ڕەخنە لە سیاسەت و حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بگرێت و زۆرترین کاریشی لەسەر هاوڵاتی کردووە، لە بەرامبەردا کەناڵی (K24) زۆرترین گرنگی داوە بەو هەواڵانەی کە تایبەتن بە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم و حزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەڕووی کەسایەتی و سەردان و چالاکییەکانی ئەو حزبە. ئەمەش ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە هەردووکیان زمان حاڵی لایەنێکن.

## پێشنیازەکان

دوای ئەوەی تـوێژەر لە ڕێـگەی لایەنــی مەیـدانی تـوێژینەوەکەی بە چەنـدین دەرئەنجـام گەیشـتووە لەبەر مەبنـــای ئەو دەرئەنجامـــانە بە باشـــی زانـــی چەنـــد پێشـــنیازێک بخـــاتە بەردەم هەردوو کەنـــاڵی ســـامپڵی توێژینەوەکەی وەک:-

پ- دەرکەوتن و شاردنەوە - Fade: مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە ئەوەیە، کاتێک مۆنتێر دەیەوێت داخڵی گرتەی یەکەم بێت شاشەکە لەڕەشەوە داخڵی وێنەی یەکەم دەکات، ئەگەر ویستی لە گرتەکە دەربچێت شاشەکە ڕەش دەبێت و دەگوازرێتەوە بۆ گرتەی دووەم.

ت- سڕینەوە - Wipe: ئەم کارتێکەرە کاتێک لە نێوان دوو گرتەدا بەکاردەهێنرێت، گرتەی یەکەم گرتەی دووەم دەسڕێتەوە و شوێنی دەگرێتەوە یان گرتەی دووەم لە گۆشیەکی بچوکەوە دەردەکەوێت و گرتەی یەکەم لادەبات.

| شێوازی سازاندن | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| برین Cut | | | |
| تێکەڵکردن Mix | | | |
| دەرکەوتن و شاردنەوە Fade | | | |
| سڕینەوە Wipe | | | |

**٦. دەستەی جۆری وێنەی بەکارهاتوو:**

مەبەست لەم دەستەیە ئاماژەدان و باسکردنی ئەو وێنانەن کەلە هەواڵەکان بەکارهاتووە، پولێنکراون بۆ:-

ا- وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ): سەرجەم ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە ڤیدیۆیی و جوڵاون، کامێرامان لە شوێن و لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زیندوو لە ڕێگەی کامێرا تۆماریان دەکات.

ب- وەستاو: بریتین لە وێنەی وەستا و فۆتۆ کە هیچ جۆرە جوڵەیەکی تێدا بەدیناکرێت و فۆتۆگراف هەڵدەستێت بە چرکاندنی وێنە و دیمەنەکان یاخود هەندێکجار دەکرێت لە وێنەی ڤیدیۆ وەربگیردرێت.

پ- گرافیک: پێکدێت لە وێنەی جوڵاوی دروستکراو لەلایەن گرافیکستەوە بەرهەمدەهێنرێت، بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان یاخود هەندێکجار بەهۆی نەبوونی وێنەی جوڵاو بەکاردەهێنرێت وەک (لەکاتی کەوتنەخوارەوە و ڕفاندنی فڕۆکە، تەقینەوە، ڕووداوە لەناکاو و چاوەڕواننەکراوەکان...هتد).

| جۆری وێنە | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| جوڵاو (ڤیدیۆ) | | | |
| وەستاو | | | |
| گرافیک | | | |

**٧. دەستەی ڕادەی بوونی وێنە لە هەواڵدا:**

مەبەست لە بوونی ئەم دەستەیە ئەوەیە کە تاچ ڕادەیەک ئەو هەواڵانەی پەخشدەکرێن وێنەی لەگەڵدایە یاخود نا؟، چونکە هەندێکجار بەهۆی تازەیی و گرنگی ڕووداوەکان ڕۆژنامەنووس بواری ئامادەکردنی وێنەی نابێت، واتە ڕاستەوخۆ دوای ئامادەکردنی هەواڵەکە پەخشدەکرێت و لە گەشتەکانی دیکەدا وێنەی بۆ دادەنرێت، یان هەندێکجار ڕووداوەکان دوای ڕوودانیان لەلایەن تیمی ڕۆژنامەوانییەوە دیمەنەکان تۆمار دەکرێت و دوای گەیشتنە نووسینگەی کەناڵ تێکستی بۆ دەنووسرێت و هاوتا دەکرێت لەگەڵ وێنەکە و لە ناو گەشتە هەواڵییەکاندا بڵاودەکرێتەوە، هەروەها ئینفۆگرافیک –Spot پێکدێت لەلایەنی جوانکاری ڕوونکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کەمزۆرجار کەناڵ پەنای بۆ دەبات لە کاتی خستنەڕووی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان.

| بوونی وێنە | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| وێنەدار ( بوونی وێنە) | | | |
| بێ وێنە ( نەبوونی وێنە) | | | |
| ئینفۆگرافیک – Spot[١] | | | |

**٨. دەستەی بەکارهێنانی وێنە لەڕووی (چەندێتی) پەخش:**

مەبەست لەم دەستەیە بەکارهێنانی وێنەیە لەڕووی جار، هەندێکجار ڕۆژنامەنووس و کەناڵ وێنەی کەمیان لەبەردەست دایە لەسەر ڕووداو و بابەتەکان لەبەر گرنگی و هەنووکەیی وێنەکە ناچار پەنادەبرێتە بەر دووبارەکردنەوەی دیمەنەکان لەجارێک زیاتر، یان دەکرێت دیمەنەکان تەنها یەکجار بەکاربهێنرێت لە حاڵەتی بوونی وێنەی تەواو لەبەردەستدا.

١ Spot: دەستەواژەیەکی میدیاییە بەکاردێت بەرامبەر سەرجەم ئەو تایتڵ و ناوبڕ و جوانکارییانەی کەلە سکرێپتی گەشتی هەواڵدا دادەنرێت جا کە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی یاخود ناوبڕی تایبەت بە بەرنامە و هەڵبژاردن بن و بە شێوەی گرافیک یاخود وێنە ( جوڵاو – وەستاو) پەخشدەکرێت بە جۆرێک هەریەکەیان هەڵگری پەیامێکی تایبەتن.

| وێنە لەڕووی پەخش | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| یەک جار | | | |
| دووجار | | | |
| سێ جار | | | |

**٩. دەستەی جۆری فلتەری بەکارهاتوو:**

مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم دەستەیە خستنەڕووی ئەو فلتەرانەن کەلە وێنەکاندا لەبەر پێویستی مۆنتێر بەکاریدەهێنێت، بەئامانجی چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی لە وێنەکەدا هەیە پەنای بۆ دەبرێت پێش پەخشکردنی، ئەوانیش بەم شێوەیەن:-

ا-Blur: ئەم فلتەرە بۆ چارەسەرکردنی قەبارەی وێنە بەکاردەهێنرێت، واتە کاتێک وێنە لەڕووی قەبارەوە بچوک بێت لەم ڕێگەیەوە مۆنتێر چارەسەری دەکات بەوەی هەمان وێنە قەبارەکەی گەورە دەکرێت بۆ قەبارەی ستانداردی شاشەکە و دەکرێتە بارگراوند بۆ هەمان وێنەی قەبارە بچوکەکە.

ب- Mosaic: ئەم فلتەرە کاتێک بەکاردێت ئەگەر مۆنتێر یان هەواڵساز مەبەستی شاردنەوەی بەشێک یان ئایکۆنێکی ناو دیمەنەکە بێت، یان مەبەستی شاردنەوە و نەناسینەوەی کەسێکی ناو وێنە تۆمارکراوەکە بێت.

| جۆری فلتەر | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| Blur | | | |
| Mosaic | | | |

**١٠. دەستەی جۆری وێنە بە پێی سەرچاوە:**

مەبەست لەبەکارهێنان و دەستنیشانکردنی ئەم دەستەیە ئاماژەدانە بەو سەرچاوانەی کە وێنەی هەواڵەکانی لێوە وەردەگیرێت، پۆلێنکراوە بۆ:-

ا- وێنەی ناوخۆ: سەرجەم ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە خودی کەناڵەکە و لەلایەن وێنەگر و خودی دەزگاکەوە بەرهەمهێنراوە و فەراهەمدەکرێت.

ب- وێنەی دەرەکی: ئەو وێنانە دەگرێتەوە کەلە دەرەوەی کەناڵ دەستەبەر دەکرێت، لەوانە دەزگا و دامەزراوە حکومی و ناحکومی و میدیاییەکان، کەسانی ئاسایی.

پ- ئاژانس: سەرجەم ئاژانسە وێنەیی و هەواڵییەکان دەگرێتەوە کە کەناڵەکان دەتوانن وێنەی جۆراوجۆری لێوە فەراهەم بکەن، بێگومان ئەمیش لە ڕێگەی گرێبەستەوە دەستەبەر دەکرێت.

| سەرچاوەی وێنە | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ناوخۆ (تایبەت بە کەناڵ) | | | |
| دەرەکی | | | |
| ئاژانس | | | |

**١١. دەستەی جۆری وێنە بەپێی شێواز:**

مەبەست لەم دەستەیە باسکردنی جۆری ئەو وێنانەن کە بەکارهاتوون لە هەواڵەکاندا، بەم شێوەیە ئاماژەی پێکراوە لەڕووی:-

ا- تازەیی و هەنووکەیی: ئەو وێنانەن کە تازەن و بابەت و ڕووداوە هەنووکەییەکانی ڕۆژ لە خۆدەگرێت.

ب- ئەرشیف: ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە زۆرجار بە هۆی نەبوونی وێنەی تازە کەناڵەکانی ڕاگەیاند پشتی پێدەبەستن یان لەبەر گرنگی ڕووداوەکان بابەتەکە پەخشدەکرێت و وێنەی کۆن و ئەرشیفی لەگەڵدا بەکاردێت و لەکاتی هاتن و دەستکەوتنی وێنەی تازە وێنە کۆن و ئەرشیفەکان لە گەشتەکانی دیکەی هەواڵ لادەبرێ، هەندێکجار هیچ گونجاندنێک نییە لە نێوانیاندا، یاخود ئەم شێوازە لە وێنە لە هەواڵی ئەو ڕووداوانەدا بەکاردەهێنرێت کە مێژووین و لە ڕابردوودا ڕوویان داوا لەبەر گرنگی ساڵانە بەهای هەواڵی تێدایە و بەردەوام دەکرێنەوە بە هەواڵ.

| شێوازی وێنە | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| هەنووکەیی | | | |
| ئەرشیف | | | |

**١٢. دەستەی جۆری ژانری بەکارهاتوو:**

مەبەست لەم دەستەیە زانینی جۆری ئەو ژانرە ڕۆژنامەوانییانەن کەلە گەشتێکی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا بەکارهاتووە وەک:-

ا- هەواڵ - LVO: سەرجەم ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کەلەلایەن کەناڵەکانەوە ئاراستەی بینەر دەکرێت، بە جۆرێک زانیارییەکان نەزانرا و تازەن لای بینەر یاخود هەندێکجار زانراون.

ب- لێدوان - SOT: ئەو لێدوانانە دەگرێتەوە کەلە لایەن پەیامنێران یاخود ئاژانسەکان ئاراستەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکرێن و پاش هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ڕستەی گونجاو ئاراستەی بینەر دەکرێت، دەکرێت ئەم لێدوانانە کەسی جیاوازی کۆمەڵگە بن، لەڕووی پێگە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ... هتد.

پ- ڕاپۆرت - Report: سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانە دەگرێتەوە کە هەنووکەیی و نا هەنووکەین و لەکاتی گونجاودا لەلایەن پەیامنێران بەشێوەی مەیدانی و یاخود لەژووری هەواڵ ئامادە دەکرێن، ڕاپۆرتەکان جێی بایەخن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی تاکەوە هەیە.

د- چاوپێکەوتن - Interview: ئەنجامدانی گفتوگۆیە لە نێوان بێژەر و کەسی میوان جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان تۆمارکراو لە ناو ستۆدیۆ بێت یاخود دەرەوەی ستۆدیۆ.

| جۆری ژانر | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| هەواڵ LVO [١] | | | |
| لێدوان SOT | | | |
| ڕاپۆرتReport | | | |
| چاوپێکەوتن Interview | | | |

**١٣. دەستەی جۆری هەواڵ بە پێی ناوەڕۆک:**

مەبەست لەم دەستەیە دیاریکردنی سەرجەم ئەو هەواڵانەن کەلە گەشتێکی سەرەکی هەواڵەکاندا پەخشدەکرێت لە ڕووی ناوەڕۆک، خۆی دەبینێتەوە لە:-

ا- هەواڵی سیاسی: سەرجەم ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە مۆرک و ناوەڕۆکێکی سیاسی لەخۆ دەگرێت.

ب- هەواڵی ئابوری: ئەو هەواڵانەن کە پەیوەندیان بەلایەنی ئابوری و بازاڕەوە هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.

پ- هەواڵی حزبی: سەرجەم ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە ئەندام و کادر و لایەنگران و بۆنە حزبییەکان.

ت- هەواڵی حکومی: بریتییە لەو هەواڵانەی کە تایبەتن بە دەزگا و دامەزراو و کەسایەتییە باڵاکانی حکومی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی بنەمای گرنگی بوون بە هەواڵن.

ج- هەواڵی ئاینی: بریتییە لەو هەواڵانەی کە تایبەتن بە پەیامە ئاسمانی و نێردراوەکان وەک (ئیسلام، مەسیح، بوزی،...هتد).

چ- هەواڵی سەربازی: ئەو هەواڵانەن کەلە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دامەزراوە سەربازی و ئاسایش و پۆلیس...دان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، یاخود ئەو هەواڵانەن کە دەربارەی شەڕ و کاولکارییەکانن و دەچنە ژێر چەتری ئەم شێوازە لە هەواڵ وەک (هەواڵەکانی جەنگی ئۆکرانیا، سوریا، داعش...هتد).

ح- هەواڵی وەرزشی: سەرجەم ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە یاریزانان و هەڵبژاردە و یانەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.

خ- هەواڵی پەروەردەیی: ئەو هەواڵانەن کە چوارچێوەیەکی پەروەردەیی هەیە و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵ و خێزان و کۆمەڵگە بەجێدەهێڵێت.

د- هەواڵی ژینگەیی: سەرجەم ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە ژینگە و گۆڕانکارییە ژینگەییەکانەوە هەیە، بە شێوازێکی سروشتی یاخود دەستکرد.

ر- هەواڵی تەندروستی: سەرجەم ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە تەندروستی و لایەنی دەروون دۆستی مرۆڤەوە هەیە.

---

LVO[١]؛ کورتکراوەی (Live Voice Over)یە، بە واتای پیشاندانی وێنە دێت بە یاوەری لەگەڵ دەنگی بێژەر، پاش خوێندنەوەی پێشەکی لەلایەن بێژەر و دیارنەمانی لەلایەن دەرهێنەر لە ژووری کۆنترۆڵی هەواڵ ئەو وێنەیەی دەدرێتێ کەلەلایەن هەواڵساز بۆ هەواڵەکە ئامادەکراوە دەکرێتە جێگەی بێژەر و ئاڕاستەی بینەر دەکرێت، زۆرجار ئەم شێوازە پێدەوترێت دەنگ خستنەسەری وێنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ڕ- هەواڵی کۆمەڵایەتی: سەرجەم ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە یاخود مۆرکێکی تاوانی پێوە دیارە و لەم چوارچێوەیەدا کۆدەکرێتەوە و ئاڕاستەی بینەر دەکرێت، وەک (دزی، ڕفاندن، لاقەکردن، کاری نایاسایی، کوشتن، جیابوونەوە، ڕووداو،...هتد)

ز- هەواڵی ژنان: سەرجەم ئەو هەواڵ و زانیارییانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە ژنان و ڕێکخراوەکانی بواری ژنان لەگەڵ ئەو بۆنانەی کە تایبەتن بە ژنان.

ژ- هەواڵی ڕێکخراوەیی: سەرجەم ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە ڕێکخراوە ناحکومی و دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

س- هەواڵی هونەری و کەلتوری: سەرجەم ئەو زانیارییانەی کە دەربارەی هونەرمەندان و نووسەران و لایەنی کەلتورین بە شێوازی هەواڵ لە چوارچێوەی ئەم ژانرەدا کۆدەکرێنەوە و ئاڕاستەی بینەر و هونەر دۆستان دەکرێن.

ش- هەواڵی خۆشباری: ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە خۆشی وەرگرتن و کات بەسەر بردن، زۆرجار ئەم شێوازە لە هەواڵ بینەری زۆر و جیاوازی هەیە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەندێکجار پەنای بۆ دەبەن و لە کۆتایی گەشتی هەواڵەکاندا دادەنرێت بە مەبەست و بە ئامانجی کەمکردنەوەی سترێسی سەر بینەر.

| هەواڵ بەپێی ناوەڕۆک | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| هەواڵی سیاسی | | | |
| هەواڵی ئابوری | | | |
| هەواڵی حزبی | | | |
| هەواڵی حکومی | | | |
| هەواڵی ئاینی | | | |
| هەواڵی سەربازی | | | |
| هەواڵی وەرزشی | | | |
| هەواڵی پەروەردەیی | | | |
| هەواڵی ژینگەیی | | | |
| هەواڵی تەندروستی | | | |
| هەواڵی کۆمەڵایەتی | | | |
| هەواڵی ژنان | | | |
| هەواڵی ڕێکخراوەیی | | | |
| هەواڵی هونەری و کەلتوری | | | |
| هەواڵی خۆشباری | | | |

**١٤. دەستەی جۆری هەواڵ بە پێی کەسایەتی:**

مەبەست لەم دەستەیە دیاریکردن و ناساندنی ئەو کەسایەتییانەن کە بەشدارن لە دروستکردنی هەواڵە جۆراوجۆرەکان وەک:-

ا- کەسایەتی سیاسی - سیاسەتمەدار: سەرجەم ئەو کەسایەتییە سیاسیانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی هەواڵ، جا لەسەر ئاستی ناوخۆیی بن یاخود جیهانی.

ب- کەسایەتی ئابوری: سەرجەم ئەو کەسایەتییە ئابورییانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی هەواڵ جا کەسایەتییەکان (ئاسایی، بازرگان، ئەکادیمی،...)بن، ڕۆڵیان هەیە لە شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئابوری لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاخود جیهانی.

پ- کەسایەتی حزبی: سەرجەم ئەو کەسایەتییە حزبییانە دەگرێتەوە کە سەر بە حزب و پارتە سیاسییەکانن و ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی دروستکردنی هەواڵ.

ت- کەسایەتی حکومی: سەرجەم ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت لەسەر ئاستی وەزارەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان.

ج- کەسایەتی ئاینی: سەرجەم ئەو کەسایەتییە ئاینییانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی هەواڵ بە ئامانجی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیام و نامە ئاسمانییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی یاخود جیهانی لەوانە (مامۆستایانی ئاینی، پاپا،...هتد).

چ- کەسایەتی سەربازی: سەرجەم ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە کە سەربازین و لە بواری سەربازی یان لە ئەکادیمیە سەربازییەکاندا کاردەکەن.

ح- کەسایەتی وەرزشی (وەرزشەوان): سەرجەم ئەو یاریزان و وەزرشەوانانە دەگرێتەوە کەلە چوارچێوەی ژانری هەواڵ زانیارییەکانیان دەکرێتە هەواڵ، بینەری تایبەتی خۆیان هەیە و زۆرجار لە چوارچێوەی گەشتێکی سەربەخۆدا هەواڵەکان پەخشدەکرێت.

خ- کەسایەتی پەروەردەیی: سەرجەم ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە کەلە بواری پەروەردە و فێرکردن کاردەکەن و زانیارییەکانیان لە چوارچێوەی ژانری هەواڵ ئاراستەی بینەر دەکرێت.

د- کەسایەتی ژینگەیی (ژینگەدۆست): سەرجەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەلە بواری ژینگەدا کاردەکەن ڕۆڵیان دەبێت لە دروستکردنی هەواڵ.

ر- کەسایەتی تەندروستی: سەرجەم ئەو دکتۆر و کارمەندانە دەگرێتەوە کەلە بواری تەندروستیدا کاردەکەن و زانیارییە تەندروستییەکانیان لا دەستدەکەوێت و لەکاتی بوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی زانیارییەکانیان لێوەردەگیرێت و هاوڵاتیان و بینەرانی لێئاگادار دەکرێتەوە.

ڕ- کەسایەتی ئاسایی (هاوڵاتی): ئەم جۆرە لە کەسایەتییە کەسانی ئاسایی و هاوڵاتی ناو کۆمەڵگەن، زۆرجار بەهۆی خراپی و ئاستی گوزەرانیان یاخود وەک شایەتحاڵ لەکاتی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی کارایان دەبێت لە دروستکردنی هەواڵ.

ز- چالاکوانانی بواری ژنان: ئەو کەسایەتییانە دەگرێتەوە کەلە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان وەک چالاکوان کاردەکەن، ڕۆڵی کارایان دەبێت لە بەرجەستەکردن و بەرهەمهێنانی هەواڵ.

ژ- کەسایەتی ڕێکخراوەیی: سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کەلە ڕێکخراوە (NGO)کاندا کار دەکەن.

س- کەسایەتی هونەریی (هونەرمەند): سەرجەم ئەو هونەرمەند و هونەردۆستانە دەگرێتەوە کەلە بوارەجیاوازەکانی وەک ( شانۆ، سینەما، دراما، شێوەکاری،...هتد) کاردەکەن و لەلای بەشێکی دیاریکراوی بینەر زانیارییە کەسێتی و کارەکانیان دەبێتەجێی گرنگی و بایەخ و لە سنوری ئەم ژانرە دەگاتە چاو و گوێی بینەر.

ش- پەیامنێر (میدیاکار): سەرجەم ئەو ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کە بەردەوام بەهۆی بوونی ڕووداوی ئانی و گرنگ کارلەسەر گەیاندنی زانیارییە زانراو نەزانراوەکان دەکەن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.

| هەواڵ بەپێی کەسایەتی | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| کەسایەتی سیاسی – سیاسەتمەدار | | | |
| کەسایەتی ئابوری | | | |
| کەسایەتی حزبی | | | |
| کەسایەتی حکومی | | | |
| کەسایەتی ئاینی | | | |
| کەسایەتی سەربازی | | | |
| کەسایەتی وەرزشی – وەرزشەوان | | | |
| کەسایەتی پەروەردەیی | | | |
| کەسایەتی ژینگەیی (ژینگەدۆست) | | | |
| کەسایەتی تەندروستی | | | |
| کەسایەتی ئاسایی (هاوڵاتی) | | | |
| ژنان – چالاکوان | | | |
| کەسایەتی ڕێکخراوەیی | | | |
| کەسایەتی هونەریی (هونەرمەند) | | | |
| پەیامنێر – میدیاکار | | | |

**١٥. دەستەی جۆری هەواڵ بە پێی ناوچەی جوگرافی:**

مەبەست لەم دەستەیە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی هەواڵە لە ڕووی سنوری جوگرافی یان ئەو ناوچەیەی کەناڵەکان هەواڵەکانی پەخش دەکات لە ڕووی:-

ا- ناوخۆ: سەرجەم ئەو ڕووداو و زانیارییانە دەگرێتەوە کەلە ناوخۆ و سنوری کەناڵەکە بەرنامەکانی خۆی تێدا پەخش دەکات.

ب- ئیقلیمی - هەرێمی: سەرجەم ئەو زانیاری و ڕووداوانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە ووڵاتانی دراوسێ و ئیقلیمی و عێراقی یەوە هەیە.

پ- جیهانی: هەر ڕووداوێک لەدەرەوەی سنوری هەرێمی و ناوخۆ ڕوودبات بە هەواڵی جیهانی لەقەڵەم دەدرێت و بەپێی گرنگی و سیاسەتی کەناڵ گرنگی پێدەدرێت و پەخش دەکرێت.

| هەواڵ بەپێی جوگرافی | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ناوخۆ | | | |
| ئیقلیمی – هەرێمی | | | |
| جیهانی | | | |

**١٦. دەستەی جۆری هەواڵ بەپێی کات:**

مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم دەستەیە زانینی جۆری ئەو هەواڵانەن کە پەخشکراون لە ڕووی کات و ڕوودانیان وەک:-

ا- هەواڵی پێشبینی کراو: ئەو جۆرە هەواڵانەن کە پێشبینی ڕوودانیان دەکرێت، ڕۆژنامەنووس لە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوەکە بەئاگایە و ئامادەکاری پێشوەختی بۆ کردووە.

ب- هەواڵی پێشبینی نەکراو: ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە پێشتر پێشبینی ڕوودانی ناکرێت بە هۆی نەبوونی زانیاری و بێئاگایی لە ڕوودانی ڕووداوەکە.

پ- هەواڵی گەرم (سەخت): ئەو هەواڵانە دەگرێتەوە کە گرنگ و هەنووکەیین و بابەتی گرنگی ڕۆژن و پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە.

ت- هەواڵی نەرم (نەرمە هەواڵ): ئەو هەواڵ و بابەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە لایەنی سایکۆلۆژی وەرگر هەیە، ئامانج لەم جۆرە خۆشی و کاتبەسەربردنە یان پەیوەندی بە کەسایەتییە بەناوبانگەکانەوە هەیە.

| هەواڵ بەپێی کات | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| هەواڵی پێشبینی کراو | | | |
| هەواڵی پێشبینی نەکراو | | | |
| هەواڵی گەرم (سەخت) | | | |
| هەواڵی نەرم (نەرمە هەواڵ) | | | |

**١٧. دەستەی بەهای هەواڵ:**

مەبەست لەم دەستەیە ئاماژەدانە بەو بەهایانەی کە وەک بنەمایەک دادەنرێن لەکاتی داڕشتن و نووسین و پەخشکردن و ئاڕاستەکردنی هەواڵ لە ڕێگەی کەناڵە بینراوەکان، ئەوانیش وەک:-

ا- نوێ (هەنووکەیی): بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی هەواڵ دادەنرێت، پێویستە کەناڵە بینراوەکان بەردەوام لەکاتی ڕوومالّکردن ڕەچاوی تازەیی ئەو زانیارییانە بن کە وەک پێوەرێکی گرنگ دەبێتە بنەمای زانیاری لەکاتی ئامادەکردن و پەخشکردنی هەواڵدا.

ب- ناوبانگ: بە یەکێکی دیکەی بەهاکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی زۆرجار ئەو بابەت و زانیارییانەی دەربارەی شتێک یان کەسایەتییەکی گرنگن دەکرێتە هەواڵ.

پ- نزیکی: دەکرێت بووترێت بەهای نزیکی ڕووداو و بابەتەکان کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوون و ڕووماڵکردنی هەواڵ، مەبەست لەم بەهایە نزیکییە لەڕووی جوگرافی.
ت- گرنگی: مەرجی هەواڵ ئەوەیە کە دەبێت ئەو زانیاریانەی کە پەخشدەکرێت گرنگی هەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە گەر هەواڵ گرنگ نەبێت نابێتە جێگەی بایەخی بینەر.
ج- بایەخپێدانی مرۆیی: بنەمایەکی گرنگی هەواڵە، کاتێک زانیارییەک دەکرێتە هەواڵ مەرجە دەبێت ئەو زانیارییانە لە ڕووی مرۆییەوە گرنگی و بایەخی تەواوی هەبێت لەلای سەرجەم وەرگر یاخود چین و توێژێکی دیاریکراو.

| بەهای هەواڵ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| نوێ (هەنووکەیی) | | | |
| ناوبانگ | | | |
| نزیکی | | | |
| گرنگی | | | |
| بایەخپێدانی مرۆیی | | | |

**١٨. دەستەی جۆری هەواڵ بەپێی شێوازی پەخش:**

مەبەست لەم دەستەیە ئاماژەدانە بە شێواز و چۆنێتی پەخشکردنی هەواڵ و پەیامە بینراوەکان لە ڕێگەی کەناڵەکان، بەم شێوەیە:-
ا- ڕاستەوخۆ: مانای گواستنەوە و ڕووماڵکردنی زانیارییەکانە لە شوێنی ڕووداوەکان بۆ بینەران زۆرجار ئەم پرۆسەیە لەڕێگە (SNG) و (Live Strem)ەوە ئەنجامدەدرێت.
ب- تۆمارکراو: گواستنەوەیەکی هێواشی زانیارییە، دوای تۆمارکردنی ڕووداوەکان و گەڕاندنەوە بۆ نووسینگەی کەناڵ هەواڵەکە ئامادە دەکرێت و پاشان لەڕێگەی شاشەوە ئاڕاستەی بینەران دەکرێن.

| شێوازی هەواڵ | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ڕاستەوخۆ | | | |
| تۆمارکراو | | | |

**١٩. دەستەی گونجانی وشە و وێنەی بەکارهاتوو:**

مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم دەستەیە دیاریکردن و بەئاگابوونە لە بوونی ڕادەی گونجان و هاوسەنگی لە نێوان وشە و وێنە لە ( سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) هەواڵ.
ا- گونجان: دروستکردنی پەیوەنییەکی هارمۆنی و داڕێژراوە لە نێوان پێکهاتەکانی هەواڵ لەسەر بنەمای تەواوکردن و ماناداركردنی پەیامە بینراوەکە، واتە دەبێت هەریەک لە وێنە و تێکستی هەواڵ تەواوکار و ماناداركردنی یەکتربن بەجۆرێک نابێت هیچکامیان ئەوی دیکەیان دووبارە بکاتەوە، دەبێت ڕەچاوی

پێوەرەکان بکرێت بەوەی وشە و دەستەواژەکان لەگەڵ دیمەنەکان وەک یەک بن، نابێت هیچ کامیان لەوەی دیکەیان زیاتر بێت چونگە ئەگەر وانەبێت هاوسەنگییەکە تێک دەچێت و ئامانجەکە نایەتەدی.

ب- وشە: کۆمەڵێک دەستەواژەیە لەلایەن هەواڵساز و ئامرازە میدیاییەکانەوە لە چوارچێوای ژانرێکی دیاریکراو بەپێی سیاسەتی دەزگا میدیاییەکان ئاڕاستەی بینەر دەکرێت، بە ئامانجی گواستنەوەی زانیاری دەربارەی ڕووداو و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی.

پ- وێنە: سەرجەم ئەو دیمەن و گرتە و گۆشانەن کە یاوەری و هاوئاهەنگ دەکرێن لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامەکانی میدیا و ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت لە پێناو دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی هەواڵ، چونکە ڕەگەزی وێنە تەواوکار و ماناداری ڕەگەزەکانی دیکەیە.

ا- گونجانی نێوان وشە و وێنەی بەکارهاتوو لەسەرەتای هەواڵ:

| بوونی گونجاندن | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| گونجاوە | | | |
| گونجاو نییە | | | |

ب- گونجانی نێوان وشە و وێنەی بەکارهاتوو لەناوەڕاستی هەواڵ:

| بوونی گونجاندن | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| گونجاوە | | | |
| گونجاو نییە | | | |

پ- گونجانی نێوان وشە و وێنەی بەکارهاتوو لەکۆتایی هەواڵ:

| بوونی گونجاندن | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| گونجاوە | | | |
| گونجاو نییە | | | |

**٢٠. دەستەی جۆری تێکستی بەکارهاتوو:**

مەبەست لەم دەستەیە دیاریکردن و زانینی جۆری ئەو تێکستانەن کەلەلایەن ڕۆژنامەنووسانی تەلەڤزیۆنییەوە بەکارهاتوون لە نووسینی تێکستە هەواڵییەکان وەک:-

ا- تێکستی ئاشکرا: ئەو تێکستانەن کە بینەر دەتوانێت بە ئاسانی هەستی پێبکات هەریەک لە ( ئەزموون، ڕاستی، بارودۆخەکان،...هتد) دەگرێتەوە.

ب- تێکستی گێڕدراو: لەم جۆرەدا هەواڵساز هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گێڕانەوە ڕێنمایی و ئاگاداری بداتە بینەر لەکاتی بەرکەوتنیان بە پەیامە بڵاوکراوەکان.

پ- تێکستی ئارگیومێنت: سازێنەری هەواڵ هەوڵدەدات کار لەسەرگۆڕینی باوەڕ و ئایدیای خوێنەر( جەماوەر) بکات، بێگومان ئەم شێوازە لە تێکست زۆرجار لەکاتی بانگەشە و هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەو دەکرێت.
ت- تێکستی ڕوونکردنەوەیی: لەم جۆرەدا هەواڵساز دەیەوێت کاتێک بیرۆکەیەک نمایش دەکات بە پشت بەستن بە بەڵگەی تایبەت بە بیرۆکەکە ڕوونکردنەوەی زیاتری بۆ بکات.
ج-تێکستی زانیاری: ئەم شێوازە لە تێکست پشت بە زانیاری دەبەستێت بۆیە ڕۆژنامەنووس لەکاتی ئامادەکردنی ئەم شێوازە لە تێکست هەوڵ دەدات تەواوی زانیاری لەسەر بابەتەکە بداتە بینەر.

| جۆری تێکست | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| تێکستی ئاشکرا | | | |
| تێکستی گێڕدراو | | | |
| تێکستی ئارگیومێنت | | | |
| تێکستی ڕوونکردنەوەیی | | | |
| تێکستی زانیاری | | | |

## پاشکۆی( ٣ )

لیستی ناوی ئەو کەسایەتی و شوێنانەی کەلە توێژینەوەکەدا ناویان هاتووە و لەلایەن توێژەر ئاماژەی پێکراوە:-


| ژ | ناوەکان | ناساندن |
|---|---|---|
| ١ | شلایرماخر- Schleiermacher | ناوی تەواوەتی (فریدریک دانیاڵ ئەرنست شلایرماخر)ە لە ساڵانی (١٧٦٨ بۆ ١٨٣٤) ژیاوە، فیلەسوف و زانا و نووسەری بابەتە پیرۆزەکان بووە، بە ڕەگەز ئەڵمانییە و لە خێزانێکی برۆستانی هاتۆتە دنیاوە، لە بواری ڕەخنە و زانستی مۆدێرن ڕۆڵ و جێپەنجەی دیاربووە، وەک مامۆستا لە بواری (اللاهوتي) لە چەندان زانکۆ وانەی ووتوەتەوە. |
| ٢ | نصر حامد ابو زيد | ئەکادیمییەکی میسریە، توێژەرێکی تایبەتمەندە لەبواری توێژینەوەی ئیسلامی، پسپۆڕە لە فیقهی زمانی عەرەبی و زانستە مرۆییەکان. لە (١٠ی تەمموزی ١٩٤٣) لە یەکێك لە گوندەکانی (طنطا) لەدایکبووە و لە خێزانێکی گوندنشینی سادە گەورە بووە، بەیانی ڕۆژی دووشەممە (٥ی تەمموزی ٢٠١٠) بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. |
| ٣ | محمد الأخضر | لە (تشرینی یەکەمی ١٩١٨ )لە پارێزگای (ورقلة) لە جەزائیر لە دایک بووە لە (١١ی تەمموزی ٢٠٠٥) کۆچی دوایی کردووە، نووسەر و شاعیرێکی گەورەی جەزائیری بووە، یەکێک بووە لە شاعیرە کلاسیکییەکان. |
| ٤ | ڕۆمان جاکبسون – Roman Jacobson | زانایەکی بواری زمان و ڕەخنەگری ئەدەبی ڕووسییە، لە ساڵانی (١٨٩٦ بۆ ١٩٨٢) ژیاوە، یەکێک لە زاناکانی بواری زمان بووە لە سەدەی بیست لە بوارەکانی وەک شیکردنەوەی زمان، هۆنراوە و هونەردا بابەتی بڵاوکردۆتەوە. |
| ٥ | ستانلی فیش – Stanley Fish | لە (١٩ی نیسانی ١٩٣٨) لە شاری (روفیدنس) لە ئەمریکا لەدایکبووە، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ و فەیلەسوف و مێژوونووس و نووسەری ئەمریکی بووە. |
| ٦ | امبریتۆ ایکۆ - Umberto Eco | لە (١٩٣٢ بۆ ٢٠١٦) ژیاوە، فەیلەسوف و ڕۆماننووس و لێکۆلەرێکی ئیتاڵی بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە ڕۆمانی ( اسم الوردة) و چەندین بابەتی دیکە ناسراوە. یەکێک بووە لە گرنگترین ڕەخنەگرانی ئاینی لە جیهاندا. |
| ٧ | ڕولان بارت - Roland Barthes | فەیلەسوفێکی فەڕەنسی، ڕەخنەگری ئەدەبی، کەسێکی کۆمەڵایەتییە، لە ساڵی (١٩١٥) لەدایک بووە، لە بواری |

| | | |
|---|---|---|
| خوێندنی کلاسیکیدا توانیویەتی لە ساڵی (١٩٣٩) لە زانکۆی (السربون) بڕوانامە بەدەست بهێنێت، لە ساڵی (١٩٧٦)دا بوەتە مامۆستای سیمیۆلۆژیا لە (الكولج دی فرانس)، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٠) بە هۆی ڕووداوێکەوە کۆچی دوایی کردووە. | | |
| ناوی تەواوەتی (Michael Alexander Kirkwood Halliday)یە، لە ساڵی (١٩٢٥) لە ئینگلتەرا لە دایک بووە لە ساڵی (٢٠١٨) کۆچی دوایی کردووە، دەرچووی زانکۆی (لندن)بووە لە بواری زمانی صینی و ئەدەبی صینیدا، توانیویەتی بڕوانامەی دکتۆرا لە هەمان بوار بەدەست بهێنێت لە زانکۆی (کامبریج)، وەک مامۆستا کاریکردووە لە زانکۆی لەندەن لە ساڵی (١٩٦٥) و لەساڵی (١٩٧٥)دا گواستراوەتەوە بۆ وولاتی (ئوستراليا) بە مەبەستی ووتنەوەی وانەی صینی لە زانکۆی (سیدنی)، هالیدای نزیکەی (٣٠) بڵاوکراوەی هەیە لە چوارچێوەی فۆڕمی کتێب و گوتار بە زمانی ئینگلیزی و بەهەریەک لە زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی نووسینی هەبووە. | هالیدای – Halliday | ٨ |
| توێژەرێکی ئەکادیمی مەغریبییە، لە ساڵی (١٩٤٢) لە (بالدار البيضاء) لەدایک بووە، لە ساڵی (١٩٦٦) توانیویەتی ئیجازە وەربگرێت لە بواری ئەدەبی عەرەبی و پاشان بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، ئەم توێژەرە سەرەتا لە خوێندنگە ئامادەییەکان مامۆستا بووە پێش ئەوەی ببێتە مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی (محمد الخامس بالرباط)، ئەم ئەکادیمیستە سەرپەرشتی ژمارەیەکی زۆر لە نامە و تێزی دکتۆرای کردووە، لەسەر دەستی ئەم مەغریبییە دەیەها خوێندکار و مامۆستا پێگەیشتووە، جگە لە مەغریب لە زانکۆی (برنسون)لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرسی ووتووەتەوە، چەندەها بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە لە بوارە جیاوازەکان و خاوەنی ژمارەیەک خەڵاتی گەورەیە لە ساڵەکانی ( ٢٠١٦، ٢٠١١، ٢٠١٠، ٢٠٠٤، ١٩٩٥، ١٩٨٩، ١٩٨٧) کە سەرجەم ئەم خەڵاتانە تایبەت بوون بە بواری ئەدەب و نووسین. | محمد مفتاح | ٩ |
| لە ساڵی (١٩٢٥) لەدایک بووە و لە ساڵی (٢٠١٦) کۆچی دوایی کردووە، وەک سازێنەری فیلم و بابەتە تەلەڤزیۆنییەکان | ئەنتۆنی گیبز - Anthony Gibbs | ١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | | کاریکردووە، خاوەنی زیاتر لە (٤٠) خەڵاتە لە بواری سینەما و ئەندامی کۆمەڵەی سازێنەرانی فیلمی سینەمایی بووە لە ئەمریکا. |
| ١١ | Karel Reisz - کارل ڕیز | لە ساڵی (١٩٢٦) لە (Ostrava)ی بەریتانیا لەدایک بووە و لە ساڵی (٢٠٠٢) مردووە، کاری دروستکەری فیلم بووە، سەرەتای کارکردنی لەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ساڵانی (١٩٥٠) و (١٩٦٠)، دوو لەو بەرهەمە بەناوبانگانەی وەک دەرهێنەر کاری بۆکردوون بریتین لە ( *Saturday Night and Sunday Morning*)لە ساڵی (١٩٦٠) و (kitchen sink realism) لەگەڵ ( *The French Lieutenant's Woman* ). |
| ١٢ | ارنست لند گرن – Ernest Lindgren | نووسەر و ئەرشیفکاری فیلمی بەریتانی بووە، لە نێوان ساڵانی (١٩١٠ بۆ ١٩٧٣)دا ژیاوە، لەساڵی (١٩٣٤) وەک کارمەند لە بەشی ئەرشیف کاریکردووە لە پەیمانگای فیلم لە بەریتانیا، یەکەم ڕێکخەری کتێبخانەی فیلمی نەتەوەیی بووە لە ساڵی (١٩٣٥)، لە ساڵی (١٩٥٥)دا ناوی فیلمەکەی نا ئەرشیفی نەتەوەیی، بە جۆرێک بەپێی بیروڕای ئەم نووسەرە مێژووی وێنەی سینەما دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠). |
| ١٣ | Ottogrott - ئەرتو جروت | زانایەکی ئەڵمانیە و شارەزایەکی لێهاتووی بواری میدیایە و خاوەنی تیۆرێکی گرنگە لەبواری ڕاگەیاندن، ئەو پێیوایە میدیا؛ دەربڕینێکی بابەتیانەی ئامانجی عەقڵ و هزری جەماوەرە لە ڕووی ڕووحیەت، تێکەڵبوون، مەیل لەیەک کاتدا. |
| ١٤ | Aristotle – ئەرستۆ | فەیلەسوفێکی یۆنانییە لە ساڵی (٣٨٤ق.م لە شاری ئەستاغیرا لە وڵاتی یۆنان لەدایک بووە و لە ساڵی ٣٢٢ق.م) کۆچی دوایی کردووە، لەسەر دەستی ئەفلاتۆن پەروەردە بووە واتە خوێندکاری ئەو بووە و مامۆستای ئەلیکسەندەری گەورەیە، لە زۆربەی بوارەکاندا نووسینی هەیە وەک: فیزیا و میتافیزیا، هۆنراوە، شانۆ، موزیک، ڕەوانبێژی و زمان، سیاسە و حکومەت، ڕەوشت و بایۆلۆجی و زانستی ئاژەڵ، لە بواری فیزیادا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ئەم زانستە لە سەدەی ناوەڕاست، ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەری لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ هەیە. |

| | | |
|---|---|---|
| کەسایەتییەکی ئەکادیمی و شارەزایەکی باشی بواری ڕۆژنامەوانی بووە و مامۆستای ڕاگەیاندن بووە لە زانکۆی قاهیرە و خاوەنی چەندان کتێبە لە بوارەکانی وەک ڕاگەیاندن، ئەدەب و هۆنراوە، جگە لەمانە کاری وەرگێرانی بۆ چەندان کتێب لە زمانە جیاوازەکان کردووە. | د.محمد سيد محمد | ١٥ |
| ڕادیۆیەکی سەربەخۆی بەریتانیە، بارەگای سەرەکی لە بەریتانیایە و یەکەم پەخشی خۆی لە مانگی (یونیو) ساڵی (١٩٢٠)دا بوو لەسەر دەستی (دیلی میل الفرید هارمسورث) ئەنجامدرا، ئەم ئامرازە میدیاییە هەواڵ و زانیارییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی بە زمانی ئینگلیزی و زمانە جیاوازەکانی دیکە پەخش دەکات، کورتکراوەی ( British Broadcasting Corporation)یە. | ڕادیۆی بی بی سی – BBC | ١٦ |
| ئاژانسێکی هەواڵی ئەمریکییە، یەکێکە لە گەورەترین ئاژانسەکان لەسەر ئاستی جیهان، یەکەم پەخش و بەرهەمهێنانی هەواڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٧)، هەڵدەستێت بە دابەشکردنی هەواڵ و وێنە و فیلم بۆ کەناڵ و ئامرازە جیاوازەکانی وەک: ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار، بارەگای سەرەکی لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکایە، ئەم ئاژانسە نزیکەی (٢٣٠) نووسینگەی لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و (١٨٠) نووسیگەی لە ناو ئەمریکا هەیە. | یونایتد پرێس – United Press International | ١٧ |
| نووسەرێکی ئەمریکی (کەنەدییە)، لە ساڵانی (١٩١٥ بۆ ٢٠٠٥)دا ژیاوە، خاوەنی چەندین خەڵاتە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی لەوانە ( بولیترز و نۆبڵ لە بواری ئەدەب لەگەڵ تاکە نووسەرە کە توانیویەتی سێ جار ببێتە خاوەنی خەڵاتی نووسەری نیشتمانی بۆ کاری خەیاڵی، خاوەنی مەدالیایە لە بواری ئەدەبی ئەمریکی...هتد). | سۆل بیلۆ – Saul Bellow | ١٨ |
| تۆڕی پەخشی کۆڵۆمبیە ( Columbia Broadcasting System)، یەکێکە لە بەناوبانگترین تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن لە ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بارەگای سەرەکی لە شاری نیویۆرکە. | سی بی ئێس – CBS | ١٩ |
| لە ساڵی (١٩٤٣) لە فەڕەنسا لەدایک بووە، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس (بڵاوکەرەوە) بووە لە گۆڤاری (*Apollo*)، نووسەرێکی بەناوبانگی بواری مێژووی هونەر و مامۆستای میوان بووە لە زانکۆی (University of | ڕۆدۆڵف فلیک – Rodolf Flick | ٢٠ |

| | | |
|---|---|---|
| Buckingham) له هەمان بوار  و خوێندکاری ماجستێر بووه لەساڵی (٢٠٠٨)دا. پاشان توانیویەتی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری یاسا بەدەست بهێنێت. | | |
| له ساڵی (١٩٤٣) لەدایک بووه و به ڕەچەڵەک عێراقیه، ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەکی ئەکادیمی و پسپۆڕی بواری میدیایه به تایبەتی له بواری میدیای عێراقی، مامۆستای ئەدەبی بەراووردکاری و لێکۆڵینەوەیه له بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست له زانکۆی (دیوک)، خاوەنی (١٥) کتێبه لەبواری ئەدەب، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، ڕاگری کۆلێژی ئاداب بووه له زانکۆی بەغداد. | عبدالستار جواد | ٢١ |
| فەرهەنگێکی بواری میدیا و پەیوەندیکردنه تێدا سەرجەم ئەو دەستەواژه و وشه و زاراوانەی تێیدا خراوەتەڕوو که تایبەتن به بوارەکه و له کاری ڕۆژنامەنووسیدا گرنگن. | فەرهەنگی پەیوەندی - Dictionary of media | ٢٢ |
| فیلەسوفێکی کۆنی یۆنانییه له ساڵی (٤٢٨پ.ز) لەدایک بووه، خوێندکاری سۆقرات و مامۆستای ئەرستۆ بووه، کتێب و نووسینەکانی دەربارەی یاسا، سیاسه، فەلسەفه و فەلسەفەی زمان، زانستی گەردوون، زانستزانی...هتد بووه، له شاری ئەسینا پەیمانگایەکی ئەکادیمی دامەزراند: که تایبەت بوو به فێربوونی زانستی ڕۆژئاوایی، لەساڵی (٣٤٨پ.ز) له ئەسینا کۆچی دوایی کرد. | ئەفلاتون –Plato | ٢٣ |
| دەرهێنەر و بازرگانێکی بەناوبانگی ئەمریکی بووه، له ساڵی (١٨٤١ بۆ ١٩٣١) ژیاوه، لەو ماوەیەی که ئیدارەی کۆمپانیای (ادیسون جنیرال) بووه کۆمەڵێک پێشنیاز و کاری بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک ئامێری گرنگ کردووه بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهان لەوانه: الفونوغراف، کامێرای سینەمایی، گڵۆپی کارەبایی...هتد، یەکەم ستۆدیۆی فیلمی دروستکرد لەسەر ئاستی جیهان له ویلایەتی نیوجێرسی له ئەمریکا. | تۆماس ئەدیسۆن – Tomas Alva Edison | ٢٤ |
| ئەندازیار و وێنەگر و وێنەگری سینەمای و داهێنەر و بەرهەمهێنەری فیلم و دەرهێنەر و ئەکتەری بەریتانی بووه، لەساڵی (١٨٦٠) له فەڕەنسا له دایک بووه و له ساڵی (١٩٣٥) له ئەمریا کۆچی کردووه. | ولیام دیکسۆن – William Kennedy Dickson | ٢٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | Kinetoscope | بە یەکەم کامێرای ڤیدیۆیی (وێنەی جوڵاو) دادەنرێت کە تێیدا وێنەکان بەشێوەی سپی پیشاندەدران، ئەم ئامێرە لەلایەن (William Kennedy Laurie Dickson) دروستکرا لە نێوان ساڵانی (١٨٦٠-١٩٣٥).   |
| ٢٦ | Marcel Marti – مارسێل مارتن | یەکێکە لە بەناوبانگترین نووسەر و کەسایەتییەکانی بواری سینەما، خاوەنی بە ناوبانگترین کتێبە لە هەمان بوار بە ناوی "اللغة السينمائية" لە ساڵی (١٩٥٥)دا نووسیویەتی و وەرگێردراوەتە سەر ژمارەیەکی زۆر لە زمانە جیاوازەکان، لەلایەن زۆربەی زانکۆکان لەسەر ئاستی جیهان داوای لێکراوە وانە بڵێتەوە لەوانە ( ئەمریکا، کەنەدا و یابان)، چەندان گوتار و بابەتی دەربارەی سینەمای شیوعی لە فەڕەنسا بڵاوکردۆتەوە، چەندان ساڵ وەک ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگێنەری فیلم لە فێستیڤاڵی فیلم لە فەڕەنسا بەشداریکردووە، لە ساڵی (١٩٢٦)لە شاری (نانسی) فەڕەنسا لە دایک بووە و خاوەنی بڕوانامە بووە لە بواری فەلسەفە، هونەر و سینەما، سەرۆکی فەخری ڕێکخراوی (المنظمة الدولية لنقاد الفلم)بووە و لە ساڵی (١٩٧٢) کۆچی دوایی کردووە. |
| ٢٧ | نصير بوعلي | کەسێکی شارەزا و ئەکادیمیستی بواری ڕاگەیاندنە، بەڕێوبەر و سەرنووسەری چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامە بووە لە کات و ساتی جیاواز لەوانە (گۆڤاری المعيار، گۆڤاری الهدى، ڕۆژنامەی زانکۆی الشارقە،...هتد) یەکێک بووە لە ڕۆژنامەنووسە باوەڕپێکراوەکانی ڕۆژنامەی (الوحدة الاسبوعية) لە ساڵانی (١٩٨٦ بۆ ١٩٩٣)، نووسەری گوتار |

| | | |
|---|---|---|
| بووه لەو گۆڤارانەی کە تایبەتن بە ڕاگەیاندنی هاوچەرخ لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣ بۆ ٢٠٢١) لەوانە ( ڕۆژنامەی الرؤية الاماراتية و گۆڤاری المنبر الجامعي)، دانەری کتێبێکە لە بواری تیۆری حەتمییەت کەلە چەندین بەرگ و لایەنی جیاوازدا خۆیدەبینێتەوە. خاوەنی چەندین بڕوانامەیە لە زانکۆی ( الجزائر١) لە وانە: دکتۆرا لە بواری تەلەڤزیۆن لە ساڵی (٢٠٠٣)، ماجستێر لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لەساڵی (١٩٩٤) و بەکالۆریۆس لە ڕۆژنامەوانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لەساڵی (١٩٨٦). وەک مامۆستا لە چەند زانکۆیەک وانەی ووتوەتەوە و پۆستی سەرۆک بەشی پێسپێردراوە. | | |
| فەیلەسوفێکی فەڕەنسی و ڕۆژنامەنووس و کەسێکی شۆڕشگێڕ و ئەکادیمی و بەرپرسی پێشووی حکومەت بووە ، خاوەنی چەندان کتێبە و بەرهەمەکانی زۆرترین کاری وەرگێڕانیان بۆکراوە، هەروەها ناسراوە بە تیۆری ( میدۆلۆجیا) کە تیۆرێکە تایبەتە بە ڕەخنە، لە ساڵی (١٩٦٠) بەشی فەلسەفەی لە خانەی باڵای مامۆستایان لە پاریس تەواوکردووە، دوبریە توانی لە ساڵی (١٩٦٥) بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت لە بواری فەلسەفە، بەهۆی ئەوەی بیرێکی شۆڕشگێڕی هەبووە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەشداری و پەیوەندی بە شۆڕشەکەی جیڤاراوە کردووە و پاشان زیندانی کراوە، ئەم بیرمەند و فەیلەسوفەی فەڕەنسا لە ساڵی (١٩٤٠) لە پاریس لەدایک بووە. | ریجیس دوبریە – Regis Debray | ٢٨ |
| نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی جەنگی میسری بووە، لە ساڵی (١٩٣٦) لەشاری ( بورسعيد) لە دایک بووە و لە ساڵی (٢٠١٤)دا کۆچی دوایی کردووە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووە لە بواری ڕۆژنامەگەری، سەرەتا وەک پەیامنێر کاری کردووە و لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی (مستەفا ئەمین)دا گەورە بووە و گۆشتکراوە پاشان توانیویەتی ببێتە سەرنووسەر و بەڕێوبەری نووسین لە چەند ڕۆژنامەیەک لەوانە (المعارضة، الاحرار، المسليمون)، بە دامەزرێنەری چەندان ڕۆژنامە دادەنرێت و نووسەری چەند کتێبێکە وەک: الساعة ١٤٠٥، صحفي صد الحكومة، حرب الخليج، والخديعة، جگە لەکاری نووسین وەک سینارست و کاری بۆ فیلمی (وبدات الضربة الجوية)کردووە | محمد صلاح قبضايا | ٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | | بەڵام بەهۆی کێشەی هونەرییەوە نەتوانرا نمایشبکرێت. |
| ٣٠ | فریتز هیدەر-F. Heider | زانایەکی بواری دەروونناسی نەمساوییە، لە ساڵی (١٨٩٦ بۆ ١٩٨٨) ژیاوە، لە ساڵی (١٩٥٨)دا توانی کتێبێک بڵاوبکاتەوە بەناوی (علم النفس للعلاقات الشخصية)، فراوان بوو لە شێوەی تیۆری هاوسەنگی و تیۆری شانازی. |
| ٣١ | پەیمانگای جەزیر | پێشتر پێی دەوترا: (سەنتەری جەزیرە بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی میدیایی) سەنتەرێکی سەربە تۆڕی جەزیرەیە و بایەخ بە کاری ڕاهێنانی دامەزراوە و کەسەکان دەدات بە پڕۆگرامێکی پیشەییانەی بواری میدیایی، خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری پێشکەش دەکات بەگوێرەی نوێترین پێوەرەی زانستی و تەکنیکییەکان، هەموو بوارەکانی کاری میدیایی (بینراو، بیستراو، چاپکراو و ئەلیکترۆکی) ڕووماڵ دەکات، لە (٢٤ی شوباتی٢٠٠٤)لە دۆحەی پایتەختی قەتەر دامەزراوە، لەکاتی دروستکردنییەوە هەستاوە بە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوبەشی ستراتیژی بەهێز لەگەڵ دامەزراوە میدیایی و ئەکادیمییەکان لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و مەغریب لە خوێندنگە میدیاییە جیاوازەکاندا. وەکو پەیمانگایەکی زانستی پسپۆڕی و ئەزمون کۆدەکاتەوە بە زانستی تیۆری و کرداری، هەروەها هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە بوار و پسپۆڕییە جیاوازەکانی زانستی کۆمۆنیکەیشن و میدیا بە گرنگترین و بەرزترین کوالێتی سەردەمیانە. |
| ٣٢ | هیگڵ – Hegel | ناوی تەواوی (Georg Wilhelm Friedrich Hegel)ە، لە ساڵی (١٧٧٠ بۆ ١٨٣١) ژیاوە و فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە و بە دامەزرێنەری ئایدیالیزمی ئەڵمانی دادەنرێت، کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی هەبووە. کرۆکی فەلسەفەکەی بریتییە لە: لۆژیک، فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی ڕوح بێگومان لەم سیانەشەوە چەندین لق و چڵی لێدەبێتەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٣ | یونس شوکرخاه | مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنووس و یەکێکە لە شارەزایان و وەرگێرانی زانستی پەیوەندییەکانی ئێران. بە "باوکی ڕۆژنامەگەری ئۆنلاین"ی ئێران ناودەبرێت. لە (٢ی خاکەلێوەی ١٣٣٦) لە شاری (مەشهەد) لەدایکبووە، سەرەتا وەک وەرگێڕ لەبواری ڕۆژنامەوانیدا کاریکردووە، پاشان بووەتە ئەندام لەچەندان ڕێکخراو و دامەزراوەی میدیایی، لە ڕێکەوتی (٢٢ی مێهری ٢٠١٨) نازناوی ڕاوێژکاری باڵای سکرتێری گشتی و بەڕێوەبەری گروپی پەیوەندی و ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی نیشتمانی یونسکۆی وەرگرت. ئێستا ئەندامی فاکەڵتی خوێندنی جیهانە لە زانکۆی تاران. لە ساڵی (٢٠٠٧) بۆ ماوەی (٦)ساڵ سەرۆکی پەیمانگای توێژینەوەی ئەمریکای باکوور و ئەورووپی بووە لە زانکۆی تاران. |
| ٣٤ | سامی شریف | پرۆفیسۆری میدیایە لە فاکەڵتی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی زانکۆی قاهیرە، سەرۆکی دەستەی ئەمینداری یەکێتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و وەزیری ڕاگەیاندنی میسر بە وەکالەت بووە لە (٣ی ئازاری ٢٠١١). |

# پاشکۆی(٤)


سازاندنی ڕاستەهێڵ:





سازاندنی ناڕاستەهێڵ:



## پاشكۆی (٥)

گرتەكایی كامێرا:



Extreme Close-Up (ECU)



Medium Long Shot (MLS)




Looking room (Interviewee looks into space in the frame, towards the interviewer)



Big Close-Up (BCU)




Long Shot (LS)




Walking room (Moving subject walks into space)




Close-Up (CU)




Very Long Shot (VLS)




High Angle Shot (looking down)



Medium Close-Up (MCU)




Two Shot (could be CU/MCU/MS)




Low Angle Shot (looking up)



Medium Shot (MS)




'Over the shoulder shot'



Tilted Frame


# پاشکۆی (٦)

گۆشەکانی کامێرا:



# پاشکۆی (٧)

**جوڵەکانی کامێرا:**



إقليم كوردستان - العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية العلوم الإنسانية
قسم الاعلام – التلفزيون

# توافق النّصّ والصورة التلفزيونية في عملية مونتاج الجولات الاخبارية في القنوات الفضائية الكوردية

(**نشرات** اخبار الساعة (٨) الثامنة لقناتي (K24) الفضائية و (NRT) الفضائية نموذجا)

الي مجلس كلية العلوم الإنسانية بجامعة السليمانية، كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في علوم الاعلام - التلفزيون

رسالة تقدمت بها الطالبة
شنه أحمد أمين حسين

بإشراف
ا.م.د. يوهان عثمان حمه حسين

٢٧٢٢الكوردي ١٤٤٤الهجري ٢٠٢٣الميلادي

**الملخص:**

إنَّ عنوان هذا البحث أو الرسالة عبارة عن (توافق النّصّ والصورة التلفزيونية في عملية مونتاج الجولات الاخبارية في القنوات الفضائية الكوردية)، وموضوع البحث متعلق بتوازن و توافق النّصّ مع الصورة في عملية مونتاج الإخبار التلفزيونية، وهما يُعدّان أساسين و عنصريين مهمّين للأجناس الخبرية عند عرض الأنباء وتوجيهِها بصورة مرئية أو بصورة مرئية و مسموعة. إنَّ مشكلة البحث تكمن في عدم وضوح و إدراك النصّ والصورة أو عدم توافقها وتلاؤمها في عملية مونتاج الجولات الخبرية في القنوات التلفزيونية الكوردية. ولمزيد من إيضاح مشكلة البحث طراحنا الأسئلة الأتية و عرضناها أمام الأنظار: كيف تستخدم القنواتُ الأجناسَ الخبرية لخلق التوافق بين النصّ و الصورة؟ وأيّ نوع من النصّ يستخدم اكثر في القنوات الفضائية الكوردية؟ وكيف تستطيع هذه القنوات أن يخلقوا هذا التوازن والتوافق عند عملية المونتاج؟.

إنَّ هذا البحث تكون له أهمية قصوى في الميادين العملية والاختصاصات الإعلامية، ويُصبح مصدرا يُقصد به تقوية وإظهار أهمية التوافق بين النصّ والصورة في البرامج الخبرية للأبحاث العلمية الإعلامية مع توسيع وازدياد ثقة وإيمان المتلقي والمشاهد بالمعلومات الخبرية وسهولة تلقيها و فهمها.

إنَّ الهدف الرئيسيّ من البحث هو الوصول إلى أجوبة الأسئلة التي طرحناها فيما يخص مشكلة البحث من جانب إظهار أسلوب خلق التوافق بين النصّ والصورة في الاجناس والفنون الخبرية، وذلك بمعرفة النصوص التي تستخدمها القنوات الفضائية الكوردية. ومعرفة كيفية استخدام الاعمال الفنية ودورها في التوافق في عملية المونتاج. ومن أجل تحقيق هذه الأهداف وأهداف علمية أخرى، اعتمدت الباحثة على المنهج الوصفي، واستخدمت أسلوب التحليل الداخلي الذي يتلاءم مع نوعية البحث، إنَّ الباحثة قد استعانت في البحث بالأسلوبين الأتيين (المقابلة العلمية والنموذج التحليلي) بُغية جمع البيانات، واستخدمت في البحث أيضا عدة معلومات و قوانين إحصائية على نحو بلغ النموذج التحليلي (٢٠) مجموعة و (٩٧) فقرة. وكل ذلك من اجل الوصول إلى جميع الأهداف الرئيسية المتوخاة من البحث.

إنَّ النتائج المهمة التي وصل إليها البحث يمكن إجمالها فيما يأتي: إنَّ القناتين (K24 و NRT) قد اهتمتها بنسبة عالية بإيجاد التوافق والتوازن بين النصّ والصورة في بداية الأخبار وفي أثنائها و نهايتها، إنَّ أغلب النصوص المذاعة عند بث وتوجيه النشرات الإخبارية وجهّت من القناتين بصورة صريحة وجليّة، التزمت القناتان (K24 و NRT) باستخدام التأثير القطعي (Cut)، الذي يُعَدُ أسلوبا وأساسا مناسبا ورئيسا في عملية المونتاج في الاجناس الخبرية للقنوات الفضائية الكوردية.

**مفتاح الكلمات:** التوازن (التوافق)، النصّ، صورة التلفزيون والمونتاج، الأخبار التلفزيونية للقنوات الفضائية الكوردية.

## Abstract:

This study is entitled (Adapting Text and Television Images in the Editing Process of News, In Kurdish Satellite Channels) This study wants to discuss the relationship and balance between text and photo in the television channel's news editing process, which they are two prominent principles and elements of the news genre while publishing and directing messages in a visual or visual and audible method. The study's main issue is unclarity, and weakness in the compatibility of text and television images in the editing process in Kurdish news channels. To further explain the studies issue, these questions are presented; how do Kurdish television channels use news genres to create compatibility between text and images? Which type of text is more used in Kurdish channels? How can Kurdish satellite channels create this compatibility and balance in the editing process?

In terms of prominence, the study will be Important and be valuable to science and media experts and will be a resource for strengthening, demonstrating and demonstrating the importance of the compatibility between text and photography in the news program in media scientific research, also expanding and increasing the viewers confidence and ease of understanding of news and information.

The main goal of the study is to reach correct answer of the study's questions: to show the way in which text and images are adapted in news genres, to know the type of texts used by Kurdish satellite channels, to know how to use them. Artistic and their role in adapting to the Montage process, in order to achieve these goals and many other scientific objectives, the researcher relied on the method of description and used content analysis methods that are compatible with the type of research, The researcher used each of the tools (scientific interviews and analysis forms) to collect data and information in several statistical methods and laws to achieve all the goals of the study, in a way that the form of analysis consists of 20 groups and 97 sections.

The most significant results that this have achieved and fulfilled are: both channels(K24&NRT) have greatly focused on the balance between text and images at the beginning, middle and end of the news, as well as most of the text syllables when directing the content of the news message. The channels used in the form of

disclosure, both channels (K24&NRT) are primarily committed to using –cut -comand, which is considered to be a proper and fundamental basis for the editing process in the news genre.

**Keywords:** Balance, text, television images and editing, Kurdish television news.

Kurdistan Region | Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Humanities
Media Department| TV

# Adapting Text and Television Images in the Editing Process of News, In Kurdish Satellite Channels

(The example of the 8:00 PM news bulletin on K24 & NRT)

A Thesis Submitted to the Council Humanities College of The University of Sulaimani, In Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Media Science – TV

BY
Shna Ahmed Amin

Supervised By
Asst Prof. Dr. Yohan Othman Hama

2023 AD 1444HIJRE 2722KU